

بەشێک لە وتارو نووسراوەکانی
هاوڕێ سمایل شەرەفی
کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست:

**بابەتەکانی ساڵی: ٢٧٢٣ ............. لاپەڕەی .......... ٥**

١- کوردستان بێدەنگ نابێت...
٢- ڕاپەڕینی نوێی گەلانی ئێران و ترسی لەڕادەبەدەری خامنەیی...
٣- لە ٢٠٠ ڕۆژەی شۆڕشی ژینادا...
٤- ترس لە ژن لە شۆڕشی ژینادا...
٥- کوردستان، کۆمەڵگەیەکی زیندوو و ڕێکخراو...
٦- ئاساییکردنەوە لە سیستەمی دیکتاتۆریدا...
٧- ترس لە لاوازی و نەبوونی پێگە...
٨- لە پەیمانی لۆزانەوە بۆ شۆڕشی ژینا...
٩- شەڕ وەک نیعمەتێک بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران...
١٠- پێگەی ڕەفتاری بنەماڵەی شەهیدان لە شۆڕشی ژینادا...
١١- حیزبی دێموکرات، لە یادی ٧٨ساڵەی دامەزرانیدا...
١٢- حیزبی دێموکرات و ڕەهەندی خەباتی پێشمەرگانە...
١٣- یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بۆ حیزبێکی بەهێز و خاوەن پێگە...
١٤- هەڕەشەیەک لە ترسەوە...
١٥- ترسی ڕێژیم لە پێگەی شەهیدانی کوردستان...
١٦- شەڕی نێوان حەماس و ئیسرائیل و، کۆماری ئیسلامی ئێران...
١٧- کۆماری ئیسلامی ئێران لەنێوان "شەڕ و نیوەشەڕ"دا...
١٨- خەڵاتی ساخارۆف، دەسکەوت و دەرفەتێکی دی بۆ شۆڕشی ژینا...
١٩- هێرشی زەمینی بۆ سەر غەززە لە نێوان بەرژەوەندیی ئێران و ئەمریکادا...
٢٠- کوشتنی ئارمیتا و ترسی ڕێژیم لە هێزی خەڵک...



سەرچاوە
Serchawe

٢١- نارەزایەتییەکانی خەڵک دژی ڕێژیم و شەڕی حەماس و ئیسرائیل...
٢٢- دۆڕانی کۆماری ئیسلامی لە وتەکانی حەسەن نەسروڵلادا...
٢٣- خەڵکی ئێران و کۆماری ئیسلامی، دوو ئامانج و دوو ڕێباز...
٢٤- کۆماری ئیسلامی و دژایەتیی لەگەڵ وەستاندنی شەڕ و ئازادکردنی دیلەکان...
٢٥- شەڕی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خەڵک و پیلانی ئاساییبوونی سەرکوت...
٢٦- تەقینەوەکانی کرمان و ماهییەتی بەتاڵی کۆماری ئیسلامی...
٢٧- کوردستان لەسەر پێیە...
٢٨- ڕێژێمێک کە جیا لە هاشاوڵی دەوروبەر هیچی بۆ نەمابێتەوە!...
٢٩- سیمای کۆمەڵگەیەکی بەهەڵوێست، ئەمجارەیان لە سەقزەوە...
٣٠- ١١ی ڕەشەممە بۆ گەیاندنی پەیامی کۆتایی...
٣١- لە ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ەوە بۆ ١١ی ڕەشەمەی ١٤٠٢...
٣٢- بزووتنەوەی بایکۆت لە درێژەی بزووتنەوەی ژینادا...
٣٣- بزووتنەوەی نەورۆز...
٣٤- پەیامی ڕێورەسمەکانی نەورۆز...

بابەتەکانی ساڵی:٢٧٢٤..................... لاپەڕەی .......... ١٢٣

٣٥- بۆ گەل ژیا، بۆ گەل مرد...
٣٦- کوردستان لە قاپی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکاندا...
٣٧- بەرژەوەندیی خەڵک لەکوێی هاوکێشەکانی نێوان کۆماری ئیسلامی و ئیسرائیل دایە؟...
٣٧- بەڵگەی ڕوون بۆ پێویستیی نەمانی کۆماری ئیسلامی...
٣٨- شەڕێکی ترسەنۆکانە دژبە ژنان...
٣٩- سەرکوتکارییەکی تاقیکراوەی بێئاکام...
٤٠- کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان...
٤١- گاڵتەجارییەک بە ناوی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری...
٤٢- ڕوانینێکی گشتی لە سەر کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان...
٤٣- بەناو هەڵبژاردنێکی دی لە بازنەی بەرتەسک و چووکەی دەسەڵاتدا...

٤٤- لە یادی ٤٤ ساڵەی دامەزرانی "ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران"دا...
٤٥- "مناظرە"ی هەڵبژاردنەکان، ئاوێنەی باڵانوێنی ڕێژیم...
٤٦- کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی)...
٤٧- کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی)...
٤٨- زەمینە و بەستێنەکانی خەباتی مەدەنی...
٤٩- سەرلێشێواوی و ئیدیعای پڕوپووچ...
٥٠- قۆناغەکانی بزووتنەوەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان...
٥١- پزیشکیان ڕاست دەکات، کوردستان فریوی نەخوارد...
٥٢- ماهییەت و دیسکۆرسی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵات...
٥٣- سەرکوتی سیستماتیک لە بەرەبەری ساڵوەگەڕی بزووتنەوەی ژینادا...
٥٤- ڕوانین و هەڵوێستی دەسەڵات بەرانبەر بە کۆمەڵگەی مەدەنی...
٥٥- ٦ی ڕەزبەر لە جەنگەی بزووتنەوەی ژینادا...
٥٦- بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و کۆمەڵگەی مەدەنی...
٥٧- پاسپاسێنی ئێران - ئیسرائیل و مەرامی هاوبەشیان...
٥٨- کارکرد و کاریگەرییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی...
٥٩- مەیل و مەرامە شەڕاشۆبییەکان، کۆماری ئیسلامی وەک ماکەی سەرەکی...
٦٠- خولانەوە لە بازنەی شەڕدا...
٦١- هاواری نەبڕاوەی ژنان لە بێدادیی کۆماری ئیسلامی....






سەرچاوە
Serchawe

## کوردستان بێدەنگ نابێت...



هەڵوێستی خەڵکی وشیاری شاری سەقز بەرانبەر بە جەنایەتێکی دیکەی ڕێژیمی دژ بە ژنی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەروەها پشتیوانیی خەڵکی لەسەرهەستی شاری سنە لە ڕەفتاری بەرهەڵستکارانەی خەڵکی شاری سەقز بۆ جارێکی دیکە دەریخستەوە و سەلماندی کە کۆمەڵگەی کوردستان بەرانبەر بە ڕووداوەکان خەمسارد و کەمتەرخەم نییە. وەک چاوەڕوان دەکرێ ئەم چاوکراوەیی و بەهەڵوێستبوونەی خەڵکی کوردستان - بە پێی بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکان و پشتیوانیی زۆرێک لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کەسایەتییەکان - قەرارە ڕۆژی دووشەممە، ٢٨ی خەرمانان و لە مانگرتنێکی گشتی و جەماوەریدا زیاتر و بەربڵاوتر خۆی بنوێنێ.

لەم بانگەوازەدا "داوا لە سەرجەم چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان کراوە کە بۆ دەبڕینی ناڕەزایەتی دژ بە سیاسەتە نامرۆییەکانی ڕێژیم و بۆ پارێزگاری لە کەرامەتی کچان و ژنان و ڕۆڵەکانی گەلی کورد، ڕۆژی دووشەممە، ٢٨ی خەرمانان بە داخستنی دووکان و بازاڕەکان و نەچوونە سەر کارەکانیان، مانگرتنێکی گشتی و شکۆدار بەڕێوەبەرن".

ئەوەی ئەم ڕۆژانە لە شاری سەقز بەبۆنەی کوژرانی ژینا ئەمینی بەدەستی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم و چەند ڕۆژ پێش ئێستا لە شاری مەریوان بەبۆنەی کردەوەی نامرۆڤانەی بەکرێگیراوێکی ڕێژیم دژ بە کەرامەتی شلێر ڕەسووڵی بینیمان، خاوەنداریکردنێکی ئاگاهانەی کۆمەڵگەی کوردستانە لە کەسایەتی و کەرامەتی ئینسانی کورد کە دەسەڵاتی ناوەندگەرای کۆماری ئیسلامیی ئێران، زیاتر لە چوار دەیەیە هەوڵی سووککردن و شکانی دەدات. کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە



سەرچاوە
Serchawe

سەرەتاوە ویستی بە دواکەوتووهێشتنەوەی کوردستان لە ڕووی ئابوورییەوە و هەژارکردنی خەڵک، کۆمەڵگەیەکی داکەوتوو و دەستەوەستان و چاولەدەست لەم میللەتە بنیات بنێ بۆ ئەوەی ئاسانتر بتوانێ تەسلیم و دەستەمۆی بکات. ئەوان وێڕای بەئەمنیەتیکردنی قوتابخانەکان و دامەزرانی ستادەکانی بەسیج لە گەڕەکەکانی شار و دێهاتەکانی کوردستان، پلانیان ئەوە بوو کە کوڕان و کچانی کورد لە نەخوێندەواریدا بهێڵنەوە و بە هەڵخەڵەتاندنیان، لە هەست و سۆزی نیشتمان پەروەرانەیان بەتاڵ بکەنەوە. هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بە ڕاوەدوونان و تەقەکردن لە کاسبکاران و کۆڵبەرانی شارە سنوورییەکان و کوشتن و بریندارکردنی بەردەوام و بەتاڵانبردنی بارەکانیان، تەواوی هەوڵیان ئەوەیە کە تەسلیم بە جیرەخۆری و خۆشخزمەتی بە ڕێژیمیان بکەن. ئەوان بە تێرۆری تێکۆشەرانی سیاسی و بوردومانکردنی شوێنی مانەوە و چالاکیی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و مووشەکبارانکردنی بنکە و ناوەندە سەرەکییەکانی حیزبەکانی کوردستان، بە خەیاڵی خاوی خۆیان پێوەبوون بۆ لەناوبردنی یەکجارەکیی بزووتنەوەی مافخوازانەی کوردستان، لە سەر و ڕیشەی بزووتنەوەکە بدەن. بەڵام هەڵوێست و ڕەفتاری پڕ لە هەست و وشیاریی خەڵکی کوردستان لە ماوەی ئەم زیاتر لە چوار دەیەیەدا، دەریخست کە ئەم میللەتە زۆر لەوە بە ئیرادەترە کە دوژمنانی بیری لێ دەکەنەوە.

کوژران و گیانلەدەستدانی دوو ژنی کورد لە ماوەی دوو حەوتوودا بە دەست و هۆکاری بەکرێگیراوان و سەرکوتکەرانی ئەم ڕێژیمە لە شارەکانی مەریوان و سەقز، بۆ جارێکی دیکە هەست و شعووری خەڵکی کوردستانی بریندار کردووە. ژنی کورد کە لە نێو نەتەوەکانی جیهان و دەوروبەردا بە خاوەن کەسایەتیی بەرزی ئەخلاقی و ئازایەتی دژ بە هەر دیاردەیەکی شووم و قیزەون ناسراوە، ئێستا بە هۆکاری ڕوانینە دژە ئینسانییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و لە لایەن کەسانی بەکرێگیراو و هێزە سەرکوتکەرەکانی ئەم ڕێژیمەوە، پرسیار و گومانی دەخرێتە سەر کە لە ئاکامدا یان وەک ژینا دەیکوژن یان وەک شلێر ناچار بە خۆکوشتنی دەکەن.

کۆمەڵگەی کوردستان وەک تا ئێستا سەلماندوویەتی بەرانبەر بەم سووکایەتییانە بێدەنگ نابێت. هەر وەک چۆن بە دانی دروشمی "سەقز بە تەنیا نیە، سنە پشتیوانییە"، خەڵکی خاوەن هەڵوێستی شاری سنە خاوەنداریێتی لە پرسی ژینا ئەمینی کرد، بە دڵنیاییەوە ڕۆژی دووشەممە، ٢٨ی خەرمانان و لە مانگرتنێکی گشتی و سەرانسەریدا سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، سەرلەنوێ و بۆ جارێکی دیکە وێڕای ڕیسواکردنی ماهییەتی کۆماری ئیسلامی ئێران و جەنایەتەکانی لە کوردستان، دێنە دەنگ و پارێزگاری لە کەسایەتی و کەرامەتی خۆیان دەکەن.

لەم پێوەندییەدا هەروەک تا ئێستا ڕایانگەیاندووە و پشتیوانییان لە بانگەوازی مانگرتنەکە کردووە، کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی و مەدەنییەکانی نێوخۆی وڵات، کەسایەتییە ئایینی و نیشتمانپەروەرەکان، مامۆستایان و کەسایەتییە فەرهەنگی و هونەرییەکانیش ڕۆڵی هاندەرانە و پێشەنگایەتی خۆیان دەگێڕن و بە وەرێخستنی مانگرتنێکی گشتی و جەماوەری (داخستنی



سەرچاوە
Serchawe

دووکان و بازاڕەکان و مانەوە لە ماڵ و خۆبواردن لە چوونە دەرەوە) پەلامار و هاشاوڵی نیزامی سەرکوتکەر و گەندەڵی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کەرامەتی کورد و کوردستان، بێوڵام ناهێڵنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٨ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe

## ڕاپەڕینی نوێی گەلانی ئێران و ترسی لەڕادەبەدەری خامنەیی



بۆ جارێکی دیکە و بە پێی سوننەتی هەمیشەیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، عەلی خامنەیی نەتەنیا ویست و داوای خەڵکی ئێرانی لە سەر شەقامەکان بە ڕەسمی نەناسی، بەڵکوو بە بەستنەوەی ئەو ڕاپەڕینە بە دەستی دەرەکی، بەتایبەت بە ئامریکا و ئیسرائیلەوە، فەرمانی لێپرسینەوەی بۆ دەرکردن.

خامنەیی کە دوای ١٧ ڕۆژ لە دەستپێک و درێژەکێشانی نارەزایەتییەکانی خەڵک لە شوێن و ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران دژ بە خۆی و تەواویەتی ڕێژیمەکەی ڕاپەڕیون هاتە دەنگ، بە ڕوونی شڵەژاوی و نیگەرانی لە ئیرادەی لێبڕاوانەی خەڵک و چارەنووسی نیزامەکەی بە ڕوخساریەوە دیار بوو.

ئەوەی خامنەیی لە سەر نارەزایەتییەکانی خەڵک باسی کرد و خەت و نیشانی بۆ خەڵکی ڕاپەڕیو کێشا، شتێکی جیاواز لە هەڵوێست و دەربڕینەکانی پێشووی سەبارەت بە خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکانی خەڵک لە قۆناغەکانی ڕابردوودا نەبوو. ناوبراو ئەمجارەشیان - بە ترس و نیگەرانیی زیاتر لە بەربڵاوی و پەرەسەندوویی نارەزایەتییەکان - وەک هەمیشە نەفسی ئەم ڕاپەڕینەی خەڵکیشی بە دەسکرد و پیلانی دەوڵەتانی دوژمن! (ئامریکا و ئیسرائیل) لە قەڵەمدا.

خامنەیی لە قسەکانیدا نەیتوانی حاشا لەوە بکا کە نەتەوەکانی ئێران بەتایبەت نەتەوەی مافپێشێلکراوی کورد بۆ

ڕاپەڕینی ئەمجارەی خەڵکی ئێران بە گشتی بوونەتە پێشەنگ، بۆیە داماوتر لە هەمیشە پەنای بردە بەر قەوانە کۆنە، کە بە دڵنیاییەوە نەتەنیا خەڵکی ئێران بەڵکوو تەنانەت بازنەکانی نزیک لە خۆی و بەیتەکەیشی، باوەڕی پێ ناکەن.

خامنەیی بە ئاماژەدان بە نارەزایەتییەکانی کوردستان و بلوچستان و بە مەبەستی بەلاڕێدابردنی بیروڕایگشتیی خەڵکی ئێران، هەوڵی دا کە تۆمەتی جیاییخوازی و تەجزییەتەڵەبی بداتە پاڵ کوردستان و بەم شێوەیە پرسیار لە سەر ئەو پێشانگایەتییە ساز بکا کە لەم قۆناغەدا کوردستان گرتوویەتیە ئەستۆ و تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێرانی بە "چاو و چرای ئێران"ی ناو دێنن.

لە کۆتایی قسەکانیدا، خامنەیی ڕق و تووڕەیی خۆی لە ڕاپەڕینی گشتی و جەماوەریی گەلانی ئێران و چین و توێژەکانی بەشدار و پشتیوان لەم ڕاپەڕینە نەشاردەوە و حوکمی کردە سەر ناوەندە ئەمنییەتی و دەزگای قەزایی ڕێژیمەکەی کە پێویستە بە توندترین شێوە بەرەنگاری خۆپێشاندەران ببنەوە.

ئەوەی ڕاستی بێ هەر وەک لە دەربڕین و ئاماژەکاندا دیار بوو، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران بە تەواوەتی هەستی بە ئیرادەی لێبڕاوانەی خەڵکی ئێران بۆ تێپەڕینی یەکجارەکی لەم نیزامە و تووڕەیی و بێزراوی خەڵک لە شەخسی خۆی وەک کەسێکی دیکتاتۆر، کردوە. ئەو گوێی لە دروشمە بەرزەکانی؛ "مەرگ و نەمان بۆ دیکتاتۆر" و "مەرگ و نەمان بۆ خامنەیی" و دروشمەکانی دیکەی دژ بە خۆی بووە و، بەو حوکمە توند و ڕقاویانەوە کە دەریکرد، نیشانی دا کە چەندە لە ئیرادەی یەکگرتووانەی گەلانی ئێران ترساون.

ئەوەی لەم نێوەدا لە هەموو شتێک گرینگترە و پێویستە گەلانی ڕاپەڕیوی ئێران لێی هوشیار و بەئاگا بن، پاراستنی یەکگرتوویی ڕیزەکانیان دژ بە کۆماریی ئیسلامی ئێران و پیلانەکانی خامنەیی و ڕیژیمەکەی بۆ تێکدانی ئەم یەکڕیزی و یەکگرتووییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٢ی رەزبەری ٢٧٢٢

## لە ٢٠٠ ڕۆژەی شۆڕشی ژینادا




ئەمڕۆ دووشەممە، ڕێکەوتی ١٤ی خاکەلێوەی ١٤٠٢ ی هەتاوی، ٢٠٠ ڕۆژ بەسەر شۆڕشی ژینادا تێپەڕ دەبێ. ئەم شۆڕشە کە بە شەهیدبوونی کچێکی کوردی تەمەن ٢٢ ساڵە(ژینا ئەمینی) لە شاری تاران دەستی پێکرد، نەتەنیا لە مێژووی جووڵانەوەی گەلانی ئێراندا دژ بە دیکتاتۆریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، بەڵکوو لەسەر ئاستی جیهان لە شێوە و شێوازدا لە ڕیزی شۆڕشە کەموێنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا جێ دەگرێ. لەم شۆڕشەدا کە لە کوردستان و بە تێم و دروشمێکی تایبەتیی وەک "ژن، ژیان، ئازادی"یەوە دەستی پێکرد، تەواویەتی نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێران کرایە ئامانج و نەمان و ڕووخانی ئەم ڕێژیمە تا ئێستاش، مەرامی سەرەکی و بنەڕەتییە.

ئێستا کە ٢٠٠ ڕۆژ بەسەر شۆڕشی ژینادا تێپەڕ دەبێ، لەوانەیە شۆڕشەکە لە ڕووی مەیدانییەوە تووشی نوشست و دامرکان بووبێ، بەڵام هیچ گومانی تێدا نییە کە ئامانجەکانی ئەم شۆڕشە - بە پشتبەستن بە پۆتانسییێلێکی هەرە بەهێزی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە نەتەوەکانی ئێران - کە بریتین لە بەگژداچوونەوەی دیکتاتۆری و هەوڵدان بۆ بنیاتنانەوەی وڵاتێکی ئازاد و دەسەڵاتێکی خەڵکی و دێموکرات، هەروا لە جێی خۆیاندان. لە هەر دەرفەتێکی گونجاو و مومکیندا شەقامی شارەکانی وڵات، یەکگرتووانە پڕ دەبنەوە لە دروشمەکانی؛ "ژن، ژیان، ئازادی" و "مەرگ و نەمان بۆ دیکتاتۆر" و، شۆڕشی ژینا

بەهێز و ئەزموونێکی دیکەوە پێ دەنێتە نێو فازێکی دیکە لە نزیکبوونەوە لە ئامانجە بەرزەکانی خۆی.

شۆڕشی ژینا لە ماوەی ٢٠٠ ڕۆژی ڕابردووی خۆیدا بە کۆمەڵێک قۆناغ و وێستگەی جیاواز و پڕ لە ئەزمووندا تێپەڕیوە. ئەم شۆڕشە لە نێوەڕۆک و ماهییەتدا لە ڕیزی شۆڕشە مودێرن و پێشکەوتنخوازە کۆمەڵایەتییەکاندا جێ دەگرێ کە تیادا کۆمەڵێک چەمک و مەفهوومی ئەمڕۆژی دەبنە تەوەری سەرەکی و ڕەهەندێکی جیهانی پێ دەبەخشن. بەرزکردنەوەی دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" کە تیایدا ژن تێم و مەفهوومی سەرەکیی شۆڕشەکەیە، دەبێتە هۆی ئەوەیکە ژنان و کچان لە ڕیزی پێشەوەیدا ڕۆڵی سەرەکی بگێڕن و بەگوڕتر لە هەمیشە بەگژ ڕێژیمێکدا بچنەوە کە ژنان ٤٤ ساڵە بەهۆیەوە بێڕێزی بە ڕەگەز و کەرامەتی ئینسانییان دەکرێ. هەروەها دیاربوون و ڕۆڵی بەرچاوی نەتەوەکانی ئێران و لە سەرووی هەمووانەوە دوو نەتەوەی کورد و بەلووچ لەم شۆڕشە کە دواتر بۆ پشتیوانیی ئەوان گەورەشارەکان لە ناوچەکانی دیکەی ئێراندا خرۆشان و پەیوەست بە شۆڕشەکە بوون، سەرنجی کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان و وڵاتانیشی بۆ لای خۆی ڕاکێشا.

لە شۆڕشی ژینادا ئەوەندەی پێوەندی بە نێوخۆی وڵاتەوە هەیە، خەڵک بە هەموو پێکهاتە نەتەوەییەکان و چین و توێژەکانی کۆمەڵگەوە، یەکگرتووانە زۆر ڕاشکاوانە و ڕوون بە هاتنە سەر شەقامەکان پەیامی خۆیان بە گوێی تەواوەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا دا کە "ئەو نیزامەیان ناوێ". لەم پێناوەدا ئەوان لە ماوەی ئەو ٢٠٠ ڕۆژەدا و بەتایبەت لە مانگەکانی سەرەتای شۆڕشەکەوە ڕووبەڕووی بێبەزەییانەترین سەرکوتکارییەکانی ڕێژیم بوونەوە و بە دانی نزیک بە ٦٠٠ شەهید، هەزاران بریندار و دەیان هەزار زیندانی، سەلماندیان کە وەک شۆڕشگێڕانێکی لیبڕاو، شۆڕشێکی یەکلاکەرەوەیان دژ بە کۆماری ئیسلامی دەست پێکردووە.

لەم پێوەندییەدا ئەوەی وەک هەمیشە هەستی پێکرا و هەستی پێ دەکرێ، مەسەلە و پرسی "مودیرییەتی قۆناغی تێپەڕین و قۆناغی دوای نەمانی ڕێژیمی ئێستایە" کە وەک دەرکەوت کاریگەریی لەسەر شۆڕشەکەش دانا. وەک زۆر جار باس کراوە؛ باشترین بەربژێر هەر ئەوە بوو کە لە نێوخۆی وڵاتدا دەرفەت و مەجالی ئەوە هەبا کە حیزب و لایەنە سیاسییەکان پێکەوە بیر لەو قۆناغانە بکەنەوە و نەخشە ڕێگایەکی درووست وێنا بکەن و هیوا و هومێد بە شەقامەکان ببەخشن. بەڵام بەداخەوە لە نەبوونی ئەو دەرفەت و ئیمکانە لە نێوخۆی وڵات، دەبوو هێز و لایەنە سیاسییەکانی دەرەوەی وڵات، پێکەوە لە خەمی قۆناغی تێپەڕین و پرسی ئاڵترناتیڤدا بان کە بەداخەوە بە هۆی پەرتەوازەیی و دووربوون لە نێوەڕۆک و پەیامەکانی شۆڕشی ژینا و هێندێک هۆکاری نادیاری دیکە، تا ئێستاش ئەو کارە بە تەواوەتی نەکراوە. بە واتایەکی دیکە؛ نەتەنیا ئەو کارە نەکراوە بەڵکوو خودی ئەو باسە تا ڕادەیەکی بەرچاو شوێنەواری ئەرێنیی لەسەر شۆڕشەکە دانا.

دووربوون لە فەزای سیاسی و کۆمەڵایەتیی نێوخۆی وڵات، ئەقڵییەتی تەواویەتخوازی و حەز بە گەڕانەوە بۆ ناوەندگەرایی



سەرچاوە
Serchawe

و حاشاکردن لە فرەیی و جۆراوجۆریی پێکهاتەی نەتەوەیی لە وڵات و نەبوونی متمانە، لەو هۆکارانەن کە نەتەنیا بوونەتە هۆی پرش و بڵاویی نێوان هێزە سیاسییەکان و پێکنەهاتنی ئاڵترناتیڤ، بەڵکوو ڕاستەوخۆ شوێنەواریان لە سەر چالاکمانەوەی شۆڕشەکە دانا و شەقامیان تووشی جۆرێک لە بێهیوایی و لەهەمانکاتدا تێڕامان(گەڕانەوەیەکی مەعریفی بۆ خۆی) کرد کە لەگەڵ ئەوەیدا کە لە کورتخایەندا نەرێنی بوو، بەڵام دەکرێ بۆ درێژخایەن لە قازانجی شۆڕشەکەدا بشکێتەوە و ئەرێنی بێ.

لایەنێکی دیکەی شۆڕشی ژینا پشتیوانیی کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان و وڵاتان بوو کە لێرەدا بەتایبەتی مەبەستمان ڕۆژاواییەکانن. لە گەرمەی شۆڕشەکەدا کۆڕ و کۆمەڵ و پارلمانەکانی ئورووپا بەشێوەی سەمبولێک و بە ئێعتباری دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" و ڕۆڵی بەرچاوی ژنان و کچان، پشتیوانیی خۆیان دەربڕی و تا ئێستاش کەم و زۆر بەردەوامن. بەڵام لەسەر ئاستی دەوڵەتان لەگەڵ ئەوەیکە بە پانەوە ڕەفتاری توندوتیژ و سەرکوتکەرانەی ڕێژیمیان مەحکووم دەکرد، هەموویان هەوڵیان ئەوە بوو کە زیاتر چاودێریی ڕەوتی ڕووداوەکان بکەن. لەسەر مەسەلەی بیرکردنەوە لە قۆناغی دوای کۆماری ئیسلامی و دەرکەوتنی لاوازییەکانی پێوەندیدار بە مودیرییەتی شۆڕشەکە و ڕوانگە جیاواز و دوور لە یەکەکانی بەرەی ئۆپۆزیسیۆن بۆ داهاتووی ئێران و کێشەکانی پێوەندیدار بە پرسی هاوپەیمانی و ئاڵترناتیڤ، ڕۆژئاواییەکان هەڵوێستەیەکیان کرد و وەک سیاسەتی هەمیشەییان، سیلەچاوێکیان بڕییەوە سەر نیزامی دەسەڵاتدار لە تاران و هێنانەوە بەرباسی بەرجام.

کۆماری ئیسلامیی ئێران بە کەڵکوەرگرتن لەم فەزایە و خۆکردنەوەیەک بەڕووی وڵاتان و هەوڵدان بۆ ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و یەک لەوانە عەرەبستانی سعودی بە نێوبژیوانیی چین، بەجۆرێک دەیهەوێ سەرنجی ڕۆژاواییەکان بۆلای خۆی ڕابکیشێتەوە و هێندێک لە قورسایی شۆڕشی ژینا لەسەر خۆی کەم بکاتەوە. بەڵام لەسەر ئاستی نێوخۆی وڵات و بەرانبەر بە شۆڕشی ژینا،

**وێدەچی کە درێژە بە سیاسەتی فشار و سەرکوت بدات کە لەم سۆنگەوە دەتوانین بڵێین:**

١- گەلانی ئێران لە درێژەی ئەم شۆڕشەدا لە هەر مەجال و دەرفەتێک کەڵک وەردەگرن و بە خۆڕێکخستنەوەیان بۆجارێکی دیکە شەقامەکان بەدەستەوە دەگرن و ئەم شۆڕشە لە ڕووی جەماوەرییەوە زیاتر پەرە دەستێنێ.

٢- بەسەرنجدان بە مەترسییەکانی ئەقڵییەتی تەواویەتخواز و حەز بە گەڕانەوە بۆ نیزامێکی تاقیکراوەی فاشل، شۆڕشی ژینا لە پرۆسەیەکی مەعریفیدا، زیاتر هیوابەخۆ دەبێت و لە خۆیدا بیر لە ڕێبەری و بنیاتنانەوەی ئێرانی داهاتوو

دەکاتەوە. بۆیە لە گوڕگرتنەوەی شەقامەکاندا دروشمی" نە مان دەوێ نە، مەرگ بۆ " زیاتر خۆی دەنوێنێ.

لەم نێوەدا کوردستان بە ئێعتباری بزووتنەوە پڕ لە سەروەرییە مێژووییەکەی و بە ئێعتباری پێشەنگبوونی لە شۆڕشی ژینادا، وەک "چاو و چرا"ی شۆڕشەکە دەمێنێتەوە و پێگەی خۆی دەپارێزی. لەنێوخۆی وڵاتدا خەڵک بە یەکگرتوویی و هوشیارییەوە دەجووڵێتەوە و لەسەر ئاستی حیزب و لایەنە کوردییەکانیش، وەک تا ئێستا نیشانی داوە، حیزبەکانی کوردستان بە پاراستنی پێوەندیی ئۆرگانیکی و ڕۆژانەیان لەگەڵ خەڵکی خۆیان، بە دەرک بە داخوازییەکانی سەر شەقام، پشتیان بە ئیرادەی گەلی خۆیان قایمە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک لە شۆڕشی ژینادا بە پێڕەوکردنی سیاسەتی درووست و واقعبینانە، هەوڵی داوە هاوکات لەگەڵ پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی وڵات، بەرانبەر بە ئەقڵیەت و تێفکرینی تەواویەتیخوازی لە دەرەوەی وڵاتیش ڕابوەستێ، لەمەوبەولاش بە و ڕوانگەیەکی نێوخۆییانەوە بە پشتبەستن بە ئیرادەی خەڵکی کوردستان، لە پێکهێنانی هاوپەیمانی و بنیاتنانی نیزامێکی دێموکرات و وڵامدەردا ڕۆڵ دەبینێ.

**١٤ی خاکەلێوەی ٢٧٢٣**

## ترس لە ژن لە شۆڕشی ژینادا



لەگەڵ پەرەسەندنی نارەزایەتییە جەماوەرییەکانی گەلانی ئێران دژ بە دیکتاتۆری و دوای ئەوەیکە ڕیژیم بۆی دەرکەوت کە بە سەرکوت و داپڵۆسین ناتوانێ ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی شەقامەکانی وڵات بەچۆکدا بێنێ، بەرپرسانی ڕێژیم بە سفارشی ژووره فکرییەکانیان هەوڵیاندا بە جۆرێک بکەونە لامەلامەکردن و ڕێی فرۆفێڵی کۆن بگرنە بەر. ئەوەبوو کە دوای کۆبوونەوەیەکی دوو ڕۆژەی هەر سێ دەزگای دەوڵەت، قەزایی و پارلمانی ڕێژیم بە سفارشی ڕێبەری نیزام هەوڵیان ئەوە بوو کە بە خەیاڵی خۆیان لەگەڵ ئەوەی پێداگربوون لەسەر بە "ئاژاوەگێر و تێکدەر" ناوهێنانی "شۆڕشی ژینا"، هەوڵیاندا درگای "ڕەحم" و "مێهرەبانی" بەسەر خەڵک و لایەنە بەشداربووەکانی شۆڕشەکەدا بکەنەوە. لەم پێوەندییەدا سەرۆکی پارلمانی ڕێژیم (قالیباف) لە توێی قسەکانیدا لە پارلمان وتی کە لە بەرنامەماندایە درگای دیالۆگ بەڕووی ڕەوت و جەریانە سیاسییەکانی نێوخۆدا بکەینەوە و هێندێک ڕیفۆرمی ساختاریش هەبێت. لە لایەکی دیکەوە بەرپرسانی دەوڵەتی ڕەئیسی ڕایانگەیاند کە پۆلیسی ئەمنییەتی ئەخلاق (گشت ارشاد) سڕ دەکرێ و لە جێیی ئۆرگانێکی دیکەی نەرم دادەنێن و موحسنی ئێژەیی، سەرۆکی دەزگای دادوەریش بە سپاس لە "دڵڕەحمی"ی جەنابی ئایەتوڵڵا خامنەیی، مزگێنیی ئازادکردنی بەشێک لە "ئاژاوەگێڕانی فریوخواردوو"ی بە خەڵک دا.

بەرپرسانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بە خۆگێلکردن لە ماهییەت و نێوەرۆک و داخوازییە ڕوون و ئاشکراکانی شۆڕشەکە، پێیان وابوو بە هێندێک وردە پاشەکشێ و خۆل لە چاوکردن، دەتوانن وا بنوێنن کە گوێیان لە دەنگی خەڵک بووە و بە پێچانەوەی هێندێک نوسخەی غەڵەت، خەڵکی ڕاپەڕیو ڕاپێچی ماڵەکانیان دەکەن و شەقامەکان چۆڵ دەمێننەوە. بەڵام هەر زۆر زوو دەوکەوت کە نە کۆماری ئیسلامی ئێران بەو ئاسانییە مل بۆ داخوازییەکانی خەڵک کە نەمانی ڕێژیم و گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی ئازاد و نیزامێکی دێموکراتە ڕادەکێشێ و نە خەڵک بە کەمتر لەوەی کە چەند مانگە داوای دەکەن ڕازی دەبن و واز لە مانەوەیان لە شەقامەکان دێنن.

بۆیە لە فازێکی دیکەی سەرکوتی سیستماتیکی ڕێژیمدا ڕەوتێکی دیکە لە هێرش بۆ سەر خەڵکی ڕاپەڕیو دەستی پێکردەوە و لە مانگی ڕەشەمەدا پیلانی ڕەشی هێرشی ژاراویکردنی قوتابخانەکان ئیستارتی لێ درا و لەساڵی نوێی هەتاویدا بۆ جارێکی دیکە هەڵسوکەوتی سەرکوتکەرانەی هێزە ئەمنییەتییەکان بۆ سەر ژنان و کچان لە سەیرانگە و شوێنە گشتییەکان لە شێوازێکی دیکەدا خۆی دەرخستەوە.

نووکی ئەم هێرش و سەرکوتکارییانەی ڕێژیم زیاتر لە هەر چین و توێژێکی کۆمەڵ، کچان و ژنانی وڵاتە. ئەوەی ڕێژیم لە ماوەی یەک دوو مانگی ڕابردوودا بە هێرشی شیمیایی بۆ سەر قوتابخانەکانەکانی کچان و فشار بەمەبەستی حیجابی زۆرەملێ لەسەر شەقامەکان و سەیرانگەکاندا کردوویەتی، تۆڵەکردنەوەیەکی ڕوون و ئاشکرایە لە ژنان و کچانی وڵات کە لە شۆڕشی ژینادا ڕۆڵی پێشەنگایەتی و ڕێبەرییان هەبوو و هەیە.

ڕێژیم کە بۆی دەرکەوت ناتوانێ بە دانی هێندێک ئاوانسی فریودەرانەی بێنێوەرۆک، خەڵک ئەهۆن بکاتەوە و ڕاپەرینەکە بەلاڕێدا بەرێت و ئاستی داخوازییەکانی خەڵک نزم و سووک نیشان بدات، بە پێی ماهییەتی هەمیشەیی خۆی توند و تۆڵتر دەستی دایەوە سەرکوت و تۆڵەکردنەوە. بە ئامانجگرتنی کچان و ژنانی وڵات؛ ژاراویکردنی قوتابخانەکان و پێداگریی توندی ئیمامانی منبەری مزگەوتەکانیان لەسەر ڕووپۆشی ژنان، دەقیقەن حاڵیبوونیانە لە ماهییەتی شۆڕشی ژینا و هێزی لێبڕاو ژنان لە گۆڕانکارییەکی قووڵی کۆمەڵایەتی کە لەم وڵاتە دەستی پێکردوە و ئارمانجەکانی تێپەڕینی سەداسەدیەتی لە نیزامی ئیدئۆلۆژیکی دینی و هەنگاونانیەتی بەرەو دنیایەکی ئازاد و دێموکرات.

شۆڕشی ژینا کە جیا لە لایەنە سیاسییەکەی هەڵگری گۆڕانکارییەکی قووڵ و بنەڕەتیی کۆمەڵایەتییە، لە ڕووی زەمەنییەوە بە تەبەعییەت لە بارگاویبوونی بە گۆڕانکاری لە شێوازی ژیان(سبک زندگی) و جیهانبینیی تاکی کۆمەڵگەی ئەمڕۆی وڵات بۆ چۆنیەتیی تێکەڵاوبوونی بە جیهانی ئازاد بە کەڵکوەرگرتن لە تێکنۆلۆژی و ئینترنێت و تێڕوانینی بۆ هەزینەی ئەم

گۆڕانکارییانە و بەراوردکردنی بە ئاکامی ڕەفتار(شۆڕش)ەکە، وا وێدەچێ بەخێرایی شۆڕشی ١٣٥٧ نەچێتە پێش. بەڵام هیچ گومان لەوەدا نییە کە جیا لە بەرەوپێشچوون و تێپەڕین لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران هیچ ڕێگەیەکی دیکەی نییە.

بۆیە بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامی بەتایبەت لایەنی هەرە توندڕەوی ئەم ڕێژیمە ئێستا لە ڕیزی پێشەوەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم شۆڕشەدان. مەلا توندڕەوەکان لە تریبوونەکانی مزگەوت و حوسەینییەکانەوە ڕۆژانە خوازیاری چاودێریی توندی جموجۆڵی خەڵک و بەتایبەت ڕەفتاری ژنان و کچانن و سەردارانی شەڕانخێوی سپای پاسدارانیش بە هەڕەشەکانیان تیر و شیر نیشانی گەلانی ناڕازیی وڵات دەدەن.

بەئامانجگرتنی مەسەلەی ڕووپۆشی ژنان و کچان کە وەک هێندێک بۆچوون باسی دەکەن لەوانەیە دابەزاندنی ئاستی داخوازییەکانی خەڵکی لە نەمانی دیکتاتۆرییەوە بۆ حیجابی لە پشت بێت، هەم بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەم بە نیسبەت ڕەفتاری خەڵکەوە هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕدرێ. هەموو لایەک باش دەزانن کە پرسی سەرەکیی گەلانی ڕاپەڕیوی ئێران وەک بەرپرسانی ڕێژیم بە بێڕێزییەوە ناوی لێ دەبەن؛"ڕووتبوونەوە" نییە. خەڵک نەمانی کۆماری ئیسلامی ئێران و گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی ئازاد و وڵاتێکی دێموکراتیکی دەوێ. لەم قۆناغە لە شۆڕشی ژینادا خەبات دژ بە حیجابی زۆرەملێ بە لای خەڵکی ناڕازیی وڵاتەوە، نەتەنیا بەمانای دابەزاندنی ئاستی داخوازییە سەرەکییەکان و لەبیربردنەوەیان نییە، بەڵکوو دەقیقەن لێدان لە ماهییەتی کۆنەپەرەستانە و ئیدئۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامییە و خودی کاربەدەستانی ڕێژیمیش ئەمەیان باش لێ حاڵییە. بۆیە بە هەموو شێوەیەک کەوتوونەتە گیانی کچان و ژنانی وڵات و پێیان وایە بە هێرشی شیمیایی بۆ سەر قوتابخانەکان و داپۆشین و بەرتەسکردنەوەی شێوازی ژیانیان، دەتوانن لە پێشەنگایەتیی شۆڕشی ژینا بدەن و لەباری بەرن.

**٢٨ی خاکەلێوەی ٢٧٢٣**

# کوردستان، کۆمەڵگەیەکی زیندوو و ڕێکخراو




ڕۆژی جێژنی ڕەمەزانی ئەمساڵ بۆ بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا و خەڵکی کوردستان بە گشتی، دەرفەتێکی تایبەت بوو کە جارێکی دیکە بە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری خۆیان لە لایەک وەفادارییان بە ڕێبازی شەهیدان و گیانفیداییان نیشان بدەن و لە لایەکی دیکەوە پەیامی بەردەوامیی و زیندووبوونی ئەم ڕاپەڕینە بە گوێی هەموو لایەکدا بدەن.

لەم دەرفەتەدا خەڵک وێڕای بەسەرکردنەوەی بنەماڵەی شەهیدان و کۆبوونەوەیان لەسەر گڵکۆی شەهیدان، بە کردەوە سەلماندیان کە ئەوانەی لە پێناو خاک و خەڵکی خۆیاندا گیانفیدایی دەکەن، بۆ هەمیشە لە دڵ و یادەوەرییەکاندا دەمێننەوە و دەبنە سەرمەشقی ژیان و خەباتی ئەوانەی دوای خۆیان و نەسڵەکانی دیکە. لەم سەردانانەدا نەسڵی نوێی کۆمەڵی کوردەواری بە بەشداریی بەرچاو و چالاکانە و خۆڕازاندنەوەیان بە جامانە و هەوری و وتنەوەی سروودەکانی "ئەی شەهیدان" و "نامرن ئەوانەی وا لە دڵی میللەتدا دەژین"، سەلماندیان کە خوێنی بەناحەقڕژاوی ئەوانەی کە تەنیا تاوانیان ئازادییخوازیی و هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی ژیانێکی بەختەوەر و ئینسانی بوو، نەتەنیا بە فیڕۆ ناچێ، بەڵکوو دەبێتە هەوێنی لێبڕاوی و دەروەستبوونی نەسڵەکانی دیکە بە خاک و خەڵکی ئەم نیشتمانە.

لەم ڕێوڕەسمانەدا بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان وێڕای شانازیکردن بە ڕۆڵە شەهیدەکانیان کە لەپێناو بەها و ئەرزشە بەرزە ئینسانی و نیشتمانییەکاندا گیانیان بەخت کردووە، بە بەشداریی جەماوەری خەڵک لە ڕێوڕەسمەکانی سەر گڵکۆی شەهیدەکان گەزگەز بالآیان کرد و ڕاستەوخۆ بۆیان دەرکەوت کە شەهیدەکانیان تەنیا هی ئەوان نین، بەڵکوو "قارەمان" و "شەهیدی کوردستانن."

لە فۆرم و شێوازی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکانی سەر گڵکۆی شەهیداندا بۆمان دەردەکەوێ کە کۆمەڵگەی کوردستان چەندە خاوەن بیرۆکە و داهێنانی جوانی ئەمڕۆییە. کۆمەڵگەیەک کە بەشێوەیەکی خۆڕێکخراو هەوڵ دەدات لە هەموو دەرفەتێکدا بە خۆنیشاندان، خۆبەخاوەنزانینی پرسەکان، خۆدوورخستنەوە لە بێ تەفاوەتی و کەمتەرخەمی و ناڕازایەتیدەربڕین دژ بە زوڵم و بێدادیی دوژمن و خۆفرۆشیی هێندێک مۆرەی نەفس نزمی خۆماڵی، کەڵک وەربگرێت. بنەماڵەی شەهیدان و بەشداربووانی دیکەی سەر گڵکۆی شەهیدان بە خۆڕازاندنەوەی خۆیان و منداڵەکانیان بە جل و بەرگی جوانی کوردی و کەڵکوەرگرتن لە هەوری و جامانە کە لەم ساڵانەی دوایی دا لە ڕێوڕەسمەکاندا مانا و مەفهوومێکی تایبەتی وەرگرتووە، هەوڵیاندا پەیامی ژیانەوە و قبووڵنەکردنی مەرگ و نەهامەتی بە گوێی دوژمناندا بدەن. ئەوان بە بەرزکردنەوەی درووشمی "ژن، ژیان، ئازادی" سەلماندیانەوە کە دڵی شۆڕشی ژینا هەر لە کوردستانەوە لێ دەدا و بە پێچەوانەی ئیدیعاکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، شۆڕشی ژینا هەروا زیندوو و بەردەوامە.

دووپاتبوونەوەی درووشمی ئاشنا و لەبەردڵانی "قاسملوو، قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە" کە لە زۆربەی ئەم ڕێوڕەسمانەدا چەندین پاتە دەبوونەوە، پەیامێکی دیکەی ڕوون و ئاشکرا بوو بۆ بەرزیی و گەورەیی پێگەی هەمیشەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە ڕەگ و ڕیشەی بە تان و پۆی کۆمەڵگەی کوردستاندا ڕۆچووە و بۆتە بەشێک لە کلتووری سیاسی و فەرهەنگیی ئەم میللەتە. ئەم پەیامەی خەڵکی کوردستان کە لە هەموو بۆنە و دەرفەتێکدا دووپاتە دەبێتەوە ئەگەر لە لایەک بۆ تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان جێی فەخر و شانازییە، لە لایەکی دیکەوە قورسایی بەرپرسایەتییەکی مێژووییە کە تێکۆشەرانی ئەم حیزبە بەردەوام هەوڵیانداوە بە گرتنەبەری هەڵوێست و سیاسەتی درووست و بەرپرسانە خۆیان بەرانبەری بە بەرپرسیار و دەروەست بزانن.

هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان و وتنەوەی سروودەکانی "ئەی ڕەقیب " و "خوایە وەتەن ئاواکەی" لە سەر گڵکۆی شەهیدانی شۆڕشی ژینا کە هەر هەموویان بەشێکن لە هێما وپێناسەکانی شوناسی نەتەوەیی، دەرخەری ئاستێکی بەرز و گەشەسەندووی هوشیاریی نەتەوەییە. ئەمە ئەگەر لە لایەک نیشانەی خاوەنداریتیی کۆمەڵی کوردەوارییە لە پرسێکی گەورەی نەتەوەیی کە لە چوارچێوەی بزووتنەوەیەکی سیاسیی نەتەوەییدا بوون و بەردەوامیی هەیە، لە لایەکی دیکەوە پەیامێکی ڕوون و پڕ لە قسەیە بۆ ئەو کەس و لایەنانەی کە بە ئەقڵییەتێکی تەواویەتخوازانەوە هەموو هەوڵێکی ئەوەیە

کە حاشا لە فرەنەتەوەیی وڵاتی ئێران و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان و گەلانی دیکە بکات. ئەمە وڵامێکی پەتییە بۆ ئەو کەس و لایەنانەی کە بە خەیاڵی خۆیان دەیانهەوێ - ئاخوندئاساکان کە سواری شەپۆلەکانی شۆڕشی ٥٧ بوون - نێوەرۆک و ماهییەتی شۆڕشی ژینا نادیدە بگرن و ئەقڵییەتی تەواویەتخوازیی خۆیان بەرەوپێش بەرن کە بێگومان وەک دەرکەوت، جیا لە مایەپووچبوون دەسکەوتێکی دیکەیان عایید نابێ.

کۆمەڵگەی کوردستان کە لە شۆڕشی ژینادا ڕۆڵی پێشەنگایەتی گێڕا و پەیام و درووشمە مودێرنەکەی "ژن، ژیان، ئازادی"ی تێدا لە دایک بوو، بە حوکمی زیندووبوون و ڕێکخراوبوونی و هەروەها بە هۆی بزووتنەوەیەکی لەمێژینەی نەتەوەیی و حیزبێک کە خاوەنی سەرمایەیەکی گەورەی وەک کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، لە درێژەی خەبات بۆ ئازادی و دەستەبەربوونی مافە نەتەوایەتییەکانیدا تەسلیمی هیچ نیزام و ئەقڵیەتێکی سەرکوتکەر، کۆنەپەرەست و تەواویەتخواز نابێت و خاوەندارێتی لە مان و مەوجوودیەتی خۆی دەکات.

٣ی بانەمەڕی ٢٧٢٣

---

## ئاساییکردنەوە لە سیستەمی دیکتاتۆریدا



ئاساییکردنەوەی دۆخی دڵخوازی دیکتاتۆر و عادەتدانی خەڵکی وڵات بە بارودۆخی مەوجوود و خۆبواردنی هاووڵاتی لە پرسیارکردن و نارەزایەتینواندن بەرانبەر بە کەموکوڕی و سەرکوت، هەوڵی هەمیشەیی سیستەمە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرییەکانە. کۆماری ئیسلامیی ئێران بە کەڵکوەرگرتن لە مەزهەب و بنەما ئیدئۆلۆژیکەکانی خۆی و ترساندنی خەڵک بەرانبەر بە هەر سەرهەڵدان و دەنگهەڵبڕینێک، بەردەوام هەوڵی داوە خەڵک ملکەچی دۆخی ئارایی بکات و نادڵخوازترین هەلومەرج بە ئاسایی نیشان بدات. بەشێک لە ئامرازەکانی پرسی ئاساییکردنەوە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران ٤٤ ساڵە کەڵکی لێ وەردەگرێ، گرتنەبەری سیاسەتی سەرکوت و داپلۆسینە. بە شێوەیەک کە خودی ئەمری "سەرکوت" لە کۆماری ئیسلامیدا بە شێوەیەکی سیستماتیک، هەوڵی ئاساییکردنەوەی بەردەوامی بۆ دراوە.

بەلاڕێدابردنی بیروڕای خەڵک کە بەشێکە لە سیاسەتی ئاساییکردنەوەی دۆخی دڵخوازی دیکتاتۆر لە ئێران، وەک هەنگاوی یەکەم بە مەبەستی ڕەخساندنی زەمینە بۆ بەئاساییوەرگرتنی دۆخی دڵخوازی دیکتاتۆر کەڵکی لێ وەرگیراوە و پرسی ئاساییکردنەوەی پێ پاساو دراوە. قەیرانخوڵقێنی پلانێکی دیکەی پرۆسەی ئاساییکردنەوەیە کە ئەلحەق ژوورە ڕەشە فکرییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران تێیدا شارەزا و خیبرەن.

لە شۆڕشی ژینادا کۆماری ئیسلامیی ئێران کە ڕووبەڕووی گۆڕانکارییەکی قوڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوویەوە، هەر لە حەوتووەکانی سەرەتای شۆڕشەکەوە هەوڵی ئەوە بوو کە بەناولێنانی شۆڕشی ژینا بە "اختشاش"، هەڵسوکەوتی سەرکوتکارانەی خۆی بەرانبەر بە شۆڕشگێڕەکانی سەر شەقامەکانی وڵات، ئاسایی و یاسایی پێناسە بکات. هەر لە درێژەی ئەم پیلانەدا و لە مەرحەلەی بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتیدا، بەهێرشی موشەکی بۆ سەر حیزبە کوردییەکان و بەستنەوەی نارەزایەتییەکانی کوردستان بە ئامریکا و ئیسرائیل و دەستوپێوەندیی دەرەکی و بیانی، هەموو هەوڵی ئەوە بوو کە زەمینەی ئاساییبوونی هێرش و پەلامار بۆ سەر کوردستان، بڕەخسێنێ.

لە درێژەی ئەم شۆڕشەدا ڕێژیم بە شێوەی جوراوجۆر لە چەند مەرحەلەی جیاوازدا بە گرتنەپێشی کۆمەڵێک سیاسەتی سەرکوتکارانەی وەک هێرشی کیمیایی بۆ سەر قوتابخانەکانی کچان و توندوتۆڵکردنەوەی ڕێگارەکانی پاراستنی حیجاب و پەلامارداني ژنانی بێحیجاب، لە فازێکی دیکەی سیاسەتی ئاساییکردنەوەدا هەوڵی ئەوە بووە کە وا بنوێنی کە شۆڕشی ژینا کۆتایی پێ هاتووە و ئەوەی هەیە کۆمەڵێک ناهەنجاریی کۆمەڵایەتییە کە بەپێی ڕەوتی ئاسایی ساڵانی پێشوو، بەرخوردیان لەگەڵ دەکرێ.

لە درێژەی ئەم قۆناغە لە ئاساییشاندانی دۆخەکە و بە خەیاڵی خاوی خۆیان خۆدزینەوە و ڕزگاربوونیان لە شۆڕشی ژینا و بزووتنەوەی نارەزایەتیی خەڵک دژ بە دیکتاتۆرییەت، لە کوردستان کە شۆڕشەکە تێیدا سەری هەڵدا و بۆ شوێنەکانی دیکەی ئێران پەلی هاویشت، سەرقاڵی ئاساییشاندانی دۆخەکەن. لە ماوەی یەک دوو حەوتووی ڕابردوودا ڕیژیم لە کوردستان بە وەڕێخستنی کۆمەڵێک فستیڤاڵ و کەرنەڤاڵی فەرهەنگی و هونەری دەیهەوێ وا نیشان بدات کە ئەو خەڵکەی کە چەند مانگ پێش هاتنە سەر شەقامەکان و دروشمی نەمانی ڕێژیمیان دا و لە درێژەی سەرکوتێکی سیستماتیکی ڕەشدا بە دەیان کەسیان لێ کوژراو و بە سەدان و هەزارانیان لێ بریندار و زیندانی کران، هیچ کێشەیەکیان نەماوە و لە سەر شەقامەکان - هەر ئەو شوێنەی کە تێیدا خەباتیان کرد و خوێنیان دا - سەرقاڵی ژیانی ئاسایی خۆیانن و گوێ لە موزیک ڕادەگرن و دادەپەڕن!! ئەوە لە حاڵێکدایە کە خەڵکی بنەماڵەی قوربانییانی شۆڕشی ژینا لەسەر گڵکۆی شەهیدەکانیان سروودی شۆڕشگێڕانە دەڵێنەوە و بە کۆبوونەوەی سەدان کەس لە خەڵکی شارەکان لەسەر مەزاری شەهیدان، بەردەوامیی شۆڕشەکە بە گوێی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیدا دەدەنەوە.

ئەوەی ڕێژیم لەم پێوەندییەدا لە کوردستان دەیکات نەتەنیا هەوڵێکی سیستماتیکی پلان بۆدانراوە بۆ ئاساییکردنەوە و نیشاندانی دۆخەکە بە دڵخوازی خۆی، بەڵکوو تەحقیرکردنی کۆمەڵگەی کوردستان و شەقامە پڕ لە خەبات و خوێنەکانیەتی. وەک ئەوەی لە کوردستان "نە ی هاتبێ و نە بۆران."

لەم پێوەندییەدا کەم نین ئەو کەسانەش کە نائاگایانە یان بە پیلان و نەفسنزمییەوە کەوتنە داوی ئەم سیاسەتەی کۆماری ئیسلامیی ئێران. کاتێک کە لە شارێکی خاوەن شناسنامەی پڕ لە شانازی و شکۆ کە تێیدا لە شۆڕشی ژینادا بە دەیان کەس لە لاوەکانی بە دەستی هێزە سەرکوتکار و بەکرێگیراوەکانی کۆماری ئیسلامییەوە خەڵتانی خوێن کران، کۆمەڵە کەسێکی دیاری فەرهەنگی بەبێ لەبەرچاوگرتنی دۆخی سیاسیی کوردستان و باری دەروونیی کۆمەڵگە، بە پێکهێنانی کۆڕی هونەری، هاوتەریب لەگەڵ سیاسەتی ڕێژیم بۆ ئاساییبنیشاندانی دۆخی کوردستان، ڕەفتار دەکەن، پێویستە بە جیددی ڕەخنەیان لێ بگیردرێ و لۆمە بکرێن. ئەوان ئەگەر بە هەر هۆکارێک نەیانتوانیوە لە پاڵ خەڵک بن و بەشداری شۆڕشەکە بن، بۆیان نییە خوێ بە زام و برینی بنەماڵەی شەهیدان، زیانلێکەوتووان و زیندانییانی سیاسیدا بکەن و دۆخەکە بە دڵخوازی دیکتاتۆرییەت ئاسایی نیشان بدەن.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئاستی سیاسەتی ناوچەیی و نێودەوڵەتیشدا هێندێک ئاوانس و چراسەوزی نیشان داوە کە ئەگەر لە لایەک بۆ خۆدەربازکردن لەژێر تەوژمی بارودۆخی نێوخۆی وڵات و شۆڕشی ژینادایە، لە لایەکی دیکەشەوە ڕاست لە پیناو ئاساییبنیشاندانی دۆخی نێوخۆ و خۆگێلکردنی لە داخوازییەکانی خەڵکی سەرشەقامەکانی وڵاتە.

هیچ گومانی تێدا نییە کە ڕەوتی نارەزایەتییەکانی خەڵک دژ بە ڕێژیم و خەبات بۆ ئازادی و سەربەستی و گەیشتن بە وڵاتێکی دڵخواز، بەم سیاسەتانەی ڕیژیم - لەوانەیە تووشی نووشست و خاوبوونەوە بێت - لە ڕاوەستان و بەرەوپێشچوون ناکەوێ. بەڵام نابێ هێندێک کەس - جا چ بەشێک بن لە پیلانەکە و خۆشخزمەتی بکەن و چ ئاگایان لە پیلانەکان نەبووبێ و تێکەوتبێتن - ببن بە بەشێک لە سیاسەتی پیلانگێڕی و شەقامەکانی تەژی لە شۆڕش و ئیرادەی کۆتاییهێنان بە دیکتاتۆرییەت، بە چوون بەرەو ئاساییبوونەوە نیشان بدەن.

١٨ی بانەمەڕی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## لە پەیمانی لۆزانەوە بۆ شۆڕشی ژینا



لە نێوەڕاستی ساڵەکانی شەڕی جیهانی یەکەمدا واتە ساڵی ١٩١٦ی زایینی، دوو وڵاتی بەهێز و خاوەن بڕیاری؛ بریتانیا و فەڕانسە وێڕای ڕازیکردنی ڕووسیە لەسەر دابەشکردنی سەرزەمینەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆری هەڵوەشاوەی عوسمانی لەسەر ئەساسی پەیماننامەی سایکس - پیکۆ ڕێکەوتن. چوار ساڵ دواتر و لە ساڵی١٩٢٠ بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی ئەو وڵات و نەتەوانەی لە ئاکامی هەڵوەشانەوەی عوسمانیدا دروست ببوون و داوای بەشە مافی خۆیانیان دەکرد، پەیماننامەی سیڤەر بەستراکە لە ٤٢٢ مادده پێک کە بە ئەگەر و شیمانەی زۆرەوە و لە چەند خالێکدا قەرار لەسەر لاکردنەوە لە بەشە مافی نەتەوەی کوردیش درابوو. دوای تێپەڕینی دوو ساڵ بەسەر پەیماننامەی سیڤەردا بە هۆکاری جۆراوجۆر و یەک لەوان پرشوبڵاوی لە بزووتنەوەی کورد و نەبوونی ڕێبەرایەتییەکی لێوەشاوە، ساڵی ١٩٢٣ی زایینی بەرانبەر بە ١٣٠٢ی هەتاوی بە بێبەشداریی کورد، پەیماننامەی لۆزان لە "شاتۆ دووڕوومین"ی شاری "لۆزان"ی وڵاتی سویس واژوو کرا و کورد وێڕای بێبەشکردنی لە سەرەتاییترین مافەکانی، خاکەکەی بەسەر چوار وڵاتدا دابەش کرا.

***

لە سەدساڵەی پەیماننامەی لۆزاندا ڕۆژی ٦جۆزەردانی ١٤٠٢ هەتاوی کۆنفڕانسێک لە شوێنی مۆرکردنی ئەم پەیماننامەیە، واتە شاری لۆزان لە وڵاتی سویس بە بەشداریی دەیان کەس لە نوینەرانی لایەنە سیاسییەکانی کورد لە هەر چوارپارچەی

کوردستان بەڕێوەچوو کە بەڕێز کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە نوینەرایەتی لە حیزبەکەی وتاری پێشکەش کرد.

خاڵی سەرنجی ئەم کۆنفرانسە گوتارێک بوو کە زۆربەی لایەنە سیاسییەکانی کورد قسەیان پێکرد. ئەویش گوتاری ڕەخنەگرانە و بەخۆداچوونەوە بوو؛ ڕەخنەکانیان تەنیا لەو دەوڵەت و وڵاتانە نەبوو کە ببوونە هۆکاری مۆرکردنی پەیماننامەی لۆزان و بێبەشکردنی کورد لە وڵات و مافەکانی، بەڵکوو ڕەخنەگرتن لە خودی کورد و ڕەوتی بزووتنەوەی کوردستان لە ئێستا و ڕابردوودا بوو کە بۆچی نەیتوانیوە وناتوانێ لە دەرفەتە مێژووییەکان کەڵک وەربگرێ. لەم پێوەندییەدا بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕاشکاوانە و لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانەوە باسی لەو کەمایەسییانە کرد کە لە نێو ماڵی خودی کورد دا بوونەتە هۆکاری ئەوەی کورد لە گەیشتن بە مافەکانی نزیک نەبێتەوە. کاک مستەفا هیجری ئەو حەقیقەتەی دەرکاند کە "ئەگەر چەند جار بەهۆی پەیماننامە نێونەتەوەییەکانەوە وڵاتی کوردان دابەش کراوە، کورد خۆی چەند قات لەوە زیاتر بە دەستی خۆی کوردی دابەش کردووە. کورد ئەزموونی لە پەیماننامەی لۆزان وەرنەگرتووە و ئێستاش لەنێو کورددا هێڵی سووری نەتەوەیی نییە و ئێستاش ئێمە خەریکی دابەشکاریین و یەکگرتوو نین."

زۆربەی نزیک بە تەواوی پانێلگێرانی دیکەی کۆنفرانسەکە بە ڕوانگە و خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەوە باسیان لە کەمایەسییەکانی نێو بزووتنەوەی کوردستان کرد کە چۆن بە هۆکارگەلی؛ نایەکگرتوویی، پەرەپێدان بە ناکۆکی، یەکتر نەخوێندنەوە، لاوازیی دیپلۆماسی، نەخوێندنەوەی دەرفەتەکان، تێنەگەیشتن لە بەرژەوەندییەکان و لاوازبوون لە دەرککردن بە هاوکێشە سیاسییەکانی دوور و نزیک لە کورد و کوردستان، لە دەستەبەرکردنی ماف و ویستە نەتەوەییەکان دوور کەوتوونەتەوە.

ئەم جۆرە لە ڕوانین و خوێندنەوە بۆ ڕابردووی ڕووداوەکان و خۆ دورخستنەوە لە دوگماتیسم و بەخۆدا هەڵگوتن و دوورکەوتنەوە لە هەڵشاخان بە نەیاران و، لە ئەستۆی دوژمن قایمکردنی کەموکوڕیی و کەمایەسییەکانی خۆمان وەک کورد، دەتوانێ دەرفەتێکی باش بێت بۆ بەخۆداچوونەوە و وێناکردنی نەخشەڕێگایەی درووست و واقعی. هەرچەند لە حیزبی دێموکراتدا ئەم جۆرە لە ڕوانین بۆ مێژوو و لێکدانەوەی ڕابردووی ڕووداوەکان، دیاردەیەکی تازە و نامۆ نیە و ڕوویکەردی ڕەخنەگرانە بەشێک بووە لە گوتاری سیاسیی حیزب، بەڵام گشتگیربوونی لە سەر ئاستی هێزە کوردستانییەکان و لەوەها مەجالێکدا کەم وێنەیە.

هیچ گومانی تێدا نیە کە لە ڕەوتی شەڕی جیهانی یەکەم دا (١٩١٨ - ١٩١٤) زلهێزەکانی وەک بریتانیا و فەڕانسە و لەسەر

ئاستی ناوچەکەش لایەنە شۆڤێنییەکان، ڕۆڵیان هەبوو لەوەیکە کورد سەری بێکڵاو بمێنێتەوە، بەڵام ئەوە بەتەنیا لایەکی کێشەکە بوو. نەبوونی ڕێبەرانی لێوەشاوە و کارامە لە نێو کۆمەڵگەی کوردستان و بزووتنەوەی کورد کە توانای تێگەیشتن لە ئامانج و ستراتێژیی لایەنە سەرەکییەکانی شەڕ و گۆڕانکارییەکان، زاڵبوونی هەستی مەزهەبی و عەشیرەگەری و لاوازیی هەستی نەتەوەیی کە ئافەتی تێگەیشتن لە بەرژەوەندی نەتەوەیین، گرفتی جیدی و جەوهەریی هۆڤییەتی لە نێو ڕوناکبیرانی ئەوسای کورد و زۆر هۆکاری دیکەی نێوخۆیی، ڕوویەکی دیکەی مەسەلەکە بوون.

بینینی ئەم کامایەسییانە و ئێعتراف پێکردنیان و قسەکردن لە ڕاستییە تاڵەکانی ڕابردوو کە بەشێک لە ڕەسالەت و ئەرکی پێداچوونەوەی مێژوو و دەرسلێوەرگرتنەکانە، وەک ڕێبەری لێوەشاوە د. قاسملوو لە خوێندنەوەی بۆ ڕووداوەکانی کۆمارە مەزنەکەی کوردستاندا کە ئازایانە قامک لە سەر خاڵە بەهێز و لاوازەکانی دادەنێ، باس دەکات؛ "ڕەخنە لەخۆگرتن ئەرکێکی شۆڕشگێڕانەیە."

ئێستا دوای سەدساڵ تێپەڕین بەسەر پەیماننامەی لۆزان و دابەشبوونی کوردستان بەسەر چواربەشدا، ڕاستە کوردستان هەروا پارچەپارچە و بێبەش لە بوونی دەوڵەت و سەروەریی سیاسییە، بەڵام لە ڕووی زەیینی و تێپەڕکردنی ڕەوتی نەتەوەسازی وپێگەی ناوچەیی و نێودەوڵەتییەوە پرسێکی زیندوو و سەلمێنراوە و بێگومان بۆ ئەمەش مێژوویەک لە خەباتوخوێن، کەوتنوهەستانەوەی بەخۆوە بینینەوە.

لەو بەشەی کە بە کوردستانی ئێران یان ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەناسرێ - کە پەیماننامەی لۆزان لە ڕووی یاساییەوە کاریگەریی ئەوتۆی بەسەرەوە نەبوو - لە ئێستادا خاوەنی بزووتنەوەیەکی فرەڕەهەند، ڕێکخرا و زیندووی نەتەوەیی‌یە کە شوناسخوازییەکی نەتەوەیی و دێموکراتیک پێناسەیەتی. لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ ئەوەیکە ٤٤ ساڵە تێکۆشانی یاساییان لێ قەدەغە کراوە و لە لایەن ڕێژیمی زاڵ و خۆسەپێن بەسەر ئێران و کوردستاندا هەموو جۆرە سەرکوت و هێرشێکیان لەسەر تاقی کراوەتەوە، لە خەبات بەردەوامن و پێوەندییەکی زیندووی ئۆرگانیکیان لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هەیە. هەروەها سەرەڕای کۆمەڵێک جیاوازی لە ڕوانین و خوێندنەوە، هەمگەرایی و یەکگرتوویەکی ڕێژەیی لە نێو هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا هەیە.

چەند مانگ پێش لە ساڵوەگەڕی پەیماننامەی لۆزان، لە کوردستانی ئێران شۆڕشێک هاتە ئاراوە کە سنوورەکانی ئێرانی بەزاند و سەرنجی گشت جیهانی بۆلای خۆی ڕاکێشا. لە شۆڕشی ژینادا کوردستان بوو بە کانوون و مێحوەر و درووشمی "ژن، ژیان، ئازادی" پێناسەیەکی دیکەی لە "کورد" و "کوردستان" لە زەینی کۆمەڵگە جیاوازەکان و ژوورەکانی بیرکردنەوە و بڕیار، بەدەستەوە دا. وەک بەڕێز کاک مستەفا هیجری لە کۆنفرانسی سەد ساڵەی پەیماننامەی لۆزاندا لەسەر پێناسەی

شۆڕشی ژینا باسی کرد؛"کاردانەوەی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە چەخماخەی لێدرا، بەخێرایی کوردستان، ئێران و تەنانەت جیهانیشی گرتەوە و دەسپێکی ئەو ڕاپەڕینە لەسەر داوای ناوەندی هاوکاری بۆ مانگرتن و خۆپێشاندان لە کوردستانەوە دەستی پێکرد."

بە پێچەوانەی سەد ساڵ لەوەپێش کە بە بێ حزوور و بەشداریی کورد، بریار لە سەر دابەشکردنی خاکی کوردان درا، ئێستا بە بێ ئیرادەی کورد و بەبێ قسەی کورد، هیچ پەیماننامە و مەنشوورێک ناگاتە ئاکام و ناتوانێ وڵامدەری داهاتووی ڕووداو و بڕیارەکان بێت.

لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کوردستان سەرەڕای خەسارێکی گەورە کە بە هۆی هێرشی مووشەکی و درۆنییەوە کە لە لایەن دوژمنەوە لێی درا، بە تێگەیشتن لە پیلانگێڕییەکان و لێکدانەوەی زیانە کاتی و سوودە درێژخایەنەکان، خاک و خەڵکی کوردستانی لە زیانپێگەیشتن پاراست و ئیزنی خەوشدارکردنی ماهییەتی پرسی کوردی بە دوژمن نەدا. کورد لە شۆڕشی ژینادا بۆ یەکەمجار لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا معادلەی "لە ناوەندەوە بۆ پەراوێز"ی گۆڕی و خۆی وەک یەکێک لە پەراوێزخراوەکان کرد بە چەق و ناوەندی شۆڕشێک کە نەتەنیا سەرتاسەری ئێرانی گرتەوە، بەڵکوو سەرنجی جیهانیشی بۆلای خۆی ڕاکێشا.

لە سەد ساڵەی بەستنی پەیماننامەی لۆزاندا کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە شۆڕشی ژینادا سەلماندی کە ئیرادەی بۆ زیندوومانەوە و بەردەوامبوون لە خەبات لەپێناو دەستەبەرکردنی مافە زەوتکراوەکانیدا بە هیچ پەیماننامە و پیلانگێڕییەک ناشکێ و بەڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە و خۆدوورخستنەوە لە هەرجۆرە دوگماتیسمێک، بەخۆداچوونەوە دەکاتە ئامرازێک بۆ بەرەپێشچوونێکی درووست.

٨ی جۆزەردانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

# شەڕ وەک نیعمەتێک بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران



لەشکرکێشییەکانی حکوومەتی تاڵبان لە ئەفغانستان بۆ سنورەکانی لە گەڵ ئێران و هاوکات جووڵەی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ شار و ناوچەکانی کوردستان، باس و خواسی جۆراوجۆری لێ کەوتۆتەوە. هی یەکەمیان بە ڕواڵەت پێوەندی بە کێشە و ناکۆکیی دوو وڵات لە سەر ئاوی ڕووباری هیرمەندەوە هەیە کە تاڵبان ئیدیعا دەکات بە هۆی ویشکەساڵی و بێبارانییەوە، ناتوانێ ئاودیوی سنوورەکانی ئێران بێت و کۆماری ئیسلامیش پێی وایە کە تاڵبان کەڵەوەکێشی دەکات و بە ئەنقەست هیرمەندی گرتۆتەوە. لەشکرکێشییەکانی سەر کوردستانیش لە لایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە پێوەندیی دەدرێت بە بوونی حیزبە کوردییەکان و هەڕەشەیان بۆ سەر ئەمنیەت و ئاسایشی سەر سنوورەکان.!!

ئەوەندەی پێوەندی بە کێشەی ئاوی هێرمەند و ئاڵۆزییەکانی سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران لەگەڵ ئەفغانستانەوە هەیە، هەر دوو وڵات بە پێی ئەو ڕێکەوت و پرۆتۆکۆڵانەی لە سەر چۆنیەتی کەڵک وەرگرتنی هەر دوو وڵات لە هیرمەند لە نێوانیاندا هەیە، زۆر بە ئاسانی دەکرا و دەکرێ بەدواداچوونی بۆ بکرێ و چارەسەر بکرێ. بەڵام ئەوەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی و لەسەروو هەمووانەوە ڕەئیسی، سەرکۆماری ڕێژیم بە هەڕەشە و گوڕەشە و زمانی زبرەوە هاتنە سەر خەت



سەرچاوە
Serchawe

و تاڵبانەکـانیش بە گـاڵتە و هەڕەشـەوە وڵامـی لێـدوانی ئێرانییەکانیـان دایەوە، دەرکەوت کە لانـیکەم کۆمـاری ئیسـلامی نەتەنیـا بە دوای چارەسەردا نـاگەڕێ، بەڵکوو بە هێنـدێک مەرام و مەبەسـتی دیکە کە ئاماژەیـان پـێ دەکەیـن، لە شەڕ و ئالۆزی دەگەڕێ.

لە پێوەنـدی لەگەڵ لەشکرکێشییەکانی بـۆ کوردسـتان کە بە کـردەوە کوردسـتانی کـردۆتە پادگـان و میلیتـاریزەی کـردوە، ئیدیعای پاراستنی ئەمنیەتـی سنوورەکانی لە گەڵ عێـراق و هەرێمی کوردستان و هەڕەشەکردنی لە حیزبەکـانی کوردسـتان، جیا لە بیانوو و پاساو بۆ ئەم لەشکرکێشییە و ترسی لە بابەتێکی دیکە، شتێکی دیکە نیە. هەموو لایەک و خـودی کۆمـاری ئیسلامی ئێرانیش باش دەزانن و ئاگادارن کە لانیکەم لە جەریان شۆڕشی ژینادا، حیزبەکانی کوردستان نەتەنیـا چووکەترین جووڵەی چەکدارییان نەبووە، بەڵکوو ڕاست لە پیناو پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی ڕێژیمدا داوایان لە خەڵک ئەوە بـووە کە خۆ لە توندوتیژی بپارێزن و بە شێوازێکی هێمنانە و مەدەنی و جەماوەری، درێژە بە شۆڕش و نارەزایەتییەکانیان بدەن.
کەوابـوو ئاڵۆزیـنانەوەی ڕێـژیم لە سنوورەکان و لێـدانی کەرەنـای شـەڕ نە بـۆ داکـۆکیکردن لە مـافی خەڵکـی سیسـتان و بەلوچستانە کە بە هۆی نەهاتنی ئاوی هیرمەنـدەوە زەرەرمەنـدی سەرەکین و نە پاراستنی ئەمنیەتـی سنوورەکانی ڕۆژئـاوای وڵاتە، بەڵکـوو مەسـەلەکە شۆڕشـێکی پێکهاتەشـکێن و لێبـڕاوە کە ئامـانجە سـەرەتاییەکەی، ڕوخـان و تێکەوەپێچـانی ئەم ڕێژیمەیە لە تەواویەتی خۆیدا.

کۆماری ئیسلامی ئێران بـۆ ڕووبەڕووبـوونەوە لە گەڵ شۆڕشی ژن، ژیـان، ئـازادی کە چەخمـاخەکەی لە کوردستان لـێ دراو و تەواوی ئێرانی گرتەوە و بەلوچستان بوو بە نمادی بەردەوامیی ئەم شۆڕشە، پەنـای بۆ هەموو پیلان و پاساوێک بـرد. لە بە تەجزییەتەڵەب ناوهێنـانی حیزبەکانی کوردستان کە هێرشی مووشەکی کردنە سەر تـا بەسـتنەوەی شۆڕشـەکە بە پیلانگێڕیـی دەرەکی. بەڵام وەک دەرکەوت هیچ کام لەم پیلانانە سەری نەگرت و پێوەندیی نێوان گەلانی ئێران لەم چەنـد مـانگەدا پتـر لە جاران پتەویی و یەکگرتویی بەخۆوە بینی.
بە پێی ئیدئۆلۆژییەک کە خودی نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لەسەر دامەزراوە، تەنیا "نێعمەتی شەڕ" و قەیرانخوڵقێنی و ئـاژاوە نـانەوەیە کە بە مێشـک و بیرکـردنەوەی کاربەدەسـتانی ئەم ڕێـژیمەدا دێـت بـۆ داڕشـتنی نەخشـە ڕێگـایەک بـۆ خـۆ دەربـازکردن لەو قەیـران و کێشـانەی کە تێـی دەکەون. بـۆیە لە شـەرایەتی ئێسـتادا ئەوەی دەتـوانێ ببێـتە هۆکـاری دەستئاوەڵەیی ئەم ڕێژیمە لە گرتنە پێشی بەرخودی سەخت لەگەڵ شۆڕشگێڕانی سەر شەقامەکان و شەڕ لە گەڵ شۆڕشی ژینا، نانەوەی شەڕ و ئالۆزی و قەیرانێکی دیکەیە.

کاربەدەسـتانی ڕێـژیم و بێشـەرمتر لە هەمـووان، عەبـدوڵاهییان، وەزیـری کاروبـاری دەرەوەی ڕیـژیم، لە سـەر کێشـەی ئـاوی هیرمەند ئیدیعا دەکات کە ئەوان ناتوانن لە مافی خەڵکی سیستان و بەلوچسـتان لە کەڵـک وەرگـرتن لە ئـاوی ئەم ڕووبـارە

خۆش بن!!. ئەوە لە حاڵێک دایە کە لە ڕەوتی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادیدا هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەکەی عەبدوڵاهیان بە سەدان کەسیان لە خەڵکی بەلوچستان تەنیا بە تاوانی ناڕەزایەتی دەربڕینیان و بەشداریی هێمنانەیان لەم ناڕەزایەتییانەدا خەڵتانی خوێن کرد و بە هەزارانیان بریندار و بە هەزارانی دیکەیان ڕەوانەی چاڵە ڕەشەکان کرد. کەوابوو ڕێژیم نەتەنیا چارەسەرکردنی کێشەی ئاوی بەلوچستانی - کە سیاسەتە غەڵەتەنانی خۆیان هۆکاری ویشکەساڵی و کەمئاویی لەم ناوچەیەیە - بە خەیاڵدا نایەت، بەڵکوو ڕاست دەیهەوێ کێشەی ئاوی هیرمەند لە گەڵ تاڵبان بکاتە ئامراز و بیانوویەک بۆ بەئەمنیەتیکردنی سنوورەکان و نانەوەی هێندێک وردە شەڕی لە گەڵ تاڵبان و لەم ڕێگەوە بە بیانووی وەمەترسی کەوتنی "ئەمنیەتی نەتەوەیی"!! دەستی بۆ سەرکوتی خەڵکی مافویستی بەلوچ زیاتر ئاوەڵا بێت.

لە کورستانیش چیرۆکەکە هەر ئەوەیە کە زیاتر لە چل ساڵە بەردەوام لە دووپاتبوونەوە دایە. لەشکرکێشییەکانی ئەم چەند ڕۆژەی دوایی ڕێژیم بۆ کوردستان و مۆڵدانی هێزێکی سەرکوتکەری پڕچەک لە نزیک شارەکانی جوانڕۆ و مهاباد کە لە شۆرشی ژینادا زۆرترین هێرشیان کرایە سەر و خەڵکەکەی کەوتنە بەر دەستڕێژی ڕاستەوخۆی هێژەکانی ڕیژیم، لە لایەک نیشانەی ترسی ڕێژیم لە ئیرادەی لەبڕاننەهاتووی خەڵکی کوردستان بۆ خەبات لە پێناو مافویستی و گەیشتن بە ئازادی و کەرامەتی ئینسانییە و، لە لایەکی دیکەش هەوڵێکە بۆ بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتیی خەڵکی ئێران کە بەڵێ ئەمنیەتی میللی وڵات لە مەترسی دایە و کوردەکان هۆکاری ئەم مەترسییەن!!، بۆیە دەبێ سەرکوت بکرێن و ئێوەش؛ ئەی خەڵکی ئێران! بزانن کە "ئێران" لە مەترسی دایە و ئەوەی لە ئێستادا لە هەموو شتێک گرینگترە پاراستنی وڵاتە لە تەجزییە بوون!!. ئەمە ئەو درۆ گەورە و شاخدارەیە کە کۆماری ئیسلامی هەموو هەوڵێکی ئەوەیە کە خەڵکی ئێران باوەڕی پێ بێنن. خەڵکی ئێران لە شۆڕشی ژینادا بە دروستی و زۆر ڕاشکاوانە وڵامی ئەم درۆ و دەلەسانەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان دایەوە. کاتێک کە خەڵکی تاران پڕ بە شەقامەکان هاواریان دەکرد؛ "اگر تهران کوردستان شود، ایران گلستان شود"، دەرکەوت کە لە پایتەختی ئێرانەوە ئەوە تەنیا دەنگی تریبوونەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران نییە کە بە درۆ و چەواشەکارییەوە هەوڵی خەوشدارکردنی کورد و کورستان دەدات، بەڵکوو دەنگی دیکەش هەن و زۆرن کە کوردستان وەک نموونەی جوانی و کورد وەک کاراکتەرێکی ئەمرۆیی و مودێرن پێناسە دەکات.

هەوڵەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ نانەوەی کایەیەکی دیکەی ئەمنیەتی لە سنوورەکانی وڵات، هیچ هۆکارێکی دەرەکی نیە و پاراستنی ئەمنیەتی میللی جیا لە ئیدیعایەکی گاڵتەجاڕانە ناتوانی هیچ شتێکی دیکە بێت. هەموو ئەم هەوڵ و پیلانانە بۆ ترسێک دەگەڕێتەوە کە ڕێشەی لە نێو خۆی وڵات و ئیرادەی گۆڕانخوازانەی گەلانی ئەم وڵاتەدا هەیە کە کۆماری ئیسلامی ئێران جیا لە زمانی هەڕەشە و بەرخودی سەرکوتکەرانە هیچ وڵامێکی پێ نیە. بۆ ئەم سیاسەت و نەخشە ڕێگایەشی، دەستی داوەتە قەیرانخوڵقێنی و لەشەڕ دەگەڕێ.

١٥ی جۆزەردانی ٢٧٢٣



سەرچاوە Serchawe

## پێگەی ڕەفتاری بنەماڵەی شەهیدان لە شۆڕشی ژینادا



لە درێژەی قۆناغە جیاجیاکانی شۆڕشی ژینادا، بنەماڵەی شەهیدانی ئەم شۆڕشە بە دەرکەوتنە تایبەت و پڕ لە پەیامەکانیان، پێگەیەکی زیندوو و چالاکیان لێ تۆمار کرا. ئەوان هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە کە بە هۆی تەقەی ڕاستەخۆی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە خوێن لە جەستەی ڕۆڵەکانیان دەچۆڕا، نەتەنیا ڕەشیان نەپۆشی و پەرسەی دۆشدامانیان نەگرت، بەڵکوو جامانە و هەوری لەکۆڵ، لەسەر تەرم و گۆڕی کچ و کوڕە سوورخەڵاتەکانیان، بە زمانی گڕی ئازادیخوازی و مافویستییەوە بەگژ دەسەڵاتی ڕەش و جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامیدا چوون و وێڕای بڵاوکردنەوەی پەیامی کۆتاییهێنان بە ئەقڵیەتی فاشیستی و تەواویەتخوازی، بە شانازی و سەربەرزییەوە باسیان لە شەهیدەکان دەکرد.

بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا لە کوردستان بە کەڵکوەرگرتن لە دەرفەت و بۆنەی تایبەت بە ڕۆڵە شەهیدەکانیان و بە بەڕێوەبردنی کۆڕ و کۆبوونەوە و ڕێوڕەسمی تایبەت، وەک پاڵنەرێک لە درێژەکێشانی ئەم شۆڕشە و بەزیندوویی‌هێشتنەوەی پەیام و ئەرزش و بەهاکانی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی، ڕۆڵی بەرچاو و کاریگەریان نواند. ئەوان هەموو حەوتوویەک بە بێ‌گوێدان بە هەڕەشە و گوشارەکانی ناوەندە سەرکوتکەرە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم، یەکگرتووانە بە کۆبوونەوە لە سەر گڵکۆی



سەرچاوە
Serchawe

شەهیدەکان، درووشم و پەیامەکانی شۆڕشی ژینایان تا ئێستاش بە زیندوویی هێشتۆتەوە.

یەکگرتویی نێوان بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا لە کوردستان نەتەنیا سنووری شارەکانی کوردستانی بەزاند، بەڵکوو بنەماڵەی شەهیدان لە شوێن و ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش باڵکێشی کوردستان کران و وێڕای هاودەریکردن لەگەڵ یەکتری، پەیامی بەگژداچوونەوەیەکی یەکگرتووانەیان دژ بە ڕێژیمی بکوژی ڕۆڵەکانیان دا. ئەم یەکگرتووییە لە نێوان بنەماڵەی شەهیدانی کوردستاندا بەرچاوتر لە شوێنەکانی دیکە خۆی نواند. سەرەتا گۆڕستانی ئایچی لە شاری سەقز کە تەرمی شەهید ژینای لێ نێژراوە، بوو بە شوێنی کۆبوونەوەی خەڵک و بنەماڵەی شەهیدان و نارەزایەتیدەربڕین دژ بە ڕێژیم. دواتر ئەم هەمگەرایی و یەکگرتوویە لە نێوان بنەماڵەی شەهیداندا گوازرایەوە بۆ زۆرێک لە شارەکانی دیکەی کوردستان. لە مهابادەوە بۆ بۆکان لە بۆکانەوە بۆ جوانڕۆ و لە جوانڕۆوە بۆ سەقز و لە سنەوە و دیواندەرەوە بۆ بۆکان و سەقز.

لەم سەردان و بەسەرکردنەوانەدا، بنەماڵەی شەهیدان بە کۆمەڵێک داهێنانی جوان و پڕ لە ڕەمز و پەیامی سەردەمیانە و بەکەڵکوەرگرتن لە هێندێک هێما و سەمبولی نەتەوەییەوە، نیشانیاندا کە کۆمەڵی کوردەواری پڕە لە پتانسێل و زەرفییەتی مودێڕنی خەباتکارانە دژ بە تەواویەتی نیزامێکی کۆنەپەرەست. ئەوان بە پێشکەشکردنی گوڵی سوور بەیەکتر و جامانە لەمل یەکترکردن و، وتنەوەی سرووده شۆڕشگێڕییەکان و ڕازاندنەوەی خۆیان و منداڵی شەهیدەکان بە جل و بەرگی ئاڵاو واڵای کوردییەوە، پەیامەکانی یەکگرتوویی، ژیاندۆستی و خەبات لەپێناو وەدیهێنانی ئامانجی شەهیدەکانیان بەرز و بەرجەستە کردەوە.

کاریگەریی ئەم هەڵسووکەوت و ڕەفتارانەی بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا لە سەر هەست و ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و بیروڕای گشتی بە ڕادەیەک شوێندانەر بوو کە ژووره ڕەشە پیلانگێڕییەکانی ڕێژیمی تووڕە و نیگەران کرد. بۆیە چەندین جار پەلاماری کێلی شەهیدەکانیاندا و شێواندیانن، هەڕەشەو گوشاریان خستە سەر بنەماڵە و کەس و کاری شەهیدەکان و تەنانەت هێندێکیانیان لێ دەستبەسەر و زیندانی کردن. چەند جارێک گۆڕی شەهید ژینایان لە گۆڕستانی ئایچی شێواند و لە سنە و شارەکانی دیکەی کوردستان و ئێرانیش گۆڕی زۆرێک لە شەهیدەکانیان شێواند. هەر لە پێوەندی لە گەڵ گوشارخستنەسەر بنەماڵە و کەس و کاری شەهیدەکاندا، ڕۆژی هەینیی ڕابردوو، ڕێکەوتی ١٩ی جۆزەردان کە بنەماڵەی شەهیدان لە شارەکانی سنە، دێولان و دیواندەرەوە سەردانی بنەماڵەی شەهیدانیان لە شارەکانی سەقز و بۆکان کرد، لە گەڕانەوەدا دەستبەسەر کران.

ڕەفتار و هەڵسووکەوتی بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا لە ماوەی ئەم چەند مانگەدا کە وەک باس کرا زەبر و زەنگ و فشاری ناوەندە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمیان لەسەر بووە، خاوەنداریکردنێکی دەروەستانە و خەباتکارانەیە کە لە شۆڕشی

نوێی خەڵکی کوردستان و ئێران دژ بە نیزامی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی ئێراندا جێگە و پێگەیەکی بەرز و مێژوویی لێ تۆمار کراوە. ئەم ڕەفتارانە نیشان دەدات کە؛ هەیمەنەی سەرکوتکاریی ڕێژیم، پووچ و بەتاڵ و بێ داهاتوویە، شەهیدان و بە گشتی قوربانیانی ئەم شۆڕشە ڕۆڵ و پێگەیان لە یادەوەرییەکاندا بە زیندووی دەمێنێتەوە و خەڵک پێیان وەفادار دەبێت و شانازییان پێوە دەهات. لە هەمووی گرینگتر ڕەفتار و هەڵسووکەوتی بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا و پشتیوانیی خەڵک لە بنەماڵەی شەهیدان دەریدەخات و دەریانخست کە، خاوەنانی ڕاستەقینەی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی لەنێو دڵی ڕاستەقینە شۆڕشەکەدان و هیچ ئیرادەیەکی تەوایەتخواز و فاشیست، ناتوانێ دەست بەسەر ئەم شۆڕشە و دەسکەوتەکانیدا بگرێت.

٢١ی جۆزەردانی ٢٧٢٣

## "قاسملوو، قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە"



درووشمی "قاسملوو، قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە" یەکێک لەو دەگمەن درووشمانەیە کە زیاتر لە سێ دەیەیە بە دارو دیوار و شەقامەکانی کوردستانە خۆ دەنوێنێ. ئەم درووشمە لەسەر هەزاران دیواری کۆڵانەکانی شار و ئاواییەکانی کوردستانەوە نووسراوە و بە هەزاران هەزار کەس لە جەماوەری خەڵکی کوردستان لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا بە دەنگی بەرز وتوویانەتەوە و دەیڵێینەوە.

لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا لە کوردستان ئەم درووشمە دوای درووشمی "ژن، ژیان ئازادی"، بەرزترین هاواری خۆپێشاندانە جەماوەرییەکان بوو کە هەردوێنێ شەو لە شاری مهاباد بۆ جارێکی دیکە و لە سەروبەندی ٢٢ی پوشپەڕی ئەمساڵ، ٣٤هەمین ساڵوەگەڕی تێرۆری دوکتور قاسملووی ڕێبەری بە دەستی دیپلۆمات - تێرۆریستەکانی تاران دا بۆ جارێکی دیکە "قاسملو، قاسملو، ڕێگات درێژەی هەیە" دڵی ڕێژیمی تێرۆریستپەروەری خستەوە لەرزە.

دوێنێ شەو لە کاتی ئەسپەردەکردنی تەرمی بێگیانی دوایین شەهیدی نیشتمان، شەهید پەیمان گەڵوانی کە دوای دەستبەسەرکردنی لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانی لێ ئەستێندرا،



سەرچاوە
Serchawe

خەڵکی هەمیشە خاوەن هەڵوێستی شاری مهاباد، لە ناڕەزایەتییەکی جەماوەریی‌دا، وێڕای ڕیسواکردنی ڕێژیمی دژەکوردی کۆماری ئیسلامی، بۆ جارێکی دیکە درووشمی "قاسملوو، قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە"یان کردەوە بە درووشمی سەرەکیی ناڕەزایەتییەکانیان.

ئەوەیکە ئەم درووشمە چۆن و بە چ هۆکارگەلێک توانیویەتی دوای نزیک بە ٣٥ ساڵ لە تیرۆری شەهید دوکتور قاسملوو هەروا ببێتە تایتڵی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان لە کوردستان، روون و ئاشکرایە. کەسایەتیی بەرزی شەهید دوکتور قاسملوو و ڕۆڵی هەرە کاریگەری لەسەر بزووتنەوەی کوردستان و گوتاری بزووتنەوەی سیاسیی خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکرات لە لایەک و، لە لایەکی دیکەوە جێگە و پێگەی بەرز و چەسپاوی حیزبی دێموکرات لە کۆمەڵگەی کوردستان بە هۆی سیاسەتە درووست و نەتەوەییەکانی‌یەوە، دوو هۆکاری دیکەی بەردەوامبوون و بەزیندوویی مانەوەی درووشمی "قاسملوو، قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە"یە.هەڵبەت تیرۆری ناجوامێرانەی ئەم ڕیبەرە بلیمەت و لێوەشاوەیەی بزووتنەوەی کورد و سکرتێری حیزبی دێموکرات لە سەر مێزی وتوێژ، شوێنەواری خۆی لەسەر هەڵوێست و ڕەفتاری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەجێهێشتووە.

ئەو نەسڵەی کە ئەمساڵ و ڕۆژانە لە شەقامەکانی کوردستان درووشمی "قاسملوو، قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە" دەڵێتەوە و لە سەر دیواری گوند و شارەکانی کوردستانی دەنووسنەوە و وێنەکانی شەهید قاسملوو بە ماڵاندا بڵاو دەکەنەوە و بە تابلۆکانەوەی دەچەسپێنن، نە دوکتور قاسملوویان بە چاوی خۆیان دیوە و نە هیچ بیرەوەرییەکیان لە لەگەڵ ئەم ڕێبەرە شەهیدە هەیە. بەڵام لەگەڵ ئەوەی بە خوێندنەوەی بیروئەندێشەکانی دوکتور قاسملوو تەژی لە هەست و شعوری نەتەوەیی و خەباتکارانە دەبن، بە کردەوەش دەبینن کە ئەو حیزبەی کە دوکتور قاسملوو ڕێبەرایەتیی دەکرد هەروا لە مەیدان دایە و درێژە بە ڕێبازی پڕ لە فیداکاری، خزمەت بە خاک و خەڵکی کوردستان و خەبات بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی گەل‌دا دەدات.

تێکەڵبوونی درووشمی "قاسملوو، قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە" بە ئیرادەی مافخوازانەی جەماوەری سەرشەقامەکانی کوردستان، سەلماندنی ئیدیعای "زیندووبوونی قاسملوو لە ڕێبازی‌دا"یە. ڕێبازێک کە ٣٤ ساڵە داهێنەر و خوڵقێنەرەکەی بە جەستە لە نێو نەتەوە و حیزبەکەی‌دا نەماوە. ئەمە ئەگەر لە لایەک نیشانەی ڕاست و درووستیی بیرکردنەوە و خوێندنەوە و هەڵوێست و سیاسەتەکانی دوکتور قاسملووی شەهیدە، لە لایەکی دیکەوە نیشانەی هێز و پێگە و خوشەویستیی حیزبێکە کە دوای ٣٤ ساڵ لە نەمانی ڕێبەرە بیرمەندەکەی، توانیویەتی دوای کۆستی گرانی ئەو و جێگرە لێوەشاوەکەی(د. سادق شەرەفکەندی) بە بڕینی قۆناغگەلێک پڕ لە هەوراز و نشێوی سەخت و دژوار، ئەو ڕێبازە - نەتەنیا بە زیندوویی ڕابگرێت - بەڵکوو دەوڵەمەند و بەڕۆژی بکاتەوە.

بەردەوامیی و بەرزکردنەوەی درووشمی "قاسملوو، قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە" ئەگەر لە لایەک بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مایەی دڵخۆشی و شانازییپێوەکردن بە پێگە و نفووزی مێژوویی و جەماوەریەتی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، لە لایەکی دیکەشەوە ئەرکپێئەسپاردن و متمانەپێکردنیەتی لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە کە وەک تا ئێستا پێی وەفادار ماوەتەوە، لە درێژەدان بە "ڕێبازی قاسملوو" و گرتنە پێشی نەخشە ڕێگای گونجاو لەگەڵ سەردەم و پاراستنی بەرژەوەندییە نیشتمانی و نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان، بەردەوام بێت.

٢٠ی پووشپەڕی ٢٧٢٣

## حیزبی دێموکرات، لە یادی ٧٨ساڵەی دامەزرانیدا




٧٨ ساڵ پێش ئێستا و لە کۆتاییەکانی شەڕی جیهانیی دووهەمدا یەکەم حیزبی مودێرنی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر بناغەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (کۆمەڵەی ژێکاف) کە سێ ساڵ بوو بە شێوەی نهێنی چالاکیی دەکرد، لە شاری مهاباد دامەزرا. حیزبی دێموکرات دوای چەند مانگ لە دامەزرانی، یەکەم کۆماری دێموکراتیکی کوردی بە سەرۆکایەتیی پێشەوا قازی محەمەد دامەزراند و لە قەوارەی ئەم دامەزراوە نەتەوەییدا دەستی دایە پرۆسەی نەتەوەسازی و ڕێچکەیەکی نوێی لە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستاندا بەڕووی ئینسانی تێکۆشەری کورددا کردەوە.

حیزبی دێموکرات کە لە خەبات و تێکۆشانی نزیک بە هەشت دەیەی خۆیدا دژ بە دوو نیزامی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی لە پێناو دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستاندا، چەندین قۆناغی سەخت و پڕلە کەوتن و هەستانەوەی تێپەڕاندووە، ئەمساڵ جیاوازتر لە ساڵانی ڕابردوو، یادی لەدایکبوونی خۆی دەکاتەوە.

ئەم حیزبە کە لە ئاکامی لێکترازانێکی تەشکیلاتیدا بۆ ماوەی ١٦ ساڵ لەژێر دوو ناوی "حدکا" و "حدک"دا درێژەی بە تێکۆشان دا، لە گەلاوێژی ئەمساڵدا بە یەکگرتوویی و یەککڕیزی، هەم یادی ٧٨ ساڵەی دامەزرانی خۆی دەکاتەوە و هەم

ساڵێک بەسەر سەرکەوتنی پرۆسەی یەکگرتنەوەیدا تێپەر دەبێ.

یەکگرتنەوەی ڕێزەکانی حیزب لە ۳۱ی گەلاوێژی ۱٤۰۱ی هەتاوی وەک یەکێک لە ڕووداوە گرینگەکانی ژیانی سیاسیی حیزب و، وەک داوا و ئارەزووی چەندین ساڵەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و تێکۆشەرانی ئەم حیزبە، بۆ بزووتنەوەی سیاسیی کورد و حیزبی دێموکرات کە ڕێبەرایەتیی بەشی زۆری بزووتنەوەکەی لەسەر شانە، زەروورەتێکی مێژوویی بوو. دەستپێکردنی شۆڕشی ژینا دوای کەمتر لە مانگێک تێپەڕین بە سەر سەرکەوتنی پرۆسەی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان و شوێنەواری یەکگرتنەوە و هاوهەڵوێستیی نێوان هێزە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان، سەلمێنەری ئەم ئیدیعایەن.

یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان کە شەپۆلێک لە خۆشحاڵی و ڕەزایەتی خەڵک لەنێوخۆی وڵات و هەروەها وەزەگرتنی تێکۆشەرانی دێموکراتی لێ کەوتەوە، لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا کاریگەریی بەرچاوی لەسەر یەکگرتوویی خەڵک لە سەر شەقامەکانی کوردستان دانا و وزەیەکی بەگوڕتری بە بزووتنەوەی نارەزایەتیی خەڵک بەرانبەر بە دیکتاتۆری لە ئێران بەخشی. بە جۆرێک کە زیاتر لە هەمیشە ڕێژیمی تارانی تووڕە و تووشی دەستەوەستانی کرد.

کاربەدەستانی ڕێژیم نەیانتوانی ڕق و تووڕەیی و ترسی خۆیان لە یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزب و کاریگەریی ئەم ڕووداوە مێژووییە لە سەر هەڵوێست و ڕەفتاری خەڵک بشارنەوە، بۆیە هەر دوای مانگێک تێپەڕین بە سەر یەکگرتنەوە و چەند ڕۆژێک تێپەڕین بەسەر شۆڕشی ژینادا، هێرشی مووشەکی و درۆنییان کردە سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی دیکە و بەخەیاڵی خۆیان، ویستیان چاوگەی وزە و دڵخۆشیی خەڵکی سەر شەقامەکانی کوردستان کوێر بکەنەوە. بەڵام زۆری نەخایاند کە لە شەقامەکانی کوردستانەوە درووشمەکانی "کۆیە بەتەنیا نیە، کوردستان پشتیوانییە" و "کوردستان قەڵای دێموکراتە" بەرز بوویەوە.

هاوکات لەگەڵ یادی ۷۸ ساڵەی دامەزرانی حیزب و ساڵوەگەڕی یەکگرتنەوەدا، بەرەو یادکردنەوە لە یەکساڵەی شۆڕشی ژینا دەرۆین و باس لە گۆڕانگارییەکی قوڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە وڵاتەکەماندا دەکەین کە هەموویان شوێنەواری تایبەتی و قوڵیان لەسەر یەکتر داناوە و دادەنێن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک سەرمایەیەکی مێژوویی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کە ڕەسالەتێکی نەتەوەیی مافخوازانەی لەسەرشانە، تاقیکارییەکی مێژوویی و هەستیاری لەپێشە. لە ڕەوتی نزیک بە یەکساڵەی شۆڕشی ژینا و ڕووداوەکانی پێوەندیدار بەم ڕووداوە مێژووییەدا، دەرکەوت کە کورد لە کوردستانی ئێران و بەرەی دژبەری کۆماری ئیسلامی ئێران لەسەر ئاستی سەرانسەری و نەتەوەکانی ئێران، چاوەڕوانییان لە حیزبی دێموکرات هەیە. نفوز و پێگەی ئەم

حیزبە لە نێو کۆمەڵگەی کوردستان و لەنێو نەتەوەکانی دیکەی ئێران و، هەروەها ئێعتباری لەنێو کۆڕوکۆمەڵە ئێرانی و نێونەتەوەییەکاندا، دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەگەڵ ئەوەی لە ڕووی تەمەنەوە حیزبێکی کۆنی لەمێژیینەیە، بەڵام لە ڕوانین و هەڵوێست و جیهانبینیدا، بەڕۆژ و وڵامدەرە.

بۆیە حیزبی دێموکرات بە بێ ئەوەی بەم سەرکەوتن و ئیمتیازانە لەخۆبایی بێ، پێویستە لەگەڵ بڕینی کەیکی ٧٨ ساڵەی لەدایکبوون و ساڵوەگەڕی یەکخستنەوەی ڕیزەکانی، خۆی بۆ وڵامدەربوون بەرانبەر بە گۆڕانکارییەکان کە دەستیان پێکردووە ئامادەتر بکات و، بە پشتبەستن بە ئیرادەی خەڵکی کوردستان و پاراستنی یەکگرتوویی ڕێزەکانی، درێژە بە ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی میللی - دێموکراتیکی کوردستان بدات.

١٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## حیزبی دێموکرات و ڕەهەندی خەباتی پێشمەرگانە



حیزبی دێموکراتی کوردستان کە دامەزرێنەری دامەزراوەیەکی مودێڕنی خۆبەڕێوەبەری لەسەر دوو بنەمای "کۆماری" و "دێموکراتیک" بە ناوی "کۆماری کوردستان"ە، ئەساسی بەرنامە و تێڕوانینی، کارکردن بۆ کەسایەتیی‌بەخشین بە ئینسانی چەوساوەی کورد و نیشتمانە خاپوور و داگیرکراوەکەی بووە. کە لە یەکەم هەنگاوی دوای دامەزرانی‌دا "کۆماری کوردستان" وەک قەوارەیەکی سیاسی دادەمەزرێنێ، دەیهەوێ لەم ڕێگایەوە کۆمەڵی کوردەواری هەست بە "بوون" و "کەسایەتی"ی خۆی بکات و باوەڕ بەو حەقیقەتە بێنێ هیچی لەو نەتەوانەی کە دەوڵەت و کیانی خۆیانیان هەیە، کەمتر نییە.

کورد بۆ دەرخستن و نیشاندانی ئەم بوون و کەسایەتییە، پێویستی بە ڕەمز و سەمبولێکی دیکە هەبوو، بۆیە پێشەوای کورد و حیزبی دێموکرات و سەرۆککۆماری کوردستان، قازی محەممەد بڕیاری دانان و هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان دەر دەکات کە لە چەند شار و شارۆکەیەکی ئەوکاتی ژێر دەسەڵاتی کۆماری بە ئامادەبوونی جەماوەری خەڵک ڕێوڕەسمی تایبەتی بەم بۆنەوە بەڕێوە دەچێ.

پرسی پاراستنی ئەم دەسکەوتانە و پارێزگاری لەم بوون و کەسایەتیی کورد و نیشتمانەکەی کە بە درێژایی مێژوو هێرشی

کرابووە سەر و پەلامار درابوو، بۆ حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان و پێشەوای کوردان گرینگ و جێی تێڕامان و بیرکردنەوە بووە. بۆیە بڕیار لەسەر پێکهێنانی سوپای میلیی کوردستان کە دواتر بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ناسێندرا، درا. کەوایە فەلسەفەی دامەزرانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، پاراستن و پارێزگاری لە مان و مەوجوودییەتی کورد و نیشتمانەکەی بووە و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە درێژایی تەمەنی خۆی لەسەر ئەم تێفکرین و پێناسەیە، لە ئەرک و وەزیفەی "هێزی پێشمەرگەی کوردستان"ی ڕوانیوە.

ئەم حیزبە کە هەر دوای چەند مانگ لە دامەزرانی، شانازیی ئەوەی پێبڕا کۆماری کوردستان دامەزرێنێ و، لە کاتێکدا بە بێ ئەوەی چاوی بڕیبێتە سەر خاک و نیشتمانی خەڵکی دیکە، سەرقاڵی بنیاتنانی پرۆسەی نەتەوەسازی و ڕێخستنی دامەزراوە مەدەنییەکانی تایبەت بە لاوان، ژنان، منداڵان، قوتابییان و ڕۆشنبیران بوو و چەندین جار بۆ لێکتێگەیشتن و چارەسەری کێشەکان بە دیالۆگ سەردانی تاران کرابوو، لەلایەن دەوڵەتی ناوەندیی پاشایەتییەوە پەلاماری درا. لە وەها دۆخێکدا کە شەڕ بەسەر کۆماری کوردستاندا سەپێندرابوو، کابینەی وەزیرانی کۆمار، وەزیری بەرگریی، محەممەد حوسێن خانی سەیفی قازیی ڕاسپارد کە بۆ پاراستنی خەڵک و خاکی کوردستان و بەرپەرچدانەوەی هێرش و پەلاماری دوژمن، سوپای ملیی کوردستان بجووڵێنێ.

دوای شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی و هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیش، هەموو هەوڵێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و شەخسی شەهید دوکتور قاسملوو، وەک سکرتێری گشتیی حیزب و وتەبێژی هەیئەتی کوردستان بۆ دانووستان لەگەڵ بەرپرسانی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵاتگەیشتوو، ئەوە بوو کە وتوویژ و دیالۆگ تەنیا ڕێگا چارەسەری کیشەکان بێت. د. قاسملوو کە لێکەوتەکانی دوورکەوتنەوە لە مەنتقی دیالۆگ و کەوتنەوەی شەڕ و تێکهەڵچوونی بە باشی دەرک کردبوو، دەیگوت؛ "ئەگەر ڕۆژێک ئەم شەڕە دوا بکەوێ، ئێمە ڕۆژانێکی زۆر قازانج دەکەین ."

بەڵام کاتێک کە فەرمانی جیهاد ڕاگەیاندرا و هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم هێرشیان هێنایە سەر کوردستان و بزووتنەوەی کوردستان شەڕێکی چەندین ساڵەی بەسەردا سەپێندرا، حیزبی دێموکرات داوای لە خەڵکی کوردستان کرد کە بە هەموو شێوەیەک بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی شۆڕش، پشتیوان و یارمەتیدەری هێزی پێشمەرگەی کوردستان بن و ناچار بە پەنابردنەبەر  خەباتی چەکداری بوو.

لە کاتێکدا کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە دەیەی شەستی هەتاویدا لە بەرگری و بەرەنگاریدا بوو و ڕۆژ نەبوو لە پێناو پاراستنی خاک و خەڵکی کوردستاندا حەماسەی قارەمانانە تۆمار نەکات، دیسان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە باوەڕەوە، پێداگریی لەسەر ڕێگای دیالۆگ و چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد دەکرد. ئەوە بوو کە هاوکات

لەگەڵ بەردەوامبوونی خەبات و بەرگریی پێشمەرگانەی هێزەکانی پێشمەرگە، سکرتێری ئەم حیزبە، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لە وییەنی پێتەختی وڵاتی ئوتریش لەگەڵ نێردراوانی تاران کە دواتر بە تێرۆریست و پیاوکوژ دەرچوون و ناوبراویان تێرۆریان کرد، لەسەر چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کورد کەوتە دیالۆگ و وتوویژەوە.

لە ڕوانگە و تێفکرینی حیزبی دێموکراتەوە، "خەباتی چەکداری" یان "خەباتی پێشمەرگانە" کە لە چوارچێوەی مەفهوومەکانی "مافی خۆ پاراستن" و "مافی بەرگری لەخۆ"وە سەرچاوە دەگرێ، مافێکی ڕەوا و مەشرووعە. بەو مانایە کە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان - وەک بزووتنەوەیەکی مافخوازانە - لە پێناو دەستەبەرکردنی ئەو ماف و ئازادییانەی کە بەزۆر و چەوساندنەوە لێی زەوت کراوە، مافی خۆپاراستن لە پیلان و پەلاماری دوژمن و بەرگری لە خاک و کەرامەتی خۆی هەیە.

حیزبی دێموکرات کە لە هەلومەرجێکی تایبەتی جیهانی، ناوچەیی و خۆماڵیدا و لەشار دامەزراوە و ڕێبەرانێکی خاوەن تێفکرین و بیرمەندی وەک پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندیی هەبووە و خاوەنی بەرنامەیەکی سیاسیی مودێڕن و تەشکیلاتێکی بەرینی جەماوەریی پشت ئەستوور بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، بۆ کەڵکوەرگرتن لە ڕەهەندی خەباتی پێشمەرگانە، تێفکرین و جیهانبینیی خۆی هەیە.

لەم پێوەندییەدا ڕێبەرایەتیی ئەم حیزبە، لەگەڵ باوەڕ بە ئازایەتی و قارەمانێتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بە پێی هەڵسەنگاندنی هەلومەرجی سیاسی و تێگەیشتن لە پیلان و پلانەکانی دوژمن و شوێنەواری ئەم شێوازە لە خەبات، لەسەر خەباتی جەماوەریی خەڵک لەسەر شەقامەکانی کوردستان، بڕیاری لەسەر ئەم ڕەهەندە لە خەبات داوە و دەدات. هەر وەک چۆن سپای ملیی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دەسکەوتەکانی دیکەی حیزب و کۆماری کوردستان، بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جێی شانازین، خەبات و فیداکاریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە قۆناغە جیاجیاکانی بزووتنەوەی کوردستاندا، بەشێکی دانەبڕا و حاشاهەڵنەگر لە مێژووی ئەم حیزبەن.

٢٣ی گەلاوێژی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بۆ حیزبێکی بەهێز و خاوەن پێگە




ساڵێک پێش ئێستا لە ڕێکەوتی ٣٠ گەلاوێژی ١٤٠١ی هەتاویدا و دوای ١٦ ساڵ لە لێکدابڕانی ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەردوو لایەنی دێموکرات (حدک و حدکا) یەکیان گرتەوە. دێموکراتەکان بەم یەکگرتنەوەیە وێڕای خستنەسەری شانازییەکی دیکەی گەورە بە تۆماری شانازییەکانی حیزبی دێموکرات، وزە و هیوایەکی گەورەیان بە خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی سیاسییەکەی بەخشی.

بۆ قسەکردن لە زەروورەتی ئەم یەکگرتنەوەیە تەنیا ئاماژەدان بە دوو ڕووداو و ڕەفتاری تەواو لێکجیاوازی کۆمەڵگەی کوردستان و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بەسە کە کەمتر لە یەک مانگ دوای سەرکەوتنی پرۆسەی یەکگرتنەوە ڕوویان دا. دەستپێکی شۆڕشی ژینا لە ڕۆژی ٢٦ی خەرمانان و هێرشی مووشەکیی سپای پاسداران لە ٦ی ڕەزبەر بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزب، هەرکام بە مانا و خوێندنەوەی جیاواز سەلمێنەری زەروورەتی ئەم کردەوە مێژووییەی دێموکراتەکان بوون.

لە یەکەم ڕۆژی شۆڕشی ژیناوە کە پرسی یەکگرتنەوە، شوێنەواری ئەرێنی لەسەر ئیرادەی یەکگرتووانەی کۆمەڵگەی

کوردستان بۆ ڕەفتارێکی یەکگرتوانە دانابوو، خەڵک لە ڕاپەڕینێکی جەماوەریی بەریندا وڵامی بانگەواز و ڕێنوێنییەکانی ناوەندی هاوکاری و حیزبی دێموکراتیان دایەوە. بزووتنەوە بە گوتارێکی هاوبەش و یەکانگیرەوە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە پەرە و گەشەسەندندا بوو، بەشێوەیەک کە لە ماوەی کەمتر لە چەند ڕۆژدا توانی پشتیوانی و سەرنجی خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێران بۆلای خۆی ڕابکێشێت و کۆماری ئیسلامی تووشی شۆک و داماوی بکات.

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە بە دروستی دەرکی بە سەرچاوەی ئەم هێز و یەکگرتووییەی خەڵکی کوردستان لەسەر شەقامەکان کردبوو، لە ماوەی یەک مانگی سەرەتای شۆڕشەکەدا سێ جار جار هێرشی مووشەکی و پەهبادیی کردە سەر بنکە و بارەگانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە تازە ڕیزەکانی خۆی یەک خستبۆوە و پێگە و نفووزی لەنێو شەقامەکانی کوردستاندا سەرنجی گشت لایەکی بۆلای خۆی ڕاکێشابوو. بە واتایەکی دیکە؛ شوێنەواری زەینیی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان لە سەر ڕەفتاری یەکگرتووانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کە بەکردەوە لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا خۆی دەرخست و دواتر هێز و وزەی بە شەقامەکانی کوردستان ببەخشی، بەشێک لە زەروورییبوونی بەئەنجامگەیاندنی ئەم پرسە لە قۆناغێکی هەستیاردا دەردەخات.

گرینگیی پرسی یەکگرتنەوە و وەسەریەکخستنەوەی ڕیزەکانی حیزب پێوەندی بە ماهییەتی ئەو زەروورەتەوە هەیە کە یەکگرتنەوەکەی لەسەر بنیات نرا. بەپێچەوانەی لێکدابڕان، یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بۆ "حیزبی دێموکراتی مێژوویی" تەنیا زەروورەتێکی تەشکیلاتی نەبوو، بەڵکوو زەروورەتێکی تەواو سیاسی و خەباتکارانە بوو کە کۆمەڵگەی کوردستان و بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان خوازیاری بوون.

کەس ناتوانێ حاشا لەوە بکات کە خەڵک لە هەموو حیزب و لایەنە سیاسییەکان یەکگرتوویی و پێکەوەبوونیان دەوێ و لە لێکترازان نیگەران و بە یەکگرتوویی خۆشحاڵن. بەڵام زۆرمان نەوتووە کە بڵێین ئەم مەیل و داواکاریانە لە حیزبی دێموکرات چەند بەرانبەرە کە هۆکارەکەی بۆ ڕەسالەتی مێژوویی ئەم حیزبە و پێگە جەماوەرییەکەی دەگەڕێتەوە. لە ماوەی ١٦ ساڵی ڕابردوودا کورد لە کوردستانی ئێران قەت ئەم لێکدابڕانەی نێو ڕیزەکانی حیزبیان لە تێکۆشەرانی دێموکڕات قبووڵ نەکرد و هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی دابڕانەوە بە بێ ئەوەی لێی ماندوو و بێهیوابن، داوایان یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان بوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە وەدەستهێنانەوەی یەکگرتوویی خۆی، لەگەڵ ئەوەی وڵامێکی -هەرچەند درەنگ- بەڵام درووستی بە خەڵکی کوردستان و ئەم قۆناغە لە بزووتنەوەی کوردستان دایەوە، بە قەرا گەورەیی و بەرینایی خۆی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا چاوەڕوانیی لێ دەکرێ. پاراستنی ئەم یەکگرتوویی و یەکڕیزییە لە ئەولەویەتی پرۆسەی کاریی ئەم


حیزبەدایە. هەروەک چۆن لە هەموو دۆخ و هەلومەرجێکی خەباتکارانەدا ئەسڵێ یەکیەتی و یەکگرتوویی لە بزووتنەوەکەدا گرینگ و پێویستە، لە ئێستا و هەموو قۆناغێکی خەباتی ئەم حیزبەدا پاراستنی یەکڕیزی و یەکگرتوویەکەی زەروورەتێکی ژیوارییە.

بۆ پاراستنی یەکگرتوویی لە حیزبی دێموکراتدا سەرنجدان بە دوو بابەت؛ یەکەمیان، "ئەرک و ڕەسالەتی ئەم حیزبە بەرانبەر بە بزووتنەوەی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان" و دووهەمیان، "تێگەیشتن لە بەرژەوەندییە باڵاکانی خەڵک"، پێویستە. بابەتگەلێک کە ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە فەلسەفەی وجوودیی حیزبی دێموکراتەوە هەیە و ئەم حیزبەیان لەسەر دامەزراوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بە درێژایی ٧٨ ساڵەی تەمەنی خۆی، پشتئەستوور بە سامانی مەعنەویی هەمیشەیی خۆی (خەڵک) بووە بۆ دەستەبەرکردنی داخوازییەکانی خەڵک دامەزراوە و بە پشتیوانیی خەڵک درێژەی بە تێکۆشانی خۆی داوە، تەنیا بە بەڕێوەبردنی ڕەساڵەتی خۆی بەرانبەر بە خەڵک و تێگەیشتن لە بەرژەوەندییەکانی خەڵکە کە دەتوانێ یەکڕیزی و یەکگرتووی خۆی بپارێزێ. لەژێر ڕووناکایی ئەم خوێندنەوە لە فەلسەفەی وجوودیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە کە قازانجە لاوەکی و کورتخایەنە فەردی و گرووپییەکان لاواز و پووچەڵ دەردەچن و بەرژەوەندییە گشتییەکان گرینگی پەیدا دەکەن.

لە قۆناغی ئێستای بزووتنەوەی سیاسیی کوردستاندا کە کۆمەڵگە و حیزبە سیاسییەکانی کوردستان زیاتر لە هەمیشە پێویستان بە یەکیەتیی و یەکڕیزی و هاوهەڵوێستییە، لەسەر هەموو لایەکە زیاتر لەسەر ئەم پرسە کار بکرێ. نابێ فرەلایەنی و فرەجۆری لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بە مانای لێکجیایی و پەرتەوازەیی لێک بدرێتەوە، بەڵکوو با فرەیی و جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بکرێتە دەرفەتێک بۆ پێکەوە ژیانێکی تۆکمە. لەم پێوەندییەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دوای یەکخستنەوەی ڕیزەکانی و لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا بە بەردەوامی هەوڵی داوە وێڕای پێداگری لەسەر پاراستنی پرنسیپە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان، پێکەوەبوون و هاوهەڵوێستی لەگەڵ هێزە کوردستانی و ئێرانییەکان بکاتە ئامیانی هەڵوێست و سیاسەتەکانی و، پێداگری لەسەر زەروورەتی یەکڕیزی و هاوهەڵوێستی، بەشێکی دانەبڕاو لە گوتاری سیاسیی ئەم حیزبەیە.

٣٠ی گەلاوێژی ٢٧٢٣

## هەڕەشەیەک لە ترسەوە




چەند حەوتوو لەمەوبەر، سەلامی، فەرماندەی گشتی سپای پاسدارانی ڕێژیم نەیتوانی ترسی سپا و ڕێژیمەکەی لە سەرهەڵدانەوەی نارەزایەتییە جەماوەریی خەڵک بشارێتەوە. ناوبرا بەئاماژەدان بە نزیکبوونەوە لە ساڵڕۆژی شۆڕشی ژینا، داوای لەسەرجەم هێزە ئەمنیەتی و ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیمەکەی کرد کە بە وردی چاودێری جموجۆڵەکان بکەن و پێش بە هەر جۆرە فیتنەیەکی دیکە بگرن. سەلامی لە قسەکانیدا وتی؛ "دوژمن مەبەستییەتی لە ساڵیادی دەستپێکی ئاژاوەگێڕییەکانی ساڵی رابردوودا، دیسانە فینتەیەکی نوێ بنێتەوە.. ئێمە دەبێت خۆمان ئامادە بکەین، پێشوەختە ڕێبەران و ڕێکخەرانیان بدۆزینەوە و پێشیان پێ بگرین.. دەبێت هەموو درز و کەلەبەرەکان بگرین، دوژمن لە کەلێنێکی بچوکەوە دێتە ناوەوە، جاری وایە بەنداوێکی گەورە لە درزێکی بچوکەوە هەرەس دەهێنێت."

ئەم قسانە و هەڵسووکەوتی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لە ماوەی دوو سێ حەوتووی ڕابردوودا دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە کۆماری ئیسلامی ئێران بە تەواوەتی هەستی بە کەلێنی بەرفراوانی نێوان خۆی لەگەڵ خەڵکدا کردوە و لە پەیامی شۆڕشی ژینا کە تێپەڕین لە تەواویەتی ئەم نیزامەیە تێگەیشتوە. بۆیە ئەگەری سەرهەڵدانەوەی نارەزایەتییەکانی خەڵک لە سەرووبەندی ساڵوەگەڕی شۆڕشی ژینادا ترسی خستۆتە دڵی کاربەدەستانی ڕیژیم و بەهەر شێوەیەک کە بۆیان بکرێ

هەوڵ دەدەن پێش بە هەرجۆرە نارەزایەتییەکی جەماوەریی خەڵک بگرن.

بۆ ئەم مەبەستە هەر وەک سەلامی و بە دڵنیاییەوە لە سەرووی سەلامیشەوە فەرمان بە هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم کراوە، لەم چەند حەوتووی ڕابردوودا شەپۆلیک لە گوشارخستنەسەر خەڵک و چالاکانی مەدەنی، هەڕەشە و دەستبەسەرکردنیان دەستی پێکردوە. بەشێک لە چالاکان بانگ کراونەتە ناوەندە ئەمنیەتییەکان و ناچار بە دانی تەئەهود و بەڵێنی کراون و بەشێکی بەرچاوی دیکەشیان دەستبەسەر کردوون.

ناوەندە ئەمنیەتییەکان لەم ڕێگایەوە دەیانهەوێ پێش بە هەرجۆرە نارەزایەتیدەربڕینێکی خەڵک بگرن. بەتایبەت لە سەروبەندی ساڵرۆژی گیانلەدەستدانی شەهید ژینا ئەمینی کە ڕۆژی ٢٥ی خەرمانانی ساڵی پار بە دەستی گەشتی بەناو ئێرشاد گیانی لێ ئەستێندرا و شۆڕشی ژینای بەدوادا هات. هەدەفی ناوەندە ئەمنیەتی و سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لەم هەڕەشە و گوڕەشە و دەستبەسەرکردنانە، خوڵقاندنی فەزای ترس و خەفەقانە و پێیان وایە لەم ڕێگایەوە دەتوانن پێش بە نارەزایەتییەکانی خەڵک بگرن. هەوڵێک کە لە ترسێکی حاشاهەڵنەگری خۆیانەوە سەرهەڵدەدات. سەلامی و سپا تێرۆریست و سەرکوتکەرەکەی و ڕێژیمە لەچاوکەوتووەکەی کە لە ترسی سەرهەڵدانەوەی ڕاپەرینی خەڵک و ڕووخان و لەنێوچوونیان، پەنا دەبەنە بەر ترساندنی خەڵک، بێگومان تووشی لێدانەوەیەکی هەڵە هاتوون!!. ئەگەر ئەم هەوڵە نەزۆک و ژەنگاوییانەی ڕێژیم لە سیاسەتی سەرکوت و ترساندنی خەڵک و وازهێنانیان لە خەبات بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانیان ئاکام و نەتیجەی هەبا، چۆنە ئەم ڕێژیمە نەیتوانیوە پێش بە گەورەترین و درێژترین سەرهەڵدانی خەڵکی ئێران لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا بگرێ؟! ئەگەر سیاسەتی سەرکوت و داپڵۆسین بۆ ئەم ڕێژیمە نەتیجەی داوە، چۆنە دوای زیاتر لە چواردەیە لە دەسەڵاتداریی سێدارە و سەرکوت، دیسان خەڵک ناوەناوە و هەرجارە و بەبیانوویەک شەقامی شارەکانی وڵات جارلەگەڵجار زیاتر دەکەنە گۆڕەپانی ڕووبەڕووبوونە لەگەڵ دیکتاتۆریەت؟! مەگەر لە چەند ساڵ پێش لە سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا لە خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی، بە هەزاران کەس لە نارازییانی سەر شەقامەکان لە ساڵانی ٩٦ و ٩٨ دا بە دەستی هێزە سەرکوتکەرەکانی گیانیان لێنەئەستێندرا و بە هەزارانی دیکەش ڕەوانەی بەندیخانەکان نەکرا؟! خۆ ئەگەر سیاسەتی ترساندن و سەرکوت وڵامدەر بوایەوە بە قسەی فەرماندەی سپا، ناوەندە ئەمنیەتی و ئیتلاعاتییەکان توانیبایان پێش بە نارەزایەتییەکانی خەڵک بگرن، خۆ دەبوو هەر لە دوای یەکەم ساڵەکانی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە، خەڵکی ئەم وڵاتە کۆیلایەتی و تەسلیمبوونیان قبووڵ کردبا. بە دەیانهەزارکەسیان لە زیندانەکاندا تیرباران و لەسێدارە دران، بە دەیان هەزار کەسی دیکەشیان لە ئاکامی فەرمانی جیهادی خومەینیدا بوونە قوربانی و چارەنووسیان بە نادیاریی مایەوە. ئەی چۆنە ئەم خەڵکە کۆڵ نادات و مل بە سیاسەت و بۆچوونە دژیگەلییەکانی ڕێژیم ناسپێرێ؟!

کەوابوو ئەوەی دەبێ بترسێ و لە کۆتاییدا تەسلیمی ئیرادەی خەڵک بێت، سەلامی و سەرجەم کاربەدەست و ناوەندە

سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانن کە بە ڕوونی ئەو ترسەیان پێوە دیارە. بۆیە ترسەنۆکانە هەوڵی ترساندنی هێزێک دەدەن کە زیاتر لە چوار دەیەیە خەوی لە چاو تاراندوون، هێزێک بە ناوی گەلانی مافخوازی ئێران. خەڵکانێک کە لە ڕەوتی شۆڕشی ژن، ژیان ئازادیدا سەرەڕای پیلانە جۆراوجۆرەکانی ڕێژیم بۆ ناکۆکینانەوە و دوورخستنەوەیان لە یەکتری، یەکگرتووانە تەواویەتی ئەم ڕێژیمەیان خستە ژێر پرسیار و ڕەتیان کردەوە. خەڵکی ئێران بە هەموو پێکهاتە جۆراوجۆرەکانیەوە لە شۆڕشی ژینادا – بەبێگوێدان بە ئیدیعا درۆینەکانی ڕێژیم - بە پشتیوانیکردن لەیەکتر، قۆناغێکی دیکەیان لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕێژیم ئەزموون کرد. قۆناغێک کە ئامیانەکەی یەکگرتوویی و هاوپێوەندییەکی قوڵی کۆمەڵایەتی سیاسییە کە بێگومان ڕێژیم لێتۆقیوە و دەبێ زیاتر لە هەموو شتێکی دیکە لێی بترسێ.

٦ی خەرمانانی ٢٧٢٣

---

## ترسی ڕێژیم لە پێگەی شەهیدانی کوردستان




لەڕەوتی شۆڕشی ژینادا بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشەکە ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەریان گێڕا. ئەوان بەکەڵکوەرگرتن لە هەر بۆنەیەک و بەئامادەبوون لەسەر گڵکۆی ئازیزەکانیان وێڕای دەربڕینی نەفرەت و بێزاریی خۆیان لە ڕێژیم و ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی شەهیدەکان، پەیامی لەسەرپێبوون و بەردەوامبوونی شۆڕشەکەیان بڵاو دەکردەوە.

لە شۆڕشی ژینادا خەڵکی کوردستان بۆ جارێکی دیکە بە ناولێنانی شەهیدەکان بە "قارەمان" و بە درووشمی "شەهیدان نامرن" و "شەهید نامرێ"، سەلماندیان کە شەهیدەکان لە دڵی ئەواندا دەژین و بۆ هەمیشە بە نەمری دەمێننەوە. ئەوان لەسەر جەنازە و گڵکۆی شەهیدەکان هاواریان دەکرد؛ "نامرن ئەوانەی وا لە دڵی میللەتدا دەژین". شەهیدەکانی شۆڕشی ژینا هەروەک چۆن پێش لە شەهیدبوونیان پێشەنگایەتی خەباتی مافخوازانەی نەتەوەکەیان لەسەر شەقامەکانی کوردستان دەکرد، دوای شەهیدبوونیشیان وەک کاتالیزۆرێکی زیندوو، بۆ ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی و مەفخوازی بوونە "قووەتی قەلب" و، بۆ لەشکری دووژمن بوونە چقڵی چاو.

کۆماری ئیسلامی کە هەستی بە ڕۆڵی کاراکتەری شەهید لە بزووتنەوەی کوردستاندا کرد زۆر بێشەرمانە کەوتە پیلانگێڕی و



سەرچاوە
Serchawe

لەیەکەم قۆناغی ئەم پیلانگێڕییەدا هەموو هەوڵێکی ئەوە بوو کە پێش بە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ناشتنی جەنازەکانیان بگرێ. بۆیە بە هەڕەشە و گوڕەشە لە بنەماڵەکانیان داوای لێدەکردن "دەبێ هەر بەشەو و بەبێدەنگی بنیانێژن". بەڵام بنەماڵەی سەربەرز و خاوەن هەڵوێستی شەهیدەکان و خەڵکی کوردستان وڵامی داواکارییەکانی ڕێژیمیان نەدایەوە و ڕێوڕەسمی ناشتنی جەنازەی پیرۆزی شەهیدەکانیان دەکردەوە بە دەرفەتێک بۆ نارەزایەتیدەربڕین و بەرەنگاربوونەوە. ئەوە بوو کە بەکرێگیراوانی ڕێژیم دەستیان لە دزینی جەنازەی شەهیدەکانیش نەپاراست. خەڵک ئەم پیلانەشیان بە شاردنەوەی جەنازەی شەهیدەکان و ڕاگرتنیان لە شوێنی ئەمین تا ڕەخسینی دەرفەتی گونجاو پووچەڵ کردەوە. لەم پێوەندییەدا بڵاوبوونەوەی وێنەی جەنازەی شەهید محەممەد حەسەنزادە کە شەهیدی هاوڕێی، شەهید شەهریار محەممەدی لە شاری بۆکان تا بەیانی بەلایەوە ماوەتەوە، جوانترین تابلۆیە کە لەلایەک تەعبیر لە دەروەستبوونی لاوانی شۆڕشگێڕی وڵات دەکات و لە لایەکی دیکەوە ڕوخساری دزیوی کۆماری ئیسلامی ئێران وێنا دەکات.

شێواندنی گڵکۆی شەهیدەکانی کوردستانیش لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، وەک بەشێک لەم پیلانگێڕییە، دیاردەیەکی تازە نیە. هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لەهەرکوێ هەستیان بە گڵکۆی ڕۆڵەیەکی قارەمان، پێشمەرگەیەکی شەهیدی ئەم نیشتمانە کردبا، هەوڵیان دەدا بیشێوێنن و ئاسەواری نەهێڵن. لە شۆڕشی ژیناشدا ئەم کردەوە قێزەونەیان درێژەپێدا. چەند جارێک گڵکۆی شەهید ژینایان لە گۆڕستانی ئایچی شێواند و کێلەکەیان شکاند و ئەم کارەیان لەزۆربەی شار و ناوچەکانی کوردستان لەسەر گڵکۆی شەهیدانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بەڕێوە بردوە.

لە درێژەی ئەم پیلانگێڕییەدا و لە بەرەبەری ساڵرۆژی شۆڕشی ژینادا، ڕێژیم هەوڵ دەدات بە سازکردنی کۆمەڵێک سناریۆ، کەسایەتیی شەهیدەکان بڕووشێنێ و گومان لە سەر چۆنیەتی شەهیدکردنیان بڵاو بکاتەوە. لە تازەترین هەوڵی قێزەونانەی ڕێژیمدا وەک لە سایتی "میزان"ی سەر بە ڕێژیم بڵاو بۆتەوە، کەسایەتیی شەهید محەممەد حەسەنزادە، یەکێک لە شەهیدەکانی شۆڕشی ژینا لە شاری بۆکان و چۆنیەتی شەهیدبوونی کراوەتە ئامانج. بە گوێرەی ئیدیعای پڕوپووچی ئەم پێگەیەی ڕێژیم، گوایا شەهید محەممەد لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەوە شەهید نەکراوە و بە هۆکاری دیکە گیانی لەدەست داوە!. هەروەک لە ڕاپۆرتەکەی "میزان"یش ڕا دیارە، ژووری پیلانگێڕی خەریکی سازکردنی سناریۆیەکە کە ئیدیعا درۆینەکەیان لەسەر شەهید محەممەد حەسەنزادە بسەلمێنن، بۆیە هیچ دوور نیە کە لە شانۆگەرییەکی تلویزیۆنیدا دوو کەس لە مۆرەکانی خۆیان ناچار بە گێڕانەوەی حەقایەت و شێواندنی ڕاستییەکان بکەن.

هیچ گومان لەوەدا نیە کە شەهیدەکانی شۆڕشی ژینا و بنەماڵە سەربەرزەکانیان وەک لە ماوەی یەکساڵی ڕابردوودا دەرکەوت لەنێو کۆمەڵگەی کوردستاندا خاوەنی پێگەیەکی بەرزی ئەرزشی و مەعنەوین. ئەم جێگەوپێگەیە ئەوەندە ئاسان دەستنەوکەوتووە کە ژوورە مێشکڕزیوە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم بتوانن بنکۆڵی بکەن. شەهیدەکانی شۆڕشی ژینا کە هەر

هەموویان گەنج و دڵپڕ لە ئاوات و ئارەزووی ژیان و بەختەوەری بوون، گەرەترین سەرمایەی ژیانیان (گیانیان) کردە قوربانیی خاک و خەڵکیان. بنەماڵەکانیان ئازیزترین کەسەکانیان لەم پێناوەدا بەخت کردوە. بۆیە لێدان لە کەسایەتیی شەهید و هەوڵدان بۆ بەدناوکردنی بنەماڵەی شەهیدان، جیا لە گەمژەیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هیچی دیکە ناگەیەنێ.

**١٤ی خەرمانانی ٢٧٢٣**

---

## لە مەرگی ژیناوە تا ژیانەوەی شۆڕشێک



ئەمڕۆ شەممە، ٢٥ی خەرمانانی ١٤٠٢ی هەتاوی ساڵێک بەسەر مەرگی ژینا ئەمینی، کچە کوردی سەقزی ڕابرد کە لە تاران بە دەستی هێزە پەلاماردەرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی کوژرا. ڕووداوێک کە بوو بەهۆی هەڵگیرسانی بزووتنەوەیەکی نارەزایەتیی بەربەرین لە مێژووی ئێران و کوردستاندا. بێگومان ئەوەی هەمووان لەسەری کۆکن ئەوەیە کە شۆڕشی ژینا لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران دژبە ڕێژیمی پاشایەتی لە ٢٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٧ی هەتاوییەوە، گەورەترین و بەردرێژترین بزووتنەوەی نارەزایەتیی دژبە کۆماری ئیسلامییە.

باسکردن لە شۆڕشی ژینا کە لە کوردستانەوە سەری هەڵدا و سەرانسەری ئێرانی گرتەوە و لە ئاستی جیهانییشدا زۆرترین سەرنجی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، ڕەهەندی جۆراوجۆری هەیە کە لە ماوەی یەکساڵی ڕابردوودا زۆری لە سەر وتاراوە و نووسراوە. بۆیە لەم کورتە وتارەدا وەک زۆر جارانیش باسی کراوە سەرنج دەخەینە سەر ڕەهەندە کوردستانییەکەی و لەم پێوەندییەدا تەنیا چەند سەرنجێک دووپات دەکەینەوە.

ئەوەیکە ئەم سەرهەڵدانە شۆڕشگێڕانەیە لە کوردستانەوە سەری هەڵدا لەگەڵ زیان و تێچووە ئەمنیەتییەکانی کە بە

سەرنجدان بە ڕوانین و هەڵوێستەکانی ڕێژیم بەرانبەر بە کورد و پرسە ڕەواکەی پێشبینیکراو بوو، بۆ کوردستان دەرفەتێکی مێژوویی و بەکەڵک بوو. کوردستان وەک ناوەندی ڕووبەڕووبوونەوەی دەیان ساڵە دژبە سەرەڕۆیی و سیاسەتی دژگەلیانەی کۆماری ئیسلامی، بەپێچەوانەی تەبلیغات و ئیدیعا درۆیینەکانی ئەم ڕێژیمە کە هەمیشە هەوڵی سڕینەوەی ڕەوایی خەباتکارانەی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستانی داوە، توانی بۆ جارێکی دیکە سەرنج و متمانە و پشتیوانیی خەڵکانی دیکەی ئێران بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و لە ڕووی گوتارییەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرەوڕووی گەورەترین ئاستەنگی تەمەنی خۆی بکات. هێرشی مووشەکی بۆ سەر بنکە و بارەگای حیزبەکان و دەستنەپاراستنی هێزە سەرکوتکەرەکان لە شۆڕشگێڕانی سەر شەقامەکانی کوردستان، پێشانی دا کە ئەم ڕێژیمە بەرانبەر بە کوردستان دەستەوەستان و دۆڕاوە. بۆیە خەڵک لە سەرانسەری ئێراندا بە دەربڕینی پشتیوانی لە کوردستان، ئاواتیان بە خەڵکی کوردستان خواست و ئارەزوویان ئەوەیە کە "تاران ببێتە کوردستان، بۆ ئەوەی ئێران ببێت بەو بەهەشت و گوڵستان"ەی کە ئەوان ئاواتی بۆ دەخوازن.

شۆڕشی ژینا کە هەڵقوڵاوی گۆڕانکارییەکی قووڵی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی ئێران و کوردستان بوو، پێویستی بە تێفکرین و دەربڕینێکی ئەمڕۆژییانەی مودێرن بوو کە بە بەربڵاوی تەعبیر لەم گۆڕانکارییانە بکات کە بەختەوەرانە شەقامەکانی کوردستان توانیان وڵامی ئەم زەروورەتەش بدەنەوە و بەرزکردنەوەی درووشمی پڕ لە واتا و پڕنیوەرۆکی "ژن، ژیان، ئازادی" بوو بە پێناسەیەکی مەعریفی بۆ شۆڕشی ژینا. بە جۆرێک کە نەتەنیا تەواوی شەقامەکانی ئێرانی تەنی، بەڵکوو لە ئاستی جیهانییشدا زۆرترین سەرنجی خرایە سەر و بە دەیان زمانی زیندووی دنیا تەرجەمە و تەفسیر کرا. لەم شۆڕشەدا بە پێچەوانەی جووڵە و ناڕەزایەتییەکانی دیکە، شەقامەکانی ئێران و کوردستان بە تێپەڕین لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و بە پێشەنگایەتیی ژنان و کچانی وڵات، بۆ دەستەبەری ژیانێکی بەختەوەر و ئازاد لەسەر لەگۆڕنانی دیکتاتۆری و کۆنەپەرەستی شێلگیر و لێبڕاو بوون. ژنان لەم شۆڕشەدا ڕۆڵێکی مێژووییان گێڕا، ئەوان کە لەژێر سێبەری شوومی یاسا کۆن و دژەباو و ناسەردەمیانەکانی ئەم ڕێژیمەدا چەند قات چەوساونەتەوە، لێبڕاوانە بەشدار دەبوون و ڕێسا نامرۆڤانەکانی ڕێژیمیان دەخستە ژێر پرسیار و چاونەترسانە هەوڵی بنیاتنانی ژیانێکی ئازاد و بەختەوەرانەیان دەدا. کچانی کوردستان لە قوتابخانەکان، لە سەرشەقامەکانی شار و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا ئازاتر لە هەمیشە لە ڕیزی پێشەوەی ئەم شۆڕشەدا بوون.

کوردستان و بزووتنەوە ڕەواکەی لە مەیدانەکانی دیکەی ئەم شۆڕشەدا بە وریاییەوە هەموو هەوڵێکی ئەوە بوو ئیزن بە دوژمنان و نەیارانی ئەم شۆڕشە نەدات لە کەلێن و بۆشایی و کەمایەسییەکان کەڵک وەربگرن. بۆیە هاوکات لەگەڵ پووچەڵکردنەوەی پیلانی ژوورە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم کە هەوڵی ڕاکێشانی بزووتنەوەی کوردستان بۆ مەیدانێکی نابەرانبەری پڕ لە پیلانگێڕیی شەڕیان دەدا، ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ عەقڵییەتی تەواویەتیخواز، کارێک بوو کە دەبوا لێبڕاوانە هەنگاوی بۆ نرابا. بەداخەوە لە نەبوونی ئاڵترناتیڤێکی واقعی، گەلی و وڵامدەر، ڕەوتێکی تەواویەتخوازی



سەرچاوە
Serchawe

فاشیست، هەموو هەوڵێکی ئەوە بوو لەسەر ئاساسی سڕینەوەی جۆراوجۆرییەکان و دژایەتی لەگەڵ ماهییەت و نێوەرۆکی شۆڕشەکە و لە هەمووی گرینگتر بنیاتنانەوەی وەهمێکی کۆن و دژایەتی لەگەڵ ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان و نەتەوەکانی دیکەی ئێران، خۆی بە سەر شۆڕشەکەدا بسەپێنێ. لەم پێوەندییەدا بزووتنەوەی ڕەسەنی ئازادیخوازانەی کوردستان و بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە باری قورس و گرانی چاوەڕوانییەکانی لەسەر شان بوو، ڕاشکاوانە و لێبڕاوانە بەڕانبەر بەم ڕەوتە دژێگەلیە ڕاوەستا و پاشەکشەی پێ کرد.

ڕاستە شۆڕشی ژینا هەتا ئێستا نەیتوانیوە بە ئامانجی سەرەکیی خۆی کە ڕامالێنی دیکتاتۆرییە بگات، بەڵام لە ماوەی یەکساڵی ڕابردوودا کۆمەڵێک هەنگاوی پێویست و زەروریی ناون کە بۆ ئێستای شۆڕشەکە و داهاتووەکەی گرینگ و پڕبایەخن. لەکارخستنی ڕەوایی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بەڕەسمییەت ناسینی زێهنیی پرسی نەتەوەکان و فرەنەتەوەیی لە ئێران، پێگەی کوردستان وەک متمانەیەکی قایمی سیاسی و خەباتکارانە، بەڕەسمی ناسینی ماف و ئازادییەکانی ژنان و چین و توێژەکانی دیکە و پاشەکشە پێکردن بە هەر تێفکرین و عەقڵییەتێکی خۆسەپێن و تەواویەتخواز، لەو هەنگاو و دەسکەوتانەن کە خەڵکی کوردستان و ئێران لە یەکساڵی شۆڕسی ژینادا دەستەبەریان کردوون.

لە یەکساڵەی شۆڕشی ژینادا سڵاو لە یاد و ناوی شەهید ژینا ئەمینی و سەرجەم شەهیدانی ئەم شۆڕشە مەزنەمان. سڵاو لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی شۆڕشی ژینا کە نەتەنیا پێملی ویست و هەڕەشەکانی ڕێژیم نەبوون، بەڵکوو هەوڵیان بۆ بەردەوامی و زیندووڕاگرتنی شۆڕشەکە دا. سڵاو لە خەڵکی خۆڕاگری ئێران و کوردستان کە سەرەڕای گوشار و سەرکوتی هێزە ئەمنیەتییەکان، لێبڕاوانە دژبە دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی ڕاوەستاون. بێگومان بەری ڕەنج و تێچووی ئەو ڕاوەستانە ڕزگاری و وەدیهاتنی ئاوات و ئامانجە بەرزەکانی شۆڕشە کە دەستەبەرکردنیان لە هەرکاتێک نیزیکترە.

۲٥ی خەرمانانی ۲۷۲۳



سەرچاوە
Serchawe

## شەڕی نێوان حەماس و ئیسرائیل و، کۆماری ئیسلامی ئێران



سێ ڕۆژ پێش لە پەلاماری سەربازیی حەماس بۆ سەر ئیسراییل، عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران لە کۆبوونەوەی تایبەت بە حەوتووی "وەحدەتی ئیسلامی" و ڕوو بە نوێنەران و ڕێبەرانی وڵاتانی ئیسلامی، باسی لە "مەرگی ئیسراییل" کرد و بێئەوەی ئاماژە بە هەوڵی دوو لایەنەی عەرەبستان و ئیسراییل بە مەبەستی ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانیان بکات، وتی؛ "ئەوانەی قومار لەسەر ئەسپی تۆپیو دەکەن، دەدۆڕێن". ئەمە ئادرەسێکی ئاشکرا و حاشاهەڵنەگرە کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی فەرماندەری ڕاستەوخۆی ئەم شەڕە نەبێت، هیچ گومانی تێدانیە کە دنەدەری پەلامارەکەیە. هەم کاربەدەستانی ڕێژیم و هەم بەرپرسانی حەماسیش ڕاشکاوانە و بەشانازیشەوە باس لەم پێوەندی و پشتیوانییەی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەن.

ئامانجی کۆماری ئیسلامی ئێران لە شەڕ و ئاڵۆزییەکانی نێوان فەلەستین و ئیسراییل لە کۆنەوە تا ئێستا هەرچی بووبێ، گومانی تێدانیە کە نەتەنیا هیچ پێوەندییەکی بە مافی فەلەستینییەکان و ئاشتیی نێوان گەلانی ئەم دوو خاکەوە نەبووە، بەڵکوو تێکدانی ڕەوتی ئاشتەوایی، پەرەپێدان بە گرژی و ئاڵۆزی و هاندانی تاقم و گرووپە توندڕەوەکان و بەگشتی لەباربردنی پرسی دیالۆگ و ئاشتیی نێوان گەلان، ئامانجی سەرەکیی ئەم ڕێژیمە بووە بۆ مەرامێکی پاوانخوازانەی

ئیدئۆلۆژیک.

کۆماری ئیسلامی بەکەڵک وەرگرتن لە هەست و باوەڕی مەزهەبی لەناوچەکە و لە چوارچێوەی پرۆژەی "صدور انقلاب"دا توانیویەتی کۆمەڵێک کارت و دەرفەتی ئەمنیەتی دەستەبەر بکات و هەر جارەو بۆ مەرامێکی تایبەتی بیانجووڵێنێ.
هەر لە ماوەی یەکساڵی ڕابردوودا و هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا کە تەوایەتی ئەم نیزامەی بردە ژێر پرسیار و مەترسییەوە، کۆمەڵێک ڕووداوی سیاسی دیکەی وەک؛ ناکۆکیی نێوان کابوڵ و تاران لەسەر ئاوی هیرمەند، کێشەی نێوان ئەرمەنستان و ئازەربایجان و وەک ئاماژەی پێکرا، نزیکبوونەوەی عەرەبستان و ئیسراییل، بەتەواوەتی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییان نیگەران کرد و وەک چەندین جار خۆیان ئاماژەیان پێکرد، پێیان وابوو بەشێک لەم ڕووداوانە تەڵەی خستنەداوی شەڕە کە بۆ ئێران نراوەتەوە. بۆیە هەم بەرانبەر بە هەڕەشە و گوڕەشەکانی تاڵبان، نەرمییان لەخۆ نیشاندا و هەم بەنیسبەت مەسەلەی ئازەربایجان و ئەرمەنستانەوە – وێڕای مانۆڕێکی گاڵتەجارانەی سەربازی – لە کۆتاییدا بێلایەنیی خۆی ڕاگەیاند و قەناعەتی بە "دەربڕینی نیگەرانیی لە ئالوگۆڕی ژێئۆپلۆتیکی ناوچەکە" هێنا.

بۆ دەربازبوون لەم قەیران و مەترسییانە و ئاراستەکردنی بیروڕای ناوچەیی و جیهانی، وەک خامنەیی پێشتر باسی لێوەکردبوو و میدیاکانی ڕێژیمیش چەند ڕۆژێک بوو بە چڕی سەرنجیان خستبووە سەر، کۆماری ئیسلامی کارتی ئاڵۆزییانەوەی نێوان فەلەستین و ئیسراییلی جوڵاند و حەماس لە نیوەشەوی ڕۆژی شەممەی ڕابردوودا، لە ماوەی ٢٠ دەقیقەدا ٥٠٠٠ موشەکی بە ئیسراییلەوە ناو و شەڕێکی خوێناویی دیکە دەستپێکرد کە تا ئێستا درێژەی هەیە و پێدەچێ جارێ بەمزوانە کۆتایی پێنەیەت.

وەک شارەزایانی سەربازی باسی دەکەن و خودی ناتانیاهۆ، سەرۆکوەزیرانی ئیسراییلیش ڕایگەیاند، ئەم هێرشانە لە چوارچێوەی "عەمەلیاتی بڵاو" و کاتی چوونەتەدەر و ئەوەی ئێستا لە ئارادایە شەڕێکی تەواو عەیارە کە ئیسراییلییەکان هۆکارەکەی بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران دەگەڕێننەوە و ڕاشیانگەیاندووە کە ئێران بێوڵام ناهێڵنەوە.

ئەوەیکە کۆتایی ئەم شەڕە لە نیوان حەماس و ئیسراییل و فەلەستینییەکاندا چی لێدەکەوێتەوە کە بێگومان گەلی فەلەستین لە ئارەزووی دێرینەیان کە سەربەخۆیی وڵاتەکەیانە زۆر دوور دەخاتەوە شتێکە و، ئەوەیکە چی بۆ وڵاتی ئێران و خەڵکی ئەم وڵاتەی لێ دەکەوێتەوە باسێکی دیکەیە.

تا ئێستایشی لەگەڵ بێت، بە پێی دانپێدانانی خودی بەرپرسانی سازمانی جیهادی ئیسلامی (حەماس) ٧٠٪ی هەزینە

سەربازییەکانی ئەم گرووپە لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە دابین دەکرێ. ئەمە سەروەت و سامانی خەڵکی ئێرانە کە خۆیان لەوپەڕی هەژاریدا دەژین و قەیرانی ئابووری ئەم وڵاتەی بەرەو دارمان و خەڵکەکەی تووشی چارەنووسێکی نادیار کردوە. لەهەر ئەگەرێکی شەڕئەنگێزانەدا خەڵکی ئەم وڵاتە تووشیان بە شەڕێکەوە دەبێت کە نەتەنیا شەڕی ئەوان نیە، بەڵکوو لەلایەن کەسانێکەوە بۆیان ساز کراوە کە خۆیان(خەڵک) زیاتر لە چل ساڵە لە دژی خۆیان و ڕێژیمەکەیان خەبات دەکەن.

کۆماری ئیسلامی لەم یەک دوو ڕۆژەدا بە سازکردنی هێندێک شانۆ و سناریۆی درۆین دەیهەوێ وانیشان بدات کە خەڵکی ئێران بە هێرشکردنە سەر ئیسراییل خۆشحاڵن و لایەنگیری لە حەماس دەکەن و بەجۆرێک دەیهەوێ پاساوی سیاسەت و هەڵوێستەکانی خۆی وا بداتەوە کە ئەوەی دەیکات لە پێناو بەرژەوەندیی خەڵکدا دەکات و خەڵک پێی ڕازییە. بەڵام لە ڕاستیدا پێچەوانەی ئەو بەرداشت و سناریۆ درۆییننانە ڕاستیی مەسەلەکەیە. هیچ گومانی تێدانیە کە گەلانی ئێران لەمێژە بە بەرزکردنەوە درووشمی "نەغەزە، نەلوبنان" هەڵوێستی خۆیان لەم بارەوە ڕوون و ئاشکرا دەربڕیوە. بە پێچەوانەی سیاسەتی شەڕەنگێزانەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران کە مانەوەی خۆیان و ڕێژیمەکەیان لەشەڕ و قەیرانخوڵقێنی و ئاژاوە و دەستێوەردان لە وڵاتان و بەگژیەکداکردنی گەلاندا دەبینن، گەلانی ئازادیخواز و مافویستی ئێران نەتەنیا ئارەزووی دوژمنایەتی هیچ گەل و وڵاتێک بەئاوات ناخوازن، بەڵکوو زیاتر لە ٤٠ ساڵە دژ بەم تێفکرینە شەڕانگێز و مەترسیدارە کە لە وجوودی کۆماری ئیسلامیدا خۆی وێنا کردوە، خەبات دەکەن.

١٧ی ڕەزبەری ٢٧٢٣

## کۆماری ئیسلامی ئێران لەنێوان "شەڕ و نیوەشەڕ"دا



دوای کاردانەوەی توندی کۆمەڵگەی جیهانی بەرانبەر بە پەلاماری حەماس بۆ سەر ئیسرائیل و وڵامدانەوەی خێرا و توندی سەربازیی ئەم وڵاتە دژ بە حەماس، ساتە هەنگوینییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران تەمەنیان کورت و کورتر بوویەوە. خامنەیی، رێبەری کۆماری ئیسلامی لەگەڵ پێداهەڵگوتن بە بەرەی مقاومەت و شان و پیل ماچکردنی پەلاماردەرانی سەر ئیسرائیل، ڕاشکاوانە هەوڵی دا شوێن‌پێی رێژیمەکەی لەم ڕووداوانە بسڕێتەوە و ڕیگەیاند ئەوەی ڕووی داوە کاری خودی فەلەستینییەکانە. چونکی هەم ئیسرائیل و هەم بیروڕای گشتیی جیهانی دوای دیتنی لایەنی دژە مرۆیی ئەم پەلامارە، هیچ گومانێکیان نەبوو لەوەیکە کۆماری ئیسلامی ئێران لە پشت ئەو ڕووداوانەوەیە و خودی بەرپرسانی رێژیمیش لە لێدوان و قسەکانیاندا بە "شانازییەوە" باسیان لە دەخاڵەت و دەستێوەردانانە کرد و ڕەفتاریان دەرخەری درووستبوونی ئەم زێهنیەتەیە.

ئێستا کە لە دە ڕۆژەی ئەم شەڕ و ئاڵۆزیانە داین و ئیسرائیل بڕیاری لەسەر داگیرکردنی غەززە و وەشاندنی گورزی سەخت لە حەماس داوە و باس لە ئەگەری پڕیشک بەرکەوتنی ئێرانیش دەکرێ، چەند ڕۆژێکە تیمی دیپلۆماسیی کۆماری ئیسلامی ئێران بە سەرۆکایەتیی عەبدوڵاهیان،وەزیری دەرەوەی ئەم رێژیمە کەوتوونە خۆ و کار لەسەر "کۆتایی هێنان بە شەڕ و

ئالۆزییەکان" دەکەن. عەبدوڵلاهینان هەرچەند بە زمانی هەڕەشە و تەهدید، بەڵام هەموو هەوڵێکی ئەوەیە ئیجماعێلی ناوچەیی و نێونەتەوەیی بۆ کۆتاییهێنانی شەڕەکە یان لانیکەم، پێشگرتن لە ڕووخانی غەززە پێک بێ.

ئاستی وڵامدانەوەکانی ئیسرائیل بە هێرشەکەی حەماس، بەتایبەت قوربانیبوونی خەڵکی بێدیفاعی غەززە و بەرکەوتنی بەربڵاوی ژنان و منداڵان کە هەم حەماس و هەم میدیاکانی ئێران زۆری مانۆڕ لەسەر دەدەن، تا ڕادەیەک کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی هێناوەتە سەر ئەو قەناعەتەی کە پێش بە درێژەکێشانی شەڕەکە و هێرشی زەمینیی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە بیگیردرێ. کە ئەمەیان بەناچاری بە دڵی کۆماری ئیسلامی دەبێ، نەک لەبەر پێشگرتن لە چوونەسەری ئاماری قوربانیانی ئەم شەڕە و لێکەوتە مرۆییەکانی کە کۆماری ئیسلامی ئێران قەتی بۆ گرینگ نەبووە. وەک لە شەڕی چەند ساڵەی سووریەی ئەمساڵانە و ئاڵۆزییە دێرینەکانی نێوان فەلەستینییەکان و ئیسرائیلدا قەتی بۆ گرینگ نەبووە. بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەم شەڕە درێژە بکێشێ، هیچ دوور نیە ئێران و کۆماری ئیسلامیی تێوەبگلێ کە ئاکامەکەی ڕوونە.

کۆماری ئیسلامی ئێران کە پێی وانەبوو شەڕەکە تا ئەم ڕادەیە قووڵ و بەرین دەبێتەوە، بەهەڕەشەوە وا نیشان دەدات کە خوازیاری کۆتاییهێنان بەم شەڕەیە و لەو چەند ڕۆژەدا چ ڕەئیسی، سەرکۆماری ڕێژیم و چ عەبدوڵاهیان، وەزیری دەرەوە ڕایانگەیاندووە؛ "ئەگەر ئیسرائیل دەستبەرداری غەززە نەبێت، گۆڕەپانی شەڕەکە بەرین دەبێتەوە". یانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕێگای هێزە نیابەتییەکانی خۆی لە ناوچەکە؛ لە باکوورەوە حیزبوڵڵا، لە ڕۆژهەڵاتی باشوورەوە حووسییەکانی یەمەن و لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە دەستوپێوەندییەکانی خۆی لە سووریە دژ بە ئیسرائیل دەجوڵێنێ و بە گشتی هەڕەشەی نانەوەی شەڕێکی لانیکەم ناوچەیی دەکات. ئەم هەڕەشانەی ئێران تەنیا ڕوویان لە ئیسرائیل نابێت، بەڵکوو زۆرێک لە وڵاتانی ناوچەکە و بەرژەوەندییەکانیان دەگرێتەوە.

بە پێی پلانەکانی ئیسرائیل کە بڕیاری لەسەر "لەنێوبردن"ی حەماس داوە و مەرامیەتی غەززە داگیر بکات، "بەرەی مقاومەت" لەبەردەم چارەنووسێکی ڕوون و دڵخوازدا نیە و ئەگەر ئەم پلانەی ئیسرائیل کاری لەسەر بکرێ و سەر بگرێت، ئاڵۆزییەکان بەرین دەبنەوە و شەڕەکە ئاراستەیەکی دیکەی ناوچەیی بەخۆوە دەگرێ کە بێگومان نەتەنیا بە قازانجی کۆماری ئیسلامی ئێران نابێت، بەڵکوو مەترسییەکان زیاتر دەبن. ئەم ڕێژیمە لەنێوخۆی وڵاتدا دۆخێکی دڵخوازی نیە و لەگەڵ بزووتنەوەییەکی بەرینی جەماوەری بەرەوڕوویە کە هیچ دوور نیە لەئەگەری تێوەگلانی ڕێژیم لەم شەڕەدا بەرووەدا بتەقێتەوە. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتێش لەگەڵ ئەوەی کرانەوەیەکی بەرووەدا کراوەتەوە و لەگەڵ دەوڵەتی بایدەن سرت و خورتێکیان هەیە، بەڵام ناسەقامگیر و لەرزۆکە. بۆیە شەڕی گەورە و بەرین لە ئێستادا لە قازانجی کۆماری ئیسلامی نیە. هەوڵ و نیەتی کۆماری ئیسلامی نابێ وا لێک بدرێتەوە کە مادام خوازیاری بەرینبوونەوەی ئەم شەڕە نیە، لایەنگری سوڵح و ئارامی و سەقامگیرییە. ئەو ئیدیعایە بەهیچ شێوەیەک لەم ڕێژیمە نایەتەوە و ناوەشێتەوە. تا ئێستایشی لەگەڵ بێت،

کۆماری ئیسلامی بەو پشتیوانیانەی لە حەماس و تاقم و گرووپەکانی دیکەی ناوچەکەی دەکات، جیا لە قەیرانخوڵقێنی، شەڕنانەوە و هەناردەکردنی بیر و تێفکرینە داخراو و کۆنە پەرەستانەکەی خۆی شتێکی دیکەی مەبەست نەبووە و نیە. بەڵام لە هەر کوێ زانیبێتی پڕیشکی ئەم شەڕ و ئالۆزیانە خۆی دەگرێتەوە و هاوسەنگیی هاوکێشەکانی لێتێکدەچێ، یان پاشەکشەی لێ کردوە یان هەوڵی گۆڕینی ئاراستەکانی داوە. بۆیە کۆماری ئیسلامی ئێران نایهەوێ شەڕی حەماس یان هەر هێز و لایەنێکی دیکە دژ بە ئیسرائیل کۆتایی پێ بێت و دەستبەرداری خەوڵ و خەیاڵی "سڕینەوەی ئیسرائیل لەسەر گۆی زەوی"یش نابێ. بەڵام قەوارەی ئەم شەڕانەی بۆ گرینگە کە بەرینایی و پانتاییەکەیان چەندە بێت کە هەم خۆی نەگرێتەوە و هەم کۆنترۆڵی لە دەستی خۆیدا بێت.

٢٤ی ڕەزبەری ٢٧٢٣

---

## کۆماری ئیسلامی ئێران لەنێوان "شەڕ و نیوەشەڕ"دا



دوای کاردانەوەی توندی کۆمەڵگەی جیهانی بەرانبەر بە پەلاماری حەماس بۆ سەر ئیسرائیل و وڵامدانەوەی خێرا و توندی سەربازیی ئەم وڵاتە دژ بە حەماس، ساتە هەنگوینییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران تەمەنیان کورت و کورتر بوویەوە. خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لەگەڵ پێداهەڵگوتن بە بەرەی مقاومەت و شان و پیل ماچکردنی پەلاماردەرانی سەر ئیسرائیل، ڕاشکاوانە هەوڵی دا شوێن‌پێی ڕێژیمەکەی لەم ڕووداوانە بسڕێتەوە و ڕیگەیاند ئەوەی ڕووی داوە کاری خودی فەلەستینییەکانە. چونکی هەم ئیسرائیل و هەم بیروڕای گشتیی جیهانی دوای دیتنی لایەنی دژە مرۆیی ئەم پەلامارە، هیچ گومانێکیان نەبوو لەوەیکە کۆماری ئیسلامی ئێران لە پشت ئەو ڕووداوانەوەیە و خودی بەرپرسانی ڕێژیمیش لە لێدوان و قسەکانیان‌دا بە "شانازییەوە" باسیان لە دەخاڵەت و دەستێوەردانانە کرد و ڕەفتاریان دەرخەری درووستبوونی ئەم زێهنیەتەیە.

ئێستا کە لە دە ڕۆژەی ئەم شەڕ و ئاڵۆزیانە داین و ئیسرائیل بڕیاری لەسەر داگیرکردنی غەززە و وەشاندنی گورزی سەخت لە حەماس داوە و باس لە ئەگەری پڕیشک بەرکەوتنی ئێرانیش دەکرێ، چەند ڕۆژێکە تیمی دیپلۆماسیی کۆماری ئیسلامی ئێران بە سەرۆکایەتیی عەبدوڵاهیان،وەزیری دەرەوەی ئەم ڕێژیمە کەوتوونە خۆ و کار لەسەر "کۆتایی هێنان بە شەڕ و



سەرچاوە Serchawe

ئالۆزییەکان" دەکەن. عەبدوڵلاهینان هەرچەند بە زمانی هەڕەشە و تەهدید، بەڵام هەموو هەوڵێکی ئەوەیە ئیجماعێلی ناوچەیی و نێونەتەوەیی بۆ کۆتاییهێنانی شەڕەکە یان لانیکەم، پێشگرتن لە ڕووخانی غەززە پێک بێ.

ئاستی وڵامدانەوەکانی ئیسرائیل بە هێرشەکەی حەماس، بەتایبەت قوربانیبوونی خەڵکی بێدیفاعی غەززە و بەرکەوتنی بەربڵاوی ژنان و منداڵان کە هەم حەماس و هەم میدیاکانی ئێران زۆری مانۆڕ لەسەر دەدەن، تا ڕادەیەک کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی هێناوەتە سەر ئەو قەناعەتەی کە پێش بە درێژەکێشانی شەڕەکە و هێرشی زەمینیی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە بیگیردرێ. کە ئەمەیان بەناچاری بە دڵی کۆماری ئیسلامی دەبێ، نەک لەبەر پێشگرتن لە چوونەسەری ئاماری قوربانیانی ئەم شەڕە و لێکەوتە مرۆییەکانی کە کۆماری ئیسلامی ئێران قەتی بۆ گرینگ نەبووە. وەک لە شەڕی چەند ساڵەی سووریەی ئەمساڵانە و ئالۆزییە دێرینەکانی نێوان فەلەستینییەکان و ئیسرائیلدا قەتی بۆ گرینگ نەبووە. بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەم شەڕە درێژە بکێشێ، هیچ دوور نیە ئێران و کۆماری ئیسلامیی تێوەبگلێ کە ئاکامەکەی ڕوونە.

کۆماری ئیسلامی ئێران کە پێی وانەبوو شەڕەکە تا ئەم ڕادەیە قووڵ و بەرین دەبێتەوە، بەهەڕەشەوە وا نیشان دەدات کە خوازیاری کۆتاییهێنان بەم شەڕەیە و لەو چەند ڕۆژەدا چ رەئیسی، سەرکۆماری ڕێژیم و چ عەبدولاهیان، وەزیری دەرەوە ڕایانگەیاندووە؛ "ئەگەر ئیسرائیل دەستبەرداری غەززە نەبێت، گۆڕەپانی شەڕەکە بەرین دەبێتەوە". یانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕێگای هێزە نیابەتییەکانی خۆی لە ناوچەکە؛ لە باکوورەوە حیزبوڵلا، لە ڕۆژهەڵاتی باشوورەوە حووسییەکانی یەمەن و لە باکووری ڕۆژهەڵاتەوە دەستوپێوەندییەکانی خۆی لە سووریە دژ بە ئیسرائیل دەجوڵێنێ و بە گشتی هەڕەشەی نانەوەی شەڕێکی لانیکەم ناوچەیی دەکات. ئەم هەڕەشانەی ئێران تەنیا ڕوویان لە ئیسرائیل نابێت، بەڵکوو زۆرێک لە وڵاتانی ناوچەکە و بەرژەوەندییەکانیان دەگرێتەوە.

بە پێی پلانەکانی ئیسرائیل کە بڕیاری لەسەر "لەنێوبردن"ی حەماس داوە و مەرامیەتی غەززە داگیر بکات، "بەرەی مقاومەت" لەبەردەم چارەنووسێکی ڕوون و دڵخوازدا نیە و ئەگەر ئەم پلانەی ئیسرائیل کاری لەسەر بکرێ و سەر بگرێت، ئالۆزییەکان بەرین دەبنەوە و شەڕەکە ئاراستەیەکی دیکەی ناوچەیی بەخۆوە دەگرێ کە بێگومان نەتەنیا بە قازانجی کۆماری ئیسلامی ئێران نابێت، بەڵکوو مەترسییەکان زیاتر دەبن. ئەم ڕێژیمە لەنێوخۆی وڵاتدا دۆخێکی دڵخوازی نیە و لەگەڵ بزووتنەوەییەکی بەرینی جەماوەری بەرەوروویە کە هیچ دوور نیە لەئەگەری تێوەگلانی ڕێژیم لەم شەڕەدا بەڕوویدا بتەقێتەوە. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتێش لەگەڵ ئەوەی کرانەوەیەکی بەرووودا کراوەتەوە و لەگەڵ دەوڵەتی بایدەن سرت و خورتێکیان هەیە، بەڵام ناسەقامگیر و لەرزۆکە. بۆیە شەڕی گەورە و بەرین لە ئێستادا لە قازانجی کۆماری ئیسلامی نیە. هەوڵ و نیەتی کۆماری ئیسلامی نابێ وا لێک بدرێتەوە کە مادام خوازیاری بەرینبوونەوەی ئەم شەڕە نیە، لایەنگری سوڵح و ئارامی و سەقامگیرییە. ئەو ئیدیعایە بەهیچ شێوەیەک لەم ڕێژیمە نایەتەوە و ناوەشێتەوە. تا ئێستایشی لەگەڵ بێت،



سەرچاوە
Serchawe

کۆماری ئیسلامی بەو پشتیوانیانەی لە حەماس و تاقم و گرووپەکانی دیکەی ناوچەکەی دەکات، جیا لە قەیرانخوڵقێنی، شەڕنانەوە و هەناردەکردنی بیر و تێفکرینە داخراو و کۆنەپەرەستانەکەی خۆی شتێکی دیکەی مەبەست نەبووە و نیە. بەڵام لە هەر کوێ زانیبێتی پڕیشکی ئەم شەڕ و ئالۆزیانە خۆی دەگرێتەوە و هاوسەنگیی هاوکێشەکانی لێتێکدەچێ، یان پاشەکشەی لێ کردوە یان هەوڵی گۆڕینی ئاراستەکانی داوە. بۆیە کۆماری ئیسلامی ئێران نایهەوێ شەڕی حەماس یان هەر هێز و لایەنێکی دیکە دژ بە ئیسرائیل کۆتایی پێ بێت و دەستبەرداری خەوڵ و خەیاڵی "سڕینەوەی ئیسرائیل لەسەر گۆی زەوی"یش نابێ. بەڵام قەوارەی ئەم شەڕانەی بۆ گرینگە کە بەرینایی و پانتاییەکەیان چەندە بێت کە هەم خۆی نەگرێتەوە و هەم کۆنترۆڵی لە دەستی خۆیدا بێت.

٢٤ی رەزبەری ٢٧٢٣

---

## خەڵاتی ساخارۆف، دەسکەوت و دەرفەتێکی دی بۆ شۆڕشی ژینا




وەک لە لەسەر کێلی گڵکۆکەی نووسرا، ناوی "ژینا" بوو بە "ڕەمزێک"؛ ڕەمزێک بۆ بزووتنەوەیەکی مافخوازانەی مۆدێڕن دژ بە کۆنترین دەسەڵاتەکانی سەردەم، ناوێک بۆ وەبیرهێنانەوەی ڕەشترین ڕەفتارەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرانبەر بە کەسانێک کە بەدەستی بەتاڵ، بەڵام بیرێکی تەیار بە نۆرم و بەها مودێڕنەکانی ئازادیخوازی و مافویستی، بەگژ دیکتاتۆریدا چوون. شۆڕشی ژینا بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی ڕەهەندێکی جیهانیی بەخۆیەوە گرت و نەک هەر سەرنجی گشت کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، بەڵکوو ڕێز و ستایشی هەمووانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا.

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٧ی ڕەزبەری ١٤٠٢ی هەتاوی (١٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ی زایینی) یەکیەتیی ئورووپا لە بڕیارێکی بەجێ و ئازایانەدا خەڵاتی ساڵانەی مافی مرۆیی ساخارۆفی بە ناوی ژینا ئەمینییەوە بەخشییە بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی. دانی خەڵاتی ساخارۆف بە ژینا و بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی لەگەڵ ئەوەی دەسکەوتێکی دیکە بۆ ئەم بزووتنەوەیە دێتە ئەژمار، هەڵگری چەند پەیامێکیشە: یەکەم ئەوەی کە ئەم خەڵاتە لە کات و ساتێکدا پێشکەش بە بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلانی ئێران دەکرێ کە بە هۆی شەڕی نێوان حەماس و ئیسرائیلەوە، بیروڕای گشتیی جیهانی و میدیاکان بەم ئەم شەڕ و ئاڵۆزیانەوە سەرقاڵە. کۆماری ئیسلامی کە هۆکاری سەرەکیی وەڕێخستنی ئەم شەڕ و قەیرانە نوێیە لە ناوچەی

ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاستە، بەشێک لە ئامانجەکانی کەمکردنەوەی سەرنجی بیروڕای گشتی لەسەر پرس و بابەتە نێوخۆییەکانی وڵات بوو کە یەکیەتیی ئورووپا بە پێشکەشکردنی خەڵاتی ساخارۆف، توانی بۆ جارێکی دیکە سەرنجەکان بۆ نێوخۆی ئێران و شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی ڕابکێشێتەوە.

بەنێونەتەوەییبوونی بزووتنەوەی ژینا و ئاوڕدانەوەی دامەزراوەیەکی نێونەتەوەیی وەک یەکیەتیی ئورووپا لەم بزووتنەوەیە کە خەڵاتێکی پێگەداری وەک ساخارۆفی پێشکەش دەکات، هەر لە جێدا دەسکەوت و سەرکەوتنێکی دیکەی بزووتنەوەی گەلانی ئێرانە. بە مانایەکی دیکە ئەم بزووتنەوە لەگەڵ ئەوەیکە بەتوندی لەلایەن دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە هەوڵی کپکردنی دەنگی درا، بەڵام دەرکەوت کە نەتەنیا دەمکوت و سەرکوتی قبووڵ نەکردووە، بەڵام توانیویەتی سەرنجی کۆڕوکۆمەڵی نێونەتەوەیی بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و بە زیندوویی بمێنێتەوە و درێژە بە بەردەوامیی خۆی بدا.

دانی ئەم خەڵاتە وەک بەرزترین خەڵاتی مافی مرۆیی یەکیەتیی ئورووپا بە بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی هاوکات لەگەڵ بەرزنرخاندنی بزووتنەوەکە، مەحکوومکردنی تەواوی ئەو پێشێلکارییانەی مافی مرۆڤە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بە شێوەی جۆراوجۆر و سیستماتیک، هەر لە تەقەی ڕاستەوخۆ لە خۆپێشاندەرانەوە بگرە تا سەپاندنی حوکمی ناڕەوا و ئێعدامکردنەکان کە بەرانبەر بە خەڵکی بێدیفاع بەڕێوەی بردوون. بێگومان بنەماڵەی قوربانییانی شۆڕشی ژینا بە تەرخانکردنی ئەم خەڵاتە بۆ ئەو بزووتنەوەی کە ڕۆڵەکانیان لەپێناویدا یا گیانیان بەخت کرد یا هەر ئێستا لە بەندیخانەکانی ڕێژیمدا حوکمی قورس و ناڕەوایان بەسەردا سەپێندراوە، خۆشحاڵن و شانازیی پێوە دەکەن. هەروەک چۆن دایک و باوکی ژینا ئەمینی لە دوو پەیامی جیاوازدا وێڕای دەربڕینی پێخۆشبوونی خۆیان لەم کارە بەبایەخەی یەکیەتیی ئورووپا، بە شانازییەوە باس لە ڕۆڵە شەهیدەکەیان (ژینا) دەکەن.

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە ئێستا سەرمەستی بۆنی خوێن و باڕووتی شەڕی حەماس و ئیسرائیلە و لە میدیاکانیەوە بێئەوەی شەرم لە ڕۆڵی شەڕنگێزانە و هۆکارەکانی هەڵگیرساندنی ئەم شەڕە خوێناوییە لەپێناو مەرامە ئیدۆلۆژییەکانیدا بکات و بە پێدانی تەرمی بێگیان و خوێناویی منداڵانی قوربانیی ئەم شەڕە دەیەوێ بیروڕای گشتیی کۆمەڵگەی ئیسلامی هەڵخڕێنێ، بەشێک لە پیلانەکانی ئەوەیە سەرنجەکان لەسەر قەیران و ناڕەزایەتییەکانی نێوخۆییشی کەم بکاتەوە. بەڵام ئەگەر تەنیا سەیرێکی ڕووداوەکانی دوو حەوتووی ڕابردوو بکەین، بۆمان دەردەکەوێ هاوکات لەگەڵ شەڕی حەماس و ئیسرائیل خەڵک لە نێوخۆی وڵات بە شێوەی جۆراوجۆر درێژەیان بە ناڕەزایەتی و ئەرک و بەرپرسایەتییە خەباتخوازییەکەیان داوە. خانەنشینان لەو ماوەیەدا لێبڕاوانە لە ناڕەزایەتییەکانیان بەردەوامن و لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی دەرهێنەری ناوداری ئێرانی، داریووش مێهرجوویی و هاوسەرەکەیدا، لەگەڵ بەرزکردنەوەی دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"، بە بەرزکردنەوەی دروشمی "نە غزە نە لوبنان، جانم فدای ایران" سیاسەتە شەڕەنگێزانەکانی ڕێژیمیان

مەحکووم کردەوە.

بێگومان لە وەها هەلومەرجێکدا کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە پشتیوانیکردن لە حەماس و هاندانی دژ بە ئیسرائیل شەڕێکی ناوچەیی ناوەتەوە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و میدیاکان سەرنجیان خستۆتە سەر ئەم ڕووداوانە، تەرخانکردنی بەرزترین خەڵاتی مافی مرۆیی ساخارۆف لەلایەن یەکێک لە دامەزراوە گەورە جیهانییە بڕیاردەرەکان (یەکیەتیی ئورووپا) بە ژینا ئەمینی و شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی، دەسکەوتێکی گەورەیە. ئەم ڕووداوە دەتوانێ بۆ بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلانی ئێران دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەرفەتێکی نێونەتەوەییش بخوڵقێنێ، بۆیە بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات پێویستە یەکگرتووانە ڕوانگە و ڕوویکەردێکی جیهانی لەسەر ئاستی کۆڕوکۆمەڵە جیهانییەکانی بۆ خەباتی نێوخۆی وڵات دەستەبەر بکەن و بە پێچەوانەی سیاسەت و پلانەکانی تاران، کار لەسەر لەڕۆژەڤدا هێشتنەوەی بزووتنەوەی جۆراوجۆرەکانی خەڵک لە نێوخۆی وڵاتدا بکەن.

**٢٩ی ڕەزبەری ٢٧٢٣**

---

## هێرشی زەمینی بۆ سەر غەززە لە نێوان بەرژەوەندیی ئێران و ئەمریکادا



وێدەچێ بیرۆکەی هێرشی زەمینیی ئەرتەشی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە بە خێرایی هەڕەشەی بەرپرسانی ئیسرائیلی لە یەکەم ڕۆژەکانی دوای ٧ی ئۆکتۆبر نەچێتە پێش. بەرپرسانی سیاسی و سەربازیی ئیسرائیل کە لەلایەن حەماسەوە هێرشێکی خوێناوی کرابووە سەر خەڵکی وڵاتەکەیان لەو فەزایەدا هاوکات لەگەڵ وڵامدانەوەیەکی توندی سەربازی بە حەماس، ناچاربوون لە فازی هەڕەشە و تۆڵەکردنەوەدا قسە لە پلانەکانیان بکەن و ناتانیاهۆ دەستبەجێ بە مەرامی هێرش بۆ سەر غەززە داوای چۆڵکردنی کرد. بەڵام وردەوردە کۆمەڵێک فاکتەری وەک؛ چارەنووسی دیلەکانی بەردەستی حەماس، هەوڵە دیپلۆماتیکەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ئورووپایی و عەرەبی و ناکۆکییە نێوخۆییەکانی دەوڵەت ناتانیاهۆ لەگەڵ ئەرتەش و بەرەی ئۆپۆزیسیۆن و پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکانی بیروڕای گشتیی خەڵکی ناوچەکە و جیهان لەسەر شەڕەکە و بێگومان کۆمەڵێک هۆکاری دیکەی تا ئێستا باس نەکراو، ئەولەویەتی بیرۆکەی هێرشی زەمینی بۆ سەر غەززەیان کەمڕەنگ کردەوە.

ئێستا بەرپرسانی ئیسرائیلی لەگەڵ دواخستنی ڕۆژی دەستپێکی هێرشەکەیان بۆ سەر غەززە بە بیانووی جۆراوجۆر، باس لەوە دەکەن کە ئەم شەڕە سێ مانگ دەخایەنێ. ئیسرائیلییەکان بە خەڵک و دەوڵەتەوە چارەنووسی دیلەکانیان بۆ گرینگە، بەتایبەت کە زۆرێک لە دیلەکانی بەردەستی حەماس هەر بەتەنیا ئیسرائیلی نین و خەڵکی نزیک بە ٣٠ نەتەوەی دیکەیان تێدایە. لەوە گرینگتر شوێنی ڕاگرتنی دیلەکانە کە وەک تا ئێستا باس دەکرێ، ئەگەری زۆرە دیلەکان لە تونێل و دالانە

قووڵ و درێژەکانی حەماس لە غەززە ڕاگیرابێتن کە لە ئەگەری هێرش بۆ سەر غەززە چارەنووسیان بەتەواوەتی دەکەوێتە مەترسییەوە و ئەمەش بۆ ئیسرائیلییەکان زۆر گران تەواو دەبێت.

کێشە نێوخۆییەکانی ئیسرائیل وەک فاکتەرێکی دیکەی شوێندانەر لەسەر بڕیارەکانی ئەم دەوڵەتە تا دێ زیاتر خۆی دەردەخات. لە ڕۆژانی سەرەتای شەڕەکەوە وا هەست پێدەکرا کە ناتانیاهۆ دەتوانێ بە پێکهێنانی کابینەی هاوبەش لەگەڵ بەرەی ئۆپۆزیسیۆن، تا ڕادەیەک وڵاتەکەی بەرانبەر بەو دۆخە یەکگرتوو نیشان بدات، کەچی وا دەرنەچوو. ئەرتەش و بەرەی ئۆپۆزیسیۆن لە هەڵوێست و سیاسەتەکانی ناتانیاهۆ ڕازی نین و ناوبرا لاواز و بەسەرچاوەی کێشەکان دەزانن و پێناچێ ئەم کابینە ئێئتلافییە زۆر دەوام بێنێ.

ئەمریکا و دەوڵەتی بایدن وەک هەمیشە پشتیوانی لە ئیسرائیل و پاراستنی لە هەر هەڕەشەیەک بە ئەرکی خۆیان دەزانن و لەم پێوەندییەشدا وێڕای پاراستنی مافی بەرگری لەخۆ، بەڵێنیی هەموو هاوکارییەکیان داوە. بەڵام نابێ ئەوە بە مانای دەستئاوەڵا هێشتنەوەی ئیسرائیل بۆ بەڕێوەبردنی هەر جووڵەیەکی سەربازی لەلایەن ئەمریکاوە لێک بدرێتەوە. لەم پێوەندییەدا بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و پاراستنی پێگە سەربازییەکانی لە وڵاتانی ناوچەکە فاکتەرن بۆ جۆری ڕەفتاری ئەم وڵاتە بەرانبەر بە جووڵەکانی ئیسرائیل. لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا بەشێک لە پێگە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراق و سووریە هێرشی درۆنییان کراوەتە سەر و وتەبێژی کۆشکی سپی ڕایگەیاند کە ئەگەری هەیە لە ڕۆژانی داهاتوودا ئەو هێرشانە بۆ سەر سەربازانی وڵاتەکەی لە ناوچەکە پەرە بستێنن. ئەم چالشانە ئەمریکا ناچار بە هێورکردنەوەی وەزعەکە دەکەن تا ئەو کاتەی بتوانێ یا بە هێمنی کۆنترۆڵیان بکات و یان بە فشار لە خۆیانی دوور بخاتەوە.

ئێران لایەنێکی بەرچاو و کاریگەری ئەم شەڕ و ئاڵۆزییانەیە؛ دوای هەڕەشەی بەرپرسانی ئیسرائیلی بۆ هێرشی زەمینی بۆسەر غەززە و کۆتاییهێنان بە حەماس، خامنەیی هاتە سەر خەت و ئەویش بە هەڕەشەوە وتی؛ "ئەگەر ئیسرائیل وەها کارێک بکات، بەرەی مقاومەت دێتە جواب و کەس ناتوانێ پێشیان بگرێ". بە دوای ئەم قسانەی خامنەیی‌دا هەر لە وەزیری دەرەوە و فەرماندەی سپای پاسدارانەوە بگرە تا دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامی کەوتنە خەت و نیشان کێشان بۆ ئیسرائیل و هاندانی لایەنە نیابەتییەکانی "بەرەی مقاوەمەت". بەدوای ئەوەدا و بەرانبەر بە هێرشێکی گوماناوی بۆ سەر نەخۆشخانەیەک لە غەززە، خۆپێشاندانەکان لە وڵاتانی ناوچەکە و ڕۆژاوا دژ بە ئیسرائیل دەستی پێکرد.

هەموو دنیا بە بەرپرسانی ئەمریکاشەوە کە لە ڕۆژانی یەکەمی شەڕ دەیانگوت "هیچ بەڵگەیەکیان بەدەستەوە نییە کە ئێران دەستی لە هێرش بۆ سەر ئیسرائیلدا هەبووبێت"، دەزانن کە ئێران نەتەنیا دنەدەری حەماس بۆ هێرشکردنەسەر ئیسرائیلە،

بەڵکوو لە ئاستی ناوچەکەدا ڕۆڵی شەڕەنگێزانەی هەیە. وتەبێژی کۆشکی سپی لە پێوەندی لەگەڵ هێرشی درۆنی بۆسەر پێگە سەربازییەکانی وڵاتەکەی لە عێراق و سووریە وتی؛ "ئێران بە بەرپرسی ئەم هێرشانە دەزانین."

کەواتە کردەییکردنی بڕیاری هێرشی زەمینی بۆسەر غەززە دەبێ لە چوارچێوەی بازنەیەکی گەورەتردا خوێندنەوەی بۆ بکرێ کە ئەگەر ئیزنی جێبەجێکردنی بدرێت، هیچ گومانی تێدا نییە شەڕێکی ناوچەیی دێتە ئاراوە کە لەوەها حاڵەتێکدا نە ئەمریکا و ڕۆژاوا بەگشتی دەتوانێ بەرانبەر بە ئێران هێندە موحافزەکارانە هەڵوێست بگرن و نە ئێران دەتوانێ وەک ئەوەی لە "ئێوەشەڕ"دا بۆی دەلوێ، لەشەڕی تەواودا ئاوای بۆ ناچێتە سەر.

٢ی خەزەڵوەری ٢٧٢٣

## کوشتنی ئارمیتا و ترسی ڕێژیم لە هێزی خەڵک



وەک باس دەکرێ کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ئەزموون لە چۆنیەتیی بڵاوبوونەوەی هەواڵی کوشتنی ژینا ئەمینی بە دەستی هێزە سەرکوتکەرەکانی و لێکەوتە و هەزینەکانی ئەم ڕووداوە بۆ ڕێژیم، بە جۆرێک هەوڵی مودیریەتکردنی چۆنیەتیی بڵاوکردنەوەی هەواڵی کوشتنی ئارمیتا گراوەند و ناشتنەکەی داوە. هەر لە نیشاندانی ویدیۆکانی نێو مێترۆکەوە بگرە تا دیاریکردنی نەخۆشخانەیەکی سەربازی و خستنەژێرفشاری بنەماڵە و هاوڕێکانی ئارمیتا بۆ قسەکردن لە چۆنیەتیی ڕووداوەکە و لە کۆتاییدا دوای نزیک بە یەک مانگ ڕاگەیاندنی هەواڵی مەرگی ناوبراو و ناشتنی تەرمەکەی لە "بهشت زهرا" لە تاران و ڕێگریکردن لە ناردنەوەی تەرمی ئارمیتا بۆ زێدەکەی، کرماشان.

ئەوەی کارناسان و شارەزایان لەسەر جۆری چنین و بڵاوکردنەوەی ویدیۆکانی تایبەت بە ڕەوتی هاتن و چوونی ئارمیتا لە مێترۆکە باسی لێوە دەکەن، پرسیاری زۆری لەسەرە و هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە ئارمیتا دەستی لێوەشێنراوە و ئەوەی کاربەدەستانی ڕێژیم لەسەر تێکچوونی باری دەروونیی ناوبراوی باس دەکەن دوورە لە ڕاستی. گومانەکە لەوەڕا زیاتر خۆی دەردەخات کە تەرمی نیوەگیانی ئارمیتا دەستبەجێ بۆ "نەخۆشخانەی فەجر" دەگوازرێتەوە کە تایبەتە بە ئەرتەش و هاتوچۆ بەتەواوەتی تیایدا قەدەغەیە. هەر لە ڕۆژی یەکەمی ڕووداوەکەوە هەڕەشە دەخرێتە سەر بنەماڵە و هاوڕێکانی و

پێیان دیکتە دەکرێ کە وەک یەک، یەک قسە بکەن؛ "ئارمیتا لەناکاو باری دەروونی تێکدەچێ و هیچ مەئموورێکی ئەمنییەتی لە شوێنی ڕووداوەکە نەبووە و دەستبەجێ پێڕاگەیشتنی پزیشکی کراوە و لەژێر چاوەدێریی چڕی دوکتورەکاندایە و تا ئێستا بێهۆشە.!!"

لە ماوەی ئەو نزیک بە یەک مانگەدا کە گوایا ئارمیتا لە کۆمادا بووە جیا لە هێندێک هەواڵی ناڕاستی مودیرییەتکراو، ئیزنی چاوپێکەوتن و بڵاوکردنەوەی هەواڵی دروستی لەسەر نەدرا. فشارەکان بۆسەر دایک و باوکی ئارمیتا زیاتر بوو و دەستبەسەر کران و هەڕەشەیان لێکرا. هێشتا بە ڕەسمی هەواڵی مەرگی ئارمیتا بڵاو نەکرابۆوە کە کاناڵ و پەیجەکانی نزیک بە ڕێژیم بە پێخۆر و تەواو مودیرییەتکراو، هەواڵی ئەوەیان بڵاو کردەوە کە لەوانەیە تەرمی ئارمیتا لە "بهشت زهرا" بنێژرێ و لەگەڵ ناردنەوەی تەرمەکەی بۆ کرماشان دژایەتی کراوە!!. لە کۆتاییدا کە دوای نزیک بە مانگێک و ئەمجارەیان بە ڕەسمی هەواڵی کۆچی ئارمیتایان بڵاو کردەوە، ڕێگری لە بردنەوەی تەرمەکە بۆ کرماشان کرا و لە فەزایەکی تەواو ئەمنییەتی و کۆنترۆڵکراودا تەرمی ئارمیتای جوانەمەرگ لە "بهشت زهرا"ی تاران تەسلیم بەخاک کرا.

ئەوەی ژوور و ناوەندە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ئاگاداریی ڕاستەوخۆی زۆر سەرەوەتر لە خۆیان لە پێوەندی لەگەڵ کوشتنی ئارمیتادا کردیان، جیا لە بێڕێزی بە بنەماڵە و کەسوکاری ئارمیتا و خەڵکی ئێران بەگشتی، نیشانەی ترسێکی گەورە بوو لە ژیلەمۆی ناڕەزایەتیی خەڵک و گەلانی ئێران کە لە ئەگەری گەشانەوەی بە هەر ڕووداوێک، تەخت و بەختی کۆماری ئیسلامی لە تەواوییەتی خۆیدا تێکەوە دەپێچێ. کۆماری ئیسلامیی ئێران بە مودیرییەتکردنی مەسەلەی کوشتنی ئارمیتا و پێشگرتن لە بردنەوەی تەرمی ناوبراو بۆ کرماشان، نیشانی دا کە چەندە لە کوردستان و ئیرادەی ڕاپەڕیوەی خەڵکی ئەم دیار و نیشتمانە زوڵملێکراوە دەترسێ.

ئەوان بە هەموو شێوەیەک ویستیان پێش بە دووبارەبوونەوەی ئەزموونی مەرگی ژینا ئەمینی بگرن کە بەدوای خۆیدا شۆڕشێکی جەماوەریی گەورەی سەرانسەریی لێ درووست بوو. ترس لە دووبارەبوونەوەی ئەم ڕووداوە و ترس لە ئیرادەی ڕاپەڕیوەی خەڵکی کوردستان و سەرجەم گەلانی ئێران، ڕێژیمی ناچار کرد کە مودیرییەتی چۆنیەتیی بڵاوکردنەوەی هەواڵی کوشتنی ئارمیتا بکەن و بەخەیاڵی خۆیان فوو لە ژیلەمۆی ڕق و بێزاریی خەڵک نەکەن. بەڵام هەر لەو دەرفەتە کەمەشدا کە لەسەر گۆڕی ئارمیتا بۆ بەشداران هاتە ئاراوە، ئەو پەیامە بە کۆماری ئیسلامی درا کە ناڕەزایەتییەکان هەروا لەجێی خۆیانن و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم نیزامە منداڵکوژ و دیکتاتۆرە هەر لەئارادایە.

ترسی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلانی ئێران و ناڕەزایەتییەکانی خەڵک ئەوەندە گەورە و جیددی بۆتەوە کە چووکەترین ڕەخنە و پرسیارکردن لەسەر ڕەفتارێکی دژەئینسانیی خۆی پێ تەحەمول ناکرێ. لە

بڵاوبوونەوەی پۆستێک لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان تۆقیوە و هەر لەو چەند ڕۆژەدا بە دەیان کەسیان بە تاوانی پرسیارکردن و ناڕەزایەتیدەربڕین لە شێوەی قەتڵی ئارمیتا ڕاپێچی ناوەندە ئەمنییەتییەکان کردووە، لە خاتوو نەسرین ستوودە لە تارانەوە بگرە تا کەسوکاری ئارمیتا لە پارێزگاکانی ئیلام و کرماشان.

کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕاستی بۆ چووە؛ وەک چۆن دەترسێ، دەبێ بترسێ لەو ناڕەزایەتییە قووڵ و بەربەرینەی کە لەنێو گشت کۆمەڵگەی ئێران و نەتەوەکانی ئێراندا هەیە، دەبێ بترسێ لەو بزووتنەوەی بەرین و جەماوەرییە مافخوازانەیەی کە بڕیاری داوە چیدیکە کۆماری ئیسلامی ناتوانێ ئیرادەی دیکتاتۆرانەی خۆی بەسەردیدا بسەپێنێ، دەبێ بترسێ لەو نەسڵە خوێندەوار و لاوەی کە بەدەر لە فەلسەفە کۆن و سواوەکەی کۆماری ئیسلامی و ئیدئۆلۆژییە داخراو و ولامنەدەرەکەی، بیر لە شێوازێکی دیکە لە ژیان و ئازادی دەکاتەوە، دەبێ بترسێ لە ئیرادەی قایمی خەڵکی کوردستان و نەتەوەکانی دیکەی ئەم وڵاتە کە لانیکەم لە یەکساڵی ڕابردوودا تەواوی پیلان و هەوڵە دەیان ساڵەییەکانی ئەم ڕێژیمەیان لەسەر ناکۆکینانەوە و تۆمەتی ناڕەوا لە خەڵک و نەتەوەکان، کردە بڵقی سەرئاو. کۆماری ئیسلامیی ئێران نابێ بێترس لە خەڵکی وڵات پاڵی لێ بداتەوە و درێژە بە جینایەتەکانی بدات!

٨ی خەزەڵوەری ٢٧٢٣

# ناڕەزایەتییەکانی خەڵک دژی ڕێژیم و شەڕی حەماس و ئیسرائیل




ساڵێک پێش ئێستا و ڕاست لەوەها ڕۆژانێکدا شەقامەکانی ئێران تەژی لە ناڕەزایەتی و شۆڕشێکی جەماوەری دژ بە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تەواویەتی خۆیدا بوون. شۆڕشی ژینا بە دروشمی سەرەکیی "ژن، ژیان، ئازادی"یەوە هەڵقوڵا و لە ناخی کۆمەڵگەی کوردستانەوە دەستبەجێ سەرانسەری ئێرانی گرتەوە و پشتیوانیی شەقامەکانی ئورووپای بەدوادا هات و کۆماری ئیسلامیی ئێران چ لەنێوخۆی وڵات و چ لە کۆڕ و کۆمەڵی نێودەوڵەتیدا تووشی گەورەترین چالشی تەمەنی دەسەڵاتداریی خۆی کرد.

ڕێژیم جیا لە وەڕێخستنی سەرکوتێکی سیستماتێک؛ کوشتن و بریندارکردنی هەزاران کەس لە خۆپێشاندەران و دەستبەسەرکردنی دەیان هەزار کەسی دیکە بۆ کپکردنی شۆڕشەکە، زۆری هەوڵ دا لە ڕێگای جۆراوجۆرە، بیروڕای گشتیی نێوخۆیی و نێونەتەوەیی لەسەر ئەم شۆڕشە بەلاڕێدا بەرێت. لەسەرەتاوە ویستی وەک هەمیشە خۆپێشاندەران و ناڕەزایەتییەکان بە دەسکرد و دنەدەری دەرەکی و بێگانە بناسێنێ. خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیم لەیەکەم دەرکەوتنیدا وتی؛ دەستی ئیستکباری جیهانی لە پشت ڕووداوەکانەوەن و ئەوانەی لەسەر شەقامن، "اغتشاشگر" و ئاژاوەگێڕن و بەم ناساندنە ڕاستەوخۆ فەرمانی سەرکوتی شۆڕشەکەی دەرکرد. دواتر کە لە درێژەی خۆپێشاندانەکاندا خەڵکی شارەکانی دیکەی ئێران

پشتیوانییان لە خەڵکی کوردستان دەربڕی، کاربەدەستانی ڕێژیم زیاتریان ترس لێنیشت و ئەمجارەیان بە گوتارێکی کۆنی ژەنگاوییەوە هاتنە مەیدان و بە کەڵکوەرگرتن لە هەستی ناسیۆنالیستیی خەڵک، باسیان لە مەترسیی "پارچەپارچەبوونی ئێران" کرد. بۆ ئەم مەبەستە وەک هەمیشە کوردستان و حیزبە سیاسییەکانیان کردە ئامانج و تۆمەتی "جیاییخوازی" و "جیابوونەوە"یان دایە پاڵ حیزبەکانی کوردستان و خۆپێشاندەران لە شەقامەکانی کوردستان. لە درێژەی ئەم سیاسەتەدا بوو کە سپای پاسدارانی ڕێژیم هێرشی کردە سەر بنکە و بارەگای حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە باشووری کوردستان. لەم پێوەندییەدا ڕێژیم هەموو هەوڵێکی ئەوە بوو کە بە نانەوەی شەڕێکی دیکە لە کوردستان و پەلکێشکردنی حیزبەکان بۆ ئەم مەیدانە، مەرامەکانی خۆی بە ڕاکێشانی بیروڕای خەڵک بۆ سیناریۆیەک کە خۆی پلانی بۆ دانابوو بەجێ بێنێ و شەقامی شارەکانی ئێران دامرکێنێ. بەڵام وەک دیتمان ئەم پیلانەی زووره ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم لەلایەن هەڵوێستی ژیر و ئاگاهانەی حیزبەکان و خەڵکی کوردستانەوە پووچەڵ کرایەوە.

لە مەرحەلەیەکی دیکەی شۆڕشەکەدا کە کارکردن بۆ سازکردنی ئاڵترناتیف بوو، ڕێژیم لە ڕێگای هێزی سایبێری و ئاراستەکردنی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی هەڵگرانی بیری شۆڤێنیزمی ئێرانییەوە، هەوڵی بەلارێدابردنی پرسەکە و نانەوەی ناکۆکی لەنێوان لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دا کە دەکرێ بڵێین تا ڕادەیەکیش تیایدا سەرکەوتوو بوو.

سەرەڕای هەموو ئەم پیلانانە و خۆکردنەوەیەکی کاتی و ڕواڵەتی بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ ئورووپا و ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە، بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵک لە نێوخۆی وڵات - نەک بە گڕوتینی چەند مانگی سەرەتای شۆڕشی ژینا - درێژەی بە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئەم ڕێژیمە داوە و تا ئێستاش ناوەناوە بە بیانووی جۆراوجۆر و لە دەرفەتی گونجاودا خۆی دەردەخات و بەردەوامە.

دوای ڕێکەوتی ٧ی ئۆکتۆر و هێرشی حەماس بۆسەر ئیسرائیل کە سەرنجی کۆمەڵگەی جیهانی و گشت میدیاکان خراوەتە سەر ئەم شەڕە و تەوەرێکی ئەساسیی ئەم ڕووداوانە، قسەکردن لە ڕۆڵی ئێران و گرووپە نیابەتییەکانییەتی لەم ئاڵۆزییانەدا، کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵ دەدات وەک دەرفەتێک بۆ کۆنترۆڵکردنی نارەزایەتییەکان و لەبیربردنەوەیان لە بیروڕای جیهانیدا لەم شەڕە کەڵک وەربگرێت. بەڵام ئەوەی ڕێژیم ناتوانێ نادیدەی بگرێ و خۆی لێ غافڵ بکات، بوونی نارەزایەتییەکان و قوڵبوونەوەیانە کە جارێ بە هێندێک هۆکار، لە قۆناغی خۆخوێندنەوە و خۆڕێکخستنەوەیە. ڕێبەران و کاربەدەستانی ڕێژیم ئەمە باش دەزانن هەر ئەم ترسەیە کە بەبێ‌ئەوەی دانی پێدا بنێن لە سیاسەت و هەڵوێستەکانیان بەرانبەر بە شەڕی نێوان حەماس و ئیسرائیل، بە وردبینی و تێبینییەوە دەجووڵێنەوە.

ئەگەر کۆماری ئیسلامیی ئێران توانیویەتی لەسەر سەروەت و سامانی خەڵکی برسیی وڵات، هێز و گرووپی نیابەتی ساپۆرت

و پشتیوانی بکات و وەک کارتی فشار لە مەیدانی جۆراوجۆر و یەک لەوان دژ بە ئامریکا و ئیسرائیل بەکاریان بێنێ، بەڵام لە نێوخۆی وڵاتدا لەگەڵ نەیارێکی بەهێز و گەورەی وەک خەڵکی ئێران ڕووبەڕوویە. خەڵک لە نێوخۆی وڵات کە لەمێژە بە بەرزکردنەوەی دروشمی "نە غەزە، نە لوبنان" یەکی لێبڕاونەیان بە سیاسەتەکانی ئەم ڕێژیمە لە ناوچەکە وتووە، نەتەنیا پشتیوانی لە هەڵوێستەکانی لە شەڕی حەماس و ئیسرائیلدا ناکەن، بەڵکوو لەهەر ئەگەرێک و دەرفەتێکدا کە بۆیان هەڵبکەوێ، ئامانج و ڕەساڵەتی شۆڕشی ژینا کە یەکگرتوویی نێوان گەلانی ئێران و تێپەڕین لەم نیزامە دیکتاتۆرەیە، بەجێ دەگەیەنن.

لە مەسەلەی بڵاوکردنەوەی هەواڵی مەرگی ئارمیتا گراوەند و شێوازی ناشتنی تەمەکەیدا، زۆر بە ڕوونی دەرکەوت کە کۆماری ئیسلامی باش ئاگادارە کە لە ناخی کۆمەڵگەی ئێراندا چ هێزێک لە ڕق و بێزاری دژ بەو نیزامە بوونی هەیە و لە دەرفەتێک دەگەڕێ کە بە ڕوویدا بتەقێتەوە. ئەم ترسە بە هەڵوێستەکانی ڕێژیمەوە لە پێوەندی لەگەڵ شەڕی نێوان حەماس و ئیسرائیلەوە دیارە و خامنەیی باش دەزانێ کە چووکەترین هەڵە و هەڵخلیسکان، دەبێتە هۆی گەشانەوەی ژیلەمۆی ڕق و بێزاریی خەڵک و بەرەو هەڵدێر و نەمانی دەبات. بۆیە لەگەڵ پاراستنی شەڕ و دنەدانی هێز و گرووپە نیابەتییەکانی بۆ بەگژداکردنی ئەمریکا و ئیسرائیل، لە ترسی ڕاپەڕینی خەڵک لە نێوخۆی وڵات، خۆ لە تێوەگلانی شەڕەکە دەپارێزێ.

١١ی خەزەڵوەری ٢٧٢٣

## دۆڕانی کۆماری ئیسلامی لە وتەکانی حەسەن نەسروڵڵادا



دوای سێ حەوتوو لە بێدەنگبوونی حەسەن نەسروڵڵا، سەرۆکی حیزبوڵڵای لوبنان لەسەر هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل و وڵامدانەوە توند و وێرانکەرەکانی ئیسرائیل، پڕوپاگاندایەکی زۆر لەسەر جۆری دەرکەوتنی ناوبراو کرا. بەجۆرێک کە چاوەڕوان دەکرا لانیکەم بە پێچەوانەی ئەوەی دەرکەوت و گوتی، خەت و نیشان بکێشێ وره بە "بەرەی موقاوەمەتییەکان" ببەخشێ. بەتایبەت میدیا توندڕەوەکانی نزیک لە بەیتی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، هاوچەشنی ڕۆژنامەی "کەیهان" کە ئیدیعایان دەکرد "بێدەنگیی سەید نەسروڵڵا، بۆتە کابووسێک بۆ ڕێبەرانی ئیسرائیل و ڕۆژاوا و ئەمریکا"، چاوەڕوانییەکی سەیریان لە شکاندنی ئەم بێدەنگییە و جۆری هاتنەدەنگی حەسەن نەسروڵڵا ساز کردبوو.

لە کۆتاییدا ڕێبەری حیزبوڵڵا دەرکەوت و وەک دەڵێن "کێو ترەکی و مشکی بوو". ناوبراو نەتەنیا نەیتوانی شان و پیل بکێشێ، بەڵکوو لەگەڵ بێبەریکردنی خۆی و حیزبەکەی لە هێرشەکەی حەماس، هەوڵی تەبرەئەکردنی دایکی ڕۆحی و مەعنەویی خۆیانی وەک بەرەی موقاوەمەت دا و گوتی؛ "کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش هیچ ئاگایەکی لە کردەوەکەی حەماس نەبووە" و هەموو هەوڵی ئەوە بوو کە پەیامی کۆتاییهێنان بە شەڕ بڵاو بکاتەوە.

دەقی قسەکانی نەسروڵڵا دوو خوێندنەوە هەڵدەگرێ کە لە هەردووکیاندا، "بێدەسەڵاتبوون" و "ترسەنۆکی"ی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لەم دۆخەدا لێ دەردەکەوێ. ئەگەر حەسەن نەسروڵڵا، مەتنی ئەم قسانەی بە هەماهەنگی لەگەڵ تاران دارشتبێ، لەگەڵ دووپاتکردنەوەی وەفاداربوونی بە کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەموو پێکەوە لە مەترسییەکانی ئەم شەڕە بۆ سەر خۆیان گەیشتوون و دەزانن حەماس چ هەڵەیەکی کردووە کە خۆی لێ بێبەری نیشان دەدەن. چونکە عەلی خامنەییش لە یەکەمین قسەکردنیدا لەسەر هێرشی غەززە - لەگەڵ ئەوەی باسک و نێوچاوانی بەرپرسانی پەلامارەکەی ماچ کرد - بەڵام دەستبەجێ ڕایگەیاند کە "ئێمە هیچ ئاگادارییەکی پێشوەختەمان لەم هێرشە نەبووە". هەر لەم پێوەندییەدا تیمی دیپلۆماسیی ڕێژیم تا ئێستاش هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوەیە کە ڕێژیمەکەی لەم شەڕە دوور بخاتەوە و بڵێ بە پێچەوانەی ئەوەی تەواوی دنیا بیر لە ڕۆڵی کۆماری ئیسلامی لەم شەڕ و ئاژاوانەدا دەکاتەوە، ئەوان خوازیاری ڕاوەستانی شەڕەکەن!!.
دوای هاتنەسەر خەتی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژاوایی، نەک هەر بۆ پشتیوانی لە ئیسرائیل، بەڵکوو بۆ ڕاوەستان بەرانبەر بە تیرۆر و توندڕەوی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ماکەی ئەم چەمک و کردەوانە ناسراوە، دەسەڵاتدارانی تاران تێگەیشتن کە مەسەلەکە جیدییە. بۆیە فازێکی دیکەیان گرتە بەر و کەوتنە خۆ پاک و دوورخستنەوە لە شەڕەکە و تۆپەکەیان لە مەیدانی هێزە نیابەتییەکانی ناوچەکەدا بەجێ هێشت کە پێدەچێ جیا لە پاسکاری شتێکی ئەوتۆیان لەدەست نەیە.

بەڵام ئەگەر نێوەڕۆکی قسەکانی حەسەن نەسروڵڵا تایبەت بە خودی نەسروڵڵا و حیزبەکەی بێت و لە تارانەوە دیکتە نەکرابێ، کۆماری ئیسلامیی ئێران لە جووڵاندن و بەکارهێنانی دەستوپێوەندییەکانی خۆی و هێزە نیابەتییەکانیدا خاوەنی ئەو دەسەڵات و ئۆتۆریتەیە نییە کە لێی وێنا دەکرا. هیچ گومان لەوەدا نییە کە کۆماری ئیسلامی وەک بە قسەکانی خامنەییشەوە دیار بوو، بەرنامەی ئەوە نەبووە و نییە کە ڕاستەخۆ بەشداری شەڕی ئیسرائیل و حەماس بێت، بەڵام هەر بە پێی قسەکانی خامنەیی لە دووهەمین حەوتووی شەڕەکەدا کە باسی لە "درێژەی جینایەتەکانی ئیسرائیل لە غەززە و بێسەبریی مسوڵمانان" کرد کە "ئەوان لەوەها حاڵەتێکدا ناتوانن پێشیان پێ بگرن"، نەدەبوا هێز و گرووپەکانی وەک حیزبوڵڵا خۆ لە ڕووداوەکە بێبەری بکەن و داوای ڕاگرتنی شەڕ بکەن.!! بە واتایەکی دیکە لانیکەم کۆماری ئیسلامی دوای ئەو هەمووە هەڕەشە و گوڕەشەیە، ئەم هەڵوێستەی لێ چاوەڕوان نەدەکردن.

ئێستا هێزەکانی ئیسرائیل لەگەڵ بوردمانی هەوایی غەززە و وێرانکردنی داڵانە قووڵ و درێژەکانی حەماس، نەواری غەززەی بە دوو بەشی باکوور و باشوور دابەش کردووە و وەزیری دەرەوەی ئامریکاش لە سێهەمین سەردانیدا بۆ ئیسرائیل و ناوچەکە و دیداری لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی، لەگەڵ ڕاگرتنی شەڕ موخالفە و بە قازانجی حەماسی دەزانێ. لە بەرانبەردا بە پێچەوانەی ئیدیعاکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، "بەرەی موقاومەت" و هێزە نیابەتییەکانی ئێرانیش جیا لە هێندێک جووڵەی کوێری وەک هێرشی ناوەناوەی بەرەی موقاومەتی عێراق بۆ سەر بنکە سەربازییەکانی هاوپەیمانان لە سووریە، کڕ و بێکردەوەن.

هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل کە ئێستا تەنانەت بەشێک لە بەرپرسانی ئەم گرووپەش خۆی لێ بێئاگا و بێبەری دەکەن، دۆخێکی تایبەتی بەسەر ناوچەکەدا هێناوە و زەرەرمەندیی سەرەکیی ئەم شەڕە خەڵکی مەدەنیی نەواری غەززەن. کۆماری ئیسلامیی ئێران هەرچەند هەوڵی بێئاگایی خۆی و گرووپە هاوپەیمانەکانی لەم شەڕە بدات، ناتوانێ تاوانباربوونی خۆی لە بیروزەینی بیروڕای گشتیدا بسڕێتەوە. بە پێچەوانەی ئەوەی لە میدیاکانییەوە ئەوەیش تەنیا بۆ پاساوی سیاسەتە هەڵەکانی خۆی ئیدیعای دەکات، دۆڕاوی ئەم شەڕە کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەموو ئەو هێز و لایەنانە بەستراوانە بن کە پێدەچێ تازە لە پیلان و مەرامەکانی ئەم ڕێژیمە گەیشتبێتن.

۱۵ی خەزەڵوەری ۲۷۲۳

## خەڵکی ئێران و کۆماری ئیسلامی، دوو ئامانج و دوو ڕێباز



سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە پرسی فەلەستین بە گشتی و بەتایبەت مەسەلەی ئەمدواییانەی نێوان حەماس و ئیسرائیل، بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ بۆچوون و ڕوانگەی خەڵکی وڵاتی ئێران یەک ناگرێتەوە. ئەگەر ڕوانگەی گەلانی ئێران بۆ ئەم پرسانە لە ڕێزگرتن لە ئیرادە و ماف و ویستی گەلانەوە سەرچاوە دەگرێ کە مافی ئەوەیان هەیە بەدوور لە شەڕ و ماڵوێرانی لە خاک و وڵاتی خۆیاندا بە ئازادی و بەختەوەری بژین، هەڵوێست و سیاسەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، ڕاست پێچەوانەی ئەم تێڕوانینەیە. ئاژاوەنانەوە و پشتیوانی لە تاقم و گرووپە توندڕەوەکانی ناوچەکە و تێڕوانینی "سڕینەوەی دەوڵەت و نەتەوەیەک" و پشتیوانیی بەدرۆ لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەیەکی دیکە، ماهییەت و چوارچێوەی سیستەمێکی ڕەشی ئیدئۆلۆژیکە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ٤٥ ساڵە لەژێر ناوی "هەناردەکردنی شۆڕش"دا پەیڕەوی دەکات.

کۆماری ئیسلامی لە هەموو ماوەی تەمەنیدا زۆری هەوڵ داوە خەڵکی وڵات بەم ئیدئۆلۆژییە پەروەردە بکا و بەدوای سیاسەت و هەڵوێستەکانی خۆیدا پەلکێشیان بکات. بەڵام جیا لە مایەپووچی هیچی دەست نەکەوتووە. لە تازەترین تاقیکردنەوەدا هەر لەم ڕۆژانەی گەرماوگەرمیی شەڕی نێوان حەماس و ئیسرائیلدا کە ڕێبەری ڕێژیم بەڕاشکاوی دەستخۆشیی لە چەکدارانی

حەماس سەبارەت بە هێرشیان بۆ سەر ئیسرائیل و کوشتنی دەیان کەسی بێتاوان دەکرد، خەڵکی وڵات نەتەنیا کەمترین لایەنگرییان بە قسەکانی خامنەیی نیشان نەدا، بەڵکوو لە هەر دەرفەتێکی هەڵکەوتووی وەک؛ ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی تەرمی ئارمیتای کوژراو بەدەستی هێزە سەرکوتکەرەکان و خۆپێشاندانە بەردەوامەکانی خانەنشینکراوەکان و زۆر بۆنە و دەرفەتی دی، خەڵک بە گوتنەوەی "نە غەززە، نە لوبنان"، "واز لە فەلەستین بێنە و بیرێک لە ئێمە بکەوە"، تەواوەتیی سیاسەتی کۆماری ئیسلامییان لەم پێوەندییەدا خستەژێر پرسیار و ڕەتیان کردۆتەوە.

هەر لە تاقیکردنەوەیەکی دیکەدا کە کاربەدەستانی ڕێژیم و دامودەزگای پروپاگەندای نیزام لەسەر داوای خودی بەیتی ڕەهبەری، نزیک بە یەک مانگ بوو خۆیان بۆ ئامادە دەکرد، خەڵک دیسان (نا)یەکی دیکەی گەورەیان بە هەڵوێست و سیاسەتەکانی ڕێژیم گوتەوە. لە "١٣ی آبان"ی ئەمساڵدا کە ساڵرۆژی هێرشی خوێندکارانی پێڕەوی خومەینی بۆ سەر باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران و داگیرکردنیەتی و لە ڕۆژمێری کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بە "ڕۆژی موبارزە لەگەڵ ئیستکباری جیهانی" ناودێر کراوە، سەرەڕای تەبلیغێکی بەربڵاو بۆ هاندانی خەڵک و بەشداریان لەم ڕێوڕەسمە، بە دانی خودی بەرپرسانی ڕێژیم، لە تارانێکی ١٢ تا ١٣ میلیۆن حەشیمەتیدا، کەمتر لە ٥٠ هەزار کەس بەشدار بوون.

لە کەس شاراوە نیە ئەوەی ئەمرۆژانە بەسەر غەززە و خەڵکە بێتاوانەکەیدا دێت، بەلای خەڵک و گەلانی ئێرانەوە کارێکی ناپەسەند و دوور لەهەر بەهە و نۆرمێکی مرۆییە. بەڵام بۆ هەمووانیش ڕوون و ئاشکرایە کە ئەوەی کۆماری ئیسلامی وا خۆ نیشان دەدات پشتیوانی خەڵکی غەززە و پرسی ڕەوای نەتەوەی فەلەستینە، جیا لە درۆ و "فرمێسکی تیمساح ڕشتن" شتێکی دیکە نییە. هەر بە پێی دوایین قسەکانی حەسەن نەسروڵڵا، سکرتێری گشتیی حیزبوڵڵای لوبنان، کۆماری ئیسلامی بە هەموو شێوەیەکی مادی، تەسلیحاتی و مەعنەوی، یارمەتیدەر و پشتیوانی ئەو تاقم و گرووپە توندڕەوانەیە کە ئاکار و کردەوەیان، چارەنووسی ئەمرۆی غەززە و خەڵکەکەی لێ کەوتۆتەوە.

سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ناوچەکە نەتەنیا لەلای خەڵکی وڵات ناپەسەند و ڕەتکراوەیە و هیچ یارمەتییەک بە سەقامگیریی ئاسایش و ئەمنییەت لە ناوچەکەدا ناکات، بەڵکوو خودی دەوڵەتانی ناوچەکە، کە چ لەبواری نەتەوەیی و چ لە بواری مەزهەبییەوە، خەڵکی غەززە و بەگشتی فەلەستین بە بەشێک لە خۆیان دەزانن، ڕوانگەو بۆچوونەکانی ئەم ڕێژیمە نەک بە "چارەسەر" نازانن، بەڵکوو بە قەیرانخوڵقێن و ئاڵۆزکەر لە قەڵەم دەدەم. لە دوایین کۆبوونەوەی وڵاتانی ئیسلامیدا کە ڕۆژی شەممە لە ڕیازی پێتەختی عەرەبستانی سعوودی بەڕێوە چوو، سەرۆککۆماری چەفیە لە مل و"دەستوپابووسی حەماس"ی کۆماری ئیسلامی، بە ڕیزکردنی ١٠ خاڵی بە قەولی خۆی "چارەسەر" بۆ دۆخی غەززە، ڕوانگە و بۆچوونەکانی ڕێژیمەکەی خستە ڕوو. قسەکانی ناوبراو کە جیا لە دژایەتی و دوژمنایەتی لەگەڵ ئیسرائیل و پێداهەڵگوتن بە حەماس و خۆبەخەمخۆرزانینی بەدرۆی خەڵکی غەززە، شتێکی دیکەی تێدا نەبوو، لەلایەن وڵاتانی ئیسلامیی بە زۆرینە



سەرچاوە Serchawe

عەرەبەوە چووکترین بایەخی پێ نەدرا. لە کۆتاییدا نێوەرۆکی بەیاننامەی کۆبوونەوەکە دەریخست کە نەخشەڕێگاکانی سەرۆککۆماری ئێران بۆ چارەسەرکردنی دۆخی ناوچەکە، کەمترین شوێنی لەسەر هەڵوێستی وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبیی ناوچەکەدا بووە.

ئاکامی ئەم سیاسەتانەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەکە و تەرخانکردنی سەروەت و سامانی خەڵکی وڵات بۆ پشتیوانی لە گرووپە نیابەتییەکان کە پێی وایە دەتوانێ بە بەکارهێنانیان، ئەمریکا و هێزە هاوپەیمانەکان تووشی تەنگژە بکات، تا ئێستا جیا لە لەهەژاریداهێشتنەوەی خەڵکی وڵات و خۆتەریکخستنەوە، بەرهەمێکی ئەوتۆی نەبووە. درێژەدان بەم سیاسەت و کردەوانە - بەتایبەت لە دۆخی ئێستادا - کە پێناچێت کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بە کردەوە زیاتری لێ بچنە پێش، بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی، محەممەد جەوادی زەریف، وەزیری دەرەوەی پێشووی ڕێژیم، لە پێشدا چارەنووسێکی تاڵ و تاریکی بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و کاربەدەستانی ئەم نیزامە دەبێت.

**٢٢ی خەزەڵوەری ٢٧٢٣**

---



سەرچاوە Serchawe

## درەوشانەوەی بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا



"ساڵڕۆژی شەهیدبوونی ڕۆڵەکانمانە لە شۆڕشی ژینادا. شەهیدبوونیان پیرۆز بێت، ڕێگایان بەردەوامە. ئێمە دایکانی شۆڕش بە هیچ جۆرێک لە خوێنی ڕۆڵەکانمان ناگوزەرێین. تا دوا هەناسەمان دادخواهی خوێنی بەناحەقرژاوی ڕۆڵەکانمانین بە دەستی ڕێژیمی جمهووریی ئیسلامی ئێرانەوە. ڕێگای شەهیدەکانمان پڕ ڕێبوار بێت. ناسرەوین، نابەزین، سەردەکەوین."

ئەمە قسەی دایکی یەکێک لە شەهیدەکانی شۆڕشی ژینایە کە لە ساڵڕۆژی شەهیدبوونی کوڕەکەی و کۆمەڵێک لە شەهیدەکانی دیکەدا و لە کۆڕێکی دایکانی شەهیدانی شۆڕشی ژینادا کردنی. بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەگشتی لەگەڵ ئەوەی یاد و بیرەوەریی شەهیدانی ڕێی ئازادی و سەربەستی لەبیر ناکەن، بە باوەڕەوە شانازی بە خۆیان و ئەو ڕێگایەوە دەکەن لە ئەوان گیانیان لەپێناویدا بەخت کردوە. ئەوان لەبیری ناکەن کە ڕێژیمێکی سەرکوتکەری دژبە ماف و ئازادییەکانی خەڵکی ئێران و کوردستان، "بەناحەق" خوێنی ڕۆڵەکانی ئەوانیان ڕشت و هەروا بەئاسانیش نەتەنیا لە خوێنی ڕۆڵەکانیان چاوپۆشی ناکەن، بەڵکوو لێپرسینەوە و بەدواداچوون دەکەن و کۆماری ئیسلامی ئێران بە بکوژی ڕۆڵەکانیان دەزانن. بنەماڵەی شەهیدان و خەڵکی کوردستان کە دەرکیان بە ماهییەتی دژیگەلیبوونی ئەم ڕێژیمە و وڵامدەرنەبوونی بەرانبەر بە ویست و داخوازی و "دادخواهی" کردوە، نەسرەوتن و نەبەزینیان وەک تەنیا ڕێگای

سەرکەوتن هەڵبژاردوە و بە دەنگێکی بەرز دەیڵێینەوە "ناسرەوین، نابەزین، تا سەردەکەوین."

مانگی خەزەڵوەری ساڵی ١٤٠١ هەتاوی (ساڵی پار) بۆ کوردستان لوتکەی ڕاپەڕینێکی مافخوازانەی جەماوەریی پڕ لە گیانفیدایی بوو، لەم مانگەدا گشت شەقامی شارەکانی کوردستان جمەی دەهات لە ئیرادەیەکی یەکگرتووانەی جەماوەری. خەڵکی کوردستان لە درێژەی ڕەوتی شۆڕشی ژینادا و لە مانگی خەزەڵوەردا شەقامەکانیان کردبوو بە سەنگەرێکی جەماوەری دژ بە سیاسەتی سەرکوت و دیکتاتۆری. شەقامەکانی کوردستان هیوا و هومێدێکی دیکەی بە شۆڕشەکە بەخشیبوو. شار و ناوچەکانی دیکەی ئێران بە چاوی هومێدەوە لە کوردستانیان دەڕوانی و کوردستان بۆ تاران و شارەکانی دیکەی وڵات ببوو بە "چاو و چرا". هەر لە تاران و شارەکانی دیکەوە ئاواتیان بە ئیرادەی بەرز و یەکگرتووانەی کوردستان دەخواست و لەو باوەڕەدابوون کە "ئەگەر شوێنی نیشتەجێبوونی ئەوانیش وەک کوردستان بێت، ئێران دەبێتە گوڵستان". کوردستان ببووە وێردی سەر زاران و ئاواتی شاران.

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە نەتەنیا قەت چاوی بینینی کورد و کوردستانی نەبووە و بە پێی سیاسەتی دژیگەلیانەی هەمیشە هەوڵی ناشیرین نیشاندانی ئەم خاک و نەتەوە هوشیار و مافخوازەی داوە، بە ئاشکرا دەیدیت کە کورد و کوردستان بۆتە کلاسی شۆڕش و نموونەیەک بۆ دەربازبوونی هەمیشەیی لەژێر سێبەری ڕەشی ئەودا. بۆیە ڕێژیم لە نیوەی هەمان مانگی خەزەڵوەردا ماشێنی سەرکوت و کوشتاری خۆی خستەکار و بە وەڕێخستنی دەیان هەزار هێزی سەرکوتکەر لە شوێنەکانی دیکەوە هێرشیان هێنایە سەر شۆڕشگێڕانی سەر شەقامەکانی کوردستان و لە ماوەی دوو حەوتوودا بە سەدان کەسیان لە لاوانی بەهەست و دڵ پڕلە هیوا و هومێدی ئەم نیشتمانە لە شارە جیاجیاکانی کوردستاندا شەهید و بریندار کرد.

لە ساڵڕۆژی شەهیدبوونی ئەم شەهیدانەی شۆڕشی ژینادا، دامودەزگا ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم ئیزنیان نەدا بنەماڵەکانیان و خەڵک بە ئامادەبوونیان لەسەر گڵکۆی شەهیدەکان، ڕێوڕەسمی یادکردنەوەیان بۆ بگرن. بەڵام بنەماڵە ئازا و چاونەترسەکانیان بە کۆبوونەوە لە دەوری یەکتر، بەپۆشینی جلوبەرگی تایبەت و سیمبولیک و بە کەڵکوەرگرتن لە هێما نەتەوەیی و تایبەتییەکانی وەک ئاڵای کوردستان، جامانە و هەوری، یاد و بیرەوەریی شەهیدەکانیان بەرز ڕاگرت.

ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم لە ماوەی یەکساڵی ڕابردوودا بە دەیان جار بە زمانی هەڕەشە و گوڕەشەوە هەوڵیان داوە، بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا بێدەنگ بکەن؛ پێیان گوتوون مافی ئەوەیان نیە لەسەر گڵکۆی شەهیدەکان کۆڕوکۆبوونەوە بکەن، پێیان وتوون ئەگەر فیلم و ویدیۆی ڕێوڕەسمەکانیان بۆ میدیاکان بنێرن و بڵاویان بکەنەوە لێپرسینەوەی توندیان لەگەڵ دەکەن، هەڕەشەیان لێ کراوە کە نابێ وەک بنەماڵەی شەهیدان لە دەوری یەک کۆببنەوە و وتار بدەن و سروود و گۆرانی بڵێن، تەنانەت هێندێکیان بانگ کردوون و تەماحی ماددی و ئیمتیازی جۆراوجۆری وەبەر ناون کە شەهیدبوونی

شەهیدەکانیان بۆ جۆرێکی دیکە و پێچەوانەی ئەوەی بووە باس بکەن و بگێڕنەوە. بەڵام ئەوەی لە ماوەی یەک ساڵ و چەند مانگی ڕابردوودا لە کەس و کار و بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا بینراوە و بیستراوە، درەوشانەوەیەکی پڕ لە شانازی و شکۆیە.

ڕەفتار و هەڵوێستی بنەماڵەی شەهیدانی شۆڕشی ژینا لە شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا جێگە و پێگەی تایبەتی خۆی هەیە. لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا و بەتایبەت لەو قۆناغەدا کە کپی و ڕاوەستانێک بە شۆڕشەکەوە دەبیندرا و بەرەی "ئۆپۆزیسیۆنی فرسەتەڵەبی ئێرانی" لە فازی بێهیواکردنی خەڵکدا بوو، ئەوە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان بوون کە بە پێکهێنانی کۆڕ و کۆبوونەوە و ڕاوەستان بەرانبەر بە هەڵوێست و سیاسەتەکانی ڕێژیم، لە هەوڵی زیندووڕاگرتنی شۆڕش و دڕدان بە کەشی ناهومێدیدا بوون.

لەم پێوەندییەدا جێی خۆیەتی تایبەتی ئافەرین بنێرین بۆ ئەو دایک و خوشک و ژنانەی وەک کەس و کاری شەهیدان لە ڕیزی پێشەوەی ئەم هەڵوێستانەدا بوون و بە ڕەفتار و دەرکەوتنی ژیرانە و تەژی لە پەیامی تایبەتیان بۆ دۆست و دوژمن، لە شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" دا وەک شایانی خۆیانە درەوشانەوە.

٢٨ی خەزەڵوەری ٢٧٢٣

---

## کۆماری ئیسلامی و دژایەتیی لەگەڵ وەستاندنی شەڕ و ئازادکردنی دیلەکان




لە ڕەوتی چەند ڕۆژەی ڕاوەستانی شەڕی نێوان ئیسرائیل و حەماس و ئاڵوگۆڕی دیلەکانی ئیسرائیلی و فەلەستینی، بۆ جارێکی دیکە سیاسەتی ئاژەوەنانەوە و شەڕەنگێزانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕووی ڕاستەقینەی دەرخستەوە. بە پێچەوانەی ئیدیعاکانی وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی، هەوڵەکانی ئێران نەک بۆ سەقامگیرکردنی ئاسایش و ئەمنیەتی ناوچەکە و ڕاگرتنی شەڕ لە غەززە نییە و نەبووە، بەڵکوو ستراتیژیی نەگۆڕی ئەم ڕێژیمە پەرەدان بە شەڕ و توندوتیژی و نائەمنکردنی ناوچەکە و درێژکردنەوەی شەڕی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکان بووە.

ئەمیرعەبدوڵڵاهیان، وەزیری دەرەوەی ئێران کە ئەو ماوەیە زۆرترین دیدار و چاوپێکەوتنی لەگەڵ بەرپرسانی حەماس و حیزبوڵڵای لوبنان و هێز و گرووپەکانی دیکەی ژێر چەتری پشتیوانیی ڕێژیمەکەی لە ناوچەکەدا بووە، لە زۆربەی دانیشتنە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا ئیدێعای دەکرد "وڵاتەکەی و بەتایبەت تیمە دیپلۆماتیکەکەی ئەو، هەوڵیان کەمکردنەوەی ئاڵۆزی و ناکۆکییەکان، ڕاگرتنی شەڕ لە غەززە و دواجار سەقامگیرکردنی ئاسایش و ئەمنیەتی سەقامگیر لە ناوچەکەدایە". بەڵام وەک دوور لە چاوەڕوانی نەبوو، لە درێژەی ڕەوتی وەستاندنی کاتیی شەڕ لە غەززە و ئاڵوگۆڕی دیلەکانی ئیسرائیل و فەلەستین بە نێوبژیوانیی دەوڵەتی قەتەر و ڕێکخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتی، کۆماری ئیسلامی بەکردەوە هەموو هەوڵێکی دا ئەم ڕێککەوتنە شکست پێ بێنێ. جارێ هەر لە سەرەتاوە نەقڵانەی ئەوەیان بوو کە گوایا

ئیسرائیل لە دەقەی نەوەددا ئەم ڕێککەوتنە پێشێل دەکات و مل ناداتە ئالوگۆڕی دیلەکان! کە شەڕ ڕاوەستا و دیلەکان گۆڕدرانەوە، دەستە دیار و شەڕەنگێزەکانی بەستراوە بە تاران، بە هێرشکردنەسەر کەشتییەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا و کردنەئامانجی بنکەکانی ئەمریکا لە عێراق و سوورییە لەلایەن هێزە نیابەتییەکانەوە، هەوڵیان دا ئیسرائیل بۆ پاشگەزبوونەوە لە ڕێککەوتن لەسەر وەستانی شەڕ و گۆڕینەوەی دیلەکانیان بخانە ژێر گوشارەوە. دوای درێژکردنەوەی دوو ڕۆژی دیکەی وەستاندنی شەڕ و درێژەدان بە گۆڕینەوەی دیلەکان کە دەرکەوت پیلانەکانی تاران سەری نەگرت، میدیاکانی سەر بە ڕێژیم هەر ئەوەیان بۆ مایەوە بڵێن "ڕاوەستانی شەڕ و ملدانی ناتانیاهۆ بۆ گۆڕینەوەی دیلەکان، نیشانەی سەرکەوتنی بەرەی مقاومەت و شکستی ئیسرائیل و ئامریکایە!"

لە ماهییەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا کە "شەڕ بە نێعمەتی ئیلاهی" تەعبیر و پێناسە کراوە و ڕاگرتن و کۆتایی پێهێنانی، ڕاست بە مانای "خواردنەوە و فڕکردنی ژارە"، هەوڵدان بۆ ئاشتی و پاراستنی گیانی ئینسانەکان و ئازادکردنی دیلەکانی شەڕ و ڕزگارکردنی وڵات لە شەڕ، هیچ مانا و واتایەکی نییە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە دوای ساڵێک لە هاتنەسەرکاری هێرشی کردە سەر باڵوێزخانەی ئەمریکا لە تاران و بە دەیان کەس لە کارمەندانی ئامریکایی بۆ ماوەی ٤٤٤ ڕۆژ بەبارمتە گرت و هەموو ڕێوشوێنێکی مرۆیی و جیهانیی خستەژێرپێ، تازە شەرمی لە ڕێزنەگرتن لە گیانی ئینسانەکان و لێکەوتەکانی شەڕێکی ماڵوێرانکەری وەک شەڕی غەززە، شکاوە. ئەم ڕێژیمە کە لەسەر بنەمای تێفکرینە شەڕەنگێزییەکانی خومەینی و "بەنێعمەتزانینی شەڕ"، شەڕێکی هەشت ساڵەی پڕ لە تێچووی ئینسانی و ئابووری و ژێربەنایی بەسەر وڵاتدا سەپاند و چارەنووسی زۆربەی دیلەکانی دەستی ڕێژیمی ئەوکاتی عێراقی بە "ئارەزووی شەهادەت" و تەماحوەبەرنانی دیلە عێراقییەکان بۆ پەیوەستبوونی زۆرەملێیان بە سپای بەدر و بەگژداکردنەوەی وڵاتی خۆیان سپارد، زۆر سەیر دەبێ چارەنووسی نەک دیلەکانی ئێسرائیل، تەنانەت دیلە فەلەستینییەکانیشی بۆ گرینگ بێت!

هەوڵە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکان بۆ ڕاگرتنی شەڕی نێوان ئیسرائیل و حەماس لە غەززە و گۆڕینەوەی دیلەکانی هەر دوولا دەتوانێ نیشانەیەکی باش و سەرەتایەک بێت بۆ کەمکردنەوەی شەڕ و پێکدادانەکان؛ ئەگەرچی بەرپرسانی ئیسرائیلی باس لە دەستپێکردنەوەی هێرشەکانیان بۆ سەر هێزەکانی حەماس دەکەن و وەک خۆیان دەڵێن لەسەر کۆتاییهێنان بە حەماس سوور و پێداگرن و پێیان وایە تەنیا بە نەمانی حەماسە غەززە دەتوانێ لە داهاتوودا ڕووی ئارامی و سەقامگیری بەخۆیەوە ببینێ. بەڵام وەک هەموو لایەک بە دەوڵەتان و نەتەوە جیاجیاکانەوە لێی ئاگادارن و بەباشی دەیزانن، هۆکار و ماکەی سەرەکیی بەشی زۆری شەڕ و نائەمنییەکانی ناوچەکە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. ڕێژیمێک کە نەتەنیا نوێنەرایەتیی خەڵکی وڵات ناکات، بەڵکوو بەهۆی ئەم سیاسەتە شەڕئەنگێزانەیەوە، ٨٠ میلیۆن کەسی لە ئێران بە بارمتە

گرتــووە و ســەروەت و ســامانە زۆر زەوەنــدەکەیانی لە پشــتیوانیکردن لە گــرووپە نیابەتییەکــانی و قەیرانخــوڵقێنی و نائەمنکردنی ناوچەکەدا خەرج دەکات.

**٧ی سەرماوەزی ٢٧٢٣**

---

# شەڕی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خەڵک و پیلانی ئاسایبوونی سەرکوت




کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر تەنیا ئیسرائیل و ئەمریکا و ڕۆژاوا و هێز و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن بە دوژمن و نەیاری خۆی نازانێ، بەڵکوو خەڵکی ئێران بە هەموو پێکهاتەکانیەوە وەک دوژمن سەیر دەکات و بەکردەوەش شەڕی بەدژ ڕاگەیاندوون. ئەوەندەی ئەم ڕێژیمە و دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی هەڕەشە و مەترسین بۆ سەر خەڵکی ئەم وڵاتە، هیچکات نیوئەوەندەش خەڵک هەڕەشە و مەترسیی دەرەکییان بۆسەر خۆیان هەست پێ نەکردوە. تەنانەت ئەوکاتانەش کە لە ڕەوتی شەڕی هەشت ساڵە لەگەڵ عێراقدا کوشتن و وێرانییان بەسەردا سەپێنرا، دیسان هۆکار و سەبەبی هەموو ئەم کوشتار و ماڵوێرانیانە، هەر سیاسەتە شەڕئەنگێزەکانی ئەم ڕێژیمە تینوو بە خوێن و ئاشق بەشەڕە بوو.

شەڕی کۆماری ئیسلامی دژبە گەلانی ئێران بەدرێژایی تەمەنی ئەم ڕێژیمە درێژەی هەبووە و لە ئێستاشدا ڕۆژانە خەڵک جیا لە هەڵگرتنی باری قورسی ژیان و گوزەرانێکی پڕ لە هەژاری، گیانیان لێ دەستێندرێ. شەڕی کۆماری ئیسلامی دژبە خەڵک فرەچەشنە؛ لە بەرتەسکردنی ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان، کۆنترۆڵی جموجۆڵی ڕۆژانەی خەڵک، لەهەژاریدا هێشتنەوەیان و هەوڵدان بۆ دابڕاندنیان لە دنیای ئازاد و زانیارییەکانەوە بگرە تا دەستبەسەرکردن، داسەپاندنی حوکمی قورسی نارەوا و کوشتنی سیستماتیکیان بە شێوە و بیانووی جۆراوجۆر.

شەڕی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خەڵک ڕۆژانە خوێن و قوربانی وەردەگرێ؛ ژنان و کچانی وڵات تەنیا بە تاوانی دەرکەوتنی بسک و پرچیان ئەوپەڕی بێڕێزییان پێ دەکری و وەها دەستیان لێ دەوەشێندرێ کە وەک ژینا و ئارمیتا گیان دەدەن، خەڵکی ڕەخنەگر و بەندییە سیاسی حوکمی قورس و گرانی ناڕەوایان بەسەردا دەسەپێندرێ و لە کۆتاییدا بەگۆترە و لەسەر مەیلی بێدادگاکانی ڕێژیم پەتی سێدارەکان بۆ هەڵدەخرێ و گیانیان لێ دەستێندرێ. کوشتنی بەئەنقەستی کاسبکارە بێدەرەتانەکانی کوردستان و بەلوچستانیش بەتاوانی کۆڵبەری و سوختبەری لایەنێکی دیکەی جینایەتەکانی ئەو ڕێژیمەن. بۆ سەرلماندی ئەم ئدیعایانە تەنیا لە سەر لەسێدارەدانی زیندانیان و کوشتنی کۆڵبەران ئاماژە بە ئاماری دوو ڕێکخرای "هەنگاو" و "ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەلاتی کوردستان" دەکەین:

"تەنیا لە مانگی نوامبری ئەمساڵدا ١٢٢ زیندانی لە زیندانەکانی سەرتاسەری ئێراندا لە سێدارە دراون کە بە بەراورد لەگەڵ مانگی پێشووتر نیواونیو زیاتر بەرزبوونەوەی بەخۆوە بینیوە." لە پێوەندی لەگەڵ کوشتنی کۆڵبەران لە کوردستانیشدا؛ تەنیا لە ماوەی دوو مانگ و دە ڕۆژی پاییزی ئەمساڵدا ١٣٥ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان دراونەتە بەر دەستڕێژ کە ١٢ کەس لەوان کوژراون. بە واتایەک تەنیا بەپێی ئەم دوو ڕاپۆرتە، لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا ٢٥٧ ئینسان لە لە لایەن سیستەمی سەرکوت و مرۆڤکوژی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە گیانیان لێ ئەستێندراوە کە زۆربەیان کوردن.

ئەوەیکە کۆماری ئیسلامی ئێران ٤٤ ساڵە لەگەڵ خەڵکی ئێران و کوردستان لەشەڕدایە و ڕۆژ نییە خوێنی خەڵکی ئەم وڵاتە نەڕێژێ، سەلماندنی زۆر ئاسانە. بەڵام ڕوویەکی دیکەی ئەم شەڕە کە ڕۆژانە قوربانیی لێ دەکەوێتەوە و تا کۆماری ئیسلامی ئێران لە دەسەڵاتدا بێت درێژەی دەبێ، ئاسایبوونی ئەم قوربانیوەرگرتن و قوربانیدانەیە! لەلایەک کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕێگای بردنەسەرەوەی ڕێژە و ژمارەی قوربانییەکان هەوڵی ئاساییکردنەوەی ئەم دیاردەیەی داوە و لەلایەکی دیکەوە پێدەچێ کۆمەڵگەش ئەم قوربانیدانەی بەلاوە ئاسایی بووبێتەوە کە ئەمەی دووهەمیان ئەگەر کەمتەرخەمبوونی تاک و کۆیەکانی کۆمەڵگەی ئێران نەبێت، بێگومان هۆکارەکەی دیکەی دەتوانێ زۆر زەرەرمەند و مەترسیدار بێت کە ڕەوایی بە کردەوەی هێزی سەرکوتی ئەم ڕێژیمە ناڕەوایە بدات.

کۆماری ئیسلامی و ئیدئۆلۆژییە نەخۆش و تینووبەخوێنەکەی، ٤٤ ساڵە سەلماندوویەتی ئەوەی بۆی گرینگ نەبێت؛ ماف و کەرامەت و گیانی ئینسانەکانە. هەر لە کوشتنی کیانی پیرفەلەک و ژیناوە بگرە تا کوشتنی هونەرمەندی ناوداری سینما، داریوش مێهرجوویی و بێحورمەتیکردن بە پیرەپیاوێکی ٩٠ ساڵەی وەک مامۆستا خدر قادری (خلە دەرزی). ئەوە ماهییەت و نیوەرۆکی ئەم ڕێژیمە و کاربەدەستە پیاوکوژەکانیەتی.

بەڵام کەمتەرخەمیی کۆمەڵگەش بەرانبەر بەم سەرکوتکاریانە، جێی تێڕامان و لێبوردبوونەوەیە. ڕاستە هێزی سەرکوتی ڕێژیم دڕندانە و بێبەزەییانە بەرانبەر بە هەر نارەزایەتییەک دەجوڵێتەوە و سەرکوت دەکات. بەڵام بەدڵنیاییەوە تاکەهێز کە بتوانێ و توانیویەتی پاشەکشە بەم سەرکوتکاریانە بگرێت، هەر هەڵوێستی یەکگرتووانەی جەماوەریی خەڵکە کە ڕێژیم لێی تۆقیوە.

خەڵک لە ئێران و کوردستان وەک لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا بەرانبەر بە کوشتنی کچێکی بێتاوانی وەک ژینا سەلماندیان کە بەرانبەر بە گیانی ڕۆڵەکانیان، نەتەنیا کەمتەرخەم نین، بەڵکوو دەتوانن تەخت و بەختی ئەم ڕێژیمەی پێ وەلەرزین بخەن، پێویستە وێڕای پاراستنی یەکگرتوویان، دژکردەوەیان بەرانبەر بە تاوانکارییانی ئەم ڕێژیمە هەبێت. کۆمەڵگەی زیندووی کوردستان نابێ ئیزن بدا کۆماری ئیسلامی مەرگ و کوشتنی خەڵکی وڵاتەکەمان بە دەستی هێز و ناوەندە سەرکوتکەرەکانی ئاسایی بکاتەوە. کەمتەرخەمبوونی کۆمەڵگە بەرانبەر بەم هەموو جینایەتانەی ڕێژیم، بەتایبەت لە دۆخی ئێستادا کە خودی ڕێژیم هەوڵ دەدات هەموو سەرنجی بیروڕای گشتی بەلای شەڕی ئیسرائیل و حەماس و شەڕ لە غەززەدا بەرێت، دەستی ڕێژیم لە سەرکوتکاری و جینایەتی زیاتر ئاوەڵا دەکاتەوە. بۆیە لەسەر هەموو حیزبە سیاسییەکانی ئێران و کوردستان و کۆمەڵگەی مەدەنی لە نێوخۆی وڵات و گشت چین و توێژەکانی کوردستانە کە پێش بە پیلانی ئاساییکردنەوەی سەرکوت لە وڵات بگرن و پاشەکشە بە سیاسەتی سەرکوت و مرۆڤکوژیی کۆماری ئیسلامی بکەن.

١٧ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

---

# ترسی ڕێژیم لە ناوڕەمزێک، "ژینا"



ڕۆژی هەینیی ڕابردوو (١٧ی سەرماوەزی ١٤٠٢) دایک و باوک و برای جوانەمەرگ، ژینا ئەمینی کە بە مەبەستی بەشداریی لە ڕێوڕەسمی پێشکەشکردنی خەڵاتی ساخارۆف بە بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی و ژینا دەیانەویست بەرەو وڵاتی فەڕانسە سەفەر بکەن، لە فرۆکەخانەی خومەینی لە شاری تاران پێیان ڕاگەیەندرا کە چوونەدەر لە وڵاتیان لێ قەدەغە کراوە. کاتێک کە کاک ئەمجەدی ئەمینی، باوکی ژینا بەدواداچوون بۆ ئەم بڕیارە دەکات، دەردەکەوێت بڕیارەکە هی وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕێژیمە و ئەم بنەماڵەیە تا ڕێکەوتی ٣٠ی بەفرانبار ئیزنی چوونەدەر لە ئێرانیان پێنادرێ. ئەوە لە کاتێکدایە کە هیچ ناوەندێکی یاسایی پێوەندیدار لەو بارەو پێشتر هیچ ڕوونکردنەوە و بڕیارێکی ئەوتۆیان بە بنەماڵەی ئەمینی ڕانەگەیاندوە.

وەک لە ڕاگەیەندراوەکەی باوکی ژینا لەم پێوەندییەدا هاتووە، جیا لەوەیکە ئەوانە باوک و دایکی ژینا ئەمینین، هیچ هۆکارێکی دیکە بۆ قەدەغەبوونی سەفەری دەرەوەی وڵاتی ئەوان نیە و نەبووە. بەڵام وەک موژگان خاتوونی دایکی ژینا لە پەیامێکی ئینستاگرامیدا نووسیبووی، "ئەوانە چەندە کاڵفامن کە نازانن لەگەڵ هەر خۆرهەڵاتنێک دیسان لەگەڵ ناوی ژینا چیان پێ دەکرێ؟"

کۆماری ئیسلامی ئێران و ئێستا کە وەزارەتی ئیتلاعاتی ئەم ڕێژیمە وەها بڕیارێکی داوە، دیارە کە چەندە لە پەیامی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی کە بە ناوی ژینا و بە کارەساتێک کە بەسەر ژینادا هێندرا دەستی پێ کرد، دەترسن و لێی هەراسانن. ئەوان باش دەزانن دوای کوشتنی ژینا و سەرهەڵدانی جەماوەریی بزووتنەوەی ژن، ژیان ئازادی، پێگەی بنەماڵەی ژینا ئەمینی و ژینا و ئارمیتا و کیان و خودانوورەکان چ پێگەیەکی مەعنەوی لە بیروڕای گشتیی خەڵکی وڵات و جیهاندا وەرگرتوە. بۆیە لە حزووری ئەم کەسانە لە ڕێوڕەسمی خەڵاتێکی جیهانیی بە بزووتنەوەیەکی ڕەوا دەترسن. بزووتنەوەیەک کە تەخت و بەختی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە تەواویەتی خۆیدا لە مەرگ و ڕووخان نزیکتر لە هەمیشە کردەوە.


کۆماری ئیسلامیی ئێران و وەزارەتی بەدناو و سەرکوتکەری ئیتلاعات کە ماوەیەکی زەمانیی دیاریکراویان بۆ پێشگرتن لە سەفەری بنەماڵەی ژینا بۆ دەرەوەی وڵات دیاریکردوە، پێیان وایە دەتوانن بە پێشگرتن لە حزووری دایک و باوکی ژینا لە ڕێوڕەسمی پێشکەشکردنی ئەم خەڵاتە، دەتوانن لە ئەهمییەت و گرینگیی ئەم خەڵاتە و پەیامەکانی کە پشتیوانی لە بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلانی ئێران و ڕەوایی بەخشینی زیاتر بە بزووتنەوەی ژینایە، کەم بکەنەوە. کاڵفامبوونی ئەم ڕێژیمە هاوکات لەگەڵ بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی پێشکەشکردنی خەڵاتی نوبڵی ئاشتی بە خانمی نەرگسی محەممەدی زیاتر دەردەکەوێ کە، لە کاتێکدا خودی وەرگری خەڵاتەکە، نەرگس خۆی لە زیندانە، کەچی ڕێوڕەسمێکی بەو شێوە بەشکۆیەی بۆ بەڕێوەدەچێ کە دوێنێ یەکشەممە لە ئۆسلۆی پێتەختی وڵاتی نۆرویژ بەڕێوەچوو. ڕێوڕەسمێک کە لە نەبوونی حزووری نەرگس محەممەدی و بەندکردنی لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا، بە دەیان و سەدان کەس لە کەسایەتییە ناودارە بیانی و ئێرانییەکان تیایدا بەشدار بوون و ماهییەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانی تێدا ترۆ کرا.

کاتێک کە جێگری یەکەمی دادستانی گشتیی شاری تاران، لە وڵامی ناڕەزایەتیدەربڕینی باوکی ژینا ئەمینیدا دەڵێت، بڕیاری قەدەغەکردنی سەفەرەکەیان لەلایەن وەزارەتی ئیتلاعاتەوە دراوە، چ شتێک دەمێنێتەوە بۆ وتن جیا لە بەتاڵبوونی جێگە و پێگەی یاسا لەم نیزامە نایاساییەدا. وەزارەتی ئیتلاعاتی ڕێژیم بە پێی کام ڕێوشوێنی یاسایی دەتوانێ بڕیارێکی ئەوتۆ بدات؟! ئەم بڕیارە لەلایەن وەزارەتی ئیتلاعاتەوە، جیا لەوەیکە سەلمێنەری نایاساییبوونی خودی بڕیارەکە و لە ئەساسدا بەهیچگرتنی یاسا لەم نیزامەدایە، دەرخەری جۆری تێڕوانینی ڕێژیم بۆ بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلانی ئێران بەتایبەت بزووتنەوەی ژینایە. ڕوانینێکی تەواو ئەمنیەتی کە دەستی هەموو دامودەزگا ئەمنیەتی و سەرکوتکەرەکان بۆ لێدان و کپکردنی بە ئاوەڵەیی دەهێڵێتەوە. ڕوانینەکە بە کورتی ئەمەیە کە؛ ئەم بزووتنەوە مافخوازانەیە – هەڵبەت بە قەولی ڕێژیم ئێغتشاش و ئاژاوانە – دەسکردی ئیستکباری جیهانی و عەواملی دەرەوەی وڵاتن و پێویستە بە شێوەی سەخت بەرخوردیان لەگەڵ بکرێ. کەوابوو هیچ پێوەندییەکی بە ئەمری سیاسی و ناوەندە سیاسی و دەوڵەتییەکانەوە نیە و ئەرکی کۆتاییپێهێنان و سەرکوتکردنی دەکەوێتە سەر ناوەندە ئەمنییەتییەکانی وەک وەزارەتی ئیتلاعات!

بەڵام ڕاست بە پێچەوانەی ڕوانگە و خوێندنەوەکانی ڕێژیم، بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلانی ئێران و بەتایبەت بزووتنەوەی نوێی خەڵکی وڵات، بزووتنەوەی ژینا، هەڵقوڵای هەناوی کۆمەڵگەی ئێران و پەیامەکەشی لە ئێستادا تەواو ڕوونە؛ تێپەڕین لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بنیاتنانی ئێرانێکی ئازاد و دێموکراتیک. بە خۆشییەوە بزووتنەوەکەش لە ئاستی کۆڕوکۆمەڵی جیهانیدا خاوەنی پشتیوانییە و دانی خەڵاتی ساخارۆف بە ژینا ئەمینی و بزووتنەوەی ژن، ژیان ئازادی و پێشکەشکردنی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی بە نەرگس محەممەدیش، سەلمێنەری ئەم واقعیەتەیە.

٢٠ی سەرماوەزی ٢٧٢٣

# تەقینەوەکانی کرمان و ماهییەتی بەتاڵی کۆماری ئیسلامی




کۆماری ئیسلامیی ئێران کە دەرووبەری خۆی پڕ کردووە لە دوژمنی فەرزی و واقعی و، "دوژمن" یەکێک لە کۆدڕەمزەکانی ڕێبەری ئەم ڕێژیمە بۆ سەرکوتکاری و بەگژداچوونەوەی جیابیران و خەڵکی ناڕازی لەم نیزامەیە، ئێستا لە ڕیزبەندیی دوژمنەکانیشیدا تووشی گرفت بووە. هەر لە یەکەم ساتەکانی تەقینەوەکانی ڕێوڕەسمی ساڵمەرگی قاسمی سولەیمانی لە کرماندا، لە فەرماندەی سپای پاسدرانەوە بگرە تا سەرۆککۆمار و خودی جەنابی خامنەیی، گوتیان هیچ گومانی تێدا نیە کە کاری ئیسرائیل و ئەمریکایە. کەچی ڕۆژێک دواتر، داعش تەقینەوەکانی وەئەستۆ گرت و ڕایگەیاند کە دوو خۆکوژی جیهادی کارەکەیان کردوە. وەک بڵێی کاربەدەستانی ڕێژیم زۆریان پێ ناخۆش بێت کە داعش تەقینەوەکانی گرتبێتە ئەستۆ، دەستبەجێ وەزارەتی ئیتلاعات و سپای پاسداران لە دوو ڕاگەیاندراوی جیادا، گوتیانەوە کە "سرویسە سیخوڕییەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا بە بەکارهێنانی داعش" تەقینەوەکانیان ئەنجام داوە.

دوو ڕۆژ دواتر کە هێندێک مۆرەی دیکەی وەک؛ کچی قاسمی سولەیمانی، عەلەمولهودای نوێنەری خامنەیی لە مەشهەد. حەسەن خومەینی نەوەی خومەینی و زۆرێک لە جەنابانی دیکە لەو بارەوە قسەیان کرد، گومانی ئەوەیکە تەقینەوەکان کاری خودی دەزگا ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم بێت، زیاتر پەرەی سەند.

کچی قاسمی سولەیمانی غایببوونی خۆی لە ڕێوڕەسمەکە خستە ئەستۆی باوکی و گوتی کە "حاج قاسم" هاتۆتە خەوی و پێی گوتووە "پێویست ناکات ئەمساڵ بێیە سەر قەبری من"! ئەوەی خومەینی گوتی - یان وا باشتروایە بڵێین پێیان ڕاسپاردبوو بڵێ– کە ئەو خوێنانەی لە کرمان ڕژان، دەبنە هۆی ئاسایش و ئەمنیەتی وڵات و یەکگرتوویی لەنێو کۆمەڵگەدا زیاتر دەکەن!! دواتر خودی میدیاکانی ڕێژیم بڵاویان کردوە کە زۆربەی ئەوانەی لە ئاکامی تەقینەوەکانی کرماندا کوژراون، منداڵە مەدرەسەیین و بەبێ ئەوەی باوک و دایکیان ئاگادار کرابێتنەوە لە قوتابخانەوە بۆ بەشداریی ڕێورەسمەکە هێندراون.

کۆماری ئیسلامی ئێران کە ٤٤ ساڵە بە دوژمنسازی، هەوڵی ئەوەیە تاوانی هەموو شکست و بێتواناییەکی خۆی لە بوارە جیاجیاکانی ئابووری، سیاسی و ئەمنیەتی بخاتە ئەستۆی یەکێک لەو دوژمنانەی کە خۆی بۆ وەها ڕۆژێکی ساز کردوون، لەمەیاندا بەتەواوەتی تێدا ماوەتەوە. خەڵک چیدیکە باوەڕ بە درۆی کاربەدەستانی ڕێژیم ناکەن و بۆیان دەرکەوتوە کە ئەم دەسەڵاتە زۆر لەوە جینایەتکارترە کە گیان و ماڵی خەڵکی بۆ گرینگ بێت. لە ڕەوتی خستنەخوارەوەی هەواپەیما ئۆکراینییەکەدا بۆ داپۆشینی بێتواناییەکانی خۆی بەرانبەر بەو دوژمنانەی کە ٤٤ ساڵە "مرگ بر"یان بۆ دەنێرێ، دەرکەوت کە ئەم ڕێژیمە چەندە بەلایەوە ئاسانە بۆ خۆدزینەوە لە بێتوانایی لە بەجێگەیاندنی درووشمی "انتقام سخت" و بەلاڕێدابردنی بیروڕای خەڵک، ١٧٠ کەس لە خەڵکی وڵات بکاتە قوربانی. هەروەها لە ڕوتی شۆڕشی ژینادا هەموو لایەک دیتیان کە ژوورە پیلانگێڕییەکانی سپا و ناوەندە ئەمنییەتییەکان چۆن بە کۆدی "تجزیەطلبی" و تاوانبارکردنی شۆڕشگێڕانی سەر شەقامەکان بە دەستوپێوەندی "استکبار جهانی"، شۆڕشی هێمنانەی خەڵکی ئێران و کوردستانیان خەڵتانی خوێن کرد.
چڕبوونەوەی بیروڕای گشتیی خەڵک لەسەر پەرەسەندنی ئەگەری ئەوەیکە تەقینەوەکان سیناریوی خودی ڕێژیم بن و هەروەها ڕەخنەی بەشێک لە چالاکانی سیاسیی جیابیر لە نێوخۆی وڵات لەسەر بۆشایی ئەمنیەتیی لە وڵات، کاربەدەستانی ڕێژیمی ناچار بە پاساوهێنانەوە و ژێستی بەرگریکارانە کرد. بۆیە ڕۆژێک دوای کۆبوونەوەی تایبەتی "شورای ئەمنیەتی میللی"ی ڕێژیم لە سەر تەقینەوەکانی کرمان، لێدوانی کاربەدەستانی سیاسی و ئەمنیەتی کەوتە فازێکی دیکەوە. ناوەندە ئەمنیەتییەکان کە وەزیفەیان لەسەر پاراستنی گیان و ماڵی هاووڵاتیان لە مێژە لەژێر عەلامەتی پرسیاردایە، بە خۆهەڵکیشان و درۆکردن دەیانهەوێ وا بنوێنن کە ئەوەی لە کرمان ڕووی داوە، بەشێکی چووکە لە پیلانێکی گەورەترە کە توانیویانە پووچەڵی بکەنەوە. لەم پێوەندییەدا ڕێکخراوی قەزایی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم لە کرمان ڕایگەیاند؛ دوژمن پلانی بۆ تەقاندنەوەی ٦٤ بۆمب لە سەرانسەری وڵاتدا هەبووە کە پوچەڵ کراونەتەوە و بەڕێوەبەرانیان دەستبەسەر کراون. لە لایەکی دیکەوە وەزارەتی ئیتلاعات ڕایگەیاند کە ئەوانەی تەقینەوەکەی کرمانیان بەڕێوە بردووە لە شەش پارێزگای ئێرانەوە ساپۆرت و هاوکاری کراون و ١١ کەس لە هاوکارەکانیان دەستبەسەر کراون.

ئەم لێدوان و فڕوفیشاڵانەی کاربەدەستە دەوڵەتی و ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم کە بەرهەمی جۆری مودیرییەتی تەقینەوەکانی

کرمان لە لایەن شوڕای ئەمنیەتی میللییەوەیە، بەشێکی بۆ پاساوهێنانەوەی ئەو بۆشاییە ئەمنیەتییەیە کە لە کرماندا بەڕوونی خۆی دەرخست و بەشێکیشی بۆ ترساندنی خەڵک لە هەڕەشەیەکی خەیاڵییە کە گوایا ئەگەر هێزە ئەمنییەتییەکان نەتوانن کۆنترۆڵی بکەن، زیانی بۆ خەڵک و وڵات دەبێت.

گومانی تێدا نییە کە تەنانەت خودی کاربەدەستانی ڕێژیم و ناوەندە باڵا و بڕیاربەدەستەکانی وەک شورای ئەمنیەتی میللی کە ڕاستەوخۆ لە لایەن خامنەییەوە چاودێری دەکرێ، تێگەیشتوون کە خەڵک هەستی بەم سیناریۆسازییانە کردوە و، دەشزانن کە خەڵک گاڵتەیان بە ئیدیعای "انتقام سخت"ی کاربەدەستانی ڕێژیم دێت. بۆیە هەم شوڕای ئەمنیەتی میللی و هەم بەیتی عەلی خامنەیی و بەگشتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران کە ئیدیعای "انتقام سخت" نەک لەسەر دوژمنانی جۆراوجۆری سازکراویان، لەسەر خەڵکی وڵات هەر جارەو بەجۆرێک تاقی دەکەنەوە، لە بیرو زەینی خەڵکدا دەسەڵاتێکی ڕەشی بەتاڵ لە ماهییەتی ئینسانییە.

۱۸ی بەفرانباری ۲۷۲۳

## کوردستان لەسەر پێیە



لە ڕەوتی شۆڕشی ژیناوە تا بە ئەمڕۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هەموو جۆرێک و لە هەر ڕێگایەکەوە بۆی کرابێ هەوڵی داوە، بیروڕای گشتیی خەڵکی ئێران بەرانبەر بە کوردستان و بزووتنەوە ڕەواکەی بشێوێنێ. ئەم سیاسەتەی ڕێژیمیش لە تۆڵەکردنەوە لە کورد و ڕۆڵی پێشەنگایەتیی کوردستان لە بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادییەوە دێت.

دوای سەرهەڵدان و ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی کوردستان بەرانبەر بە کوشتنی ژینا ئەمینی، زۆری نەخایەند درووشمی "کوردستان، کوردستان پشتیوانیت لێ دەکەین" شەقامی شارەکانی ئێرانی تەنییەوە و درووشمی ژن، ژیان، ئازادی بوو بە هاوار و درووشمی سەدان هەزار خۆپێشاندەری غەیرە کورد. کوردستان بوو بە سەردێری هەواڵی میدیاکان و کورد لە مانشێتی ڕۆژنامەکاندا بوو بە ڕەمزی گۆڕانکارییەکی قووڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئێران.

بەپێچەوانەی سیاسەت و پیلانی دەسەڵاتی ناوەندگەرای کۆماری ئیسلامی کە چوار دەیەیە جیا لە ئینکاری قەزیەی کورد، هەموو هەوڵێکی ئەوە بووە پێکهاتە نەتەوەییەکانی دیکەی ئێران لە کورد بکاتە دوژمن و دژبەیەک هانیان بدات، لە شۆڕشی ژینادا ئەوە پێکهاتەکانی دیکەی ئێران بوون کە پشتیوانیی خۆیان لە کوردستان دەربڕی. کۆماری ئیسلامی کە ڕەنجبەخەسار و دۆڕاوی ئەم مەیدانە بوو، بەترس لە درێژەکێشانی ئەم ڕەوتە، دیسان کەوتەوە پیلانگێڕی دژبە کوردستان و

وەحشیانە و بێبەزەییانە هێرشی کردە سەر شەقامەکانی کوردستان و بە دەیان کەس لە لاوانی ئەم نیشتمانەی خەڵتانی خوێن کرد و هێرشی مووشەکیی کردە سەر حیزبەکانی کوردستان.

خەڵکی کوردستان و لایەنە سیاسییەکان و لەسەروویانەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕەپێشگرتنی ڕەفتاری درووست و سیاسەتی دەروەستانە، پیلانە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمیان پووچەڵ کردوە. کۆماری ئیسلامی کە بە ڕاوەستانی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی، پێی وایە توانیویەتی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی ئێران و کوردستان بۆ هەمیشە کپ بکات، لەو ماوەیەدا دەبێ بەباشی بۆی دەرکەوتبێ کە خەڵک لەم ڕێژیمە تێپەڕیون و لەهەر مەجالێک بۆ گەیاندنی بێزاری و ناڕەزایەتیی خۆیان لەم نیزامە کەڵک وەردەگرن؛ کچان و ژنانی وڵات سەرەڕای دنیایەک بەربەستی جۆراوجۆری مەیدانی کە ڕۆژانە جموجۆڵ و ڕەفتاریان کۆنترۆڵ دەکەن، ئێستاش ئازایانە بە لابردنی سەرپۆش و سەبکی ڕەفتاریی خۆیان و بە شێوازی دیکە، دژایەتیی خۆیان لەگەڵ نێوەڕۆکی ئەم نیزامە کۆنەپەرەستە دەردەبڕن. خوێندکارانی وڵات بە خستنەژێر پرسیاری بیروبۆچوونی دواکەوتوانەی نوێنەرانی دەسەڵات لە زانکۆکان و گوێنەدان بە یاسا و ڕێسا پاشکەوتووەکانی داسەپاو بەسەر سیستەمی پەروەردە و زانکۆکاندا، وەک بەشێکی زیندوو لە بزووتنەوەی سەرانسەریی وڵات لە مەیدان دان. کۆمەڵگەی ئەدەبی، هونەری و فەرهەنگیی کوردستان هەرکام لە حەوزە و بەستێنی کاری خۆیاندا بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی جەماوەریی جۆراوجۆر، پارێزگاری لە کولتوورێک دەکەن کە تێفکرین و ئایدۆلۆژیی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕەت دەکاتەوە و نیشان دەدەن کە کولتووری پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ئەم وڵاتە، نەتەنیا تەقالیدی کۆنەپەرەستانە ئەم ڕێژیمە نامۆیە ناگرێتە خۆی، بەڵکوو دژایەتیی لەگەڵدا دەکات.

لە کوردستان کە بەگوێرەی بوونی پاشخانێکی دەوڵەمەند لە کاری سیاسی، ڕێکخراوەیی و مەدەنی، کۆمەڵگەی مەدەنی تیایدا لەسەرپێترە، خاوەنداریێتی و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی تیایدا ڕۆژلەگەڵڕۆژ لەگەشە دایە. خاوەنداریێتی لە ژینگەی نیشتمان، پارێزگاری لە زمان و کلتووری نەتەوایەتی و ڕێزگرتن لە کەسایەتیی و پیشەنگانی بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کوردەواری و هەستکردنی زیاتر بە زەروورەتی یەکیەتیی و یەکگرتوویی، کوردستانی زیاتر لە هەمیشە کردۆتە کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراو و لەسەرپێ.

کچان و کوڕانی نیشتمان بە دەستی بەتاڵ و تەنیا بە هەستکردن بە بەرپرساربوونیان بەرانبەر بەو خاکەی تیایدا دەژین، بە پشتیوانیکردن لە ڕێکخراوە ژینگەپارێزەکان، خەریکی پاراستنی نیشتمانەکەیانن. بەشێکی دیکەیان لە شار و ناوچەکانی کوردستان بەبێ هیچ چاوەڕوانییەک و لەسەر هەزینەی خۆیان، پێشمەرگەی زمان و کولتووری کوردەوارین و لە ڕێگای دانانی فێرگەکانەوە پارێزگاری لە زمانی کوردی دەکەن.

لە لایەکی دیکەوە ئەمڕۆژانە کەسانی وەک زارا محەممەدی و سەیوانی هاوسەری، بەندیخانەکانیان کردۆتە بەشێک لە سەنگەری بزووتنەوەی شوناسخوازانەی گەلەکەیان. ئەوان وەک باوکی سەیوان ئیبراهیمی لە کاتی بەڕێکردنی کوڕەکەیدا بۆ بەندیخانە گوتی؛ "هیچ کەند و کۆسپ و سەرکوت و پیلانێک نەیتوانیوە خۆشەویستیی نیشتمانیان لە دڵ دەربێنێ."

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران کە تا ئێستاش وەک نموونە؛ بە درووستکردنی فیلمێکی بێنێوەرۆک و پڕ لە درۆ و چەواشەکاریی وەک "چشمان بیدار بمو"، هەموو هەوڵێکی ئەوەیە کورد و بزووتنەوە ڕەواکەی و حیزبە خۆشەویست و خاوەن پێگەکەی، وەک بۆ خۆی دەیەوێ ناشیرین وێنا بکات، دەبێ باش زانیبێتی کە کوردستان لەسەر پێیە و ئەوەی ئەمڕۆ بەلای زۆرینەی خەڵکی ئێران و کوردستانەوە دزێو و بێ داهاتوویە؛ ڕێک دەسەڵات و ڕێژیمەکەی خۆیانە.

٢٠ی بەفرانباری ٢٧٢٣

## ڕێژێمێک کە جیا لە هاشاوڵی دەورووبەر هیچی بۆ نەمابێتەوە!



سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران شەوی سێشەممە لەسەر چوارشەممەی ڕابردوو لە سێ سەکۆی مووشەکهاوێژی جیاوازەوە هێرشی مۆشەکی و درۆنیی کردە سەر سێ وڵاتی دراوسیی خۆی و ناوچە کە بریتین لە: عێراق (هەرێمی باشووری کوردستان)، سووریە و پاکستان. سپای پاسداران کە ئەم هێرشانەی بە تۆڵەکردنەوە لە تەقینەوەکانی کرمان، هێرش بۆ سەر پایگاکانی لە ڕاسکی سیستان و بەلوچستان و کوژرانی چەند مۆرەیەکی لە سوریە پاساو دایەوە، ڕایگەیاند کە ئەم هێرشانە بە دەستوور و فەرمانی ڕاستەوخۆی، عەلی خامنەیی بەڕێوە چوون.

ئەوەی کە ئیدیعاکانی سپای پاسداران و بەرپرسانی ڕێژیم بۆ پاساوهێنانەوەی ئەم هێرشە مووشەکییانە چەندە ڕاست و نزیک لە واقعیەتن، لانیکەم بەنیسبەت هەرێمی کوردستان و بوونی شوێنی سیخوڕی و پیلانگێڕی دژ بە ئێران لە هەولێر، جیا لە درۆ و بوختان شتێکی دیکە نیە. بەڵام ئەوەی ئامانجی ئەم وتارەیە خوێندنەوە بۆ دیوێکی دیکەی ئەم هەوڵە تێرۆریستیانەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە دەکرێ لە دوو ئاستی دەرەکی و نێوخۆییدا قسەی لەسەر بکرێ.

لە دوای شەڕی نێوان ئیسرائیل و حەماس کە کۆماری ئیسلامی لەوانەیە بیری لەو ئاستە لە دژکردەوەی دەوڵەتی ناتانیاهۆ بەرانبەر بە هێرشی ١٥ی ئۆکتۆبری حەماس بۆسەر خەڵکی سڤیلی ئیسرائیل نەدەکردەوە، ڕەوتی ڕووداوەکان بە قازانجی

کۆماری ئیسلامی نەچوونە پێشێ. سەرمایەگوزاریی چەندین ساڵەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر حەماس و پرسی غەززە کە بە درۆ بە ناوی "پشتیوانی لە قەزییەی فەلەستین"، سەروەت و سامانی خەڵکی ئێرانیان تێدا خەرج دەکرد، بە خۆتەبرەئەکردن لە کردەوەکانی حەماس، مایەبۆچ دەرچوو؛ غەززە بە زیاتر لە ٢٠هەزار کوژراو، دەیان هەزار بریندار و سەدان هەزار ئاوارەوە، بوو بە وێرانەیەکی تەواو.

لە درێژەی ئەم شەڕ و ئاڵۆزیانەدا کە کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای گرووپە نیابەتییەکانەوە لەهەوڵی بەرفراوانکردنی شەڕەکەدا بوو، هەنگاو بە هەنگاو؛ لە سووریە و عێراق بە کوژرانی دەیان کەس لە پلەدارەکانی سپای پاسداران و تێداچوونی چەند کەسێک لە سەرکردەکانی لایەنە شیعەکان و لە یەمەن بە هێرشی ئاسمانیی ئەرتەشی ئەمریکا و هاوپەیمانەکان بۆ سەر حووسییەکان، بەکردەوە ئاچمەز کرا. لە لایەکی دیکەوە رووسیە کە بە هاوپەیمانی ئیستراتێژی ئێران دەناسرێ، لە مەسەلەی سێ دوڕگەی کەنداودا کە ئێران ئیدیعای خاوەندارێتیان دەکات، دانی بە خوێندنەوەی وڵاتانی عەرەبیدا نا و نەک هەر پشتی کۆماری ئیسلامیی چۆڵ کرد، بەڵکوو چووکەترین وڵامدانەوەی بە هات و هاواری بەرپرسانی ڕێژیم نەبوو.

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە پێی وابوو "گەردەلوولی ئەقسا" کۆتایی بە پرۆسەی ئاساییکردنەوەی وڵاتانی عەرەبی، بەتایبەت عەرەبستان لەگەڵ ئیسرائیل دەهێنێ و بەگرتنەپێشی ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ ڕیاز دەتوانێ خۆی بە شەریکی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ناوچەکە بزانێ و لەم ڕێگایەوە قورسایی گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ئورووپایی لەسەر خۆی کەم بکاتەوە، ئەم پلانەشی لێ بوویە بڵقی سەر ئاو. لە بەشداریکردنیدا بۆ کۆبوونەوەی هاوکاریی وڵاتانی ئیسلامی لە ڕیاز کە تایبەت بە ئاڵۆزییەکانی ئیسرائیل و حەماس بوو، ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرۆکۆماری ئێران کە پێی وابوو دەبێ بۆچون و هەڵوێستەکانی کۆماری ئیسلامی ببنە هەوێنی بڕیارنامەی کۆتایی کۆبوونەوە، بەڵام بڕیارنامەکە بەبێ ئەوەی چووکەترین سەرنجی جەنابیان و ڕێژیمەکەی تێدا بێت، باسی لە کۆتایی شەڕ و چارەسەری کێشەکان لە ڕێگای ئاشتیخوازانەوە کرد.

لە ئاستی نێوخۆییدا بەرەی خەڵک دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە پەرەئەستاندن و خۆرێکخستن بۆ خۆدەرخستنی جیدی لە هەر دەرفەتێکی گونجاو دایە. کۆماری ئیسلامیش لە تەواویەتی خۆیدا داماڵدراو لە مەشرووعیەتی سیاسی و بەڕێوەبەریی، نەتەنیا توانای کەمکردنەوەی کەلێنی نێوان خۆی و خەڵکی نییە، بەڵکوو بەپێچەوانەی هەموو ئەو ئیدیعایانەی لەسەر پاراستنی ئەمنیەتی نێوخۆی وڵات و دوورخستنەوەی شەڕ بۆ ئەو دیو سنوورەکانی ئێرانی دەکرد، لە قەزیەی تەقینەوەکانی کرماندا دەکەوت، کە لەو بەستێنەشدا چەندە بێدەسەلات و لاوازە.

ڕێژیمێک کە پێگەی لەنێو خەڵکی وڵاتەکەیدا ئەوەندە لاواز و بێئایەندە بێت و بە پێچەوانەی ئیدیعای سەرداره کارتۆنییەکانی لە قووڵایی خاکەکەیدا تەقینەوەی وەک ئەوانەی کرمان بکرێت و بکەرانی بتوانن بە ئاسانی سنوورەکان ببڕن و پێشتریش بە تۆن زانیاری لە ناوەندە ئەتۆمییەکانیەوە چوبێتە دەرەوە و لە ئاستی ناوچەکە و سیاسەتی "صدور انقلاب"ەکەیدا ئاوا مایەپووچ دەرچووبێ و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا پێناسەی شەڕئەنگێزانەی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی جیهانی وەرگرتبێ، جیا لە هاشاوڵ و پەلاماردانی ئەم و ئەو چ ڕێگایەکی بۆ دەمێنێتەوە؟!

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە وەزیری دەرەوەی لە کۆبوونەوەکانی دوێنێی داڤۆسدا ئەم هێرشە تێرۆریستیانەی بە پاراستنی خەڵکی وڵات! لە قەڵەم دەدا، بەشێک لە ئامانجەکانی لەم کردەوانە، خۆدەربازکردن لە ترسی سەرهەڵدانی خەڵک دژبە خۆی و بۆ شاردنەوەی بێتوانایی خۆی بەرانبەر بە ئیرادەی مافخوازانەی خەڵکە. خەڵکێک کە بە هۆی ئەم ڕێژیمەوە وڵاتەکەی لێبۆتە زیندانێکی گەورە و تیایدا بەهەژاری و بێئازادی دەژی، بەڵام بڕیار و هەڵوێستی بۆ تێپەڕین لەم نیزامە جیدی و لێبڕاوانەیە.

هێرشی مووشەکیی سپای پاسداران بۆ سەر خاکی وڵاتانی دەوروبەر، لەوانەیە بۆ ماوەیەکی کورتخایەن، وریەک وەبەر لایەنگرانی ڕێژیم و بەتایبەت هێزە سەرکوتکەرە ئەمنیەتییەکانی بێنێ و پێیان وابێ و وەک دەڵێن؛ "هێزی مووشەکیی ناوچەکە"ن، بەڵام وەک هەموو کەسێکی ئاگادار لە پێگەی ئەم ڕێژیمە لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات، زۆر ناخایەنێ ئەوانیش بۆیان دەردەکەوێ و دەبیینن کە ئەم پەلامار و هاشاوڵبردنانە لە ترس و پێگەی نەبوویەتی.

۲۸ی بەفرانباری ۲۷۲۳

## هەڵبژاردنەکانی مەجلیس بکەینە دەرفەتێک بۆ (نا)گوتنەوە بە کۆماری ئیسلامی




١١ی ڕەشەممەی ئەمساڵ، دوازدەهەمین خولی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەڕێوە دەچێت. لە ٢٥ هەزار کەسی خۆبەربژێرکردوو، ١٤ هەزار کەسیان لە لایەن شورای نیگانانەوە ڕەدی سەلاحییەت کراون کە لەنێویاندا چەندین کەس لە نوێنەرانی ئێستای مەجلیس دەبیندرێ کە زۆربەشیان کەسانی سەر بە ڕەوتی ناسراو بە "اصلاح طلب" و "اعتدال گرا"ن.

ئەم هەڵبژاردنە هەم بۆ ڕێژیم و لایەنگرانی و هەم بۆ خەڵک و لایەنە ئازادیخوازەکانی وڵات جێی سەرنج و گرینگی‌پێدانە. بەتایبەت دوای شۆڕشی ژینا و بەرینتربوونی مەودای نێوان خەڵک و دەسەڵات ئەم پرسە سیاسییە، وێستگەیەکی تاقیکاری و مەیدانێکی دیکەی ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵک دژ ە دەسەڵاتی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامییە. بۆیە خامنەیی لە دوو قسەکردنیدا تا ئێستا بەداماوییەوە داوای لە خەڵک کردوە "بۆ پاراستنی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری بکەن". تەنانەت جاری دووهەم کە وێدەچێ دەرکی بە بەشدارینەکردنی خەڵک لە هەڵبژاردنەکان و هەروەها هاوهەڵوێستیی لایەنە سیاسییەکانی نێوخۆ لەگەڵ خەڵک کردوە، ئەمجارەیان بە هەڕەشەوە گوتی: "ئەوەی بەشداری لەهەڵبژاردنەکاندا نەکات، دوژمنی نیزامی کۆماری ئیسلامییە."

بەڵام ئەوەندەی پێوەندی بە هەڵوێستی خەڵک و ڕەفتاری چین و توێژەکانی کۆمەڵگەوە هەبێت، لەگەڵ ئەوەیکە مەجلیسی کۆماری ئیسلامیی ئێران شوێنی نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵک نەبووە و نییە، لانیکەم لە هەلومەرجی ئێستای بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵک دژبە کۆماری ئیسلامی و بەتایبەت بەدوای ڕووداوەکانی یەکساڵی ڕابردوودا، خەڵک بە تێپەڕبوون لە تەواوەتیی ئەم ڕێژیمە، نەتەنیا بیر لە ماهییەتی ئەم مەجلیسە بێخاسییەتە و نوێنەرە هیچ لەدەستنەهاتووەکانی ناکاتەوە، بەڵکوو بە نەچوونە سەر سندوقەکانی دەنگدان، بەشداری لە کەمپەینی گوتن بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا دەکات.

خەڵک و کۆماری ئیسلامیی ئێران بەتایبەت لە ماوەی یەکساڵ وچەند مانگی ڕابردوو و لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا، مەسەلەی خۆیان لەگەڵ یەکتر یەکلا کردۆتەوە. ڕێژیم بە هێرش و پەلاماری دڕندانەی بۆ سەر شەقامەکانی وڵات و بەڕێوەبردنی سیاسەتی ڕەشەکوژی، سەرکوت، گرتن، ئەشکەنجە، داسەپاندنی حوکمی قورس و لەسێدارەدان، وەک هەمیشە سەلماندی کە گوێ نادات ویست و داخوازییەکانی خەڵک و نارەزایەتییەکانیان بە پیلانی دوژمنان و "استکبار جهانی" دەزانێت. بەرەی خەڵکیش بەتایبەت نەسڵی نوێی کۆمەڵگەی ئێران بە سەرجەم چین و توێژ و پێکهاتە نەتەوەییەکانیەوە، بە بەرزکردنەوەی درووشمەکانی "مەرگ و بۆ دیکتاتۆر" و "نەمان بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران" و "اصلاح طلب، اصولگرا، دیگە تمامە ماجرا"، کۆتا قسەی خۆیان لەگەڵ ئەم ڕێژیمە کردوە. کەوایە گەڕانەوەی خەڵک بۆ بەشداریکردن لەم هەڵبژاردنانە هیچ مانا و مەفهومێکی نییە و نابێت.

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە هەموو کەرەسەیەکی دەسەڵاتی لەدەست خۆیدا قەبزە کردوە و هیچ ڕێگایەکی بۆ دەربڕینی دەنگ و ڕەنگی جیاوازی خەڵک نەهێشتۆتەوە، لەم هەڵبژاردنانەدا ئەوەی زۆری بۆ گرینگ بێ، پێشاندانی ئاپۆرای بەشداریی خەڵک لەسەر سندوقەکانە، نەک ئەوەی لە ئاکامی دەنگدانی خەڵکدا چ کەسێک ڕێی دەکەوێتە مەجلیس. چونکی ئەوەی شوڕای نیگابان بۆ کاندیدبوون هێشتوویەتەوە، فەرق ناکات کێیان لەسەر کام کورسیی مەجلیس دابنیشێ. بۆ نیشاندانی ئەم شانۆگەرییەش ئەوەندەی خەڵکی گوێلەمست و دەستوپێوەند هەیە کە لە چەند شوێنێک کامێرایان لەسەر زووم بکات و مەشرووعیەتی نەبووی خۆی پێوە نیشان بدات. کەوابوو مەبەستی لە نەچوونە سەر سندوقەکانی دەنگدان، دەبێ لە بازنەیەکی بەرفراوانتری هەڵوێستگرتنی خەڵکدا ببیندرێ و لێکدانەوەی بۆ بکرێ.

بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە هەموو پێکهاتە مەزهەبی و نەتەوەییەکان، حیزبە سیاسییەکانی بەرەی ئۆپۆزیسیۆن لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات و بەتایبەت ڕێکخراوە مەدەنییەکانی نێوخۆی وڵات پێویستە لە جووڵەیەکی جەماوەریی یەکگرتووانەدا، وێڕای هەڵگرتنی پەیامێکی هاوبەش بە نێوەرۆکی "تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی"، بە نەچوونەسەر سندوقەکانی دەنگدان، سیاسەتی بایکۆتی چالاک بگرنەبەر. لەم پێوەندییەدا پێویستە وریای پیلانە

جۆراوجۆرەکانی ڕێژیم؛ وەک کەڵکوەرگرتن لە هەستی عەشیرەیی، تایفەگەرایی و مەزهەبی و... بەمەبەستی بازاڕگەرمیی هەڵبژاردنەکان بین و ئیزن نەدرێ دوبەرەکی و چەند بەرەکی بخرێتە نێو ڕیزەکانی خەڵکەوە. بۆ ئەم مەبەستە دەکرێ تۆڕە کۆمەڵاتییەکان ببێتە ئامرازێکی بەکەڵک و یارمەتیدەر بۆ بیروڕاگۆڕینەوە لەسەر چۆنیەتیی لەقاودانی سیاسەت و پیلانەکانی ڕێژیم. هەر لەم پێوەندییەدا دیسان پێویستە وریای پیلانەکانی هێزی سایبێریی ڕێژیم و ژوورە ڕەشەکانی پیلانگێڕی بین کە یەکگرتوویی چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە نێو پێکهاتە جیاوازەکان و بۆچوونە سیاسییەکان، تێک نەدەن.

با لەم دەرفەتە (هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ڕێژیم) کەلک وەربگرین و بۆ جارێکی دیکە وێڕای نیشاندانی یەکگرتوویی خۆمان لە هەموو ئاستەکانی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، حیزبە سیاسییەکان، کۆمەڵگەی مەدەنی و سەرجەم کۆمەڵانی خەڵکی ئێران، قۆناغێکی دیکە لە بەرەنگاری و گوتن بە دەسەڵاتی خۆسەپێن و نادێموکراتیک و دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامیی ئێران، تۆمار بکەین.

٥ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣

---

## سیمای کۆمەڵگەیەکی بەهەڵوێست، ئەمجارەیان لە سەقزەوە



ڕۆژی هەینی، ٦ی ڕێبەندانی ١٤٠٢ی هەتاوی بە هەزاران کەس لە خەڵکی شاری سەقز و وەرزشوانان و زۆرێک لە خەڵکی شارەکانی دیکەی کوردستان، بە بەشدارییان لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی وەرزشوانی جوانەمەرگی شارەکە، فەریار ئەمینیپوور، نیشانە و تەعبیرێکی دیکەی ئەمرۆییان لە هەڵوێست و ڕەفتاری کۆمەڵگەی کوردستان تۆمار کرد. هەڵوێست و ڕەفتارێکی جەماوەریی وەک ئەوەی لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی تەرمی ژینا ئەمنیدا شۆڕشێکی گەورەی سەرانسەریی لە ئێران و کوردستاندا لێکەوتەوە. گۆڕستانی ئایچی بۆ جارێکی دیکە بوویەوە بە مەکۆ و گۆڕەپانی کۆبوونەوەی هەزاران کەس لە خەڵکی شاری سەقز و شارەکانی دیکەی کوردستان کە بە درووشم و ڕەفتارەکانیان، ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی ژینا ئەمینی هەر لەم گۆڕستانە لە ٢٦ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوییان بیر خستینەوە.

خەڵک بە ڕێزگرتن لە ڕۆڵەیەکی وەرزشوانی گەلەکەیان کە وێڕای بەدەستهێنانی چەندین خەڵاتی پاڵەوانی بۆ خۆی، یانەکەی، شارەکەی و گەلەکەی کە بەداخەوە لە ڕووداوێکی هاتوچۆدا لە وڵاتی تایلەند گیانی لەدەست دابوو، لە کەرنەڤاڵێکی جەماوەریدا کە هەموو چین و توێژەکان تیایدا بەشدار بوون هاواریان کردەوە؛ "هەتا کوردێک بمێنێ، کوردستانیش دەمێنێ."

هەر ئەم خەڵکە کە ساڵێک و چەند مانگ پێش ئێستا، ئیستارتی مودێرنترین شۆڕشی جەماوەریی سەرشەقامەکانی کوردستانیان لێدا و درووشمی "ژن، ژیان، ئازادی"یان کردە هەوێنی بزووتنەوەیەکی بەرینی سیاسی - کۆمەڵایەتی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە تەواویەتی خۆیدا تووشی چاڵش و پووکانەوە کرد، دیسان و لە دەرفەتێکی دیکەدا ڕێکخراوتر لە جاران پەیامی "بەردەوامی" و "زیندووبوون"ی کۆمەڵگەی کوردستانیان بڵاوکردەوە.

دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە پێیوابوو بە کوشتن و کوێرکردنی هەزاران کەس لە لاوانی بەرهەڵستکاری سەر شەقامەکانی ئێران و کوردستان و دەستبەسەرکردنی دەیانهەزارانیان و لەسێدارەدانی چەندین کەسیان دەتوانێ ئەم ناڕەزایەتییانە سەرکوت و کپ بکات، ئێستا دەبێ دوای ناڕەزایەتیی بەردەوامی خانەنشینان و کۆبوونەوە جەماوەرییەکانی خەڵکی کوردستان بەتایبەت لە شارەکانی شنۆ، نەغەدە و سەقز، بۆی دەرکەوتبێ کە خراپ لە ئیرادەی مافخوازانەی خەڵک تێگەیشتووە.

کۆبوونەوە جەماوەرییەکەی ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی کاکە فەریار لە سەقز، وێڕای سەرنجدان بە شێوازی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکە، بەشداریی بەرچاوی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بەتایبەت بەشداریی بەرچاوی مامۆستایانی ئایینی، ژنان و کچان و وەرشوانان، نێوەڕۆکی پەیام و درووشمەکان و کەڵکوەرگرتن لە هێما و سەمبولە تایبەتەکان و گوڵبارانکردنی گۆڕی ژینای ئەمینی، سەلماندنییەوە کە کۆمەڵگەی کوردستان لە هەڵبژاردنی ڕێگا درووستەکە، لێبڕاو و جدییە.

ڕێگای کۆمەڵگەی کودستان؛ یەکگرتوویی و بەجەماوەریکردنی خەباتێکی مافخوازانەی دوور و درێژە. لەم خەباتەدا کۆمەڵگە بە ئاستێکی بەرز لە شعووری نەتەوەیی گەیشتووە و بەکەڵکوەرگرتن لە ئامراز و بەستێنە ئەمرۆییەکان و، ڕێکخستنی ڕەفتارە بڵاوەکان لە چوارچێوەی ڕەفتارێکی گشتگیری جەماوەریدا کە هەوێنەکەی هەستکردن بە زەروورەتی یەکێتی و یەکگرتوویییە، بزووتنەوەیەکی جەماوەری لێ ساز دەبێ. بزووتنەوەیەک کە تاکەکانی کۆمەڵگە تیایدا؛ بە خۆدەربازکردن لە "کەمتەرخەمی" و "بێتەفاوەتی" خۆیان لە بەرانبەر پرسە گشتییەکاندا بە"بەرپرسیار" دەزانن و لە بەستێنێکی بەرینی زەینیی هاوچارەنووس لەگەڵ یەکتردا، خۆیان لە مەیدانی عەینی و بەرهەستدا پێکەوە دەبیننەوە و ڕەفتارێکی گشتی و پێکەوەیی لەخۆ نیشان دەدەن. ئەم پێکەوەیی و یەکگرتووییە کە بێگومان بەرهەمی تێگەیشتنی "تاک" لە بەرژەوەندیی هاوبەش و، دەرککردن بە هێزی یەکگرتوویی بەرانبەر بە دژبەر و، تەنیا ڕێگەی دەستبەرکردنی ماف و ئازادییەکانە، هەوێنی ئەو ڕەفتارە گشتی و جەماوەرییانەیە کە کۆمەڵگەی کوردستان لەم ساڵانەدا خەریکە بە جوانی و بە وشیارییەوە تاقییان دەکاتەوە.

تەنیا لە ماوەی دوو - سێ حەوتووی ڕابردوودا بە هۆی دوو ڕووداوی ناخۆشی؛ کەوتنە ژێر ڕنووی سێ شاخەوانی کورد لە کوێستانەکانی شنۆ و گیان لەدەستدانی وەزشوانێکی دیکەی گەلەکەمان لە شاری سەقز، ڕێورەسمی بەخاکسپاردنی ئەم سەرمایە وەرزشیانەی کوردستان بوونە گۆڕەپان و دەرفەتێک کە کۆمەڵگەی کوردستان خۆی نیشان بداتەوە. لەم خۆدەرخستنانەدا کە دەیانخوێنینەوە، بە تەواوەتی هەست بە کۆمەڵگەیەکی زیندوو، بەهەڵوێست و خاوەن پەیامی تایبەتی دەکرێ. خودی شێوازی دەرکەوتنەکان سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە کۆمەڵگەی کوردستان، لە ژێر کارتێکەریی بزووتنەوە گەورە و بەرابردووە شوناسخوازەکەی کوردستان و ڕێکخراوە مەدەنییەکان دا، کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراو و یەکانگیرە. کۆمەڵگەیەک کە سەرەڕای کارکردنی دەیان ساڵەی دەوڵەتانی ناوەندگەرای ئێرانی بۆ لێکهەڵوەشان و لەپەراوێزخستنی، بە تێپەڕین لە جیاوازییە نەریتییەکان، وەک پێکهاتەیەکی ئۆرگانیکی ڕێکخراو خۆی بەڕێوە دەبات.

لە دروستبوونی ئەم خۆبەڕێوەبەرییەدا زەروورەتی یەکێتی و یەکگرتوویی بۆ فورمولەکردنی داخوازییەکان لە چوارچێوەی ئەو درووشم و پەیام و ڕەفتارانەی لەم ڕێورەسمە جەماوەرییانەدا دەبینرێ، پاڵنەری سەرەکییە کە هەوڵدان بۆ پاراستن، پەرەپێدان و گەشەسەندنی ئەرکی هەموو تاک و کۆیەکی کۆمەڵگەی کوردستانە.

٧ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## ١١ی ڕەشەممە بۆ گەیاندنی پەیامی کۆتایی




هەڵبژاردنەکانی ١١ی ڕەشەممەی ئەمساڵ لە ئێران مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی دیکەی خەڵک و دەسەڵاتن. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەمیشە هەوڵی داوە، سەر سندوقەکانی دەنگدان وەک نموونە و نیشانەیەک بۆ شەرعییەتی خۆی لەنێو خەڵکدا دەربخات، لە حاڵێکدا نە دەنگی خەڵکی بۆ گرینگ بووە و نە بەهۆی ئەندازیاریکردنی هەڵبژاردنەکانەوە، ئیزنی داوە دەنگ و ئیرادەی خەڵک لە وێنای ڕاستەقینەی خۆیدا دەربکەوێت. لەلایەکی دیکەوە؛ بەرەی خەڵکیش سەر سندووقەکانی دەنگدانیان بۆ گرینگ بووە؛ چ ئەوکاتەی بەشدارییان کردوە و چ ئەوکاتانەی بایکۆتیان هەڵبژاردەوە و نەچوونەتە سەر سندووقەکانی دەنگدان. ئامانجی خەڵک هەمیشە ئەوە بووە کە یەک بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەتایبەت بەرەی حاکمییەت بڵێن.

ئێستا کە بە ئەندازیاریی و پیلانی بەیتی ڕێبەری و بەرەی توندئاژۆی "انقلابی"، هەموو جومگەکانی دەسەڵات بەتایبەت سێ روکنی ئەساسیی (دەوڵەت، دەزگای داد و پارڵمان) یەکدەست و خالس کراونەتەوە و، خەڵک تەنانەت هیچ مەجالێکی بۆ هەڵبژاردنی "خراپی خراپترەکان"یش نەماوەتەوە، بۆیە بایکۆتی هەڵبژاردنەکان و نەچوونەسەر سندوقەکانی دەنگدانیان هەڵبژاردوە. بەتایبەت دوای ڕووداوەکانی یەک ساڵ و نیوی ڕابردوو و بەدوای شۆڕشی ژینادا، خەڵکی ئێران و گەلانی ئازادیخوازی ئەم وڵاتە، بەرچاوتر لە هەمیشە، ڕیزی خۆیان لە ڕێژیمی دیکتاتۆر و سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی جیا

کردۆتەوە.

ڕێژیم کە بە ڕەتکردنەوەی بەلێشاوی بەربژێرەکان تەنانەت ڕەحمی بە مۆرە ئەساسی و سەرەکییەکانی خۆیشی نەکرد و بازنەی "خودی"یەکانیشی ئەوەندەیتر بەرتەسکتر کردۆتەوە، دیسان هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوەیە ئاستی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکان و حزووریان لەسەر سندووقەکلانی دەنگدان، زۆر و بەرز نیشان بدات. لەو لاشەوە جیا لە بەرەی خەڵکی ئازادیخواز و دژبەری کۆماری ئیسلامی، تەنانەت "خودی"ییەکانی سێ چوار ساڵ پێشی بازنەی ڕێژیمیش پێیانوایە؛ کۆماری ئیسلامی هیچ زەرفییەتێکی بۆ گۆڕانکاری و بەخۆداچوونەوە، تێدا نەمەوە و قسە لە تەحریمی هەڵبژاردنەکان و گەیاندنی "پەیامی کۆتایی" بە عەلی خامنەیی و تەواویەتیی ئەم ڕێژیمە دەکەن.

یەکێک لە ڕێگاکانی گەیاندنی پەیامی کۆتایی بە دەسەلات، مەیدان و ڕێگای هەڵبژاردنەکانە. هەرچەند لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا قەت هەڵبژاردنێکی ئازاد کە دەنگ و پەیامی خەڵک تیایدا وەک پێویست ڕەنگی دابێتەوە، بەڕێوە نەچووە. بەلام ئەگەر ئیرادەیەکی لێبڕاوانەی یەکگرتوو بۆ گەیاندنی پەیامی کۆتایی بە دەسەلاتدارانی تاران هەبێت، خەڵک دەتوانن هەڵبژاردنەکانی ١١ی ڕەشەممە بۆخۆیان بکەنە ئازادانەترین هەڵبژاردن و بە نەچوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان، ئازادانە پەیامی کۆتایی خۆیان کە "نەویستنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی"یە بە گوێی دیکتاتۆرانی تاران و کۆمەڵگەی جیهانییش بگەیەنن.

عەلی خامنەیی کە بەتەواوەتی هەستی بە کەمتەرخەمیی خەڵک بەرانبەر بە هەڵبژاردنەکان کردوە و لە دابەزینی حزووری خەڵک لە سەر سندووقەکانی دەنگدان دڵنیایە - هەرچەند ئامانجی هەڕەشە و گوڕەشە لە خەڵک بوو - گوتی؛ "بەشدارینەکردنی خەڵک لە هەڵبژاردنەکان، نیشانەی دژایەتی لەگەڵ نیزامی کۆماری ئیسلامییە". کەوایە دەسەلاتیش تێگەیشتوە لەوەی کە بایکۆتی سندوقەکانی دەنگدان، گەیاندنی پەیامی دژایەتیی خەڵک بەرانبەر بە دەسەلاتە. هیچ گومانی تێدا نییە کە زۆرینەی خەڵکی گەلانی ئێران بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی ١١ی ڕەشەممەدا ناکەن، بەلام ئەوەی زۆر گرینگ و کاریگەرە، ئەوەیە کە قورسایی ئەم زۆرینەیە پێویستە بە کردەوە نیشان بدرێت.

لە شۆڕشی ژینادا زۆربەی خەڵکی ناڕازی بە کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەوەی بە دڵ و باوەڕ لەگەڵ خەڵکی ڕاپەڕیوی سەر شەقامەکاندا بوون، بەلام بەکردەوە گۆشەگیر و چاولێکەر بوون، بۆیە ئەو جۆرەی کە پێویست بوو، شەقام نەیتوانی هێز و قورسایی خۆی نیشان بدات و ڕێژیم تووشی چالش و پاشەکشە بکات. بێگومان ئەگەر چینی مامناوەندی کۆمەڵگە کە هیچ باوەڕێکی بە کۆماری ئیسلامی ئێران نییە توانیبای ڕۆڵ بگێڕێ و تەنیا چاولێکەر نەبا، بە دڵنیاییەوە ناڕەزایەتییە گشتییەکانی چەند ساڵی ڕابردوو بەرینتر و لە ئامانجەکانی خۆیان پتر نزیکتر دەبوونەوە. بۆیە لە ١١ی ڕەشەممەی

ئەمساڵدا خەڵک لەبەردەم تاقیکارییەکی دیکەی مێژوویی‌دان و بۆ گەیاندنی پەیامی کۆتایی خۆیان بە کۆماری ئیسلامی ئێران، پێویستە بە ڕەفتارێکی گشتگیری یەکگرتووانە و، زۆرایەتییەکی قورس و مانادارەوە، بۆ هەمیشە ناڕەوابوونی ئەم ڕێژیمە بە هەموو جیهانیان نیشان بدەن. لەم پێوەندییەدا پێویستە کۆمەڵگەی مەدەنیی گەلانی ئێران لەگەڵ یەکتر لە پێوەندیدا بن و هەر لە ئێستاوە زێهنییەتێکی گشتی بۆ ڕەفتارێکی یەکانگیری گشتی کە نەچوونەسەر سندووقەکانی دەنگدانە، لەنێو خەڵکی ئێراندا بە گشتی ساز بکەن. حیزبە سیاسییەکان هەموو توانایان بۆ ئەم کارزارە تەرخان بکەن و کەسایەتییەکانی کۆمەڵگە لە هەموو چین و توێژە و ئاستێکدا کار لەسەر هەڵمەتی "بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی ١١ی ڕەشەممە" بکەن.

لە ١١ی ڕەشەممەی ئەمساڵدا کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ بە نیشاندانی خەڵک لەسەر سندووقەکانی دەنگدان وا نیشان بدات کە بە پێچەوانەی ئەو ئیدیعایانەی بە دژی دەکرێ، هێشتا خەڵکی لەپشتە و مەشرووعیەتی ماوە! بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو ئەندازیاری و پیلان و هەوڵانەی ڕێژیم لەم پێوەندییەدا داویەتی، پێویستە خەڵک تێکڕا و و یەکگرتووانە تەنیا بە نەچوونەسەر سندووقەکانی دەنگدان، نەتەنیا پرسیار لە سەر مەشرووعیەتی نەبووی ساز بکەن بەڵکوو پەیامی "کۆتایی‌هێنان بە دیکتاتۆر" لە مێژوویی ئەم وڵاتەدا تۆمار بکەن.

**٢٩ی ڕێبەندانی ٢٧٢٣**

## لە ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ەوە بۆ ١١ی ڕەشەمەی ١٤٠٢



ڕێکەوتی ١١ی ڕەشەممەی ١٣٥٧ی هەتاوی (٤٥ ساڵ پێش ئێستا) دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە "میتینگی سەدهەزار کەسی" لە شاری مەهاباد و لە دوای شۆڕشی ٥٧، خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی ڕاگەیاند و لە دەقێکدا بە ناوی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبەوە، هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی حیزبی ڕوو بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، هێزە سیاسییەکانی ئێران و ڕێبەرانی شۆڕش ڕاگەیاند. دوکتور قاسملوو لە قسەکانیدا وێڕای ڕەتکردنەوەی ئەو تۆمەتانەی وەک؛ "تجزیه طلبی" و "بەستراوە بە بێگانە" کە لە بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکرات درابوون و دەدران، ڕاشکاوانە باسی لە پێویستیی دێموکراتیزەکردنی دەسەڵات لە تاران و دەستەبەرکردنی مافە بەڕێوەبەرایەتی و نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان و زەروورەتی یەکگرتوویی و پووچەڵکردنەوەی پیلانی ناکۆکینانەوەی نەیاران و، لە کۆتاییدا چێکردنی ئێرانێکی ئازاد و دێموکرات کرد. هەر لەم میتینگەدا سکرتێری گشتیی حیزب ڕایگەیاند کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەو تۆمەتە ناڕەوایانەی دەدرێتە پاڵی، حاڵەتی دیفاعی بە خۆیەوە ناگرێ و نەتەنیا لە سەر داواکارییەکانی پاشگەز نابێتەوە، بەڵکوو بە هەموو هێزێکەوە هەوڵی دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان دەدات.

لە درێژەی ڕەوتی ڕووداوەکانی سەرەتای ساڵەکانی شۆڕشی ٥٧دا، هەر زوو دەرکەوت ڕێژیمی تازە بەدەسەڵاتگەیشتوو

نەتەنیا ئامادە نییە گوێ لە ویست و داخوازییە ڕەوا و دێموکراتییەکانی حیزبی دێموکرات بگرێت، بەڵکوو لەگەڵ خۆگرتنەوەی، سیاسەتی هێرش بۆسەر کوردستان و نایاسایی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی گرتە بەر و دواتر لەژێر ناوی وتووێژدا دیپلۆمات تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی دوکتور قاسملوویان تێرۆر کرد.

ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ١١ی ڕەشەممەی ١٣٥٧ی هەتاویدا لە شاری مهاباد لە چوارچێوەی میتینگێکی سیاسییدا و بە مەبەستی ئاشکراکردنی خەباتی خۆی و ئاشکرا ڕاگەیاندنی ویستەکانی خۆی بە ئامادەبوونی حەشیمەتێکی سەدهەزار کەسیی پێکهاتوو لە سەرجەم چین و توێژەکانی خەڵکی ئێران و شار و ناوچە دوور و نزیکەکانی کوردستان و نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسییەکان و ڕۆژنامەنووسان کردی، خۆ دەرخستنێکی جەماوەریی مانادار بوو.

حیزبی دێموکرات وەک ڕێکخراوێکی نەتەوەیی کە لە سەر ئەساسی ویست و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان دامەزراوە، خۆی بە ڕەوتێکی جەماوەری و خاوەن پێگەی گشتی لە کۆمەڵگەی کوردستان دەزانێ. ئەم حیزبە کە کۆماری کوردستانیشی لە کارنەڤاڵێکی جەماوەریدا لە چوارچرای مهاباد ڕاگەیاند، پشتی بە گەلی خۆی بەستووە و جەماوەریبوون بەشێک لە پێناسەی حیزبی دێموکراتە. بۆیە کارکردن لەسەر درووستکردنی هەڵوێست و ڕەفتاری گشتیی کۆمەڵگە کە جیا لە گرۆتینەبەخشین بە بزووتنەوەکە، نیشاندانی هێز و قورسایی بزووتنەوەی کوردستان بە بەردەنگە جۆراوجۆرەکانیەتی، بەشێک لە ماهییەتی کاری ڕێکخراوەیی، سیاسی و گوتاریی حیزبی دێموکراتە.

لەم پێوەندییەدا ئەوەی بۆ حیزبی دێموکرات لەسەروو هەموو شتێکەوەیە، خەڵکە. خەڵک بە مانا گشتی و جەماوەرییەکەی و ئەمەش تەنیا بە تێگەیشتن لە ویستی کۆمەڵانی خەڵک و ئاراستەکردنی لەسەر ئەساسی گەیاندنی پەیامی درووست و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی گشتی دێتە خەملاندن. بۆیە لە دوای میتینگی مهاباد، حیزبی دێموکرات بە ناسینی نێوەرۆکی ویست و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان لەلایەک و تێگەیشتن لە ماهییەتی "کۆماری ئیسلامیی ئێران" ڕێفراندۆم بۆ جۆری دەسەڵات لە ئێرانی بایکۆت کرد و کوردستان هەر لە سەرەتاوە "نا"ی بە کۆماری ئیسلامی گوت.

ئەگەر ٤٥ ساڵ پێش ئێستا نفووزی جەماوەریی حیزب و خەباتی نەتەوایەتی، قووڵایی و بەرینایی ئەمڕۆی نەبوو، و حیزبی دێموکرات توانی لە شاری مهاباد متینگێکی سەدهەزار کەسی پێک بێنێ، هیچ گومانی تێدا کە ئێستا هەم نفووزی جەماوەریی حیزب چەند هێندەی ئەو کات بەرینتر بۆتەوە و هەم بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە کوردستان پەل و پۆی زیاتری بۆ هەموو شار و ناوچەکانی نیشتمان هاویشتووە.

جەماوەرییبوونی ڕەفتار و هەڵوێستی خەڵک لە کوردستان کە لەم ١٠ بۆ ١٥ ساڵەی ڕابردوودا زیاتر لە هەمیشە لە بۆنە و

دەرفەتەکاندا دەبیندرێ، بەرهەمی گەشەی سیاسی لە کوردستان و بەرزبوونەوەی ئاستی شعوری نەتەوەیی تاکەکانی کۆمەڵی کوردەوارییە کە وێڕای دامەزراوەیی‌بوونی کاری بەکۆمەڵ و ڕێکخراوەیی لە کوردستان کە بەرهەمی حیزبە سیاسییەکانە، جۆرێک لە ڕێکخراوبوونی پێوە دیارە. لەم پێوەندییەدا ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کوردستان لە دوو دەیەی ٨٠ و ٩٠ی هەتاویدا - سەرەڕای بڕینی قۆناغی پڕ لە بەربەست و سەرکوت - ڕۆڵی کاتالیزۆریان لە بەرینبوونەوەی ڕەفتاری جەماوەری لە کۆمەڵگەی کوردستاندا گێڕاوە.

یەکێک لە وێستگە دیار و شوێندانەرەکانی دیاردەی جەماوەریی بزووتنەوەی کوردستان، شۆڕشی ژینا بوو. کوردستان لەم قۆناغە لە خەباتی نەتەوایەتی خۆیدا دژ بە دەسەڵاتی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی، سنوورەکانی خۆی بڕی و دوای خۆنیشاندانێکی جەماوەری لە سەرشەقامەکان، بۆ بەشێکی زۆر لە شار و ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش بوو بە نموونە و وەک ئۆلگوویەکی ڕەفتاری سەیری دەکرا.

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە نفووز و پێگەی جەماوەریی حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکەی لە جەماوەریبوونی ڕەفتاری خەڵک لە سەرشەقامەکان و درووشمەکانی خەڵکدا دەدەدیت، هاتە سەر ئەو باوەڕەی کە دەبێ لە ناوەندی ئەم هێز و تێفکرینە بدات، ئەوە بوو کە لەم چەند ساڵەی دواییدا بە مووشەکبارانی بنکە و بارەگاکانی حیزب چ پێش لە شۆڕشی ژینا و چ دوای شۆڕشی ژینا - بەتایبەت کە ڕیزەکانی وەسەریەک کەوتنبوونەوە و هیواوهومێدێکی لەڕادەبەدەریان بە شەقام بەخشیبوو - هەموو هەوڵێکی بۆ نەهێشتنی ئەو ئادرەسە بوو. ڕووداوەکانی یەکساڵ و نیوی ڕابردووی ڕەوتی شۆڕشی ژینا و هێرشە مووشەکی و درۆنییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەریانخست کە کوردستان لە نواندنی ڕەفتاری یەکگرتووانە و جەماوەریدا هەنگاوەکانی لێبڕاوانەتر لە جاران.

١١ی ڕەشەممەی ١٤٠٢ تازەترین و بەڵگەمەندترین ڕێکەوتە بۆ سەلماندنی ئەم ئیدیعایانە. کۆماری ئیسلامی ئێران بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو هێز و نفووزی خۆی و تەنانەت پاڕانەوەی چەندین جاری خامنەیی ڕێبەری نیزام، ویستی لە هەڵبژاردنەکانی پارلمان و خوبرەگانی ڕێبەریدا بە هاندانی خەڵک بۆ هاتنەسەر سندوقەکانی دەنگدان لە ١١ی ڕەشەممەدا، بیسەلمێنێ کە ڕەوایی لە دەست نەداوە و خەڵک وێڕای ناڕازیبوونیان دیسان دڵیان لای ئەم ڕێژیمەیە! بەڵام ئەوەی ڕووی دا بۆ ڕێژیمی کۆماری ئێران و ڕێبەر و پارلمانەکەی جیا لە ناڕەوابوونیان، ڕیسوایی و شەرمەزارییەکی مێژوویی بوو.

لە ١١ی ڕەشەممەی ١٤٠٢ی هەتاویدا زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان بە نەچوونەسەر سندوقەکانی دەنگدان و بایکۆتێکی گشتگیری هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم، بۆ جارێکی دیکە و ئەم کەڕەتەیان بەرینتر لە جاران ڕەفتارێکی دیکەی

جەماوەری و یەکگرتووانەیان تۆمار کرد. بەجۆرێک کە سایتی وەزارەتی نێوخۆی ڕێژیم تەنانەت بە پێوە زیادکردنی ڕێژەی دەنگەکانیش نەیتوانی حاشا لە سڕوساردتربوونی هەڵبژاردنەکان لە کوردستان بکات.

هێزی کوردستان لە بەردەوامیی خەڵک لە خەبات بۆ ویست و داخوازییەکانیان و یەکگرییان لە هەڵویست و ڕەفتارەکانیاندایە. ئەوەی ئەمڕۆ کۆماری ئیسلامی ئێرانی لە کوردستان هەراسانی کردوە جێکەوتنی ئەقڵیەتی ڕەفتاری گشتی و چوونە قۆناغی جەماوەریبوونی خەباتی خەڵکی کوردستانە. لەم پێوەندییەدا هێزە سیاسییەکانی کوردستان و بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لەم بارەوە ئەزموون و پاشخانێکی دەوڵەمەندی فکری و کردارییان هەیە، پێویستە بە دەرکێکی درووست لە ڕۆحی سەردەم و تێگەیشتن لە جۆرەکانی هەڵسووکەوت و ڕەفتاری کۆمەڵگە، خوێندنەوە و بەرنامەیان بۆ تەقوییەتی ئەم فازە لە خەباتی کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان هەبێت.

١٣ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣

---

## بزووتنەوەی بایکۆت لە درێژەی بزووتنەوەی ژینادا




لە کەس شاراوە نەبوو کە بازاڕی هەڵبژاردنەکانی ١١ی ڕەشەممە لە هەمیشە سارد و سڕتر دەبێت و خەڵک لە هەموو شار و ناوچەکانی ئێران بە نەچوونەسەر سندوقەکانی دەنگدان لە مەیدانێکی دیکەی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا دەیسەلمێنن بزووتنەوەی مافخوازانەیان بەرینتر و لێبڕاوانەتر درێژەی هەیە. تەنانەت کاربەدەستانی ڕێژیم و لە سەروو هەمووانەوە عەلی خامنەیی ڕوونتر لە تووڕەیی و بێزاریی خەڵک لە خۆی و نیزامە دیکتاتۆرەکەی تێگەیشتبوو، بۆیە هەموو هەوڵێکی خستبووە گەڕ بۆ ئەوەی تا ڕادەیەک ئەم بازاڕە گەرم بکات. بەڵام وەک دیترا؛ نەتەنیا بۆی نەچووە سەر، بەڵکوو بەڕانتر لە جاران پێی سەلمێندرایەوە کە لانیکەم لە ڕووی زەینییەوە، خەڵک لەمێژە لە تەواویەتیی ئەم ڕێژیمە تێپەڕیون. ئەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕۆژی ١١ی ڕەشەممەی ١٤٠٢ی هەتاویدا دووریییەوە، ئاکامی ئەو هەڵوێست و هەڵسوکەوتە سەرکوتکارانەیە بوو کە لانیکەم لە دە ساڵی ڕابردوودا بەرانبەر بە بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی خەڵک لەخۆی نیشانی داوە. بەتایبەت لە بزووتنەوەی ژینادا کە وەڵامی نارەزایەتییە هێمنانە و مەدەنییەکانی گەلانی ئێران بە هێرشێکی تەواوعەیاری نەک هەر پۆلیسی، بەڵکوو سەربازی دایەوە کە هێزە سەرکوتکەرەکانی سپا و بەسیج و هێزە بێسەرەوبەرەکانی ڕێژیم بە - فەرمانی خودی عەلی خامنەیی - بە پانەوە تیایدا بەشدار بوون. تەنیا لە ماوەی سێ مانگی سەرەتای بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادیدا بە هەزاران کەس لە خۆپیشاندەرانی سەر شەقامەکان شەهید و بە دەیان هەزار کەس

بریندار و نزیک بە سەد هەزار کەس دەستبەسەر کران، کە هەزاران کەسیان حوکمی ناڕەوای قورسیان بەسەردا سەپێندراو نزیک بە ١٥ کەسیان لەسێدارە دران.

بۆیە بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی ١١ی ڕەشەممە کە دەتوانین بە درێژکراوەی بزووتنەوەی ژینا ناو ببەین، لە شێوەی خۆیدا بزووتنەوەیەکی دیکەی سیاسی بوو کە خەڵک بە نەچوونەسەر سندوقەکانی دەنگدان و هەروەها دانی دەنگی بەتاڵ، ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامی ئێران وەستانەوە.

بزووتنەوەی بایکۆتی ١١ی ڕەشەممەی ١٤٠٢ی هەتاوی، هەر تەنیا بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی خولی دوازدەهەمی مەجلیسی شورای ئیسلامی و خیبرەگانی ڕێبەری نەبوو، بەڵکوو "نا" گوتنێکی ئاشکرا و مانادار بە کۆی ڕێژیمی لە ڕەوایی کەوتووی کۆماری ئیسلامی بوو. بزووتنەوەیەک کە زیاتر لە ٧٠٪ی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەبووە لە سەرانسەری وڵاتدا تیایدا بەشدار بوون. بزووتنەوەیەک کە لە ڕووی ڕێژەی بەشداربووان تیایدا، لە ڕیزی گەورە بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی ٤٥ ساڵی ڕابردوو لەئاستی سەرانسەری دژبە کۆماری ئیسلامی جێدەگرێ. بزووتنەوەیەک کە لە ڕووی زەینی و کردەی سیاسییەوە خاوەنی گەورەترین پشتیوانەی یەکێتی و یەکگرتوویی نێوان گەلانی ئێرانە.

بۆیە جێی خۆیەتی نوخبەی سیاسی لە سەر ئاستی هێزە سیاسییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران بەتایبەت لەنێوخۆی وڵاتدا پێویستە بە گرینگییەوە لە بزووتنەوەی بایکۆت بڕوانن و وەک برگەیەکی مێژوویی هەرە پڕپتانسێل لە هێز و هوشیاری، بەتایبەت لە بەستێنی یەکگرتوویی نێوان خەڵک لە ئاستی سەرانسەریدا پشتی پێببەستن. خەڵک بە وشیاری و وریاییەوە ڕێگای دروستی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتیان دۆزیوەتەوە و لە هەر دەرفەت و مەجالێکدا کە خۆیان بە گونجاوی بزانن ڕەفتاری شیاویان لەخۆ نیشان داوە و نیشان دەدەن. ئەوەی لەم نێوەدا تا ئێستاش جێی بەتاڵە و مایەی کەمایەسیی بزووتنەوەکانی چەند ساڵی ڕابردوو بووە - بەتایبەت لە بزووتنەوەی ژینادا بە ڕوونی دەرکەوت – بێبەرنامەیی و کارامەنەبوونی بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمە کە وەک پێویستە نەتەنیا هێز و هیوای بە بزووتنەوەکە نەبەخشی، بەڵکوو تا ڕادەیەک خەڵکی تووشی سەرلێشێواوی و بێهیوایی کرد.

لەم پێوەندییەدا کوردستان کە لە زۆربەی ئەم بزووتنەوە نارەزایەتییانەدا ڕۆڵی پێشەنگایەتی و نموونەیی گێڕاوە، چ لەسەر ئاستی ڕەفتار و هەڵوێستی جەماوەری خەڵکی کوردستان و چ لەسەر ئاستی لایەنە سیاسییەکان چەند هەنگاوێک لەپێشترە. لە بزووتنەوەی ژینادا کە کوردستان ناوەند و کانوونی ئەم بزووتنەوە مێژووییە سەرانسەرییە بوو، خەڵکی کوردستان چرا و ڕێنوێنی بزووتنەوەکە بوون. لە بزووتنەوەی بایکۆتیشدا، دیسان لە کوردستان دەنگی "نا" بە کۆماری ئیسلامی بەرزتر لە شوێنەکانی دیکەی ئێران بوو. بۆیە حیزبەکانی کوردستان کە پێوەندییەکی ئۆرگانیکی زیندوویان لەگەڵ

کۆمەڵگەی خۆیان هەیە، پێویستە لە پێوەندی لەگەڵ ئاڵترناتیوسازیدا زیاتر ڕوانگە و ستراتیژی نێوخۆیی ڕەچاو بکەن و لە بەستێنی واقعیی بزووتنەوەکاندا هەوڵی سازکردنی بەرەیەکی بەهێزی ئۆپۆزیسیۆن لە نێوخۆی وڵاتدا بدەن کە لەم قۆناغە و قۆناغەکانی داهاتووی ئەم بزووتنەوە ئێعترازیانەدا بتوانێ ڕۆڵی ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلانی ئێران بگرێتە ئەستۆ.

بۆ ئەم پێویستییەی خەباتی گەلانی ئێران دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە پێگەی جەماوەری لە کوردستاندا هەیە و بۆ چۆنیەتی بنیاتنانەوەی ئێرانی نوێ و چۆنیەتی دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان نەخشەڕێی دیار و فورموولەکراوی هەیە، وەک لێی چاوەڕوان دەکرێ، پێویستە لێبڕاوانە هەنگاوی بنێ.

٢١ی ڕەشەمەی ٢٧٢٣



سەرچاوە
Serchawe

## بزووتنەوەی نەورۆز



بەڕێوەچوونی ڕێورەسمەکانی نەورۆز و سەری ساڵی نوێی هەتاوی لە کوردستان، ئەمساڵ لە کەشوهەوایەکی تایبەتیی سیاسیدا بەڕێوە دەچن. ساڵێک پێش ئێستا بەهۆی بزووتنەوەی ژینا و ئەو هەمووە سەرکوت و کوشتارەی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان و ئێران بەڕێوەیان برد، خەڵک نەورۆز و سەری ساڵی نوێیان بەسەردانی بنەماڵە و کەسوکاری شەهیدان، برینداران و بەندکراوان و، ئامادەبوون لەسەر گڵکۆی شەهیدان بەڕێ کرد. بەڵام نەتەوەی کورد کە هەموو خەبات و قوربانیدانێکی بۆ دەستەبەرکردنی کەرامەتی ئینسانی و ژیاندۆستی و خۆشبژیوی و بەختەوەرییە، نەتەنیا حەزی لە شین و ماتەم نییە، بەڵکوو خۆڕازاندنەوە، هەڵپەڕین و گوێگرتن لە موزیک و دابەشکردنی خۆشییەکان لەگەڵ یەکتری، بە بەشێک لە خەبات دژ بە کۆنەپەرەستی و سەرەڕۆیی دەزانێ. بۆیە دیسان وەک ساڵانی پێشوو، خەڵک بە بەڕێوەبردنی کارنەڤاڵ و ڕێورەسمی جۆراوجۆری ڕازاوە و پڕ لە شادی و خۆشی، بەرەوە پێشوازی نەورۆز و ساڵیی نوێی هەتاوییەوە چوون.

نزیک بە پازدە ساڵە ڕێورەسمەکانی پێشوازی لە نەورۆز و ساڵی نوێی هەتاوی لە کوردستان بە مودێل و شێوازگەلی جیاواز لە ڕابردوو بەڕێوە دەچن کە بۆ زۆر کەس و لایەن جێی تێڕامان و سەرنجدانن.

**یەکەم ئەوەی،** ئەم ڕێوڕەسمانە لە ئاستێکی جەماوەری و گشتیدا بەڕێوە دەچن و نەزمێکی ڕێکوپێکی بەبەرنامەیان لە پشتە. دووهەم ئەوەی؛ خەڵک ئەم ڕێوڕەسمانەی کردۆتە دەرفەتێک بۆ دەربڕینی کۆمەڵێک پەیام کە لە لایەک تەعبیر لە جۆرێک لە ناڕەزایەتی لە دەسەڵات و لەلایەکی دیکەوە تەعبیر لە شوناسخوازبوونێکی مودێرنی کۆمەڵی کوردەواری دەکەن.
مودێلی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز لە کوردستان؛ دیاریکردنی شوێنی لێککۆبوونەوەی خەڵک، ڕێزبەندیی بڕگە و بەشەکانی ڕێوڕەسمەکان و نێوەرۆکی ئەو پەیامانەی لەم ڕێوڕەسمانەدا بڵاو دەبنەوە، لەگەڵ ئەو هێما و نیشانانەی لەلایەن بەشدابووانەوە بەکار دەهێندرێن، دەرخەری بوونی "هێز"ی خۆڕێکخستنی کۆمەڵگەی کوردستانە. ئەمە بۆ کۆمەڵگەیەکی وەک کوردستان کە بە سەدان ساڵە لە ماف و ئازادییە نەتەوەیی و خۆبەڕێوەبەرییەکانی بێبەش کراوە و لە حاڵی خەباتدایە، دەسکەوتێکی گەورەیە. بێگومان ئەم دەسکەوتە ئاکامی دەسترەنجی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی نێوخۆی وڵاتە کە تا ئێستاش کاریگەری و شوێندانەریی خۆیان هەر هەیە.

ڕێوڕەسمەکانی نەرۆز لە کوردستان کە دەکرێ لە چوارچێوەی بزووتنەوە گەورە نەتەوەیی و مافخوازانەکەی کورد و کوردستاندا بە "بزووتنەوەی نەورۆز" ناوێر بکرێن، بوونەتە دەرفەت و مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵکی مافویست و ژیاندۆستی کوردستان دژ بە سیاسەتی سەرکوت و کۆنەپەرەستیی کۆماری ئیسلامی ئێران. لەم ڕێوڕەسمانەدا کە زۆر جار ڕێژیم لە ڕێگای دەست و پێوەندە نزمەکانی خۆیەوە ویستوویەتی دەستیان بەسەردا بگرێ و لە نێوەرۆکی ڕاستەقینەی خۆیان بەتاڵیان بکاتەوە، خەڵک هوشیارانە بەگژیاندا چوونەتەوە و بە کەڵکوەرگرتن لە کۆمەڵێک ڕەمز و هێمای تایبەت، نەتەنیا مۆرکی گەلیبوونییان لە ڕێوڕەسمەکان داوە، بەڵکوو کردوویانن بە دەرفەتێک بۆ دژایەتی لەگەڵ دوژمنانی گەل و نیشتمان.
جامانە و هەوری کە هێمای جل وبەرگی پێشمەرگەکانی کوردستان و ژنانی خانەدانی کوردەوارین، چەند ساڵێکە لە ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکاندا بوونەتە هێمای یەکگرتوویی و گەیاندنی پەیامی گەل بە دەسەڵاتی خۆسەپێنی کۆماری ئیسلامی ئێران. خەڵک لە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزدا بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و گیانفیدایی ڕۆڵە تێکۆشەرەکانیان کە لە پێناو ئازادیی کورد و کوردستاندا گیانیان بەخت کردوە، گوڵی سوور پێشکەش بە کەس و کاری شەهیدەکان و یەکتری دەکەن.
لە ڕێوڕەسمەکانی ئەمساڵدا بە نیشانەی بەردەوامیی بزووتنەوەی ژینا - وەک برگەیەکی دیار و جێی شانازیی بزووتنەوە گەورەکەی کوردستان - کچان و کوڕانی ئازای نیشتمان بە هەڵگرتنی "مەشخەڵی ڕزگاری"ی خاک و خەڵکی کوردستان، دەیسەلمێنن و سەلماندوویانە کە ژیان لە کوردستان بەگژ مەرگ و کۆنەپەرەستیدا دەچێتەوە. ئەوان بە جل و بەرگی ئاڵاو واڵای کوردییەوە، "جامانە لە مل و هەوری لە کۆڵ" یەکگرتووانە قۆڵ لە قۆڵی یەکتری، پێکوتی هەموو ئەو پیلان و دژایەتیانە دەکەن کە دەرحەق بە نەتەوە و نیشتمانەکەیان دەکرێ.

۲۲ی ڕەشەمەی ۲۷۲۳

# پەیامی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز



دوای هێرشی سیستماتیکی سەرکوتکەرانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر بزووتنەوەی ژینا و شەهید و بریندارکردن و دەستبەسەرکردنی دەیان هەزار کەس لە خۆپیشاندەران و کپکردنی بزووتنەوەکە بۆ ماوەیەک، کاربەدەستانی ڕێژیم و خودی ڕێبەری نیزام، عەلی خامەنەیی، بە سپاس لە هێزە سەرکوتکەرەکانیان، ئیدیعای کۆتاییهێنان بە بزووتنەوەکە و هەر جۆرە نارەزایەتییەکی خەڵک دژ بە ڕژیمەکەیان کرد. بەتایبەت لە کوردستان کە ڕێژیم ڕاشکاوانە و بە هێرشی مووشەکی و درۆنی بۆ سەر حیزبە سیاسییەکانی کوردستان، ئیعترافی بە پێگە و نفووزی حیزبەکان لە کۆمەڵگەی کوردستان و بوونی پێوەندییەکی ئۆرگانێک لەنێوان خەڵک و حیزبەکاندا کرد، ئاستی پەلاماردان و سەرکوتکارییەکان زیاتر بوو.

بۆ نیشاندانی - بەخەیاڵی خۆیان - سەرکەوتنی سیاسەتی سەرکوت بە سەر بزووتنەوەی کوردستاندا، سەرۆککۆماری ڕێژیم، برایم ڕەئیسی سەردانی کوردستانی کرد و بە گەڕان بە نێو بازاڕی شاری سنەدا، ویستی وا نیشان بدات کە هەموو شتێک لە کۆنترۆڵی ئەوان دایە و ئەو بزووتنەوەی ئەوان بە "اغتشاشات" ناویان دەهێنا، کۆتایی پێ هاتووە. بەڵام ئەوەی لە مانگی ڕەشەممەی ئەمساڵ و بەتایبەت لە ڕۆژانی بەرەبەری نەورۆز و سەری ساڵی نوێی هەتاویدا ڕوویان دا و تا ئێستاش بەردەوامن، نەتەنیا پێچەوانەی ئیدیعا و دڵخۆشییەکانی کاربەدەستانی ڕێژیم دەسەلمێنن، بەڵکوو دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە ئاستی قوڵی و بەرینایی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵک لە ئێران و بەتایبەت لە کوردستان زۆر لەوە گەورەترە کە بکرێ پێشی پێ بگیردرێ.

لە ئاستی سەرانسەری وڵاتدا ڕۆژی ١١ی ڕەشەممە خەڵک بە گرتنەپێشی سیاسەتی بایکۆتی بەناو هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و نەچوونەسەر سندوقەکانی دەنگدان، "نا"یەکی مێژوویی و بەهێزیان بە تەواوییەتیی ڕێژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی وتەوە. کە ئەم "نا"یە لە کوردستان بەرچاوتر و بەهێزتر لە شوێنەکانی دیکەی ئێران بوو. بەڵام ئەوەی مەبەستی ئەم وتارەیە؛ شێوازی پێشوازیی خەڵکی کوردستان لە نەورۆز و سەری ساڵی نوێ و پەیامی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی ئەمساڵە.

بەگشتی لە نیوەی مانگی ڕەشەممەوە تا ئێستا کە یەک دوو ڕۆژێکی بۆ نوێبوونەوەی ساڵ ماوە، لە کوردستان و لە چوارچێوەی ڕێوڕەسم و کارنەڤاڵی گەورەی جەماوەریی هەزاران و دەیان‌هەزار کەسیدا، خەڵک لە شار و ناوچەکانی کوردستان بە کۆبوونەوە لە دەوری یەکتر پێشوازییان لە نەورۆز کردوە. وەک چەند جاری دیکەمان باس کردوە، ئەوەی لەم ماوەیەدا و تەنانەت لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە سەروبەندی ساڵی نوێ لە کوردستاندا بەڕێوە دەچن، تەنیا بۆ پێشوازی لە نەورۆز و دەربڕینی خۆشی نیە، بەڵکوو ڕەفتارێکی تەواو بەرهەڵستکارانەی مانادارە کە بە شێوازێکی مەدەنی و جەماوەری بەڕێوە دەچێت.

هەر خودی لەدەوری یەکتر کۆبوونەوەی خەڵک کە جاری وایە خۆی لە دەیان هەزار کەس دەدات، نیشانەی دەربڕینی هەست و زەروورەتی یەکیەتی و یەکگرتوویی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بەرانبەر بە دەسەڵاتی دژگەلیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. زەروورەتێک کە بە درێژایی بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوەی کورد، بەداخەوە کەمتر سەرنجی دراوەتێ. ناکۆکی و نایەکگرتوویی و پەرتەوازەبوون، یەکێک لە کەمایەسییەکانی تا ئێستای خەباتی کوردە. بەڵام ئەوە نزیک بە بیست ساڵە لە کوردستان ساڵ بەساڵ زیاتر ئەم زەروورەتە، کاری لەسەر دەکرێ و بە پێی بەرزبوونەوەی ئاستی هوشیاریی خەڵک، ڕیزی یەکگرتووی تا دێت بەردرێژ و بەربەرین دەبێتەوە.

ئەو هێما و نیشانانەی خەڵک لەم ڕێوڕەسمانەدا بەکاری دەهێنن، هەر هەموویان خاوەنی پەیام و ڕاسپاردەی سیاسی و کۆمەڵایەتین. خەڵکی کورد بەرانبەر بە سیاسەتی سەرکوت و سڕینەوەی دوژمنانی کە هەوڵیان داوە بێ‌هیوا و ماتەمباری بکەن، بەردەوام هەوڵی داوە بەختەوەرانە بژی، ژیانی خۆش ویستووە، وەک لە شێوازی جلوبەرگی ڕا دیارە هەمیشە هەوڵی داوە ڕازاوە و شیک بێت. بەرانبەر بە هەر نەهامەتی و دۆشدامانێک دەست لەنێو دەستی یەکتر هەڵپەڕیون و "دەسرۆکەی دەستی سەرچۆپی"، بەیداخ و ئاڵای "بوون" و مانەوەیان بووە و پێیان بەسەر هەر جۆرە بێ‌هیوایەکدا کوتاوە و بەزمی ڕەزمی دوژمن تۆقێنیان گێڕاوە.

بەکارهێنانی جامانە کە لە ڕێوڕەسمەکانی ئەم چەند ساڵەی دواییدا بۆتە هێمایەکی دیاری مانادار، گرێدانی نەورۆز و

ڕەفتاری کۆمەڵگەیە بە بەستێنێک لە خەباتی پڕ لە سەروەریی ڕۆڵە قارەمان و گیان فیداکانی گەل، کە جامانە لەسەر، سەربەرزانە خەباتیان کرد و زۆریان سەربەرزانە سەریان کردە پردەبازی سەربەستیی گەل و نیشتمان.

کیژان و کوڕانی وشیاری کوردستان لە ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکاندا جامانە لە مل و هەوری لە کۆڵ، هەڵگری ڕەسەنایەتییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتین کە بە سەدان ساڵە، دوژمنانمان هەوڵی سڕینەوەیان دەدەن و، بۆ پاراستنیان وێڕای ڕابردوویەک لە خەباتی دورودرێژی پڕ لە خوێن و قوربانیدان، ئەمڕۆ میللەتێک لەسەر پێیە.

هەموو ئەمانە بە کۆمەڵگەیەک دەکرێ کە هێز و توانای خۆڕێکخستنی هەبێت، بۆ ئەمەش کۆمەڵگەی کوردستان لە قوناغی نوێی تێکۆشانی خۆیدا کە جەماوەری و گشتگیرە، ئەو توانا و هێزەی بۆ دەستبەر بووە. شوێنەواری خەباتی حیزبە سیاسییەکان و بەتایبەت کاریگەریی ڕۆژانە و ڕاستەوخۆی کۆڕ و ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە سەر ڕەفتاری کۆمەڵگە، کۆمەڵگەیەکی لەسەرپێ و ڕێکخراوی بنیاد ناوە کە بەرانبەر بە هەر پرس و بابەتێک خۆی بە خاوەندار دەزانێ.

لە وەها کۆمەڵگەیەدا لەوانەیە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بتوانێ لە ڕێگەی هێزی سەرکوت و سیاسەتی دژگەلیانەوە پێی وابێ دەتوانێ ناوەناوە جووڵە و بزاوتەکان، کۆنترۆڵ بکات، بەڵام بیرکردنەوە لە؛ بەلاڕێدابردن، تەسلیمکردن، بێهیواکردن و ڕاوەستاندنی لە خەبات بۆ گەیشتن بە ماف و ئازادییەکانی، جیا لە خەیاڵێکی خاو و بەتاڵ، هیچی دیکە نیە.

۲۸ی ڕەشەمەی ۲۷۲۳




سەرچاوە
Serchawe

**بابەتەکانی ساڵی............ ٢٧٢٤**

---

## سەرکۆماری شەهید، پێشەوا قازی محەممەد

## بۆ گەل ژیا، بۆ گەل مرد



قۆناغی "ئەزموونی ژیان"ی پێشەوا قازی محەممەد تایبەتە بە ساڵەکانی نێوان هەردوو شەڕی جیهانیی یەکەم (١٩١٤ - ١٩١٨) و دووهەم (١٩٤١ - ١٩٤٦)، کە لە ماوەی ئەم نیزیک چارەگە سەدەیەدا جیا لەوەیکە نیشتمانەکەی (کوردستان) بە سەر چوار وڵاتدا دابەش دەبێ، میللەتەکەشی (کورد) بەرەوڕووی کارەساتبارترین قۆناغی مێژوویی خۆی دەبێتەوە. ئاکامەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی و سەرهەڵدانی دەوڵەت - نەتەوەکانی تورک و عەرەب و پارسی کە شکستی جووڵانەوە نەتەوەیی و مافخوازانەکانی کورد و قەلاچۆی خەڵکی کوردستان و وێرانیی نیشتمانیی لێ کەوتنەوە، بێشک شوێنەواری قووڵ

و کاریگەریان لە سەر بیرکرنەوە و تێفکرینەکانی پێشەوا قازی محەممەد داناوە. ئەو کە لە سی ساڵەی تەمەنی خۆیدا شاهیدی جووڵانەوەی سمایل ئاغای سمکۆ و کوژرانی ئەم ڕێبەرە بە فەرمانی ڕەزاخانی دامەزرێنەری دەوڵەتی ئێرانی بووە، بە تەواوەتی هەست بە مەزلومیەتی نەتەوەکەی و زوڵم و زۆریی دەسەڵاتی خۆسەپێن دەکا.

قازی محەممەد کە هاوکات لە گەڵ بینینی بارودۆخی میللەتەکەی لە تەمەنی لاوەتیدا سەرقاڵی خۆ پەروەردەکردن و قووڵبوونەوە لە زانستە جۆراوجۆرەکان لە هەمووی گرینگتر وردبوونەوە لە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خەڵکەکەی بووە، خزمەت بە گەل دەکاتە ئامانجی ژیانی خۆی. قازی محەممەد کە دوای فەوتی قازی عەلیی باوکی دەبێتە قازیی شاری مهاباد و هاوکات لە بواری فەرهەنگییشدا چالاکیی دەبێ، وەک کەسێکی متمانەپێکراو لە لایەن خەڵکی شار و ناوچەکەوە، لە چارەسەرکردنی کێشەکانی خەڵکدا ڕۆڵی کاریگەری گێراوە و لەم دەرفەتەی بۆ ناسینی کۆمەڵگەکەی، ئەزموونێکی باشی پاشەکەوت کردوە. هەروەها وەک کەسێکی ڕووناکبیر و پێشکەوتوو و پێشکەوتنخواز و خاوەن ڕا، لە لایەن خەڵک و بە تایبەت تێکۆشەرانی سیاسیی شاری مەهابادەوە کە دواتر زۆربەیان لە دامەزرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد(ژێکاف) ڕۆڵیان گێڕا و تیایدا ئەندام بوون، پرس و ڕاوێژی پێ دەکرا.

پێشەوا قازی محەممەد بە پشتبەستن بەم پاشخانە دەوڵەمەندە لە ئەزموونی ژیان و لێهاتوویی خۆی، بەتایبەت لە قۆناغێکدا کە بانگهێشتی ڕیزەکانی کۆمەڵەی ژێکاف دەکرێ، وەک کاراکتێرێکی شوێندانەری سیاسی بیر لە نەخشەڕێگایەکی دروست، گونجاو و مومکین دەکاتەوە. قازی محەممەد لەسەر ئەساسی تێگەیشتن لە دنیای سیاست لە هەموو ئاستەکانی نێونەتەوەیی، ناوچەیی، دەوڵەتی و نێوخۆیی، زۆر زوو دەکەوێتە بیری تەتەڵەکردنی هەلومەرجێک کە پێی وابوو دەکرێ بکرێتە دەرفەتێک بۆ کەڵک لێ وەرگرتنی.

هەلومەرجی لێکەوتەی شەڕی جیهانیی دووهەم ئەو دەرفەتە بوو کە پێشەوا قازی محەممەد تیایدا بیری لە جۆری کەڵک لێوەرگرتن بە قازانجی میللەتەکەی دەکردەوە. ڕەزاخان خۆی لە ئاڵمانی نازیسم نزیک کردبۆوە و ئێران بوو بە مەیدانی هاتوچۆ و نفووزی سیخوڕ و پیاوەکانی ئاڵمانی هیتلێری. سێ وڵاتی سۆڤییەت، بریتانیا و ئەمریکا وەک وڵاتانی سەرەکیی بەرەیەکی شەڕ، بە دوو مەبەستی کەمکردنەوەی نفوزی ئاڵمان و گەیاندنی چەک و تەقەمەنی بە سۆڤییەت بڕیاری چوونە نێو خاکی ئێرانیان دا. بۆیە بریتانیا و ئەمریکا لە جنووب و ئەرتەشی سوور لە شومالەوە ئەم وڵاتەیان داگیر کرد. لە بەرانبەردا ڕێژیمی ڕەزاخان نەیتوانی چووکەترین بەربەرەکانی بکا و تێک رووخا... بەم هۆیەوە بەشی باشووری کوردستانی ئێران لە لایەن ئەمریکا و ئینگلستانەوە داگیر کرا و و بەشی باکوور تا شاری ورمێ لەشکری سووری سۆڤییەت تێیدا جێگیر بوو. لەم نێودا ناوچەی موکریان و بەتایبەت شاری مەهاباد بۆشایی دەسەڵاتی تێکەوت. ئەمە ئەو دەرفەتە بوو کە بۆ کورد و بزووتنەوە مافخوازانەکەی هەڵکەوتبوو کە بتوانێ بە باشی کەڵکی لێ وەربگرێ.

لە ئاکامی ئەم گۆڕانکارییانەدا ڕەوتی ڕوو لە گەشەی ئازادییە دێموکراتییەکان لە ئێران و بە گشتی چوونە پێشێی جووڵانەوە پێشکەوتنخوازەکان لە ئاستی وڵاتدا لە پەرەئەستاندندا بوو. هەروەها هاوپەیمانان بە سەر ئاڵمانی هیتلەریدا سەرکەوتبوون و خەباتی گەلان دژ بە فاشیزمی هیتلەر و موسولینی و هیروهیتو، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بەربڵاوتر دەبوو. بۆیە زەمینە بۆ ئەوە ئامادە بوو کە حیزب یان ڕێکخراوێکی پێشەنگ و وەڵامدەری ڕۆژگاری نوێ لە کوردستانیش دامەزرێ. لەگەڵ ئەوەیکە کۆمەڵەی ژێکاف وەک ڕێکخراوێکی چالاک بەڵام نهێنی بوو، بەڵام ژێکاف لە لایەک بە هۆی "ناسیونالیست"بوون و داخراوبوونی وەک ڕێکخراوێکی نهێنی، وەڵامدەری وەزعی تازەی کوردستان نەبوو. بۆیە لێردا بەشی زۆری ئەم ئەرکە مێژووییە کەوتە سەر شانی پێشەوا قازی محەممەد کە چۆن بتوانێ لەم دەرفەتە کەڵک وەربگرێ.

لەم پێناوەدا قازی محەممەد لە دوای کۆمەڵێک هەوڵی دیپلۆماتیک و دانوستان لەگەڵ سۆڤییەت، ئێران و ڕێکخراوە دێموکرات و پێشکەوتنخوازەکان و ڕاوێژ لەگەڵ هاوڕێکانی لە کۆمەڵەی ژێکاف، لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ (١٦ی ئوتی ١٩٤٥) لە شاری مەهاباد، حیزبی دێموکراتی کوردستانی دامەزراند.

دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە قازی محەممەد دامەزرێنەر و پێشەوای بوو، نوختە گۆڕانێک بوو لە مێژووی خەباتی لەمێژینەی گەلی کورد و سەرەتایەک بوو لە پێک هاتنی ڕێکخراو و حیزبی سیاسیی پێشکەوتوو و مودێرن دا. هەر وەک لە یەکەم بەیاننامە و بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا دیارە، ئەم حیزبە بەگرینگیدان بە "مان و مەوجودییەت"ی گەلی کورد کە بریتییە لە خاک، خەڵک، کەرامەتی ئینسانی کورد، زمان، فەرهەنگ، لە سەرەتادا ئامانج لە دامەزرانی خۆی بۆ "پێشگیری لە فەوتانی نەتەوەیی" پێناسە دەکات. فەوتانێک کە دەوڵەت نەتەوەکانی دژ بە کورد، بەتایبەت دەوڵەت نەتەوەی ئێرانی هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاری ڕەزاخانەوە، بە شێوەی سیستماتیک هەوڵیان بۆ داوە. بەڵام بە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە دواتر پرسێکی گەورەی مێژوویی - نەتەوەیی دێنێتە ئاراوە، ئەم پیلانە پووچەڵ دەبنەوە.

دوای ١٦٠ ڕۆژ لە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕێبەرانی حیزب، بەتایبەت و لە سەرووی هەمووانەوە پێشەوا قازی محەممەد، بە سەرنجدان بە لەباربوونی هەلومەرجی سیاسی، بۆ جارێکی دیکە کەڵک لەو دەرفەتە وەردەگرن و لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی لە چوارچرای مهاباد، کۆماری کوردستان لە لایەن پێشەوای حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە ڕادەگەیەندرێ و پێشەوا نازناوی سەرۆک کۆماری کوردستانی پێ دەبەخشرێ.

کۆماری کوردستان دەسەڵاتە ١١ مانگەکەی و ئەو خزمەتانەی بە کورد و کوردستانی کردن، تا ئێستاشی لەگەڵ بێت،

بوونەتە بەشێکی هەرە ئەساسی و دانەبڕاوی شەخسییەتی نەتەوەیی هەموو ئینسانێکی کورد. هیچ تاکێکی کورد ناتوانێ کوردبوونی خۆی بەبێ گەڕانەوە و پشتبەستن بە ئەزموونی کۆماری کوردستان و کاریگەرییەکانی لە سەر دروستبوونی خۆی وەک ئینسانێکی کورد، لە دنیای ئەمڕۆدا پێناسە بکات. بە واتایەکی دیکە بۆ یەکەمجار ئینسانی کورد لە کۆماری کوردستان و لەژێر کارتێکەریی دەسکەوتەکانی ئەم کۆمارەدایە کە شەخسییەتی نەتەوەیی بە مانا مودێرنەکەی پەیدا دەکا و هەست بە "بوون"ی خۆی دەکا.

تەواوی ئەو سیمبول و شاخس و هێما و پێناسانەی کە ئەمڕۆ ئینسانی کورد، وەک نەتەوەیەکی جیا لە نەتەوەکانی دیکە، خۆی پێیانەوە دەناسێنێ و کردوونی بە مایە و مانای وجوودیی خۆی وەک نەتەوەی کورد، هەرهەموویان دەسکەوت و ئافراوی ئەو ١١ مانگەی دەسەڵاتی کۆماری کوردستانن.

خودی دامەزران و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان، دامەزرانی سپای میللی (هێزی پێشمەرگە)، هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان، بە ڕەسمی ناساندنی زمانی کوردی، سەروەریی نەتەوەیی لە چوارچێوەی بەڕێوەبەریی ئیدارەی کۆماری کوردستان و... هەر هەموویان ئەو هێما و سیمبولانەن کە ئەمڕۆ و دوای زیاتر لە ٧٥ساڵ، بوونەتە پێناسە بۆ خۆدەرخستنی نەتەوەییمان.

هیچ گومانی تێدا نییە و بەڵگە زۆرن بۆ سەلماندنی ئەم ئیدیعایە کە پێشەوا قازی محەممەد وەک سەرکۆمار و کەسی یەکەمی کۆمار لە ئافراندن و دامەزراندنی هەموو ئەمانەدا، ڕۆڵ و قسەی یەکلاکەرەوەی هەبووە. بۆیە دەتوانین بە تەواوی ئیدیعا بکەین و بیسەلمێنین کە پێشەوا قازی محەممەد بە دامەزرانی کۆماری کوردستان و دەسکەوتەکانی، کەسایەتییەکی پڕنرخی نەتەوەیی بە ئینسانی کورد بەخشی کە دەکرێ لە باسی ڕەوتی نەتەوەسازیدا زۆرترین قسەی لەسەر بکرێ.

بەسەرهاتی پیشەوا قازی محەممەد لە چۆنیەتیی بەرەو پیلی مەرگەوە چوون و دادگاییکردن و لەسێدارەدانی وانەیەکە لێوانلێو لە دەروەستبوون، وەفاداری، گەلدۆستی، ئازایەتی و نەمری.

لەم پێوەندییەدا کەم کەس دەتوانێ وەک شەهید دوکتور قاسملووی جێگرەوەی باس لەم بەسەرهاتە بکا: "پێشەوا قازی زۆر باش دەیزانی مەرگ چاوەڕوانیەتی... ڕاستە کە پێشەوا قازی نەدەبا بەو هاسانیە خۆی تەسلیمی دوژمن بکا، ئەویش دوژمنێک کە ئەو زۆر باش دەیزانێ کە چەندە فێڵباز و دڕندەیە. بەڵام قازی محەممەد ئەو کارەی بۆ پاراستنی خۆی نەکرد، بەڵکوو ئەو مەسئولییەتە گەورەیەی کە سەبارەت بە گەلی کورد هەیبوو، پێشەوای بۆ ئەو کارە هان دا. ئەو کە هیچ دەرەتانێکی لە بەربەرەکانیدا نەدی، نەیدەویست خوێنی خەڵکی بێدیفاعی میللەتەکەی بە دەستی لەشکری داگیرکەر بڕژێ.

ئەگەر بڵێین تەسلیم بوونی قازی محەممەد هەڵە بوو، ئەو هەڵەیە پێش هەمووان بە نرخی گیانی خۆی تەواو بوو. ئەو دڵخوازانە خۆی تووشی ئەو چارەنووسە کرد و ئاکامەکەشی لێ ڕوون بوو. ئینساندۆستیی پێشەوا هێندە زۆر بوو کە دەیەویست بکوژرێ، شەهید بێ تا زۆر کەسی دیکە زیندوو بمێنن".

پێشەوا قازی محەممەد لە ڕەوتی بەناو دادگاییکردنیشیدا، ئەوەی بۆ ساتێکیش لێی غافڵ نەبوو، میللەتەکەی بوو. "ئەو زۆر باش دەیزانی کە ئەوە شەخسی قازی محەممەد نییە کە دادگایی دەکرێ، بەڵکوو جووڵانەوەی دێموکراتیکی خەڵکی کوردستانە کە دادگایی دەکرێ، ئاوات و ئامانجەکانی کۆمەڵانی زۆرلێکراوی گەلی کوردە کە دادگای نیزامی بە تاوانیان دەزانێ. هەر بۆیەش وەک ڕێبەرێکی هەڵکەتوو بەرانبەر بە جەلادە خوێنمژەکانی ڕێژیمی شا قارەمانانە ڕاوەستا و دیفاعی لە کۆماری کوردستان کرد".

پێشەوا قازی محەممەد کە لە ماوەی زیاتر لە یەک ساڵ زیندانی کردنیدا زۆری هەوڵ لەگەڵ درا کە حاشا لە کردەوەکانی خۆی بکا و خۆی بێبەری لە هەموو ئەوانەی کردوونی نیشان بدا و پەشیمانی دەرببڕێ، بەڵام ئەوە قازی محەممەد بوو کە دادگای نیزامی و کاربەدەستانی ئەرتەشی شاهەنشاهیی بە چۆکدا هێنا و ناچاری کردن کە بەرانبەر بە گەورەیی و ئازایەتیی ئەو سەردانوێنن. پێشەوا بە سوێند و پەیمانی بەرانبەر بە گەل و نیشتمانەکەی وەفادار مایەوە و لە پێناو ژیانی گەلەکەیدا شەهید بوو.

١٠ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤

## کوردستان لە قاپی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکاندا



### کۆمەڵگەیەکی سێکۆلار، کە تیایدا دین پێگەی ڕاستەقینەی خۆی (کەسیی) وەرگرتووە

٤٥ ساڵە کوردستان لەژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیدیۆلۆژیی دینیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بە شێوەی جۆراوجۆر کار لەسەر توانەوەی لە کۆنەپەرەستی و دواکەوتووییدا دەکرێت. جۆراوجۆرییە ڕازاوە کولتوورییەکانی کوردستان کراوەتە ئامانجی بیری ڕەشترین دەسەڵاتەکانی سەردەم و بە سیاسەتی "دوژمنکارانە"ی سیاسی و کولتووری کار لەسەر بەئیدئۆلۆژیکردنی هەموو ڕەفتار و کولتووریکی کراوە.

کۆمەڵگەی کوردستان سەرەڕای باوەرمەندبوونی بە ئایین و خواناسی، بەرانبەر بە هەر هەوڵ و تێفکرینێکی ڕێژیمی مەزهەبی و هەر جۆرە بیرۆکەیەکی "تەکفیری" و توندڕەوانەی مەزهەبی، بەرگری لە ئەخلاق، دابونەریت، ڕەسەنایەتی و کولتوورە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی کردوە و سێکۆلار خۆی دەرخستوە.

لە ڕێوڕەسمە نەورزییەکانی ئەمساڵدا کە هاوکات بوو لەگەڵ مانگی پیرۆزی ڕەمەزان، خەڵک بەپێچەوانەی ئیدیعای هێندێک لە ئاخوندەکانی ناشارەزا لە ڕەسالەتی دین و شەریعەت کە بە ڕەفتار و گوفتاری درۆزنانەیان گەورەترین

خیانەتیان بە دین و خواناسی کردوە، بە تێگەیشتینی دروست لە هیچ جۆرە ناتەباییەک لە نێوان "ئەمری دین" و بۆنەی نەورۆز، بە شکۆوە ڕێوڕەسمەکانی پێشوازی لە سەری ساڵی تازەیان بەڕێوە برد. ئەم ڕەفتارەی خەڵک نیشانی دا کە کوردستان وەک کۆمەڵگەیەکی سێکۆلار، دین و باوەڕمەندبوون بە ئایینە ئاسمانییەکان وەک ئەمرێکی شەخسی سەیر دەکات و بە پێچەوانەی سیاسەت و تێفکرینی ڕێژیم و ڕەوتە سەلەفی و تەکفیرییەکان، خۆی لە چوارچیوەیەکی بەرتەسکی داسەپاودا پێناسە ناکات.

## کۆمەڵگەیەکی زیندوو، کە سیاسەتی سەرکوت و گۆشەگیریی دڕ دراوە

ئەگەر تەنیا ئاماژە بە سیاسەت و کردەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە یەکساڵ و نیوی ڕابردوودا بکەین و باسی ئەو هەمووە کوشت و کوشتار و تێرۆر و سەرکوت و غەدر و خیانەتانە نەکەین کە ئەم ڕێژیمە بەسەر خەڵکی کوردستانی هێناوە، پڕ دیارە کە لە درێژەی ڕەوتی بزووتنەوەی ژینادا چ سەرکوت و کوشتار و پێشێلکارییەک لە کوردستان کراوە. بە سەدان کەس شەهید و بە هەزاران بریندار کران، هەزاران کەس دەستبەسەر و ڕاپێچی بەندیخانەکان دران، هێرشی مووشەکی کرایە سەر حیزبە سیاسییەکان و تا ئێستایشی لەگەڵ بێت، ڕێژیم هەموو هەوڵ و توانای خۆی خستووەتە گەڕ کە بە خەیاڵی خۆی کوردستان کپ و کۆنترۆڵ بکات. بەڵام خەڵکی کوردستان لە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان بە شێوەی جەماوەری، مانادار و پڕواتادا سەلماندیان کە ئەم کۆمەڵگەیە کە نزیک بە پێنج دەیەیە بەربەرەکانیی ئەم ڕێژیمە دەکات، لە مێژە دڕی بە سەرکوت و گۆشەگیری داوە. کوردستان سەلماندی کە زیندوو و لەسەرپێیە و ئەوە سیاسەتی سەرکوت و داپڵۆسینی دەسەڵاتە کە شکستی هێناوە.

## کۆمەڵگەیەکی ژیاندۆست، کە ملی نەداوەتە بێهیوایی و ماتەمگێڕی

ساڵێک پێش ئێستا و لە فەزای بزووتنەوەی ژینا و سەرکوتکارییەکانی ڕێژیمدا ڕۆژ نەبوو لە شەقامەکانی کوردستان تەرمی چەند شەهیدێکی ئەم بزووتنەوە بە سەر شانی جەماوەری ڕاپەڕیوەوە بە خاکی پیرۆزی نیشمان نەسپێردرێ. کوردستانی ڕاپەڕیو تەژی لە خەبات و خەڵتانی خوێن بوو. یەکساڵ دوای ئەو فەزا ماتەمبارە، خەڵک لەسەر ئەساسی فەلسەفەی "خەبات لەپێناو ژیان و مانەوەدا"، گۆڕەپانی شار و ئاواییەکانی کوردستانیان کردە شوێنی شایی و گۆڤەندگێڕان. بە پێچەوانەی ئیدیعای کاربەدەستانی ڕێژیم کە پێیان وابوو بە کوشتنی باشترین ڕۆڵەکانی ئەم میللەتە، تووشی ماتەم و بێهیوایی دەکات، خەڵکی بە شێوەی گشتی و جەماوەری دەستلەنێودەستی یەکتر بە دەوری ئاگری دوژمنتۆقێنی نەورۆزدا هەڵپەڕین و گۆرانییان گوت.



سەرچاوە
Serchawe

هەر لەم پێوەندییەدا بەشداریی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانی بزووتنەوەی ژینا لە ڕێوڕەسمەکانی نەرۆزدا بەشێک لە جوانییەکانی ئەم تابلۆیە بوو. خەڵک بەگەرمی پێشوازییان لێ کردن و وێڕای داگیرساندنی ئاورەکانی نەورۆز بە دەستی ئەوان، دەسرۆکەی سەرچۆپییان دانە دەست و کردیانن بە ڕابەر و پێشەنگی ئەم خۆنواندنە گشتی و جەماوەرییانە.

## کۆمەڵگەیەکی یەکگرتووی یەکانگیر، کە خۆڕێکخستنی جەماوەری تیایدا بە دامەزراوەیی کراوە

لە ١٥ - ٢٠ ساڵی ڕابردوودا کۆمەڵگەی کوردستان نیشانی داوە کە بە چوونە نێو قۆناغی ڕەفتاری گشتی و جەماوەری، بەتەواوەتی کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراو و یەکانگیرە. ئەم یەکگرتووییە کە دەرئەنجامی وشیاریی بەرزی کۆمەڵایەتی و بەرزبوونەوەی ئاستی شعوری نەتەوەییە، بە هەموو ڕەفتارەکانی کۆمەڵگەی کوردستانەوە دیارە و ڕاشکاوانە خۆی دەنوێنێ. کاریگەریی خەباتی سیاسی و تەشکیلاتیی حیزبە سیاسییەکان و بەتایبەت سەرهەڵدانی ڕێکخراوە مەدەنییەکان و متمانەی خەڵک بە چالاکانی مەدەنی و شوێنەواری کاری ڕێکخراوەیی و تیمیی دامەزراوە مەدەنییەکان لەسەر زەینی تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ دەروەستبوونیان بەرانبەر بە گەل و نیشتمان، جۆرێک لە ڕەفتار و هەڵوێستی گشتیی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا درووست کردوە. ئەم زەینییەتە گشتی و جەماوەرییە کە ئەمری خاوەنداریێتی لە ناخ و بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەدا چێ کردوە، لە ئاستی گشتیدا بزووتنەوەیەکی بەرینی جەماوەریی بنیاد ناوە. بزووتنەوەیەک کە بۆ جووڵاندنی کۆمەڵگە ڕۆڵی دینامۆ دەگێڕێ، کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراو و خاوەن هەڵوێستی گشتیی ساز کردوە.

ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی ١٠ - ١٥ ساڵی ڕابردوو نموونە و نیشانەیەک لە خۆڕێکخستنی کۆمەڵگەی کوردستانن کە ساڵ بە ساڵ بەرینتر دەبنەوە و پەیام و مانای تایبەت بە خۆیان هەیە. ئەم ڕێوڕەسمانە کە ئێستا بوونەتە بەشێک لە بزووتنەوەی جەماوەریی کوردستان، دەیسەلمێنن کە کوردستان هەم لە رووی زەینییەوە و هەم بە کردار و هەڵوێست، ڕێکخراو و یەکانگیرە.

## کۆمەڵگەیەکی یەکسانیخواز، کە ژنان تیایدا لە ڕیزی پێشەوەن

ژن لە کۆمەڵگەی کورستاندا لە چاو نەتەوەکانی دەوروبەری پێگەیەکی کۆمەڵایەتیی تایبەتیتری هەبووە. ڕۆڵ و پێگەی ژنان لە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان لە هەشتا ساڵی ڕابردوودا کە سەرەتاکەی بۆ کۆماری کوردستان دەگەڕێتەوە، دیار و بەرچاو بووە. بزووتنەوەی ژینا و بەرزکردنەوەی درووشمی ژن، ژیان، ئازادییش کە هەڵقوڵاوی شەقامەکانی کوردستانن، ڕۆڵ و پێگەی ژنی بردووەتە ئاستێکی دیکە، ئاستێک لە پێشانگایەتی و نیشانەیەک لە مودێڕنبوونی کۆمەڵگە و بزووتنەوەی کوردستان.



سەرچاوە Serchawe

لە شۆڕشی ژینادا کچان لە قوتابخانە و زانکۆکان و لە سەر شەقامەکانی کوردستان، ڕۆڵێکی مێژووییان تۆمار کرد کە جێی سەرنج و شانازی پێوەکردنە. لە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزیشدا کچان و ژنانی کوردستان هەم لە ڕێکخستنی ڕێوڕەسمەکاندا بەشدارن و هەم لە بەرزکردنەوەی هێما و پەیامەکانی ئەم بزووتنەوە جەماوەرییەدا ڕۆڵگێڕن.

## کۆمەڵگەیەکی شوناسخواز، کە سەرکەوتووانە بەگژ سیاسەتی ئاسمیلاسیۆنی دوژمندا چۆتەوە

لە کەس شاراوە نییە ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی کوردستان چەندین ساڵە ئەو مودێل و چوارچێوە سونەتییەی خۆیان دەرباز کردوە و پێگەیەکی تایبەت و ماناداریان لە بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستاندا وەرگرتوە. شێوازی ڕێوڕەسمەکان کە چوارچێوەیەکی گشتی و جەماوەریی بەخۆوە گرتوە، ماهییەتی ئەم ڕێوڕەسمانە لە چوارچێوەی ڕەفتاری گشتیی خەڵکدا بەرهەڵستکاری و خەباتکارانەیە. جۆرێکە لە خەباتی جەماوەری کە خەڵکی کوردستان ماهییەتێکی شوناسخوازانەی پێ بەخشییوە. ئەم ڕێوڕەسمانە بوونەتە دەرفەتێکی گشتی کە خەڵک هاوکات لەگەڵ شایی و خۆشیدەربڕین، تیایدا ڕەفتاری شوناسخوازانە لە خۆ نیشان دەدات.

کاتێک کە دەسەڵات و ڕێژیمی دژیگەلی ئیزنی دەرخستنی هیچ جۆرە شوناسێکی کوردی بە خەڵکی کوردستان لە مەجاڵ و ڕێگای فەرمی و یاساییەوە نادات، خەڵکی کوردستان ئەم ڕێوڕەسمانەیان کردووەتە بەستێنێن بۆ خۆنواندنی نەتەوەیی تایبەت بە خۆی. هاوکات هەر لەم ڕێگایەوە دەیهەوێ بە دەسەڵات بڵێ کە ئەگەر تۆ مافی ئەوەم لێ زەوت دەکەی کە خۆم بم و داکۆکی لە خۆم بکەم و تەنانەت هەوڵی سڕینەوەی شوناسی من دەدەی، من بە گژتدا دەچمەوە و لەم ڕێوڕەسمانەدا کار لەسەر دەرخستنی شوناس و "بوون"ی جیاوازی خۆم دەکەم.

## کۆمەڵگەیەکی دێموکرات، کە بوونی خۆی لەسەر حاشاکردن لەسەر ئەوانیتر بنیات نەنانەوە

لە هەموو ڕێوڕەسمەکانی نەرۆز و بە گشتی تەواوی ئەو ڕەفتارە گشتییانەی کە کوردستان لە خۆی نیشان دەدات، حیساب لە سەر دەسمایەکانی خۆیە دەکات. بە واتایەکی ڕوونتر خەباتی خەڵکی کوردستان بە هەموو شێواز و ڕەهەندەکانیەوە، لە سەر ئەساسی گەڕان بەدوای ئەو ماف و ئازادییانەیە کە لێی زەوت کراوە و هی خۆیەتی و بۆ دەستەبەرکردنی ئەم داخوازییانە تەماحی لەسەر هیچ گەل و کۆمەڵگەیەکی دیکە نییە. خەڵکی کوردستان لە مێژە بڕیاری داوە لە

٢٠ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤

## بەرژەوەندیی خەڵک لەکوێی هاوکێشەکانی نێوان کۆماری ئیسلامی و ئیسرائیل دایە؟



لە دوای هێرشی حەماس بۆسەر هاووڵاتیانی ئیسرائیل لە ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ی زایینی و کوشتنی سەدان کەس لە خەڵکی مەدەنی و ئەتککردن و بێڕێزی بە دەیان کەسی دیکە، قسەوباس لەسەر ئەگەری دەستتێدابوونی -ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی- کۆماری ئیسلامیی ئێران لەم هێرشەدا کرا کە دەستبەجێ خامنەیی وێڕای پێداهەڵگوتن بە حەماس و شان و پیل ماچکردنیان بۆ ئەم کردەوەیە، بەڵام بێبەریبوونی ڕێژیمەکەی لەم ڕووداوە ڕاگەیاند. هەر لەو کاتەوە دیار بوو کۆماری ئیسلامی خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئیسرائیل دەپارێزێ و ئەگەریش دژکردەوەیەکی بەرانبەر هەر هەڕەشە و جووڵەیەکی ئیسرائیل هەبێ، لە ڕێگای تاقم و گرووپە نیابەتییەکانییەوە دەیانکات.

دوای هێرشی هەمەلایەنەی هێزەکانی ئیسرائیل بۆ سەر حەماس لە غەززە کە تا ئێستاش هەر بەردەوامە و بە دەیان هەزار کوژراو و بریندار و وێرانیی ئەم ناوچەیە و ئاوارەبوونی خەڵکەکەی لێ کەوتۆتەوە، هێزە نیابەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی ناوچەکەدا ڕیزە هێرشێکی مووشەکییان بۆسەر شوێن و بنکە و بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل و ئامریکا لە ناوچەکە دەست پێکرد. وەجووڵەکەوتنی هێزە نیابەتییەکانی ئێران لە یەمەن، سووریە و عێراق و هێرشیان بۆسەر بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل و ئامریکا، ڕەهەندێکی نێونەتەوەیی بەم ئاڵۆزییانە بەخشی و کۆمەڵگەی جیهانی بە شێوازی جۆراوجۆر کەوتە هەڵوێست نواندن. هەرچی وڵاتانی عەرەبی بوون، بە میوانداریکردن لە وڵاتانی شوێندانەری جیهانی لە هەوڵی



سەرچاوە
Serchawe

هێورکردنەوەی دۆخەکە و گەڕان بەدوای چارەسەردا بوون کە لە کۆتاییدا دوای چەند کۆبوونەوە لە وڵاتانی تەقەر، میسر و عەرەبستان و هەروەها کووبوونەوەی شورای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و گۆڕینەوەی پەیامی ژێربەژێری نێوان ئەمریکا و ئێران -دوای چەند جار دەست لێکوەشاندن لە عێراق و سووریە و ئاوەکانی لێواری یەمەن- تا ڕادەیەک دۆخەکە ئارام بوویەوە. بەتایبەت دوای گۆڕینەوەی بەشێک لە دیلەکانی حەماس و ئیسرائیل و گەیاندنی هاوکارییە مرۆییەکان بە شەڕلێدراوانی غەززە و لە پێشوازی مانگی ڕەمەزاندا شەڕ و ئاڵۆزییەکان ڕاوەستان. ئەوەی لەم نێوەدا ڕۆڵی ئاژاوەنانەوە و ئاڵۆزترکردنی دۆخەکەی هەر لە سەرەتای ئەم شەڕەوە گێڕا و بۆ ساتێکیش لەپێناو ڕاگرتنی ئالۆزییەکان و بۆ ئاشتەوایی هەنگاوی نەنا، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو کە بەپێچەوانەی ئیدیعاکانی لەسەر هەوڵدانی بۆ پێشگیری لە گەورەبوونەوەی کێشەکان، هەمیشە هەوڵی پیلانگێڕی، بەئەمنیەتیکردنی دۆخەکە و لەباربردنی ئارامی و سەقامگیری داوە.

ئێستا دوای هێرشی هەوایی ئەرتەشی ئیسرائیل بۆ سەر بەناو کۆنسولخانەی ڕێژیم لە سووریە کە ئەوەی تیایدا کوژراوە هەر هەموو کەسانی سەربازیی سەر بە سپای قودسی ڕێژیم لە سووریە بوون و هیچیان کاردار و دیپلۆماتی سیاسی نەبوون، ئاڵۆزییەکان بەربڵاو و قووڵتر بوونەتەوە.

کاربەدەستانی ئیسرائیلی ئیدیعا دەکەن؛ ئەوانەی لەم هێرشەدا کوژراون جیا لەوەیکە گومانی دەستتێدابوون لە هێرشەکەی ٧ی ئۆکتۆبریان لەسەرە، خەریکی پلانی دیکەی خراپکارانە دژ بە ئیسرائیل بوون. لە بەرانبەردا کاربەدەستانی ڕێژیم وەک هەمیشە هەڕەشە و گورەشەی تۆڵەکردنەوە لە ئیسرائیل دەکەن. ئەوەی لەم ڕۆژانەدا زیاتر باسی لێوە دەکرێت، قسەکردن لەسەر "ئەگەری دەسپێکی شەڕی نێوان ئێران و ئیسرائیل" و "هەڵوێستی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر باڵوێزخانەی ڕێژیم لە سورییە"یە.

شارەزایانی سیاسی و سەربازی لەم پێوەندییەدا ڕاوبۆچوونی جیاوازیان هەیە؛ بەڵام زۆربەی چاودێرانی بوارەکە لەو باوەڕەدان کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە هەستکردن بە پلانی ئیسرائیل بۆ پەلکێشکردنی بۆ مەیدانی شەڕ و، هەروەها لێکدانەوەی لە دۆخی نالەباری نێوخۆی وڵات و هێزی نیزامیی ئیسرائیل و پاڵپشتیی بێئەملاوئەولای ئامریکا لەم وڵاتە، ئەستەمە ڕاستەوخۆ وڵامی ئیسرائیل بداتەوە. بۆیە هیچ دوور نییە لە ڕوژان و حەوتووەکانی داهاتوودا، هێزە نیابەتییەکانی بجوڵێنێ و تەنیا بۆ ڕازیکردنی بیروڕای لایەنگرەکانی و دامرکاندنەوەی کەف و کوڵی تەیفە توندڕەوەکانی خۆی، هێرشی مووشەکی بکاتە سەر بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا یان ئیسرائیل لە ناوچەکە و لەم ڕێگایەوە هەوڵی دەستەبەرکردنی هێندێک ئیمتیازی دیکە بدات.

ئەوەی بۆ کۆماری ئیسلامی ئەساس و گرینگە، مانەوەی خۆی وەک نیزامێکی ئیدیۆلۆژیکە و بنەمای ئەم تێڕوانینەشی هیچ پێوەندییەکی بە بەرژەوەندی خەڵک و وڵاتی ئێران و گیان و ماڵی ئەو سەدان هەزار خەڵکەوە نیە کە لە غەززە و شوێنەکانی دیکەی فەلەستین دەبنە قوربانی. مانەوەی کۆماری ئیسلامییش وەک ڕێبەر و دامەزرێنەرەکەی، ئایەتوڵڵا خومەینی هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاریەوە گوتی و بە نانەوەی شەڕ لە گەڵ عێراق و دوژمنایەتی لەگەڵ ئامریکا پێناسەی کرد، لەشەر و ئاڵۆزی و قەرانخوڵقێنی دایە. خومەینی وتی؛ "شەڕ نێعمەتە."

لە پێوەندی لەگەڵ ئەم هێرش و دژکردنەوانەی نێوان ئیسرائیل و ئێراندا، خەڵکی ئێران وێڕای مەحکوومکردنی هەرجۆرە دەستدرێژی و جینایەتێک، خۆیان لەبەرەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا دانانێن. چونکی سیاسەتی شەڕئەنگێزانەی ئەم ڕێژیمە و دروشم و هەوڵی "سڕینەوەی ئیسرائیل لە سەر گۆی زەوی" تەنیا ئارەزووی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییە کە نەتەنیا هیچ قازانجێکی بە بەرژەوەندیی خەڵک و وڵاتی ئێران نەگەیاندوە و ناگەیەنێ، بەڵکوو سیاسەتێکە کە ڕاست چل ساڵە دژ بە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی ئێران و وڵاتەکەیان کاری پێ کراوە.

بۆیە خەڵکی ئێران لەمێژە بە بەرزکردنەوەی درووشمی "نەغەززە، نە لوبنان"، ئەم سیاسەت و ڕێگارانەی کۆماری ئیسلامییان ڕەت کردۆتەوە و بەرژەوەندی و مەسڵەحەتی خۆیان لە دەرەوەی مەوجوودیەتی فکری و سیاسیی ئەم ڕێژیمەدا دەبینن.

٢٣ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤

## بەڵگەی ڕوون بۆ پێویستیی نەمانی کۆماری ئیسلامی



له کۆتاییدا دوای ساڵانێک هەڕەشە و گوڕەشە و مەرگ و نەمان ناردن بۆ ئیسرائیل و ئیدیعای سڕینەوەی ئەم وڵاتە لەسەر نەخشەی جیهان، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران شەوی شەممە لەسەر یەکشەممە، ٢٦ی خاکەلێوەی ١٤٠٣ی هەتاوی، بە ٣٠٠ درۆن و مووشەکی دوورهاوێژی جۆراوجۆرەوە هێرشی کردە سەر ئەم وڵاتە.

چەندین ساڵە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر لە عەلی خامنەییەوە بگرە هەتا سەرکۆماری ئێستا و بەشێک لە سەرۆککۆمارەکانی پێشوو و بەتایبەت بەرپرسانی هێزە ئەمنیەتی و چەکدارەکانی ئەم ڕێژیمە بە هاتوهاواری "نابوود"کردنی ئیسرائیل و "لەگەڵ خاک تەختکردنی تێلئاویو" و "دادگاییکردنی سەرانی ڕێژیمی زایونیستی و لەسێدارەدانیان" گوێی عالەمیان پڕ کردبوو. بەڵام ئەوەی لەم هێرشەدا بینیمان ئەوە بوو کۆماری ئیسلامی نەکهەر ئەوە نەبوو کە لە ڕووی توانای سەربازییەوە ئیدیعای دەکات، بەڵکوو بە بەراوەرد لەگەڵ توانای وڵاتی حەریف و هاوپەیمانەکانی، زۆر لاواز و دەستەوەستان مایەوە. بە چەشنێک کە هەر ئێستا بۆتە گەپجاڕی عالەم. بە پێچەوانەی درۆ و دەلەسە و بانگەشەی بەرپرسانی سپای پاسداران و پڕوپاگاندای ناڕاستی میدیاکانی ئێران، بەشێکی زۆری درۆن و مووشەکەکانی کۆماری ئیسلامی کە قەرار بوو دڵی ئیسرائیل بکەنە ئامانج، پێش ئەوەی بگەنە سنوورەکانی ئیسرائیل

لەلایەن هێزی بەرگریی ئاسمانیی ئەم وڵاتە و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکە کراونەتە ئامانج و بەردراونەتەوە. بەجۆرێک کە خودی کاربەدەستانی سپای پاسداران نەیانتوانی ئەم شەرمەزارییە بشارنەوە و گوتیان ئەو هێرشەی کردوویانە "عەمەلیاتێکی بەرتەسک و بە بارتەقای زەبرەکانی پێشووی دوژمن بووە"! ئەوە لە حاڵێکدایە نزیک بە دوو حەوتوو بوو کاربەدەستانی تاران و تەنانەت خودی خامنەیی بۆ تۆڵەکردنەوە لە هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر بەناو کۆنسوولخانە ڕێژیمەکەیان لە سووریە، باسیان لە تۆڵەکردنەوەی "سەخت" دەکرد.

دەرکەوتنی لاوازیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەم هێرشەی بۆ سەر ئیسرائیل - بەتایبەت دوای چەندین ساڵ لە فڕوفیشاڵ و خۆگیپیکردن- لێکەوتەی باش و دڵخوازی بۆ ڕێژیم لە هاوکێشە سیاسییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان نابێت و ئەم هێرشە ئەگەر هیچ قازانجێکی تێدا نەبێت، لانیکەم دەریخست کۆماری ئیسلامی بایی چەندە.

هەر لە پێوەندی لەگەڵ ئەم هێرشە کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئیسرائیل و ڕێڕەوی درۆن و مووشەکەکانی سپای پاسداران و چارەنووسی زۆربەیان بەدرێژایی ئەو مەودایەی تێدایدا تێپەڕ دەبوون هەتا ئامانجی ڕێژیم لە وەها هێرشێک لەو ئاستەدا، دەریدەخات کە ئەم نیزامە لە بێ‌پرەنسیپی و شەڕەنگێزی و بەزاندنی یاسا و ڕێسا مرۆیی و نێودەوڵەتییەکاندە چەندە بێ‌هاوتا و تاقانەیە. بەرێکردنی زیاتر لە ٣٠٠ درۆنی خۆکوژ و مووشەکی دورهاوێژی کرووز و بالیستیک کە ئەگەر توانای خۆ گەیاندن بە ئامانجەکانیان هەبا، دەیتوانی گیانی بە هەزاران هەزار کەس بخاتە مەترسییەوە تەنیا دەکرێ لە کۆماری ئیسلامیی ئێران بوەشێتەوە. بەزاندنی سنووری ئاسمانیی چەند وڵاتێکی وەک عێراق، سووریە و ئوردون بۆ هێرش بۆ سەر ئیسرائیل یەکێکی دیکە لەو بێ‌پرەنسیپی و پێشێلکارییانەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامییە کە نەتەنیا شەرمی لێ ناکەن، بەڵکوو یەکی وەک وتەبێژی هێزی ئاسمانیی ئەرتەش بەوپەڕی ڕووهەڵماڵاوییەوە دەڵێ؛ هەر وڵاتێک لە ئاسمانی خۆیەوە درۆن و مووشەکەکانمان بکاتە ئامانج، بە خراپ بەسەریدا دەشکێتەوە و بەوجۆرە ڕاستەوخۆ هەڕەشەی سەربازییان لێ دەکات.

بۆ هەمووان ئاشکرایە ئەوەی لە ئارادایە شەڕی وڵاتی ئێران و خەڵکەکەی نییە لە گەڵ ئیسرائیل، بەڵکوو شەڕی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە دژبە خەڵک و وڵاتی ئیسرائیل. بەڵام هیچ گومانی تێدا نییە کە خەڵکی ئێران و ئەم وڵاتە پێشتر و ئێستاش کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئاسەوارەکانی ئەم شەڕە. ئەو بە دەیان میلیارد دۆلارەی خەرجی دروستکردنی ئەو درۆن و مووشەکە پڕتێچووانە کراون لە سامان و قووتی ژیانی خەڵکی ئێران گیراونەتەوە. خەڵکێک کە لە ئێستادا لە خراپترین دۆخی ژیان و گوزەران و گرانی و بێدەرەتانیدا دەژین. بێقیمەتبوونی زیاتری دراوی ئێرانی کە ئەمڕۆژانە دۆلارێک نزیک بە حەفتا هەزار تمەن مامەڵەی پێوە دەکرێ، ئاسەوارێکی دیکەی ئەم سەرەڕۆیی و شەڕەنگێزییانەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ گوزەرانی لە خەڵکی وڵات تاقەتپڕوکێنتر کردوە.

کۆماری ئیسلامی بەم هێرشکردنەی بۆ سەر ئیسرائیل پێویستە لە ڕوانگەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بە جۆرێکی دیکە لێی بڕواندرێ و هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێ. ئەم ڕێژیمە نیشانی دا و سەلماندی کە لە شکاندنی هەر جۆرە سنوورێکی یاسایی و مرۆییدا دیاردەیەکی ناوازە و دوور لە پێبەندبوون بە هەر ڕێوشوێنێکی ددانپێدانراو و دیاریکراوە. ئەو وڵاتانەی بە دەیان ساڵە بە ڕەپێشگرتنی سیاسەتی دیالۆگی ڕەخنەگرانە و کەمکردنەوەی ئالۆزییەکان و هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ڕیفۆرم لەم نیزامەدان، دەبێ ئێستا باش بزانن و بۆیان دەرکەوتبێ کە لەگەڵ چ ڕێژیمێک بەرەوڕوون. دەبێ ئەم خەسڵەت و ڕەفتارانەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پرسیار لە خۆی بکات کە مانەوەی ئەم ڕێژیمە و دەستپێڕاگەیشتنی بە چەکی ناوکی، دەتوانێ دنیا تووشی چ بەڵا و کارەساتێک بکات. دەبێ گەلانی جیهان بۆیان دەرکەوتبێ خەڵکی ئێران زیاتر لە ٤٥ ساڵە دەسەڵاتی سەرکوتگەری چ ڕێژێمیکیان بەسەردا سەپاوە و لەدژی چ نیزامێکدا خەریکی خەبات و تیکۆشانن و لەبەرچییە کە دەیانهەوێ لێی ڕزگار بن و ئاسەواری نەهێڵن؟

ماوەتەوە بڵێین: گەلانی ئێران ئەم شەڕە بە شەڕی خۆیان نازانن و هێرشی ڕێژیم بۆ سەر ئیسرائیل هیچ خواستێکی خەڵکی ئەم وڵاتەی لەسەر نییە. ئەم هێرشە ئاکامی سیاسەتی شەرئەنگێزانەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و سپای پاسدارانە کە بوون و بەرژەوەندیی سیاسی و ئابووریی خۆی وەک باندێکی مافیا لە قەیرانخوڵقێنی و بەئەمنیەتیکردنی دۆخەکەدا دەبینێ. گەلانی ئێران سەرەڕای مەحکوومکردنی هەرچەشنە دەستدرێژی و سنووربەزاندنێکی کۆماری ئیسلامی، هۆکاری سەرەکیی ئەم ئالۆزییانە و هەرچەشنە ئالۆزییەکی دیکەی ناوچەکە بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەگەڕێننەوە و لەو باوەڕەدان تەنیا ڕێگای ڕزگاریی ئێران و ناوچەکە لە شەڕ و قەیران و ناسەقامگیری نەمانی ئەم ڕێژیمەیە.

٢٧ی خاکەلێوەی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## شەڕێکی ترسەنۆکانە دژبە ژنان



شەپۆلێکی دیکە لە پەلاماردانی ژنان لەلایەن هێزە سەرکوتکەرە جۆراوجۆرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دەستی پێ کردوە. ئەم سەرکوتکارییە لە ئاستێکی بەرین و بەربڵاو و بە شێوەی جۆراوجۆر لە ئارادایە. هەر لە هێرش بۆ سەر ژنان لەسەر شەقامەکان بە بیانووی "بێحیجابی"یەوە بگرە تا دەستدرێژی بۆ سەر ژنانی مافخواز لە بەندیخانەکان و هەوڵدان بۆ بێڕێزیکردن و بوختان بۆ هەڵبەستنیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن هێزی سەرکوتکەری سایبێریی ڕێژیم.

هێزەکانی گەشتی ئیرشاد لە هەڵمەتێکی نوێدا دیسان وەک هەمیشە و ئەمجارەیان زۆر توندوتیژ و دڕندانەتر لە جاران بە شەقامی شارەکانی ئێراندا بڵاو بوونەتەوە و  بە بیانی "ڕەچاونەکردنی یاساکانی حیجاب" پەلاماری ژنان و کچان دەدەن و هاوکات لەگەڵ بێڕێزیپێکردنیان لێیان دەدرێ و بەزۆر ڕاپێچی گرتووخانەکان دەکرێن. هاوکات لەگەڵ ئەم ڕەفتارە سەرکوتکەرانەی هێزەکانی ئیرشاد، باس لەوە دەکرێ کە لە زیندانەکاندا گوشار بۆ سەر ژنانی بەندکراو پەرەی ئەستاندوە و تەنانەت دەستدرێژیی جنسی دەکرێتە سەر ژنان و سووکایەتییان پێ دەکرێ. لە تازەترین فایلی دەنگییدا، نەرگس محەممەدی، ژنە بەندکراوی براوەی خەڵاتی نوبێل، لە بەندیخانەوە باس لەوە دەکات کە گوشار بۆ سەر ژنانی بەندکراو لە پەرەسەندنی زیاتردایە و تەنانەت باس لەوە دەکات ئاسەواری توندوتیژیی و دەستدرێژی جنسی بە هێندێک لە ژنانی زیندانییەوە دیارە. هەر لەم پێوەندییەدا وەک لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا زۆر باسی لێوە کرا، ڕێژیم لەلایەن کۆمەڵێک

بەکرێگیراو و لە ڕێگای چەند کانالْ و پەیجی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بەئامانجگرتنی ژنان لە کوردستان و هەوڵدان بۆ بێڕێزی و بوختان بۆ هەڵبەستنیان و سووککردنیان لە بنەماڵە و کۆمەڵگەدا، کاری لەسەر دەکرێ.

ئەم شەڕەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دژبە ژنانی وڵات کە هەر ئێستا و لە یەک دوو ساڵی ڕابردوودا ئاستێکی بەربڵاو و فراوانی بەخۆوە گرتوە، بە درێژایی هاتنەسەرکاری ئەم ڕێژیمە هەبووە و درێژەی هەیە. هەر لە یەکەم ڕۆژ و مانگەکانی هاتنەسەرکاری ئەم ڕێژیمە، ئەوە ژنان بوون کە ڕاست دژبە حیجابی زۆرە ملی و لە پێناو دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی خۆیاندا بە هەزاران کەسیان ڕژانە سەر شەقامەکانی تاران و بە درووشمی "نە روسری، نە توسری، آزادی و برابری"، ڕاشکاوانە دژایەتیی خۆیان دژ بە نیزامی ئیدئۆلۆژیکی ئاخوندی ڕاگەیاند. لە ماوەی ٤٥ ساڵی ڕابردوودا ژنان لە هەموو بەستێنەکانی خەبات و جووڵە جەماوەری و سیاسییەکانی نێوخۆی وڵاتدا، ئازایانە دەنگیان هەڵبڕیوە و لە ڕەفتاری ڕۆژانەیان لە بنەماڵە و شوێنە گشتییەکان و شەقامەکاندا سەلماندوویانە کە تەسلیمی یاساوڕێسای پڕ هەڵاواردن و کۆنەپەرستەکانی کۆماری ئیسلامی و ئیدئۆلۆژییە دژە ژنانەکانی نەبوون و نابن.

بەتایبەت لە ڕەوتی نوێترین بزووتنەوەی بەرینی گەلانی ئێران (ژینا)دا کە "ژن" وەک تێمی سەرەکیی ئەم بزووتنەوە لە ژێر درووشمی "ژن.ژیان.ئازادی"دا وێنا و پشتیوانییەکی جیهانیی بۆ ئەم بزووتنەوە دەستەبەر کرد، کۆماری ئیسلامی زیاتر لە هەمیشە لەگەڵ ژنان کەوتە شەڕەوە. ژنان لە بزووتنەوەی ژینادا زیاتر لە ڕابردوو، بە شێوەی مەیدانی "بوون"ی خۆیان وەک بەشێکی هەرە ئەکتیڤ و چالاکی بزووتنەوە نیشان دا. ژنان بە هێزوەرگرتن لە ئەقڵییەت و تێفکرینێک کە لە پشت درووشمی ژن، ژیان، ئازادییەوە هەبوو و بەو پشتیوانییە جەماوەری و جیهانییەی لێی کرا، ڕۆڵی هەر بەرچاو و تەنانەت پێشەنگیان لە بزووتنەوەکەدا گێڕا. ژنان لەم شۆڕشەدا بە کۆمەڵێک ڕەفتاری نمادین و سەمبولیکی وەک پەچەلادان و بڕینی پرچیان، ڕاستەخۆ ماهییەتی ئیدئۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامییان خستە ژێر پرسیار.

لە ڕەوتی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادیدا کۆماری ئیسلامی زۆر لێبڕاوانە هێزی سەرکوتی خۆی ڕژاندە سەر شەقامەکان و بە شێوەی جۆراوجۆر پەلاماری ژنانیدا؛ سووکایەتی پێکردن، لێی دان، لێی کوشتن، دەستبەسەری کردن و وێڕای ئەشکەنجە و دەستدرێژی و سووکایەتیی زیاتر، حوکمی قورس و گرانی بەسەردا سەپاندن. پێی وابوو بەم شێوەیە دەتوانێ شەڕی دەیان ساڵەی لەگەڵ ژنانی ئازادیخوازی وڵات بباتەوە و سەرکوتیان بکات. بەڵام وەک بۆ هەمووان و بۆ ڕێژیم زیاتر لە هەموو کەس ڕوونە، ژنان نە پاشەکشەیان لە داخوازییەکانیان کردوە و نە ئامادەن سەر بۆ یاسا داسەپاوەکانی ئەم ڕێژیمە نەوی بکەن.

ژنان لە بنەماڵەکانیاندا خەریکی پەروەردەکردنی نەوەیەکی ئازادیخواز و بەرهەڵستاری زووڵم و دیکتاتۆرین، لە شەقام و

شوێنە گشتییەکاندا وێڕای داکۆکیکردن لە ئازادییە کۆمەڵایەتی و فەردییەکانیان، یاسا ڕەش و کۆنە پەرەستە داسەپاوەکانی وەک حیجابی زۆرە ملێ، دەخەنە ژێر پرسیار و تەسلیمیان نابن.

ئەوەی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای هێزە سەرکوتکەرە جۆراوجۆرەکانییەوە لە سەر شەقامەکان، زیندانەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دژبە ژنانی وڵات و نیشتمانەکەمانی دەیکات، شەڕێکی ترسەنۆکانەیە. شەڕێک کە لە ترسەوە سەرچاوە دەگرێت، ترس لەو ڕق و بیزارییەی خەڵک کە - کاربەدەستانی ڕێژیم لە هەموو کەس و لایەنێک باشتری لێ ئاگادارن - لە دەرفەتێکی گونجاو و ئاکامبەخش دەگەڕێت بە تەواویەتی ئەم نیزامەدا بتەقێتەوە و داهاتوویەکی گەش بۆ خۆی دەستەبەر بکات. پەلاماردانی ژنانیش جیا لە تۆڵەکردنەوە لە ڕۆڵ و کاریگەرییان لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دژ بە دەسەڵات، هەوڵێکە بۆ چاوترسێنکردنی خەڵک بۆ خۆبواردن لە هەر نارەزایەتیدەربڕینێک، سیاسەتێک کە لە ٤٥ ساڵی ڕابردوودا بەردەوام مایە پووچ دەرچووە.

٥ی بانەمەڕی ٢٧٢٤

---

## سەرکوتکارییەکی تاقیکراوەی بێئاکام



شەپۆلێکی دیکە لە گرتن و ڕاوەدوونان و دادگاییکردنی بێیاسایی چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دەستی پێ کردوە. لە ماوەی یەک دوو حەوتووی ڕابردوودا و بۆ جارێکی دیکە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕێگای هێزە سەرکوتکەرەکانی خۆیەوە شەپۆلێکی دیکە لە فشارهێنان بۆ خەڵکی کوردستانی ساز کردوە و بە بیانووی جۆراوجۆری بێبنەما، ڕۆژانە خەریکی دەستبەسەرکردنی چالاکانی مەدەنیی کۆردستانن. هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بەبێ هیچ مۆڵەتێکی یاسایی خەڵک لەسەر کارەکانیان، لە ماڵەوە و لەسەر شەقامەکان دەستبەسەر دەکەن و ڕەوانەی گرتووخانەکانیان دەکەن و بەبێ ئەوەی مافی داکۆکیکردن لە خۆیان پێ بدرێت یان مافی وەکیلگرتنیان هەبێت، حوکمی قورس و ناڕەوایان بەسەردا دەسەپێنن.

بەپێی ئەو هەواڵ و زانیاریانەی ناوەندەکانی داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤی کوردستان بڵاویان کردۆتەوە و بە میدیاکانی حیزبی دێموکرات و ناوەندی تەشکیلاتی ئەم حیزبە گەیشتوون. هەر تەنیا لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا هاوکات لەگەڵ گرتن و دەستبەسەرکردنی چەند کەس لە خەڵکی شارەکانی بۆکان، سایینقەڵا، شنۆ و تیکاب، نزیک بە ١٠ کەس لە زیندانییانی کورد بەبێ ئەوەی ڕەوتی یاسایی پەروەندەکانیان و پێڕاگەیشتن بەو تۆمەتانەی دراوەتە پاڵیان، بپێون، حوکمی قورس و ناڕەوایان بەسەردا سەپێندراوە. زۆربەی گیراوەکان بەبێ ئاگاداریی پێشوو و بەبێ مۆڵەتی یاسایی لە لایەن هێزە



سەرچاوە Serchawe

ئەمنیەتییەکانەوە هەڵکوتراوەتە سەریان و قۆڵبەس و ڕەوانەی شوێنی نادیار کراون. لە بەدواداچوونی بنەماڵەکانیاندا دەرکەوتوە کە زۆربەی نزیک بە تەواوی گیراوەکان بە بێئەوەی دادگا یان هەر شوێنێکی دیکەی یاسایی لێی ئاگادار بێت و حوکمی دەستبەسەرکردنیان دابێت، لە گۆترە و بە بڕیاری ناوەندە ئەمنیەتییەکان دەستبەسەر کراون.

ئەم ڕەوتە لە گرتن و سەرکوتی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کوردستان و جۆری ڕەفتار و هەڵسوکەوتی ناوەندە ئەمنیەتییە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم دەرخەری ترسی کۆماری ئیسلامی لە چارەنووسی نادیاری خۆیەتی. چارەنووسێک کە لەلایەک بە هۆی ئەو قەیرانە سیاسی و ئابووری و ئەمنیەتییانەوە کە بە هۆی سیاسەتە هەڵەکانی خۆیەوە تووشی بووە و لایەکی دیکەوە بە هۆی بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلانی ئێرانەوە، ڕوو لە فەوتان و لەنێوچوونە. کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە دۆخ و هەلومەرجی نالەبار و نادڵخوازی خۆیان لە ئاستی نێوخۆ و ناوچەیی و نێونەتەوەییدا بەباشی دەرک پێ دەکەن، ترس و دڵەڕاوکیی خۆیشیان لە ڕەفتار و هەڵوێستی ڕۆژانەی خەڵک کە نیشان لە بوونی بزووتنەوەیەکی مافخوازانەی بەرهەڵستاریی خەڵکە، ناتوانن بشارنەوە.

سەرکوتی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد لە کوردستانی ئێران و گوشاری ڕۆژانەی جۆراوجۆری ناوەندە ئەمنیەتییەکان بۆ سەر کۆمەڵگەی کوردستان کە بێگومان لە شار و ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش بەردەوامە و کۆمەڵگە بەگشتی لەژێر فەزایەکی پۆلیسی دایە، ئەگەر لەلایەک ترس لە بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلانی ئێرانە کە دوای بزووتنەوەی ژینا چەندین هەنگاوی بەرەوپێش بۆ تێپەڕین لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ناوە، لە لایەکی دیکەشەوە نیشانەی ئەو پەڕی شپرزەیی دۆخی خودی کۆماری ئیسلامییە. ڕێژیمێک کە نەتەنیا لە بوارەکانی ئابووری، ئەمنیەتی و سیاسییەوە تووشی دەیان قەیرانی جۆراوجۆر بووە و توانای چارەسەرکردنیشیانی نیە، بەڵکوو لە بواری گوتار و ئیدئۆلۆژیکیشەوە بە جۆرێک تووشی دارمان و پووکانەوە هاتووە کە تەنانەت، توانا و زەرفییەتی ڕاگرتنی هێزە وەفادارەکانی دوێنێی خۆیشی نەماوە.

سەرکوتی بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلانی ئێران کە ڕێژیم بە هەموو هێزیەوە هەوڵی بۆ دەدات و لێی بەردەوامە، نەتەنیا نیشانەی هێز و "ئێقتدار" نییە، بەڵکوو ڕاست بە مانای ترسەنۆکی و لەرزۆکییەتی. سەرکوتی ژنان لە سەر شەقامەکان بە بیانووی نەبوونی حیجاب و بالاپۆشی، ئەگەر ترس لە خەساربوونی ئیدئۆلۆژییە ویشکە مەزهەبییەکەی نەبێت کە بە لابردنی حیجابی زۆرەملی درز و لەرزی تێدەکەوێ، دەتوانێ چ شتێکی دیکە بێت؟ دەستبەسەرکردنی ئەو کەسانەی کە گوایا دەستیان لە وەڕێخستنی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی کوردستاندا هەبووە، ئەگەر ترس لە گەشەی هەستی نەتەوەیی و مافخوازی لە کوردستان و شکستی سیاسەتی دژیگەلیانەی ئەم ڕێژیمە دەرحەق بە ویستی ڕەوای ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان نەبێ، دەتوانی چ تەعبیرێکی دیکەی لێ بکرێ؟ ئەگەر گرتنی کەسایەتییە ئاکادمییەکانی وەک عەلیرەزا نووریزادە لە تاران و حەبسکردنیان لە بەندیخانەکان، ترس لە بەتاڵبوونەوەی گوتار و تێڕوانینە کۆنەپەرەستەکانی ئەم ڕێژیمە نەبێ،



سەرچاوە
Serchawe

چۆن دەبێ ئەم ڕێژیمە کە ئیدیعای "بوونی ئازادی" لە پێکهاتەی خۆی و وڵاتدا دەکات، قەڵەم و زاری ڕەخنەگران کپ بکات؟!

ئەزموونی بزووتنەوەی ژینا و ڕەفتارە جەماوەرییەکانی دیکەی وەک بایکۆتی دوایین هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم لە ١١ی ڕەشەممەی ڕابردوو و ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی ئەمساڵی کوردستان و بەرەنگاریی ژنانی ئێران لە سەر شەقامەکان و بێدەنگنەبوونی چالاکانی سیاسی و کەسانی ئاکادمیک و زانکۆیی بەرانبەر بە ڕێژیم و بەردەوامیی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە لە ناڕەزایەتیدەربڕین، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە، ئەم سەرکوتکارییانەی کۆماری ئیسلامی ئێران بەهیچ شێوەیەک نە دەتوانێ پاشەکشە بە بزووتنەوەی بەرینی مافخوازانەی گەلانی ئێران بکات و نە هیچ دەسکەوتێکی دڵخوازی بۆ ڕێژیم لێ دەکەوێتەوە.

٢٤ی بانەمەڕی ٢٧٢٤

---

## کورتە وێنایەک لە مێژووی هاوچەرخی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



### کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

### (کورتە وێنایەک لە مێژووی هاوچەرخی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان)

### پێشەکی

زۆرێک لە بیرمەندانی بواری زانستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان لەبارەی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە قسەیان کردوە. ئەرەستوو کۆمەڵگەی مەدەنی بە دەوڵەتشار دەشوبهێنێ و لە ڕوانگەی ئەوەوە پۆلیس کۆمەڵگەیەکی سیاسیی خودموختار و سەربەخۆیە کە ژیان تیایدا، هەم ناسنامەی سیاسی و هەم ناسنامەی کۆمەڵایەتی هەیە، کە لە ئاکامدا دەوڵەت و کۆمەڵگە ماهییەتێکی یەکسان و هاوبەشیان پێ دەبەخشرێ. بەڵام لە سەدەی ١٧ بەملاوە و دوابەدوای پێشکەوتن و گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، ئەم ڕوانگەیە گۆڕانی بەسەردا هات و پێگەی دەوڵەت و کۆمەڵگە بەجیا لە یەکتر پێناسە کرایەوە. بیرمەندانی چاخی ڕۆشەنگەری لە سەدەی ١٧ تا ١٩ی زایینی وەک (تۆماس هابز، جان لاک، چالێرز مۆنتسکیۆ، ژان ژاک ڕۆسۆ و ئامانۆئێل کانت) و هەروەها بیرمەندانی بواری ئابووریی سیاسی، وەک؛ ئادام ئیسمیت و ئادام فریگسن، هەوڵیاندا

بە یارمەتیوەرگرتن لە مەفهوومی کۆمەڵگەی مەدەنی، زەروورەتی لێک جیاکردنەوەی (دەوڵەت و کۆمەڵگە) لێک بدەنەوە. (سبزەای، ١٣٨٦: ٧٦).

لە درێژەی ڕەوتی پێکهاتنی دەوڵەت – نەتەوەکان و ئاشنایی وڵاتانی جیهانی سێهەم بە چەمک و واتاکانی پێوەندیدار بە قۆناغی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی، کۆمەڵگەی مەدەنی و هێزی جەماوەر و بەکارهێنانی بەرانبەر بە دەسەڵات بە مەبەستی ڕاگرتنی هاوسەنگی، بوو بە باس و خواسی کۆمەڵناسان و وەک یەکێک لە تێمە سەرەکییەکان لە ڕەوتی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکاندا، سەرنجی تایبەتی دەخرێتە سەر.

قسەکردن لە کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان، سەرەڕای لە ئارادابوونی بزووتنەوەیەکی سیاسیی گشتگیری لەمێژینەی دژ بە داگیرکاری و چەوسانەوەی نەتەوەیی، بابەتێکی نوێ و تازەیە. سەرەڕای تازەبوون و ئەمنیەتیبوونی ژینگەکەی، دیاردەی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە نێوەرۆک و تێمی سەرەکیی ئەم نووسینەیە، هەم توانیویەتی بە خێرایی گەشە بکات و هەم کاریگەریی خۆی لە سەر کۆمەڵگە دابنێ.

لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاری جیددی و ئاکادێمیک زۆر کەم کراوە و ئەو کارانەش کە کراون زیاتر لە چوارچێوەی کۆمەڵێک بابەت و وتاردان کە تایبەت پڕژاونەتە سەر چالاکییەکانی فەرهەنگی، خوێندکاری، ژینگەپارێزی و مەسەلەی زمان کە بە شێوەی بڵاو لەم ساڵانەی دواییدا لە گۆڤارەکانی وەک "زرێبار"، "ڕۆژەڤ"، "تیشک"، ڕۆژنامە و بڵاوڤۆکەکانی دیکەدا بڵاوبوونەتەوە یان لە پێگەکانی ئینترنێتیی وەک ماڵپەڕ و وێبلاگەکاندا وتووێژیان لەسەر کراوە.

بۆ ئەم نووسینە لە دوو شێواز و مێتۆدی "کتێبناسی" و "وتووێژی تایبەت" کەڵک وەرگیراوە؛ لە یەکەمیاندا تا ئەو جێیەی پێوەندی بە ئەسڵی باسەکە (کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان)ەوە هەبوو، سەرچاوەکان کەم و نابەردەست بوون. هەر خودی سووژەکە بە هۆی تازەبوونیەوە کەمی لە سەر گوتراوە. ئەوەشی کە لەسەر نووسراوە، نەپڕژاوەتە سەر لایەن و ڕەهەندەکانی بابەتەکە. بۆیە، وتار و بابەتە نووسراوەکان سەبارەت بە کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بڵاو و گشتین.

بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم کەمایەسییە لێرەدا هەوڵ درا دوای گەڵاڵەکردنی هێندێک پرسیار کە وڵامەکانیان بتوانێ کەلێن و کەلەبەری بابەتەکە پڕ بکاتەوە، لە گەڵ هێندێک کەسی شارەزا و جیاواز وتووێژ بکرێت. ئەم کەسانە کە پێکهاتوون لە کەسانی ئاکادێمیک و مامۆستای زانکۆ، شارەزا لە زانستەکانی کۆمەڵناسی، فەلسەفە، چالاک لە بزاڤە مەدەنییەکان و

کەسانی سیاسیی شوێندانەر و کاربەدەست لە حیزبەکان (دێموکرات و کۆمەڵە)، هەرکام بە جۆرێک بەستراوەییان بە بابەتەکەوە هەیە و ئامانجدارانە دیاری کراون.

لەبەر ئەوەی ئیمکانی دیداری ڕاستەوخۆ لەگەڵ زۆرێک لەم بەڕێزانە نەبوو، وتووێژەکان ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای نووسراوەوە ئەنجام دراون. هەڵبەت، بە هۆی تازەیی بابەتەکە و پێویست بە بیرکردنەوەی زیاتر لە سەر بابەتەکە، هەموویان خوازیاری ناردنی پرسیارەکان بە نووسراوە بوون.

پێویست بە ئاماژەپێدانە کە لەنێو دەقی بابەتەکەدا لەو شوێنانەی کە ڕێفرێنس بە نێوەرۆکی وتووێژی هەرکام لەو کەسانە دەدرێ کە وتووێژیان لە گەڵ کراوە، ئەم شێوازە لەبەرچاو گیراوە:

لە ڕێفرێنسی یەکەمدا ئاماژەی تەواو دەدرێت و لەوانی دیکەدا تەنیا ئاماژە بە شۆرەت (نازناو) و ژمارەیەکی دیاریکراو کە لە ڕێفرێنسی یەکەمدا دیاری دەکرێت، دەدرێت. بۆ نموونە وەک: (ڕەهبەر مەحموودزادە، وتووێژی تایبەتیی خۆم: ڕێکەوتی ١٤ی ڕێبەندانی ١٤٠٠. لەوانی دیکەدا بە "مەحموودزادە، ٥" ئاماژەی پێ دەکرێ).

لێکۆڵینەوەکە سەرەتا بە وێنایەکی گشتی لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەست پێ دەکات. ئامانج لەم کارە لە درێژەی بابەتەکەدا دەردەکەوێت کە ئەویش سەلماندنی جۆرێک لە پاشخانی هاوبەشی مێژوویی‌یە کە لە درێژەی بەرەوپێشچوونی هەر دوو ڕەوتی مەدەنی و شۆڕشگێڕانەی سیاسیدا لە چوارچێوەی گوتاری "شوناسخوازیی نەتەوەیی"دا یەک دەگرنەوە و وەک دوو باڵی* "بزووتنەوەی بەرەنگاریی مافخوازانەی جەماوەری"ی کوردستان هەرکام بە شێوازی جیاواز و لە بەستێنی خۆیدا کار دەکات.

لە بەشێکی دیکەدا، هەوڵ دراوە خوێندنەوەیەکی گشتی لە کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بخرێتە بەرچاو. تایبەتمەندییەکانی ئەم کۆمەڵگەیە، پێوەندیی نێوان بزووتنەوەی مەدەنی لەگەڵ بەستێنی شۆڕشگێڕی، گوتار و کارکردی ئەم بەستێنە لە سەر کۆمەڵگە و بە گشتی باس کردن لە سەر دۆخی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نێوەرۆکی ئەم بەشە لە بابەتەکە پێک دێنن.

قۆناغەکانی بزووتنەوەی مەدەنی و ئەو بەستێن و زەمینە سیاسی و کۆمەڵایەتیانەی کە ئەم بزووتنەوەیە تێیدا بیچمی گرت، لە گەڵ گەیشتنی بە قۆناغی خۆناسین و گوتارسازی کە توانی کاریگەریی خۆی لەسەر کۆمەڵگە و ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگە دابنێ، لەم نامەیەدا بە وردی باسیان لە سەر کراوە.

ڕوانینی دەسەڵاتی زاڵی داگیرکەر بۆ سەر کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەک و جێگە و پێگەی ئەم دیاردە و بزاڤە لە بزووتنەوە گەورە نەتەوەیی و جەماوەرییەکە و لە لای حیزبەکان، دەتوانن سەلمێنەری زۆرێک لەو ئیدیعایانە بن کە لەم نامەیەدا جەختیان لە سەر کراوەتەوە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە لە چوارچێوەی ڕوانینە گشتییە ئەمنیەتییەکەی خۆیەوە لە بزووتنەوەی مەدەنی و چالاکانی ئەم بوارە دەڕوانێ، سەرەکیترین هەڕەشە و مەترسیی بۆ سەر کۆمەڵگەی مەدەنی دێتە ئەژمار. لەلایەکی دیکەوە دەرک و پشتیوانیی حیزبەکان لە خەباتی مەدەنی - هەرچەند بە درەنگەوە - کاریگەریی لە سەر متمانەی خەڵک بە کۆمەڵگەی مەدەنی دەباتە سەرێ و ئەمەش دەتوانی ببێتە دەرفەتێکی باش بۆ گەشە و بەرفراوانبوونی ئەم کۆمەڵگەیە.

بۆ باس لە سەر هەموو ئەم ڕەهەند و لایەنانەی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەوڵ دراوە ڕوانگە و بۆچوونی جیاواز بخرێتە بەرباس و نێوەرۆکی نامەکە دوورە لە هەر لاگیری و دەمارگرژییەک.

## کورتە وێنایەک لە مێژووی هاوچەرخی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لە ڕەوتی شەڕی جیهانیی یەکەم (١٩١٨ - ١٩١٤) و پێکهاتنی دەوڵەت - نەتەوەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بە هۆکاری ڕێکخراوەنەبوونی وشیاریی نەتەوەیی و دەستێوەردانی نادادپەروەرانەی زلهێزەکانی ئەو سەردەمە، نەتەوەی کورد لە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بێبەش کرا و نیشتمانی کوردان لە ئاکامی ڕێکەوتننامەکانی "سایکس - پیکۆ" (١٩١٦) و لۆزان (١٩٢٣)دا، دوای لێکهەڵوەشانی ئیمپراتۆریی عوسمانی، بە سەر چوار وڵاتی ئێران، تورکیە، عێراق و سووریەدا دابەش کرا (شەرەفکەندی، ٢٠١٢: ٦٥).

دوای پێکهاتنی دەوڵەت - نەتەوەکانی تورک و عەرەب و ئێرانی (فارس)، کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان، هەوڵی ئاسمیلەکردنی درا. ناسیۆنالیستەکانی پالەوی، ئاتاتورکی و، عەرەبە ناسیۆنالیستەکان و دواتریش بەعسییەکانی - ئەفلەقیی عێراقی و سووری بە ڕەچاوکردنی توندوتیژانەترین سیاسەت، هەوڵی تواندنەوەی نەتەوەی کوردیان دا (عەبباسزادە، ١٣٨٧: ٣٩).

لە سەردەمی دیکتاتۆریی بیست ساڵەی ڕەزاشادا زۆرداریی نەتەوەیی گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. شۆڤینیزمی ئێرانی بوو بە سیاسەتی ڕەسمیی ڕێژیمی پەهلەوی و نەتەوەکانی غەیری فارس خرانە ژێر توندتروتیژترین ستەمی نەتەوەیی. بۆ لەنێوبردنی شوێنەواری نەتەوەیی، مێژوویی و فەرهەنگیی ئەم نەتەوانە بەرنامەیەکی داڕێژراو و درێژخایەن بەڕێوە دەچوو



سەرچاوە
Serchawe

کە مەبەستی تواندنەوەی نەتەوەکانی غەیری فارس بوو. دەستێوەردانی مێژووی کۆن و نوێ، گۆڕینی ناوی شار و گوندەکان، قەدەغەکردنی گەلێک ڕێوڕەسمی نەتەوەیی، تەنانەت لەبەرکردنی جلوبەرگی نەتەوەیی، هەموو بۆ ئەوە بوو کە نیشان بدرێ لە ئێراندا تەنیا تاقە نەتەوەیەک هەیە، ئەویش نەتەوەی فارسە (قاسملوو و حەسەنزادە، ٢٠٠٢: ٢٤).

هاوکات لەگەڵ هاتنەسەرکاری ڕەزاخانی میر پێنج و بیچمگرتنی دەوڵەت - نەتەوەی فارس - ئێرانی(١٩٢٦)، بزووتنەوەی سمایل ئاغای شکاک، ناسراو بە سمکۆ (١٩١٩ - ١٩٣٠) لە هەوڵی دروستکردنی هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بوو. سمکۆ پێش لە دەسپێکی پرۆژەی نەتەوەسازیی دەوڵەتی فارس، بە بێ ئەوەی چاوی تەماح بە مەبەستی سڕینەوەیان ببڕێتە سەر پێکهاتەکانی دیکەی دەوروبەری خۆی، "ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەیەکی کرد کە یەکەمین خوێندنگەی کوردی لە ڕۆژهەڵات کردەوە، یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی — فارسی بڵاو کردەوە و کوردیی کردە زمانی فەرمیی قەڵەمڕەوی حوکمڕانییەکەی و ڕاپەڕینەکەی بوو بە بناغەی دژایەتیی نێوان گێڕانەوەی فەرمی و نیوە فەرمیی دەوڵەت (دەوڵەت - نەتەوەی فارس - ئێرانی) و گێڕانەوەی ناسیۆنالیستیی کورد لە ئێران" (سلێمانی، ٢٧٢٠: ٤٣٥). جووڵانەوەی سمکۆ کە تا ساڵی ١٩٣٠ هەر مابوو، ببوو بە کۆسپێک لە سەر ڕێگای ڕەزاخان کە دەیهەویست دەسەڵاتێکی بەهێزی ناوەندی لە ئێران پێک بێنێ. بۆیە پاش دانانی پیلانێک لە ڕۆژی ٣١ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٠٩ (١٩٣٠ی زایینی)دا، سمکۆ لە لایەن سەرهەنگێکی لەشکری ئێرانەوە بۆ وتووێژ بانگ کرایە شاری شنۆ و ناجوامێرانە کوژرا (قاسملو و حەسەنزادە، ٢٠٠٢: ٢٣).
لە درێژەی هەوڵدان بۆ چەسپاندن و سەقامگیرکردنی دەوڵەت - نەتەوەی فارس - ئێرانی و چڕکردنەوەی تەواوی دەسەڵاتەکان لە ناوەند لەسەر ئەساس و بنەمای ئاسمیلەکردنی نەتەوەکانی دیکە و یەک لەوان کورد و ڕاکێشانی زەین و بیری تاکەکانی کۆمەڵگەکان و تەسلیمکردنیان بە "تەبەعییەت" و پێڕەوی لە بیری ئێرانی و "ئێراندۆستی" و ئەرکیان بەرانبەر بە پاراستنی ئەم تاکە وڵاتە و تاکە نەتەوە، پرۆسەی "سەربازگیری" و سەربازیکردنیان بە "ئیجباری" بەسەر لاوانی کوردستاندا دەسەپاند. "ئەمنیە" لە گوندەکانی کوردستان حاکمی بێئەملا و ئەولای گیان و ماڵ و نامووسی خەڵک بوون و لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی بە تەواو قەدەغە کرا. بەرانبەر بە هەموو ئەم زوڵم و زۆریانە لە هێندێک ناوچەی کوردستاندا ڕاپەڕین و نارەزایەتیی سەریان هەڵدا کە وێڕای سەرکوتکردنیان، هەستی کوردایەتییان لە کوردستان لە دڵی هەموو کوردێکدا ئەوەندە بەهێز کرد کە سیاسەتی ڕەزاشا بۆ تواندنەوەی نەتەوەی کورد وەک هی مستەفا کەماڵ لە تورکیە بە تەواوی پووچەڵ بوو (قاسملوو و حەسەنزادە، ٢٠٠٢: ٢٤).

لە ئاکامی ڕیزبەندیی وڵاتانی زلهێز و کاریگەر لە شەڕی دووهەمی جیهانی (١٩٣٩ - ١٩٤٥) و هاتنە ناوەوەی لەشکری سووری سۆڤییەت لە باکوور و لەشکری سەربازانی ئەمریکا و بریتانیا لە باشوور بۆ نێو خاکی ئێران، و بە گشتی تێکچوونی دیکتاتۆریی ڕەزاشا، هێندێک ئازادیی دێموکراتی لە ئێران پەیدابوون و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بووژانەوە و پەرەیان گرت. لە کاتێکدا کە لەشکری سوور هاتبووە بەشی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە بەشی باکوور تا شاری ورمێ لەشکری

سوور جێگیر ببوو، ناوچەی موکریان و بە تایبەت شاری مەهاباد لەو وەزعە دوور بوون. ئەوە بوو کە یەکەم ڕێکخراوێکی بەهێزی سیاسیی کوردی بە ناوی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان" کە بە "کۆمەڵەی ژ-ک" ناوی دەرکرد، لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١ (١٦ی ئووتی ١٩٤٢) لە شاری مەهاباد دامەزرا. کە دوای سێ ساڵ (١ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٤ی ئۆکتۆبری ١٩٤٥ی زایینی) حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر هەمان بناغە دامەزرا و تەنیا دوای چەند مانگ لە دامەزرانی حیزبی دێموکرات، لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی، کۆماری دێموکراتیکی کوردستان بە سەرۆککۆماریی پێشەوا قازی محەممەد وەک یەکێک لە گەورەترین دەسکەوتەکانی نەتەوەیی بۆ کورد دامەزرا ( قاسملوو، ١٣٦٧: ٦٥ و ٦٧).

بە پێکهێنانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان و دواتر دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و سەرئەنجام دامەزرانی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان، بزووتنەوەی نەتەوایەتی و مافخوازانەی کورد قەوارەیەکی ڕێکوپێکی خاوەن پلان و بەرنامە بەخۆوە دەگرێ. بە پێچەوانەی ڕابردوو، خواستەکانی بزووتنەوەی کورد ڕوون و بە دامەزراوە دەکرێن و لە ژێر کاریگەریی هۆکاری دەرەکیدا قەوارەی بزووتنەوە لە خێڵ و عەشیرەوە دەگۆڕدرێ بۆ حیزب و ڕێکخراو بە مەبەستی کۆکردنەوەی زیاتری هێز و دیاریکردنی خواستی ڕوون و فۆرمولە کراو (مەولودی، ١٣٨١: ١٦٣).

پێکهاتنی حیزب و ڕێکخستنی بزووتنەوە لە چوارچێوەی قەوارەی حیزبدا کە هێز و پتانسێلی جەماوەر لە پێناو دەستەبەرکردنی ویست و خواستەکاندا ڕێک دەخات، دەبێتە هۆی گەشەکردن و بەردەوامبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی (نەوزەری، ١٣٨١: ٥٣).

هەڵگرتنی دیسکۆرسی نەتەوەیی لە چوارچێوەی دامەزراوەیەکی مودێرندا بە ناوی حیزب و بە جەماوەریکردنی خەبات لە ماوەی نزیک بە هەشت دەیەی ڕابردوودا کە لە لایەک بەردەوامیی هەیە و لەلایەک گشتگیربوونی خۆی سەلماندووە، سەلمێنەری ئێوەرۆکێکی مەدەنی‌یە کە لە درووستکردنی کۆمەڵگەی مەدەنیی ئەمڕۆی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا خاوەن ڕۆڵ و کاریگەرییە. بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە ئەساسدا ماهییەتێکی مودێرن و مەدەنی هەیە کە بناغەکەی بۆ پێوەندیی خۆی لەگەڵ ئەوەی دیکە واتە شوناسی کوردبوونی خۆی لەگەڵ هۆڤییەتی ئێرانی دەگەڕێتەوە کە دامەزرانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد وەڵامدانەوەیەک بوو بە ڕەفتار و بیرکردنەوەی نیزامی حاکمی ئەو کاتی لە ئێران (وەلی، ٢٠١١: ١١٢).

بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دوای شۆڕشی ١٩٧٩ی زایینی، بە تەبەعییەت لە مەرامنامەی حیزبەکان و ماهییەتی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان، ئێوەرۆکی مەدەنیانەی خۆی پاراست. تەنانەت، سەرەڕای هەڵوێستی سەخت و

توندوتیژی دەسەڵاتی نوێ لە تاران دژ بە کورد، مقاومەتی خەڵکی کوردستان و حیزبەکان لە جۆری نافەرمانیی مەدەنی و بەرەنگاریی ناتوندوتیژانە بوو. بزووتنەوەی کوردی سەردەمی "پاش شۆڕشی ١٩٧٩" خۆی بەسەرچاوەگرتوو لە خۆڕاگریی ناتوندوتیژیی گشتی و کەمپەینەکانی نافەرمانیی مەدەنی پێناسە دەکات کە بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردی تێیدا بەشدار بوون. ئەم چالاکییانە بە دوو هۆکار ئەنجام دەدران، یەکەمیان بەرەنگاری لە بەرانبەر هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی و دووهەمیان بەرەنگاری لەمەڕ قایلکردنی ڕێژیم بۆ بە فەرمی ناسینی "شۆڕا" هەڵبژێردراوەکانی شارەکان کە لە شارە جیاکانی کوردستاندا پێک هاتبوون (حەسەنیان، ٢٧٢٠: ٤٥١).

***

(* لە ئەدەبیاتی سیاسیی حیزبەکان‌دا ئەم دوو باڵ و بەستێنە بە "خەباتی مەدەنی و شۆڕشگێڕانە" و "خەباتی شار و شاخ" تەعبیر کراوە.

٨ی جۆزەردانی ٢٧٢٤

## گاڵتەجاڕییەک بە ناوی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری



دوای کوژرانی ئیبراهیم رەئیسی، سەروککۆماری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، وا بڕیارە خولی چواردەیەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری، ڕۆژی ٨ی پووشپەڕی مانگی داهاتوو بەڕێوە بچێت.

لە ماوەی چوار ڕۆژی ڕابردوودا کە خوازیارانی خۆکاندیدکردن بۆ پۆستی سەروککۆماری لە ئێران ناویان تۆمار کردوە، زیاتر لە ٨٠ کەس لە خەڵکی سەر بە تیپی جۆراوجۆر هەوڵی ناونووسیان داوە کە تا ئێستا تەنیا نزیک بە ٢٠ کەسیان ئیزنی خۆکاندیدکردنیان پێ دراوە. هەر ئەوەیکە ٨٠ کەس بۆ پۆستی سەرکۆماری لە وڵات خۆیان کاندید دەکەن و یەکجێ ٦٠ کەسیان ڕەت دەکرێنەوە، دەری دەخات کە ئاستی کەسایەتیی ئەم "مەقام"ە و پێگەکەی لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا تا چ ڕادەیەک نزم و سووک دابەزیوە و کۆمەڵگەی ئێران لەگەڵ چ دیاردەیەکی گاڵتەجاڕانە بەڕەڕوویە.

ڕوویەکی دیکەی ئەم نزمی و گاڵتەجاڕییەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری لە خوڵی چواردەیەمیدا، ناو و ڕوخساری ئەو نزیک بە ٢٠ کەسەیە کە لەلایەن وەزارەتی نێوخۆوە ڕێگە بە تۆمارکردنی ناویان بۆ پۆستی سەرۆککۆماری دراوە کە دەکرێ بە سەر دوو دەستەدا دابەش بکرێن؛ دەستەیەک کە لە زەینی کۆمەڵانی خەڵکدا هیچ ناو و نیشانێکیان نییە و نەناسراو و

بێڕابردوو و بێئەزموونن، بەڵام دەستەی دووهەم کە بۆ خەڵک باش ناسراون، کەسانێکن جیا لە چەند ئەزموونی شکستخواردووی پڕ لە غەدر و خیانەت و سەرکوت، هیچ بەرهەمێکیان بۆ خەڵکی وڵات نەبووە. مەحموودی ئەحمەدینژاد، سەرۆککۆماری پێشوو، عەلی لاریجانی، سەرۆکی پێشووی پارلمان و کەسانێکی وەک جەلیلی و زاکانی کە ڕووهەڵماڵاوانە و هەرکام بە ژێست و درووشمی تایبەتەوە، بۆ خولی چواردەیەمی سەرۆککۆماری لە ئێران خۆیان کاندید کردوە.

لەگەڵ ئەوەی تا ڕادەیەک ڕوونە کە شورای نیگابان زۆرێک لەم کەسانە ڕەت دەکاتەوە و ئیزنی چوونە مەرحەلەی کۆتاییان پێ نادرێت، بەڵام دیسانیش وێدەچێ بۆ بازاڕگەرمیی شانۆی هەڵبژاردنەکان، بەناچاریش بێت هێندێک لەم کەسانە تەئید بکرێن.

ئەوەندەی پێوەندی بە کۆماری ئیسلامی، واتە بەیتی ڕێبەری و بازنەی حاکمییەتی بناژۆخوازەوە هەیە، وەک ڕەوتێکی دەیان ساڵە کە گرتوویانەتە پێش، ئامانجیان یەکدەستکردن و بەرتەسکردنەوەی جومگەکانی دەسەڵاتە کە تەنانەت وەک لە دەوری پێشووشدا دیتمان ڕەحم بە کەسانی وەک لاریجانی و ئەحمەدینژادیش نەکرا و ڕەدی سەلاحییەت کران. شێوەی گوماناوییبوونی مەرگی ئیبراهیم ڕەئیسیش کە سەبارەت بە جێگرەوەی خامنەیی بۆ ڕێبەریی نیزام، ناوی لەنێواندا هەبوو، درێژەی هەمان ڕوانینی دەسەڵاتە بۆ چۆنیەتی دیاریکردنی کەسێک وەک سەرۆککۆماری ڕێژیم کە کەمترین مەترسیی بۆ بەرژەوەندییە باڵاکانی بەیتی ڕێبەری و پرسی جێگرەوەی خامنەیی نەبێت. کەوایە هەر لە ئێستاوە دیارە کە لە دڵی ئەم گاڵتەجاڕییەی کە بەناوی هەڵبژاردنی سەرۆکۆمارییەوە وەڕێیان خستووە، جیا لە مۆرەیەکی دەستنیشانکراوی بێدەسەڵاتی ملکەچ، ئیزنی سەردەرهێنان بە کەسی دیکە نادرێت.

ئەوەندەی پێوەندی بە بەرەی خەڵکیشەوە هەیە جیا لەوەیکە بە چاوی گاڵتەپێکردنەوە دەڕواننە ئەم بەناو هەڵبژاردنانە و کەمترین بایەخی بەلایانەوە هەیە؛ بە گرتنە پێشی سیاسەتی بایکۆت و نەچوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانییان لە تەواویەتی خۆیدا تەحریم کردوە. خەڵک هەم لە هەڵبژاردنی خولی سێزدەهەمی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری لە ساڵی ۱٤۰۰ی هەتاوی کە برایم ڕەئیسی بە کەمترین دەنگ بوو بە سەروککۆمار و، هەم لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ڕێژیمدا کە ۱۱ی ڕەشەممەی ساڵی پار بەڕێوە چوو، بە نەچوونەسەر سندووقەکانی دەنگدان، هەڵوێست و ڕوانگەی خۆیان بەرانبەر بەم دەسەڵاتە ناڕەوایە یەکلا کردەوە.

کۆماری ئیسلامی کە دوای شاربەشار گێڕانی تابووتی ڕەئیسی و هاوڕێکانی و وەڕێخستنی نمایشێکی خیابانی، هەموو هەوڵێکی ئەوە بوو کە نیشان بدات خەڵک و جەماوەری لەپشتە، لەم خولە لە هەڵبژاردنەکانی سەرکۆمارییشدا هەموو هەوڵێک دەدات کە، "ڕەوابوون"ی خۆی - کە لەمێژە لەدەستی داوە - پڕڕەنگ نیشان بدات و لانیکەم دڵی پڕ لە ترس و




سەرچاوە
Serchawe

نیگەرانیی خۆی و لایەنگرانی پێ هێور بکاتەوە. بەڵام ئەوەی وەڕێیان خستووە جیا لە گاڵتەجاڕی و نزم و سووک دەرکەوتنی پێگەی "سەرۆککۆماری" و "هەڵبژاردن" لەم ڕێژیمەدا ناتوانێ شتێکی دیکە بێت.

گەلانی ئێران کە لە ڕەوتی بزووتنەوەی مافخوازانەیاندا دژ بەم نیزامە سەرەڕۆ و سەرکوتکارە، کار بۆ گەیشتن بە ئێرانێکی ئازاد و دێموکرات دەکەن، زۆر لەمێژە لەم شانۆ گاڵتەجاڕییانە تێپەڕیون و بێتەفاوت و کەمتەرخەمی لێ دەڕوانن.

١٢ی جۆزەردانی ٢٧٢٤

# ڕوانینێکی گشتی لە سەر کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



## کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

لە ماوەی نزیک بە سێ دەیەی ڕابردوودا قسەکردن لە دیاردە و قەوارەگەلی کۆمەڵگە و بزووتنەوەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان قسە و باسی جۆراوجۆر و جیاوازی لێ کەوتۆتەوە کە تا ئێستا نەتەنیا پێناسەیەکی یەکدەستی لێ نەکراوە، بەڵکوو لەژێر هێژموونی گوتاری شۆڕشگێڕیدا کە تایبەت بە بەستێنی سیاسیی بزووتنەوەی کوردستانە (ڕەحیم. ٢٠١٨)، هێندێک جار بە چاوی گومانەوە لێی ڕوانراوە و پرسیاری خراوەتە سەر. بەستێنی مەدەنی لە سیاسەتی کوردی بە هەر دوو چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی و خەباتی مەدەنییەوە وەک شێوازێک لە خەبات باسی لێوە دەکرێ کە پێناسەنەکردنی وردی ئەم چەمکانە وای کردوە زۆربەی جاران لە ڕای گشتیی کوردستاندا کۆمەڵگەی مەدەنی، خەباتی پارلمانی و خەباتی مەدەنی، یان نافەرمانیی مەدەنی پێکەوە تێکەڵ دەکرێ و بە هەڵە لە باتی یەک بەکار دەهێندرێت (ئیسماعیلنژاد، ٢٧١٩: ١٥٥). لە گەڵ ئەوەیکە دەستپێکی بزووتنەوەی مەدەنی و چێبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان لەم سێ دەیەدا کورت ناکرێتەوە، و سوننەتێکی سیاسی و پاشخانێکی فکری و مەعریفی لە پشتە (تاهیر خەدیو، ١٣٩٣: ٩)، ناسیۆنالیزمی کورد لە ئێستادا زیاتر لە هەر قۆناغێکی دیکەی مێژوویی، پێویستی بە گەشەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنییە کە بتوانێ بەرانبەر بەوانەی چاوی تەماح و سڕینەوەیان لە شوناسی نەتەوەی کورد بڕیوە، بەرەنگاری بکات (وەلی، ١٣٨٣: ٥).

پێوەندیی نێوان کۆمەڵگەی مەدەنیی ئێرانی و کوردی، لایەنێکی دیکەی باسەکەیە کە لە چوارچێوەی ماهییەتی دەسەڵاتی سیاسی و شوناسی نەتەوەیی و خواستەکاندا خوێندنەوە لە سەر "خۆڕسک"بوون یان "پاشکۆ"بوونی بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستان دەکرێ. عەبباسی وەلی پێی وایە کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئێران و کوردستان لە هەوڵی کۆمەڵانی خەڵک بۆ دێموکراتیزەکردنی پێشاژۆی سیاسی جیا ناکرێتەوە. گوتاری کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئێران هاوشان لە گەڵ تێکۆشانە جیاجیاکانی دیکە، هۆڤییەتی دەسەڵاتی سیاسی بە چالش دەکێشێ، بۆیە لە نێوەرۆکدا دێموکرات و بەرهەڵستکارە (وەلی، ١٣٨٣: ٥).

وەک باس کرا بیچمگرتنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان، پاشخانێکی فکری و خەباتکارانەی لە پشتە، بەڵام لە جووڵە و کردەوەدا نەک بە مانای بەستراوەیی، بەڵکوو پاڵنەر و بزواندن، کاریگەریی ڕەوت و قۆناغێکی سیاسی لە ئێرانی پێوە دیارە کە بە قۆناغی دەسپێکی ڕیفۆرمخوازی لەم وڵاتە ناودێر کراوە. "ئەم دەورەیە بۆ زۆرێک لە هێزە لاو و بەتواناکان لە کوردستان فەزایەکی هەرچەند بەرتەسکی پێکهێنا کە بۆ بەرەوپێشبردنی سیاسەتی کوردی لە هێندێک بەستێن و بواردا تا ئەوکات کەمتر تاقی کرابوونەوە" (سولەیمانی،٢٧٢٠: ٣٥). دامەزراندنی ئەنجومەنە ئەدەبییەکان، جموجۆڵی خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی ئێران و کوردستان، چاپ و بڵاوکردنەوەی بڵاڤۆکە کوردییەکان و پێکهاتنی NGO کانی تایبەت بە ژینگەپارێزی، دەستبەکاربوونی ناوەندە فێرکارییەکانی تایبەت بە زمانی کوردی و پێکهاتنی ناوەندە خێرخوازییەکان، بەرهەمی کەڵکوەرگرتنی چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەو فەزایە و، تاقیکردنەوەی ئەم جموجۆڵانە لە بەستێنی مەدەنیدا بوو کە تا ئێستا بە دەستەبەرکردنی کۆمەڵێک ئەزموونی پڕ لە دەسکەوت و خەسار درێژەی هەیە.

ئەوەی کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان و کۆمەڵگەی مەدەنیی ئێرانی لێک جیا دەکاتەوە، لە ماهییەت و گوتاردایە. کۆمەڵگەی مەدەنیی ئێرانی بە وەرگرتنی ماهییەت و گوتاری ڕیفۆرمخوازی، خۆی ئاوێتە بە بەشێک لە دەسەڵات کرد و "دەوڵەتی بوون"ی کۆمەڵگەی مەدەنی لێکەوتەوە کە وەک عەبباسی وەلی لە باسی ڕەفتاری دەسەڵاتی سیاسی و حاکمییەت دا باسی دەکات، کەمتر مەجالی گەشە و پەرەسەندنی بۆ ڕەخسا (وەلی، ١٣٨٣: ١٣). بەڵام کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان بە گەڕانەوە بۆ خواستەکانی جەماوەریی خەڵک، ماهیەتێکی شوناسخوازانەی نەتەوەیی وەرگرت و هەر ئەم خەسڵەتە بوو بە هۆی ئەوەی لە لایەک خۆی لە پاشکۆبوون بپارێزێ و لە لایەکی دیکەوە وەک بەستێنێکی دیکەی خەبات لە پێناو شوناسخوازیدا ببێتە جێی باوەڕ و متمانەی خەڵک.

دوو هۆکاری ئیرادەی چالاکانی مەدەنی و متمانەی خەڵک لە بەهێزبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستاندا ڕۆڵ و کاریگەریی خۆیان داناوە. ئیرادەکە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە ئاستی تێگەیشتن و ئاگایی تاکەکانی کۆمەڵگەوە هەیە کە چەندە بەرانبەر بە پرسێکی تایبەتی وەک بۆ نموونە ژینگە خۆی بە بەرپرسیار دەزانێ و، متمانەی خەڵکیش وەک

پشتیوانەیەک بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی، پێوەندی بە ماهییەت و کارکردی چالاکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکانەوە هەیە (نادریان،٢٧٢٠: تیشک ژمارە ٥٦).

ئەرک و ڕەساڵەتی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەکورتی داکۆکیکردن لە شوناسی نەتەوەیی نەتەوەی کورد و پارێزگاری لە خاک و نیشتمانێکە بە ناوی کوردستان. بە واتایەکی دیکە شوناسخوازیی نەتەوەیی لە ئاستێکی بەرینی جەماوەریدا ئەرکی درێژخایەنی کۆمەڵگەی مەدەنییە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە دەکرێ بە پرۆسەیەکی مودێڕن و نوێبوونەوەی کوردایەتی ناودێر بکرێ. لەم بەستێنەدا و لە ئاستی جەماوەریدا بەرپرسیارێتی گشتی دەخرێتە سەر شانی تاک بە تاکی کۆمەڵگە و لە شێوەی خەباتی مەدەنیدا، بەشی زۆری کۆمەڵگە، خۆی بەرانبەر بە ئەرکە جڤاکی و نیشتمانییەکان بە بەرپرسیار دەزانێ. "ئەگەر ئەم تێگەیشتن و هەست بە مەسئولییەت کردنە هەبێت، ئەودەم هەر کەس بە پێی هەلومەرج و بە گوێرەی ئیمکانات و وەزعی تایبەتی خۆی ڕێگایەک بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکی سەرشانی دەبینێتەوە، چونکە مەیدانێکی پان و بەرین بۆ خەبات لە پێش چاوە و شێوەی خەبات ڕەنگاوڕەنگ و جۆراوجۆرن" (شەرەفکەندی، ١٣٦٨: ٢١٧).

هەڵوێستی دەسەڵات بەرانبەر بە کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ هیچ کەس و لایەنێک نامۆ و نائاشنا نییە و بەشێکە لەو ڕوانینە گشتگیرە ناسیۆنالیزمە تێکەڵ بە مەزهەب کراوەیە کە وجوود و مانەوەی خۆی لە سڕینەوەی "ئەویتر" دا وێنا دەکات. ئەساس و بنەمای ئەم هەڵوێست و سیاسەتە کە ئەحمەد محەممەدپوور بە "ناسیۆنالیزمی فارسی - شیعی" ناودێری دەکات، کار لەسەر حاشالێکردن، بە بچووک سەیرکردن و بنبڕکردنی هەر سووژەیەک دەکات کە لە تۆرەمەی فارس و شیعە نەبووبێت و لەو ژینگەیە نەهاتبێتە دنیا کە ئەو تەنیا بە هی خۆی دەزانێ (محمدپور، ٢٧٢١: ١٢).

لە چل ساڵی ڕابردوودا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران تەواو بە چاوی ئەمنیەتییەوە لە پرسە جۆراوجۆرەکانی کوردستان دەڕوانێ و، بە دیاریکراوی لە سێ دەیەی ڕابردوودا بە گوشار خستنە سەر چالاکانی مەدەنی، تۆمەتبارکردنیان بە بەستراوەبوونیان بە حیزبەکان و هەوڵدان بۆ شێواندنی بیروڕای گشتی و چالاکیی دژ بە نیزام و ڕاپێچکردنیان بۆ زیندانەکان و داسەپاندنی حوکمی قورس و گران، هەموو هەوڵێکی ئەوە بووە کە پێش بە گەشە و پەرەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان بگرێ.

داهاتووی بزووتنەوەی مەدەنی و کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە چەند فاکتەرێک بەستراوەتەوە کە لە درێژەی باسەکاندا بە دەستنیشانکردنی دەرفەت و هەڕەشەکان بۆ سەر ئەم بیاڤە دەپرژێنە سەری و تاوتوێ دەکرێ.

## مەفهوومەکان و چوارچێوەی تیئۆری کۆمەڵگەی مەدەنی

لە ڕووی ماناییەوە کۆمەڵگەی مەدەنی ئاڵۆز و خۆ بەدەستەوەنەدەرە و هۆکارەکەشی ئەوەیە کە لە سەردەمی جۆراوجۆری مێژووییدا و بە تایبەت لە سەردەمی ڕۆشنگەری و مودێرنی مێژووی جیهاندا ئەم چەمکە مانا و پێناسەی جیاوازی لێ کراوە. لە یۆنانی کۆندا ئەرەستوو "دەوڵەت" بە کۆمەڵگەی مەدەنی دەشوبهێنێ. لەبەر ئەوەی دەوڵەت، شارستانییەت بنیات دەنێ و پارێزگاری لە گیان و ماڵی هاووڵاتیان دەکات (وحدت. ٧٦). کەسانی ئاکادیمیک هەن کە لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە، ئەم باسە دەگەڕێننەوە سەر یۆنانی کۆن. بۆ نموونە دیالۆگی سۆکراتی و عەقڵانییەتی مەدەنی بۆ چارەسەری قەیرانی کۆمەڵایەتی، زاڵبوونی زانست و هوشیاری، نرخ و بایەخ، بوێری و لە کۆتاییدا گەیشتن بە دادگەری لە مودێلی سیاسیی ئەفلاتوونی و یان سیستەمێکی سیاسی تیمۆکراتیک کە ئەرەستوو دەیەوێ بە ڕێگای بەشداریکردنی هاووڵاتیان لە پرۆسەی سیاسی و دیمۆکراسیدا، دەستەبەری بکا، وەکوو پێشینیەک بۆ مێژووی کۆمەڵگەی مەدەنی باسی لێدەکرێت. ئەم سیستەمە ئیدەئاڵە کە بڕیارە لە چوارچێوەی شارێک یان کۆمەڵگەیەکی سیاسی دا، بێتە ئاراوە و ئەرەستوو ئەم جێگایە بە پۆلیس ناو دەبات.

چەند سەد ساڵ دواتر، فەیلەسۆفەکانی شارستانی ئیسلامی (بۆ نموونە فاڕابی و ئیبنی سینا) لە چوارچێوەی هزرێکی فەلسەفیی تایبەتدا کە بە نیۆپلاتۆنیسم پێناسە دەکرێت، لەسەر هەمان ڕێچکەی ئەفلاتوون و ئەرەستوو باس لە دروستبوونی مەدینەی فازیلە دەکەن. مەرجی سەرەکیی دارشتنی مەدینەی فازیلە، لە ڕوانگەی ئەم فەیلەسۆفانەوە جیاکردنەوەی دین و فەلسەفەیە لە یەکتر یان بە واتەیەکی دیکە بە ڕێگای فەلسەفەوە مەجال بۆ تاک بکرێتەوە کە لە گەشەی هزری و ئەخلاقی خۆیدا ڕۆڵ ببینێت. ئیبن خەلدوون (١٣٣٢ - ١٤٠٦) کە ئەرەستوو بە ماموستای خۆی دەزانێت، باس لە مەترسی هەڵوەشانەوەی شارستانییەتی ئیسلامی دەکا، هەڵوەشانەوەیەک کە لە ئاکامی ناکۆکی و دژایەتی دانەبڕاوی نێوان عومران و عەسەبییە هاتۆتە ئاراوە. بۆ تێپەڕبوون لەم وێرانکارییانە، ئیبن خەلدوون پێی وایە خوێندن، کولتوور، کۆبوونەوە و بەشداری مەدەنییانە لە ژیانی کۆمەلایەتی و پرۆسەی سیاسەت، باشترین کەرەسە و ڕێگاچارەن (خالید خەیاتی، وتووێژی تایبەتی خۆم: ڕێکەوتی ١٢ی ڕەشەممەی ١٤٠٠. لەوانی دیکەدا بە "خەیاتی ١" ئاماژەی پێ دەکرێ).

ماکس وێبر، کۆمەڵناسی ئاڵمانی کۆتاییەکانی سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی بیست، سەرهەڵدان و یان بگرە گەشەی کۆمەڵگەی مەدەنی بە شێوازێک بە چاخەکانی نێوەڕاستی ئورووپا دەبەستێتەوە. بەگوێرەی ماکس وێبر خەڵکی شارە گەورەکانی ئەو سەردەمە، کە لە چین و توێژەکانی جیاوازی کۆمەڵگە پێکهاتبوون، بە هۆی دووربوون لە دەسەلاتی

سیستەمی فیئۆدالی، بوون بەخاوەن مەجال و دەفەرتی زیاتر بۆ جووڵەی کۆمەڵایەتی و کۆبوونەوە و لە ئاکامدا پێکهێنانی تۆڕی جۆربەجۆری کۆمەڵایەتی. بە پێچەوانەی بەشێکی بەرچاوی بیرمەندانی ڕەوتی مودێرنیتە کە گەشەی مۆئەسەسات و دامەزراوەی مەدەنی و سیاسی، دیمۆکراسی و هاوولاتیبوون بە دابڕانی دین و سیاسەت لە یەکتر دەبەستنەوە، وێبر پێی‌وایە کە پرۆسەی سیاسەت بەرهەمی پەیوەندی توندوتۆڵی ئەم دوو دیاردەیە کە چ کۆک و ناکۆک، پێویستە لە کۆنتێکستی دوور و درێژتری مێژوویی دا باسی لێبکرێت.

ژان ژاک ڕۆسۆ پێی وایە دەوڵەت بە پێکهاتنی کۆمەڵگەی مەدەنی کەسایەتیی ڕاستەقینەی خۆی پەیدا دەکات و بە بێ کۆمەڵگەی مەدەنی، دەوڵەت تەنیا کۆڕبەندێکی پچڕپچڕە. ڕۆسۆ لەو باوەڕەدایە کە بەبێ بوونی کۆمەڵگەی مەدەنی، تاک ناتوانێ لەگەڵ دەوڵەت و کۆمەڵگە بە گرێبەستی کۆمەڵایەتی بگات و لەوەها حاڵەتێکدا ئەسڵێک بە ناوی "بەرژەوەندیی گشتی" هیچ مانا و بوونێکی نییە. (ڕۆسۆ، ١٧٦٢: ١١٣). بەگوێرەی هێندێک بۆچوون، تۆماس هابس کە بە دەرەجەی جیاواز باسی نەهامەتییەکانی حاکمیەتی سروشتی و زەروورەتی تێپەڕکردنی ئەم حاڵەتە بە ڕێگای دەستەبەرکردنی پەیمانێکی کۆمەڵایەتی دەکا، لە ڕاستیدا، ئەم پەیمانە کۆمەڵایەتییە، دەرهاویشتەی ڕاستەوخۆی مرۆڤێکی عەقڵمەندە کە بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانی خۆی لە گەڵ بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگە و سیستەمی سیاسی هاوتەریب دەکا. (خەیاتی، ١).

هێگل، فەیلەسەفی ئاڵمانی، کۆمەڵگەی سەرمایەداری بە کۆمەڵگەی مەدەنی پێناسە دەکات کە لەودا وەک مەیدانێک، تاک چوارچێوەی بنەماڵە بەجێدێڵێ و ڕوو لە کێبەرکێی ئابووری دەکات و ئەم مەیدانە هاوتەریب لەگەڵ دەوڵەت و هێزی سیاسی نییە. هێگل پێی‌وایە کە تەنیا دەوڵەت دەتوانێ بەرژەوەندیی گشتی بسەپێنێ و بیپارێزێ و کۆمەڵگەی مەدەنی پانتاییەکە بۆ دابەشکارییەکان و قازانجەکانی تاک و حەز و خواستە تایبەتییەکان (ساسۆن: ٣٥). هێگل پێی وایە کە دەبێ لە نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگەی سیاسیدا جیاوازیی بەرچاو دابنێین. ئەو جیاوازییە هێگیلییە، لە ڕاستیدا دابڕانێکە لە خوێندنەوەیەکی پێشووتر کە پێی وابوو کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگەی سیاسی هەر یەک واتان و جیاوازییان نییە. بیرمەندی فەڕانسەوی ئالێکسی دۆ تۆکویل کە درێژەدەری هزری لیبراڵیی هێگێلە لەم بابەتە دا، کۆمەڵگەی مەدەنی وەکوو ئۆپۆزیسیۆنی کۆمەڵگەی سیاسی پێناسە دەکا. لە سەر هەمان ڕێچکەی دیالیکتیکی هێگل، کارل مارکس کۆمەڵگەی مەدەنی وەکوو دیاردەیەکی ڕۆکەشانە بۆ دەوڵەتی مودێرن پێناسە دەکات کە لەوێدا، ئەم کۆمەڵگەیە و گشت مۆئەسەسات (دامەزراوە)کانی پەیوەندیدار لە ژمارەیەک بەرژەوەندی تایبەتی و ململانێ لەنێو ئەو بەرژەوەندییانە دا کورت کراونەتەوە (خەیاتی، ١).

کارل مارکس لە سەرەتادا پێی‌وابوو پێکهاتنی کۆمەڵگەی مەدەنی یەکێک لە پێوەرەکانی تێپەڕبوون لە سەردەمی فیئۆدالیزم بۆ قۆناغی سەرمایەدارییە کە پێگەی تێکۆشان و خەباتی هەر کەسێک لە گەڵ ئەوی دیکە دیاری دەکات (ساسۆن: ٣٥). بە

گەیشتن بە شارستانیەتی سەرمایەداری، ئاڵوگۆڕێکی گەورە و قووڵ لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا هاتە ئاراوە؛ پێوەندییەکانی پێش لە شۆڕشی پیشەسازی و مودێرن کە لە سەر ئەساس و بناغەی نەریتی و چینایەتی بوون، گۆڕدرا بە پێوەندیی ئازاد و بەربڵاو. لەو سەردەمەدا کە هێشتا دەوڵەتەکان میراتگرانە (میراتی) و دیکتاتۆری بوون، خەریکی کۆکردنەوەی دەسەڵات لە گەردوونەی ئەقڵی ناوەندگەراییدا بوون. هەر لەم چاخەدا ڕوانگەگەلێک هاتنە ئاراوە کە بۆ پێکهێنانی فەزایەکی گونجاو لەگەڵ نیزامی نوێی سەرمایەداری لە هەوڵدابوون. ئەم ڕوانگانە بوون بە ئەساس و بناغەیەک بۆ پێکهاتنی "کۆمەڵگەی مەدەنی". (وحدت: ٧٦).

لەوانەیە لەنێو بیردۆزان و بیرمەندانی چاخی مودێرندا بۆچوونی ئانتۆنیۆ گرامشی لە سەر کۆمەڵگەی مەدەنی نزیکتر لە مانا و شوناسی کۆمەڵگەی مەدەنیی ئەم سەردەمە بێت و بۆ باسەکەشمان بکرێتە بنەمای نەزەری. ئەم بیرمەندە هەرچەندە کەسێکی مارکسیست بووە بەڵام بۆ ئەو کۆمەڵگەی مەدەنی دیاردەیەکی ڕووکەشانە یان ئامرازی ململانێی نێوان بەرژەوەندییەکان نییە. بۆ گرامشی، کۆمەڵگەی مەدەنی لە پێناو دەستەبەرکردنی سەرمایەی فەرهەنگی و ئیدئۆلۆژیکی و لە ئاکام دا زاڵکردنی هێژمۆنی چینی دەستەڵاتدار ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت. لە ڕوانگەی گرامشی‌یەوە هەموو دامەزراوە و هەوڵەکانی دەرەوەی دەوڵەت و هێزی سیاسی، وەک یەکییەتییەکان، حیزبەکان، بڵاڤۆکەکان و شوێنە بانگخوازییەکان، پێهکێنەری کۆمەڵگەی مەدەنین. کەوابوو بە لای گرامشییەوە کۆمەڵگەی مەدەنی هاوواتای چەمکی چاند و کولتوورە کە کۆی کۆمەڵگە دەگرێتە خۆی و تاکەکان تیایدا بکەرە ئەسڵی و سەرەکییەکانن. لە ڕوانگەی گرامشییەوە تاکەکان لەم کۆمەڵگەیە (کۆمەڵگەی مەدەنی) خاوەنی توانا و ئازادیی کردەوەن لە پەیوەستبوون بەم دامەزراوانە یان چوونەدەر لێیان (سبزەای، ١٣٨٦: ٩٢).

کۆمەڵگەیەکی مەدەنی کە لە دامەزراوەکان واتە سەرخانە کۆمەڵایەتییەکان پێک هاتبێت، ناتوانێ تەنیا ڕویکەرد و ڕوانگەیەکی ئابووریانەی بۆ تێکۆشان و خەبات هەبێت. بەڵکوو جۆرێک لە یەکگرتوویی و یەکێتی لە نێو کۆمەڵگەدا پێک دێنێ. بە واتایەکی دیکە لە بیچمدانی ڕەفتاری بە کۆمەڵ و ڕەزامەندیی گشتیدا ڕۆڵ و کاریگەریی دەنوێنێ کە لەودا داهێنان و ئیبداعی تاک دەتوانێ گەشە بکات و تەوافوق و کاری هاوبەشی لەسەر بنیات دەنرێ (فتوحی، ١٣٩٤: ١٤٠).

لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا هەر تاکێک خاوەنی هۆڤییەت و شوناسی سەربەخۆی خۆیەتی و پێوەندیی تاکەکان لە گەڵ یەکتری و لە گەڵ کۆمەڵگە لەسەر ئەساسی گرێبەستی کۆمەڵایەتییە و بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەر جێگە و پێگەیەکی تایبەتی، هەمووان بەرانبەر بە یاسا خاوەنی ماف و ئازادی و بەرپرسایەتیی یەکسانن. بەم پێیە کۆمەڵگەی نەریتی لە سەر بناغەی پێگەی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەی مەدەنی لە سەر بناغەی گرێبەستی کۆمەڵایەتی، پێناسە دەکرێن ( بەرزگر: ٢٧).

لە چاخی سەردەمدا کە کۆمەڵی مرۆیی زیاتر لە ڕابردوو عەوداڵی ئازادی و ڕزگارییە و ئیدە و ئیرادەی خۆی لە چوارچێوەی چەمکی دێموکراسیدا پێناسە دەکات. گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی مەدەنی زیاتر لە هەمیشە دەتوانێ لەم ئامانجەی نزیک بکاتەوە. "پێشینەی دێموکراسی هەر بە قەرای پێشینەی کۆمەڵگەی مەدەنی‌یە. بیرمەندانی فەلسەفەی نوێ (لە ڕێنسانس بەملاوە) کۆمەڵگەی مەدەنی بە ئەساس و بنەڕەتی دێموکراسی دەزانن و لە هەر کوێ باسیان لە کۆمەڵگەی مەدەنی کردبێ، بێ‌ئەملاوئەولا باسیان لە دێموکراسیش کردوە. بە سەرنجدان بە زەمینەی فکریی هاوبەشی نێوان ئەم دوو چەمکە، وادیارە کۆمەڵگەی مەدەنی وێنایەکی زەینییە کە لەگەڵ گەیشتن بە دێموکراسی، پرۆسەی پێکهاتنی بەتەواوەتی بیچم دەگرێ و بهکردەوە هەست بە بوونی دەکرێ" (هاشمی: ٦٣ و ٦٤).

هابرماس ئەم ئیدیعایە ڕوونتر باس دەکات و دەڵێ، "مەرجی بنەڕەتی بۆ سەقامگیربوونی دێموکراسییەکی بەهێز، کۆمەڵگەیەکی بەهێزی مەدەنییە. بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی، کەڵکەڵەیەکی سەرەکییە بۆ پرۆژەی دێموکراسی" (فلوبێر، ١٣٩٩). بەم پێیە ئەرکی کۆمەڵگەی مەدەنی کۆنترۆڵی هێزی سیاسی یان هەمان دەسەڵاتە لە ڕێگای ئیرادەیەکی گشتییەوە کە لە دێموکراسیدا وێنا دەکرێ. بۆیە وەک هابرماس باس دەکا لە کۆتاییدا "هێز (دەسەڵاتی سیاسی) تەنیا لە ڕێگای هێز(کۆمەڵگەی مەدەنی)یەوە کۆنترۆڵ دەکرێ. تەنانەت بۆ تێگەیشتن لە سەقامگیربوونی ئیرادەی گشتیی کۆمەڵگە، پێویستە لە سۆنگەی بەرەنگاری وهێزەوە بیر بکەینەوە. جیا لەوە ڕێگایەکی دیکە شک نابەین، هێز و تێگەیشتن لە کۆمەڵگەی مەدەنی، مەرجی سەرەکییە بۆ چەسپاندن و سەقامگیرکردنی ئیرادەی گشتی" (فلوبێر، ١٣٩٩).

٢٠ی جۆزەردانی ٢٧٢٤

---

## بەناو هەڵبژاردنێکی دی لە بازنەی بەرتەسک و چووکەی دەسەڵاتدا




دوای ماوەیەک چاوەڕوانی و قسە و باس و پێشبینییەکان لەسەر چارەنووسی کاندیداکان بۆ پۆستی سەرۆککۆماری لە ئێران، شوڕای نیگابان بە ڕەتکردنەوەی، مەحموودی ئەحمەدینژاد، سەرۆکۆماری پێشوو، عەلی لاریجانی، سەرۆکی پێشووی مەجلیس، ئیسحاق جەهانگیری، جێگری سەرکۆماری پێشوو و هەروەها لادانی زۆربەی نیزیک بە تەواوی ئەو کەسانەی لە کابینەی دەوڵەتی سەرۆکۆماری کوژراو، ئیبراهیم رەئیسی و مەجلیسە ئینقلابییەکەی خامنەییەوە هاتبوون و ناویان تۆمار کردبوو، تەنیا شەش کەسی وەک کاندیدی سەرکۆماری تەئیید کرد.

مستەفا پوورمحەممەدی، سەعید جەلیلی، محەممەدباقر قالیباف، عەلیڕەزا زاکانی، ئەمیرحوسێن قازیزادە و مەسعوود پزیشکیان ئەو شەش کاندیدەی پۆستی سەرکۆماری بۆ خولی چواردەهەمی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆمارین کە لەمڕۆوە تا ڕۆژی ٧ی پووشپەڕ (ڕۆژێک پێش لە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان) تەبلیغ و پڕوپاگەندەکانیان دەست پێ دەکات.

سەرەتا جێی ئاماژەیە ئەو تاریف و پیاهەڵدانە پڕوپوچانەی عەلی خامنەیی وەبیر بێنینەوە کە باسی لە "پڕدەسکەوتبوون"ی دەوڵەتی رەئیسی و "ئینقلابیبوون"ی مەجلیسی ئێستا دەکرد، لە حاڵێکدا بە فەرمانی خودی جەنابیان، شوڕای نیگابان جیا لە قالیبافی سەرۆکی مەجلیس کەسیانی بە شیاوی ئەوە نەزانی کە کاندیدی پۆستی سەرۆککۆماری بێت!

ئەوانەی ئێستا بە فەرمانی عەلی خامنەیی و تەئییدی شوڕای نیگابان هاتوون، جیا لە مەسعوود پزیشکیان کە دواتر باسی دەکەین، هەر هەموویان وەک دەڵێن؛ "یان دز بوون یان قاتڵ" و لەگەڵ ئەوەی هەمووانیان سەر بە بەرەی هەرە بناژۆخوازی دەسەڵاتن، بەڵام دوو کەسیان (قالیباف و جەلیلی) لە ئامانجە سەرەکییەکانی بەیتی ڕێبەرین. وێدەچێ لە ڕۆژانی داهاتوودا بەتایبەت ڕۆژانی نزیک بە هەڵبژاردنەکان بەشێک لەم چەند کەسە بە قازانجی مۆرە سەرەکییەکە پاشەکشەیان پێ بکرێت. فرەیی کاندیدەکان لە نێو بەرەی بناژۆخوازدا دەرخەری کۆمەڵێک کێشە و بەرژەوەندیی گرووپی و جەناحییە کە وا دیارە خامنەیی جارێ لە فازی دڵڕاگرتن و ئیمتیازپێدانیان دایە کە لە کۆتاییدا ئەوەیان زیاتر ملکەچ و گوێڕایەڵتر بێت بۆ خامنەیی و پرسی جێگرەوەی ڕێبەری، سەر لە سندووقەکان دەردێنێ.

مەسعوود پزیشکیان کە چوار دەورە نوێنەری تەورێز لە مەجلیس بووە و گەلێک جار ڕایگەیاندوە و نەیشاردۆتەوە کە ئیرادەتێکی تایبەتی بە ڕێبەری نیزام، عەلی خامنەیی هەیە و چەند جارێک وتوویەتی "ئەگەر بەپێی فەرمایش و سفارشەکانی ئاغا (خامنەیی) چووباینە پێشێ، گەلێک لە کێشەکانی خەڵک و وڵات چارەسەر دەبوون"، لەگەڵ ئەوەی خۆی قەت بە ڕیفۆرمخواز نەزانیوە، بەڵام لە ڕیفۆرمخوازانی حکوومەتی نزیک بووە و تا ڕادەیەک لە بەرەی ئەواندا جێ دەگرێ. هێنانی پزیشکیان کە ناتوانێ بەدەر لە ئیرادەی خامنەیی بێت، ڕوویەکی دیکەی ئەم بەناو هەڵبژاردنانەیە. ئەویش هەوڵی بردەنەسەرەوەی ڕێژەی بەشداریی خەڵکە کە ڕێژیم لە هەلومەرجی ئێستادا لانیکەم ڕووبە کۆمەڵگەی جیهانی زۆری پێویستە. پزیشکیان بۆ ئەوە دانراوە کە ئەم ڕێژەیە بباتە سەرێ و کە وەک دیارە ڕەوت و جەریانە بەناو ڕیفۆرمخوازەکان بە پشتیوانی لە ناوبراو، هانی خەڵک بۆ هاتنەسەر سندوقەکانی دەنگدان دەدەن.

خامنەیی و بازنەی بەرتەسک و چووکەی دەسەڵات بە هێنانی پزیشکیان پێیان وایە دەتوانن، بەرەی بێزاری خەڵک لە ڕێژیمەکەیان بۆ دژایەتی لەگەڵ ئەو کاندیدایانەی وەک نمادی ڕێژیم دەناسرێن، بکێشنە سەر سندوقەکانی دەنگدان و بە قازانجی خۆیان تەنیا کەڵک لە "بەشداربوون"یان لە هەڵبژاردنەکە وەربگرن.

ئەوەی لەم پێوەندییەدا گرینگە ئەوەیە کە نزیک بە ٨٠٪ی خەڵکی ئێران بەپێی هەڵوێستیان لە دوایین هەڵبژاردنەکانی ئەم ڕێژیمە لە ١١ی ڕەشەممەی ساڵی پار کە تەنیا سێ مانگی بەسەدا تێپەڕبووە، سەلماندیان کە ئەم ڕێژیمەیان لە تەواوەتی خۆیدا ناوێ و نەچوونەسەر سندوقەکانی دەنگدان. کەوابوو بەرەی خەڵک بڕیاری خۆی داوە.

لێرەدا و لە سۆنگەی پیلانەکانی ڕێژیم بۆ بردەسەرەوەی ڕێژەی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکانی ئەم خولە لە سەرۆکۆماری، پێویستە ئەو ڕەوت و جەریان و کەسایەتییە سیاسییانەی کە بە هەر هۆکار و بیرۆکەیەک، بەشداریی لەم دەسەڵاتەیان بە قازانجی خەڵک لە قەڵەم دەدا، وەهۆش بێنەوە و بەرەی خەڵک هەڵبژێرن. خودی محەممەد خاتەمی کە



سەرچاوە
Serchawe

بە نمادی "ڕێفۆرمخوازی" لە ئێران ناسراوە و بۆ دوو دەورە لەم ڕێژیمەدا سەرۆککۆمار بووە، ڕاشکاوانە دانی بەوەدا ناوە کە "جیا لە تەداروکاتچییەک، شتێکی دیکە نەبووە"، بۆیە دەبێ بزانن کە خەڵک لە مێژە گاڵتەی بە "ڕێفۆرمخواز و ئوسولگەرا" دێت و لە تەواویەتی خۆیدا ئەو ڕێژیمەیان ڕەت کردۆتەوە. کەسانی وەک پزیشکیان و تەواوی ئەو کەسانەی کە بە ئارەزوو و پاساوی گۆڕانکاری و زاڵبوون بەسەر پاوانخوازیی خامنەیی و ڕێژیمەکەیدا دەیانهەوێ بەشداری ئەم شانۆگەرییە بن، با بزانن کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بە ڕێبەرایەتیی عەلی خامنەیی و ئەو بازنە بەرتەسک و چووکە کە هیچ ئەقڵانییەتێکی سیاسی بۆ گۆڕانکاری تیایدا جێی نابێتەوە و مانا نادات، چووکەترین زەرفییەت و ئیستعدادی بۆ تێپەڕین لە دیکتاتۆری و پاوانخوازی تێدا بە دی ناکرێ و دووبارەکردنەوەی هەڵەکانیان، شەرمەزاری بەرەی خەڵک و مێژوویان دەکات.

۲۱ی جۆزەردانی ۲۷۲٤

## لە یادی ٤٤ ساڵەی دامەزرانی "ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران"دا




٤٤ ساڵ پێش ئێستا و لە گەرمەی خەباتێکی ڕەوای سیاسیی پێشمەرگانەدا بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان کە درێژکراوەی بزووتنەوەیەکی مافویستانەی نەتەوەیی گەلێکی غەدرلێکراو بوو، ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران دژی بە شەوەزەنگی سانسۆڕ و سەرکوتی سیستماتیکی پروپاگاندای دەسەڵاتی دژیگەلیی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان دا. ڕادیۆ دەنگی کوردستان کە لە لایەن حیزبی دێموکرات و بە پەیامی سکرتێری ئەوکاتی حیزب، شەهید دوکتور قاسملوو لە ٢٧ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی دامەزراو و دەستی بە بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی کرد، وەک دەنگێکی دلێر و مافبێژ، هاوکات لەگەڵ تەبلیغ و پشتیوانی لە ڕەوابوونی بزووتنەوەی کوردستان، پێشمەرگەئاسا بەگژ قەوارەی ژەهراوی و پڕ لە درۆ و دەلەسەی ڕێژیمی داسەپاو بەسەر وڵاتدا دەچوویەوە و بۆ خەڵکی کوردستان ببوو بە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی ورەبەخش.

ڕادیۆ دەنگی کوردستان کە لەوپەڕی بێئیمکاناتی و لە شوێنگۆڕکێی بەردەوام بەهۆی بارودۆخی شەڕ و شۆڕشی کوردستاندا ئەرکێکی سەختی میدیایی و نیشتمانیی کەوتبووە سەرشان، لە زەین و ویژدانی چەند نەسڵ لە خەڵکی کوردستاندا شکۆمەندانە بووەتە یادەوەرییەکی مەزن.

ئەوانەی ڕۆڵیان لە ڕاگرتن، گەیاندن، نووسین و ئامادەکردن و تۆمار و بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی کوردستاندا بووە و کاریان تێداکردوە، ئەوەندە زۆرن کە ناوهێنانیان لە تاقەتی ئەم نووسینەدا نییە. بەڵام ئەوانەی لە وەڕێخستنی ڕادیـو دەنگی کوردستان و لەسەرپێڕاگرتنی لە دژوارترین هەلومەرجەکاندا، لێبڕاوانە کاریان تێدا کرد و باشترین قۆناغەکانی تەمەنیان تێدا دانا - کە بەشێکیان شەهیدبوون و بەرشێکیشیان کۆچیی دواییان کردوە و بەشێکیشیان هەروا لە سەنگەری دامەزرێنەری ڕادیـۆ دەنگی کوردستان، واتە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ماونەتەوە – بۆ هەمیشە لە بیر و زەینەکاندا دەمێننەوە. ئەوان کە ناو و دەنگ و سیمایان بووە بە بەشێک لە "ڕادیـۆ کوردستان"، ئێستاش وەک هێما و سەمبوولی ئەم دەنگە حەقبێژە دەناسرێن و لە لای هاوسەنگەرانیان و خەڵکی کوردستان جێیَ ڕێز و پێزانینن.
ئێستا کە یادی ٤٤ ساڵەی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران دەکەینەوە، لەگەڵ ئەوەی ئامرازەکانی دیکەی پێوەندی و گەیاندنی زانیاریی وەک تلویزیۆن و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و بەگشتیی ئینترنێت و سۆشیال میدیا، جێی ڕادیۆیان گرتۆتەوە، بەڵام تایبەتمەنییەکانی ڕادیۆ دەنگی کوردستان، وەک تەنیا میدیایەک کە لە قۆناغێکی تایبەتی خەباتکارانەدا ئەرکێکی قورس و گرانی خرابووە سەرشان، بۆ زۆر کەس لە تێکۆشەرانی دێموکرات و خەڵکی کوردستان، شایانی باس و بیرەوەرییە.

لە ساڵڕۆژی دامەزرانی ڕادیـۆ دەنگی کوردستانی ئێراندا بە نوێنەرایەتی لە سەرجەم هاوڕێیانی ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبەوە، وێڕای بەرزنرخاندنی ئەم یادە و ڕۆڵی بەرزی دامەزرێنەران و بەڕێوەبەرانی ڕادیـۆ کوردستان، سڵاو لە یاد و بیرەوەریی سەرجەم ئەو شەهید و کۆچکردووانەی لە دامەزراندن، ڕاگرتن و گەیاندنی ئەم دەنگە حەقبێژەدا ڕۆڵیان گێڕاوە.

٢٦ی جۆزەردانی ٢٧٢٤

## "مناظرە"ی هەڵبژاردنەکان، ئاوێنەی باڵانوێنی ڕێژیم



"مناظرە"ی تلویزیۆنیی بەربژێرەکانی بەناو هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری لە ئێران کە لە دەنگ و ڕەنگی ڕێژیمەوە بڵاو بوونەوە، ئاوێنەی باڵانوێنی ئەم سیستەمە داخراو و نادێموکراتیکە بوون. چوارچێوەی منازرەکان - کە فەرمان و دەستووری سەرەوەیان پێوە دیار بوو - تەواو داتاشراو و ئەندازیاریکراو بوو. لە هەموو شتێک دەچوو جیا لە منازرە و گەنگەشە و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستەقینەی میدیایی. بەربژێرە دیاریکراوەکان کە مەسەلەن هاتوون سەرۆکایەتیی دەوڵەتی وڵاتێک بەدەستەوە بگرن و سەرنجی خەڵک بۆ لای بەرنامەکانیان ڕابکێشن، پێش هەموو شتێک، لەلایەن بەڕێوەبەری منازرەکەوە وەک تۆمەتبار هەڵسووکەوتیان لەگەڵ دەکرا و دەستووریان پێ دەدرا کە چ بڵێن و چۆن قسە بکەن. ئەو بەناو کارناسانەی کە بەئەنقەست وەک پرسیارکەر و چاودێری ڕووبەڕووبوونەوەکان دیاری کرابوون، نەتەنیا پرسیاری خەڵکیان لە بەربژێرەکان نەدەکرد، بەڵکوو بە تەواوەتی پێیانەوە دیاربوو چوارچێوەی پرسیارەکان دەبێ چی بن و لە کام بەربژێر چ پرسیارێکی ئامانجدار بکرێ، هەروەها لە کەس شاراوە نەبوون کە کارناسی سەر بە دەسەڵات بوون نەک لە بەرەی خەڵک.

وەک لە چەند ڕاپرسییەکی فەرمی و نافەرمیدا دەرکەوت، منازرەکان وەک چاوەڕوان دەکرا، نەیانتوانی سەرنجی خەڵک ڕابکێشن کە جیا لە زاڵبوونی ڕۆحی سانسۆڕ و ئەندازیاریکردنی سازمانی دەنگ و ڕەنگی ڕێژیم، چەند هۆکارێکی دیکە لەم ساردوسڕبوونەی منازرەکاندا شوێندانەر بوون.

پێش هەموو شتێک خودی ماهییەتی بەتاڵی پرسی هەڵبژاردن لە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران و بێهیوابوونی خەڵک لەم ڕژێمە و تێپەڕینیان لە باڵ و باندەکانی ئەم نیزامە، هۆکاری سەرەکیی ئەم ساردی و سڕییەیە. بەتایبەت دوای ڕووداوەکانی بزووتنەوەی ژینا و پڕڕەنگتربوونی گوتاری تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی بە بناژۆخواز و ڕیفۆرمخوازییەوە، پرسی هەڵبژاردن لەم سیستەمەدا مانایەکی ئەوتۆی نەماوە. بەڵام جیا لەم هۆکارە بنەڕەتییە، کەسایەتیی خودی هەر شەش بەربژێرەکە و شێوازی دەرکەوتن و ڕوانگەکانیان، توانای جووڵاندنی هەست و ڕەفتاری گەلانی ئێرانی نەبوو و نییە. هیچکامیان – لانیکەم بۆ تەبلیغاتیش بێ – خاوەنی بەرنامەیەکی ڕوون و خەڵک پەسەند نین و نەبوون. هەژاریی فکری بە هەموویانەوە دیارە و ئەوەی دەیانگووت و دەیڵێن جیا لە هێندێک درووشم و قسەی کلیشەیی و گشتی کە بەلای خەڵکەوە سواو و بێزراون، شتێکی دیکەیان پێ نەبوو. کە قسە لە دۆخی ئابووری وڵات و ژیان و گوزەرانی خەڵک دەکەن، جیا لە یەکتر تاوانبارکردن و خۆدەربازکردن لە بەرپرسیاربوونیان بەرانبەر بەو ڕۆژەڕەشییەی هەر هەموویان بۆ خەڵکیان بەدیاری هێناوە و وڵاتێکی دەوڵەمەندی وەک ئێرانیان بۆ خەڵکەکەی کردۆتە کەلاوەی هەژاری و دانی کۆمەڵێک درووشمی بێبنەما، هیچ نەخشەڕێیەکی ڕوونیان نییە.

ئەوەی لەو بەناو منازرانەدا لەهەموو شتێک ناخۆشتر و ناپەسەندتر بوو، خۆ لێدان لە کۆمەڵێک باس و بابەت بوو کە ڕۆژانە خەڵکی ئێران وەک سووکایەتی و سەرکوت و بێڕێزی بە خۆیان بە ڕەگ و پێستەوە هەستی پێدەکەن. بەڵگەلێک کە هەر ئەم جەنابانە هەرکام بە جۆرێک لە داسەپاندنیان بەسەر گەلانی ئێراندا، ڕۆڵیان تێدا هەبوو. بابەتەکانی وەک سەرکوتی سیستماتیک، توندوتیژی، هەڵاتنی مێشکەکان لەوڵات، سەرکوتی ژنان، داسەپاندنی حیجابی زۆرەملی، فیلتێرکردنی ئینترنێت، گرانبوونی خانووبەرە و شوێنی نیشتەجێبوون، دزی و گەندەڵیی سیستماتیک بەهەموو جۆرەکانییەوە.

ئەم بەربژێرە داسەپاوانە بەجۆرێک باس لەم بابەتانە دەکەن و بەوپەڕی ڕووهەڵماڵاوییەوە، ئیدیعای چارەسەرکردنیان دەکەن، وەک بڵێی هیچیان لە پەسەندکردنی یاسا سەرکوتکەرەکان و بەڕێوەبردنی ئەم گوشارانە بۆ سەر خەڵک، بەشدار نەبوون و تا ئێستا لە دەرەوەی هەر سازوکارێکی ئەم ڕێژیمە سەرکوتکەرەوە بوون و ڕاوەستاون.

لەم نێوەدا و لە ڕەوتی منازرەکاندا، یەکێک لە بەربژێرەکان کە بە ڕواڵەت وا نیشان دەدات لە بەرەی ئەوبەری پێنج بەربژێرەکەی دیکەی سەر بە باڵی بناژۆخوازە و، بەڕواڵەت و تا ڕادەیەکیش بەئاشکرا بەرەی بەناو ڕیفۆرمخوازی ڕێژیم پشتیوانی لێ دەکەن، ئەویش خاوەنی بەرنامە و نەخشەڕێیەکی ڕوون نییە وەک لە سەرەتاوە گوتی؛ "ئامانجی لە بەربژێربوون، بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەشداریی خەڵک لە هەڵبژاردنەکانە."

ناوبراو کە لە منازرەکان و ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ بەربژێرەکانی دیکەدا، زیاتر خەریکی خوێندنەوەی نەهجەلبلاغە و

بەنموونە هێناوەی شێوازی دەسەڵاتی ئیمان عەلی لە ١٤٠٠ ساڵ پێش ئێستا و پێچانەوەی وەک نووسخەیەک بۆ شێوازی بۆبەڕێوەبردنی ئێرانی سەردەمی ئێستایە، ڕاستگۆیانە باس لەوە دەکات کە ئەگەر ببێتە سەرۆککۆمار نابێ و ناتوانێ لە سیاسەت و ڕێوشوێنە دیاریکراوەکانی عەلی خامنەیی هەنگاوێک ئەولاتر بنێت.

بە گشتی ئاکامی ئەم ڕووبەڕووبوونەوە میدیاییانەی بەربژێرەکانی بەناو هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری، هەم بۆ دەسەڵات و هەم بۆ خودی بەربژێرەکان جیا لە دەرکەوتنی ڕووی ڕاستەقینەی ڕێژیم و دەنگ و ڕەنگەکەی و بەتاڵبوونی پرسی هەڵبژاردن لەم وڵاتە، هیچی دیکەی تێدا دەستەبەر نابێ و خەڵک بە نەچوونەسەر سندوقەکانی دەنگدان یان گرتنەپێشی هەر ڕەفتارێکی دیکەی مانادار - کە بەهیچ شێوەیەک نابێ بە مانای لایەنگری لە ڕێژیم لێک بدرێتەوە - پەیامێکی قایمی دیکەی "نا" و "نەویستن"ی خۆیان بە تەواوەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران دەڵێنەوە.

٤ی پووشپەڕی ٢٧٢٤

# بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی



## کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان (بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی)

چەمک و دەستەواژەی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی لە سەدەی نۆزدە و لە لایەن "سێن سیمۆن"ەوە داهێندرا. بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بە هێزێک دەگوترێ کە ڕچەیەک لە دەسەڵات و ئوتوریتەی بە دوادا بێت. سێن سیمۆن باوەڕی بە کۆبوونەوەی ئیلیتگەلی زانستی، ڕووناکبیران و کەسانی خاوەن ماڵ و منداڵ بوو کە پێکەوە بۆ جارێکی دیکە سیستەمی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی ئەقڵانی و ڕێکوپێک بکەنەوە.

بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی یەکێک لە گرینگترین شێوەکانی ڕەفتاری بە کۆمەڵە کە ئەژمارێکی زۆر لە کۆمەڵانی خەڵک تێیدا چالاکانە بەشداری دەکەن. هەرچەند ئەم دیاردەیە لە زۆربەی نووسینەکاندا لە ژێر ناوی ڕەفتاری بەکۆمەڵدا دێتە بەرباس، بەڵام لەگەڵ ڕەفتارە بە کۆمەڵەکانی دیکەدا جیاوازیی بنەڕەتی هەیە. زۆر جار ڕەفتارە بەکۆمەڵەکان بە شێوەی فکری، هەستەکی و خۆڕسکانە بیچم دەگرن و پێڕەوی لە ڕێچکە و ئولگوویەکی تایبەتی ناکەن و بە پێچەوانەی بزووتنەوە، زۆربەی جار بێ پلان، بێ ئامانج و نارێکخراو و بەری لە ئیدئۆلۆژین.

ئانتۆنی گیدێنز ئەم دیاردەیە بە شێوازێک لە کردەوەی بەکۆمەڵ بە مەبەستی دەستەبەرکردنی گۆڕان لە بەشێک لە نیزام و سیستەمی ئارایی پێناسە دەکات و دەڵێ "دەکرێ بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بە هەوڵ و تێکۆشانێکی بە کۆمەڵ لە پێناو بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندییەکی هاوبەش یان دابینکردنی ئامانجێکی هاوبەش لە ڕێگای کردەوەیەکی گشتی و بە کۆمەڵ، بەدەر لە دامەزراوە فەرمییەکان، پێناسە بکرێت.

"چەند ڕەهەندیبوون و ناچەقبەستوویی پێکهاتەی کۆمەڵگە لە سەردەمی نوێ، بوو بە هۆی گۆڕانێکی بنەڕەتی لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا کە لە دەوری حیکایەتە هەراوەکاندا (metanarrations) بە شێوەی نواندنەوەیی، ڕێکخراوە و ئایدۆلۆژیی توندوتۆڵ پێکیهێنابوو و هەموو کێشەکانیان لە خاڵێکی تایبەتدا کۆ دەکردەوە. ئەم گۆڕانکارییە تازانە بە نیاز و ویستی تازەی هێنایە گۆڕێ و بە وتەی گوندێرفرانک بوونە هۆی پێکهێنانی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیی نوێ. ئەم بزووتنەوانە لە بەستێنی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە سەریان هەڵدا و بە چەشنێک لە پێوەندی ڕاستەوخۆ لە گەڵ دەسەڵاتی سیاسی بەدوور بوون. ئەم بزووتنەوانە لە ڕێگای خۆدەربڕین، دەرچوون لە چوارچێوە و بەرەنگاربوونەوەی ئۆتۆریتە هەوڵ دەدەن گۆڕانکارییەک لە نۆرم، ڕێسا و بایخەکانی دۆخی داسەپیو و ئاراییدا پێک بێنن. یۆتۆپیای ئەم بزووتنەوانە چەنێک دێموکراسی ڕادیکاڵە کە لەوێدا لایەنە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگە وەکوو تاکەکان، ژنان، کەمەنەتەوەکان و لایەنگرانی ئاشتی و پێکەوەژیان بتوانن خاوەنی دەنگ بن و مافیان بپارێزرێ."

## شوناسی نەتەوەیی و بەجیهانیبوون

بەبێ هیچ پاشگر و پێشگرێکی هزری، دینی، نەتەوەیی و چینایەتی، "شوناس" بەشێکە لە پێویستییە ڕەوانی و دەروونییەکانی مرۆڤ و بۆ هەر جۆرە ژیانێکی کۆمەڵایەتی پێویستە. لە نەبوونی چوارچێوەیەک بۆ دیاریکردنی شوناسی کۆمەڵایەتی، ئینسانەکان لێک جیا ناکرێنەوە و هیچکامیان ناتوانن بە شێوەیەکی مانادار و بەردەوام لە گەڵ ئەوانی دیکەدا پێوەندی پێک بێنن. بە گشتی، "شوناس" مانا بە ژیان دەبەخشێ.

شوناسی نەتەوەیی کە وەک مەفهووم، پێشینەیەکی دورودرێژی نییە و دوای شەڕی سارد و لە گەرمەی شەڕی دژە کۆلۆنیالیدا هاتە نێو ئەدەبیاتی زانستی مرۆڤیەکانەوە، لە بیچمگرتنی کۆمەڵ و پێکهاتە نەتەوەییەکانی چاخی مودێرندا وەک فاکتەرێکی گرینگ سەرنجی دەدرێتێ. بە تایبەت لەگەڵ پەرەسەندنی ڕەوتی بەجیهانیبوون کە بەشێک لە لێکۆڵەران بە هۆکاری تێداچوونی نەتەوەکان و شوناسگەلی نەتەوەیی دەزانن، بایەخی زیاتری هەیە. بەپێی ڕوانگەیەک کە لە لایەن زۆرێک لە بیرمەندانی مۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنەوە هاتۆتە بەرباس، شوناسگەلی نەتەوەیی لە ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ جیهانی بوون، لە گەڵ کۆمەڵێک کێشە و چالنجی جۆراوجۆر بەرەوڕوون.

لە نێوان ڕەوتی بەجیهانیبوون و شوناسی نەتەوەییدا یەکەمیان کار لە سەر پانتاییەکی گەورەی جیهانی و ئەویتریان زەمینە و قەوارەیەکی ناوچەیی و لۆکاڵی هەیە. ئەگەر پێناسە و خوێندنەوەیەکی گشتگیر لە شوناس لە ئارادا نەبێ، هیچ

گەرەنتییەک بۆ پاراستنی کەرامەتی تاک و غروری کۆڕ و کۆمەڵەکان کە ڕۆڵی کارا و شوێندانەریان لە بنیاتنان و شارستانیەتدا هەیە، بوونی نابێ. لە دنیای ئەمڕۆدا کە خێرایی پەرەپێدان و پێشکەوتن لە گەڵ دەیە و سەدەکانی پێش پێک ناگیردرێ، ئەگەر نەتەوەکان و گەلان دەستیان بە پێناسەیەکی ناجێگیر(بزۆک) بەڵام بەردەوام لە شوناسی خۆیان نەگات، بە کردەوە لە گەردوونەی پەرەسەندنی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی دەردەهاوێژرێن.

لە ڕەوتی بیچمگرتن و پەرەسەندنیدا، جیهانیبوون بۆتە هۆی ئەوەی کە نەتەوەکان لە بیری نۆژەنکردنەوەی شوناسی خۆیاندا بن. چیدیکە گەلان ئەو شوناسە داخراو و سەختەیان نییە کە پانتایی تێکۆشان و چالاکییان لە سنووری شەڕ و شۆڕی تایفیدا قەتیس مابێتەوە. وێدەچێ جیهانیبوون کاریگەریی خۆی لە سەر شوناسگەلی کۆن و پێشوو دانابێ و خوێنێکی تازەی بەبەر شوناسی نەتەوەییدا کردبێ. بۆ گەیشتن بە قۆناغی سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی شوناس، دەربازبوون لە قەیرانی شوناس مەحاڵە، بەڵام تێپەڕبوون لێی پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە فاکتەرگەلی فەرهەنگییەوە هەیە.
کە بگەڕێینەوە سەر دۆخی کورد، یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی پێکهاتنی بزاڤی کۆمەڵایەتییەکانی کوردی، کێشە و کەلێنی نەتەوایەتییە. بەڵام ئەم پرسە لەم سەردەمەدا زۆر جیاواز لە سەردەمی پێشوو خۆی نواند. یەکەم ئەوەی کە "کوردبوون" و مافی نەتەوەیی واتایەکی تازەی بەخۆوە گرتووە؛ کوردبوون دیاردەیەکی ڕەها و نەگۆڕ نییە کە تەواو کێشەکانی دیکە لە پێناو خۆیدا بخاتە پەراوێزەوە و نکۆڵییان لێ بکات، کوردبوون ڕێبازێکی گونجاو و ڕەوایە بۆ گەیشتن بە مافە مرۆییەکان و هەروەها وەدەستهێنانی ئەو دەسکەوت و بەرژەوەندییانە کە لە پێکهاتەیەکی نابەرانبەردا لێی زەوت کراوە. کەوایە بزاڤی کۆمەڵایەتیی کوردی لەم سەردەمەدا بەبێ پێوەندی لەگەڵ بزاڤی کرێکاری، بزاڤی ژنان، بزاڤی پاراستنی ژینگە و هەموو بزاڤە دێموکراتیکەکانی تر واتای نییە.

لە پرسی "شوناسی نەتەوەیی کورد"دا دوو چەمکی "کوردبوون" و "کوردایەتی" زۆرترین باس و دەمەتەقەی لە سەرە؛ بە دوور لە یەکتر پێناسەکردنی هەردوو چەمکەکە و، تەنانەت لە بەرانبەر یەکتر دانانیان و دەرهاویشتنی "کوردایەتی" لە ناسیۆنالیزم، بۆچوونێکە کە لایەنی چەپی کوردی بە گشتی و لەم دواییانەدا بەرەی ڕیفۆرمخوازی کوردی لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێڕەوی لێ دەکەن. لە بەرانبەردا بۆچوونێک هەیە کە کوردبوون و کوردایەتی لە چوارچێوەیەکی بەرفراوانی ناسیۆنالیزمی کورددا پێناسە دەکات و هەر جۆرە ئینکارکردنێکی ماف و مافخوازی بۆ کورد لە چوارچێوەی ناسیۆنالیزمی ئەویتردا دەبینێ.
لە ئەدەبیات و دەربڕینی ڕۆژانەی خەڵکی ئاساییدا، "کوردایەتی" بە مانای ناسیۆنالیزم بەکار دێت و ناسێنەری شوناسی نەتەوەیی کورد بەرانبەر بە پێکهاتە نەتەوەییەکانی دیکە و لە خۆیدا مەفهومێکی سیاسییە کە لە لایەن بژاردە سیاسی و فەرهەنگییەکانی کوردەوە بەرهەم هاتووە. "کوردایەتی مەسەلەیەکی مەعریفی، وجودی و بنەمایی پێناسەکردنی کۆمەڵە مافێکی سیاسی، کولتووری، ئابوری و مەسەلەی کەرامەتی بە کۆمەڵی کوردە". کەوابوو نەفسی کوردایەتی زۆر جیاوازە لەو



سەرچاوە
Serchawe

بۆچوونەی کە تەنیا بە بزووتنەوەیەک پێناسەی دەکات و پێیوایە "کوردایەتی بزاوتێکە کە بانگەشەی ڕزگارکردنی کورد دەکات و بە تەمایە قەوارەیەکی سەربەخۆ یان نیمچە سەربەخۆ بۆ کوردەکان لەسەر خاکی کوردستان درووست بکات."

سیڤان سەعید، لێکۆڵەر لە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە زانکۆی شانشی - چین، لە بابەتێکدا لە ژێر ناوی "کوردایەتی و کوردبوون؛ هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێم"، بە جیاواز و جودا لە قەڵەمدانی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان (کوردایەتی) لە ناسیۆنالیزم کە لە ڕوانگەی ئەوەوە تەنیا هەمان "کوردبوون"ە، پێیوایە: "هەتا کوردایەتی برەوی زیاتر هەبێ، کوردبوون کاڵەوارتر و پەرێشانتر دەبێ. ئەوەی کە کوردبوون و ناسنامە و سەربەخۆیی کورد و کوردستانی بۆ گرنگە و لە پێناویدا تێدەکۆشێ، دەبێ بە هزر و بە کردەوەش کوردایەتی ڕەت بکاتەوە و وەک دوژمنی کوردبوون پێناسەی بکات". لە بەرانبەردا کەماڵ سولەیمانی، مامۆستا لە لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و مێژووی ئیسلام لە زانکۆی کۆلمێکس، لەگەڵ ئەوەیکە کوردایەتی بە جەوهەری شوناسی نەتەوەیی دەزانێ و ئینکارکردنی بە لادان لە ناسیۆنالیزمی کوردی لە قەڵەم دەدات، ڕەتی دەکاتەوە کە "کوردایەتی تەنیا مەسەلەیەکی سیاسی بێ کە بۆ دانیشتن لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی و بۆ وەدەستهێنانی هێندێک ئیمتیاز کەڵکی لێوەربگیرێ". بۆیە "جیاوازیی "کوردبوون" و "کوردایەتی" لەوەدایە کە، کوردبوون ئیتنیسیتەیە و وێدەچی لە زاتی خۆی دا هەڵگری هەڵوێستی سیاسی نەبێ، بەڵام کوردایەتی هەوڵێکە بۆ وەدەستهێنانی مافی کورد."

کەوابوو بەربەرەکانێ و ڕاوەستان بەرانبەر بە ئینکارکردنی شوناسی کوردی و ڕاسان بەرانبەر بە شوناسە نەتەوەییە داسەپاوەکان وەک خەسڵەتێکی جەوهەریی خەباتی کورد دەمێنێتەوە و پێوەندیی دیالکتیکیی نێوانی ئینکار و بەرەنگاری، شێواز و تایبەتمەندیی ناسیۆنالیزمی کورد (کوردایەتی) وەک شوناسی نەتەوەیی کورد پێناسە دەکات.
زۆربەی ئەم بزاڤ و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانەی کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا هەن لە ڕوی کارکرد و نێوەڕۆکەوە ماهییەتێکی تەواو شوناسخوازانەی نەتەوەییان هەیە و لە گەڵ ئەوەیکە ناکرێ لە کوردستاندا ئیدیعای دەربازبوون لە قەیرانی شوناسی نەتەوەیی بکرێ، بەڵام شوناسی نەتەوەیی لە کوردستان توانیویەتی لە ڕێگای کۆی ئەم بزووتنەوانەوە کە کۆمەڵگەی مەدەنیان پێک هێناوە، خۆی پێناسە بکاتەوە و هەنگاو بەرەو دەربازبوون لە قەیران بنێ و لە هەمان کات دا مودێلێکی نوێ لە کوردایەتی بنیات بنێ.

**تێبینیی:** سەرچاوەکانی بەکارهاتوو بۆ ئەو زنجیرە نووسینە لەسەر "کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان" لە ئەرشیڤی "کوردستان"دان.

٧ی پووشپەڕی ٢٧٢٤


سەرچاوە Serchawe

## کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



### (بزووتنەوەی مەدەنی و کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان)

قسەکردن لە کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆچوون و ڕوانگەی جۆراوجۆر و جیاوازی لە سەرە. بە جۆرێک کە تەنانەت بەپێی ماهییەتی نیزامی زاڵ بە سەر ئێران و ڕەوتی گەشەنەسەندووی کۆمەڵایەتی لە کوردستان، قسە لە بوون یان نەبوونی وەها کۆمەڵگەیەک دەکرێت. هەر کات قسە لە کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان دەکرێ، کۆمەڵێک تەعبیر و دەستەواژەی وەک "نافەرمانی مەدەنی"، "خەباتی مەدەنی"، "جموجۆڵی فەرهەنگی" و "بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی" دێنە کار کە دەرخەری جۆرێک لە ئاڵۆزی و لێڵیی باسەکەیە. بەو مانایە کە پێناسە و بۆچوونێکی یەکدەست و ساغبووەوە لەسەر خەباتی مەدەنی و کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان لە ئارادا نییە و خۆبواردنێک لەو باسە لەنێو بۆچوونەکاندا (ئەوانەی تایبەتی بۆ ئەم نامەیە وتووێژم لە گەڵ کردوون) بەتەواوەتی هەست پێ دەکرێ.

ئەو چالاکی و تێکۆشانانەی لە دەرەوەی خەباتی حیزبەکان (ڕێکخراوی سیاسی) لە لایەن چالاکانی فەرهەنگی، ئەدەبی، ژینگەپارێزی، خوێندکاری، فێرکاریی زمانی کوردی و...لە کۆمەڵگەی کوردستاندا لە ئارادان چ پێناسەیەک هەڵدەگرن و لە

چ چوارچێوەیەکی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا جێ دەگرن؟ خالید تەوەکوللی، بە گەڕانەوە بۆ تایبەتمەندیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کە لە گەڵ خسڵەتی بەردەوامبوونیان، خاوەنی سازمان، دیسپلین، ئامانج و بەرنامەی ڕوونن، پێی وایە ئەوەی لە کوردستان لە ئارا دایە "کۆمەڵێک جموجۆڵن لە بواری جۆراوجۆردا". تەوەکوللی دەڵێ "دیارە ئەو جووڵانەوانەی لە کورستاندا دەبیندرێن یان پەیوەندییان بە کوردستانەوە هەیە، بەشێک لەو تایبەتمەندیانەیان هەیە و جاروبار وای لێدێ وەکوو بزووتنەوەیەک چاویان لێ بکرێ، بەڵام بە گشتی لە بەر ئەوەی کە بەردەوامبوون و سازمان و یاسا و ڕێسای پەسەندکراویان نییە، نەیانتوانیوە وشیاری و شوناسێکی دیاریکراو درووست بکەن و لەم ڕوانگەوە لە بزووتنەوە دوور دەکەونەوە."

کەم نین ئەو کەسانەی پێیان وایە چالاکیی مەدەنی لە کوردستان لاواز و پرش و بڵاو و کورت ماوەیە و بنەمایەکی تێئۆری نییە. بۆیە ناکرێ ناوی بزاڤی لەسەر دابندرێ و لە ڕاستیدا بزاڤی مەدەنی لە کوردستاندا ڕێ نەکەوتوە. لە ڕووی ڕەفتارییەوە کاری مەدەنی لە کوردستان نەبۆتە کەلتوور و بە گشتی دەرکێکی درووست لە چالاکیی مەدەنی بوونی نییە. کۆمەڵگەی کوردستان کۆمەڵگەیەکی سیاسەت لێدراوە کە هەروا بە ئاسانی چالاکیی مەدەنی و چالاکانی ئەم بوارە ناتوانن متمانەی خەڵک وەدەست بێنن.

هەر لەم پێوەندییەدا "ئارسان"، لەو بڕوایە دایە کە ئەو چالاکیانەی لە بواری ئەدەبی، فەرهەنگی، ژینگەپارێزی، خوێندکاری و...دا دەکرێن و لە ئارا دان، هێندێک چالاکین کە دەکرێ لە ژێر ناونیشانی هەوڵی مەدەنیدا پۆلێنبەندی بکرێن. چونکی بە هۆکاری یەک دەست نەبوون و هاوئامانج نەبوونیان کە زۆریش لێک تەریکن و پێوەندیی ئۆرگانیکیان پێکەوە نییە، ناتوانن بزاڤ بن. "ئەمانە هەر کامەیان مێژوو و بەستێنی کۆمەڵایەتیی خۆیان هەیە و ڕەنگە باشتر ئەوە بێت کە جیاجیا بۆ هەر کامەیان خوێندنەوەی جیاواز بکرێت."

لە بەرانبەر ئەم بۆچوونانەدا کە بە پشتبەستن بە باسە تێئۆرییەکان لە سەر بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی دەڕوانن "جموجۆڵە مەدەنییەکان"ی کوردستان و بە هۆکاری ئەوەیکە ئەم چالاکیانە بە دوای لێکهەڵوەشانەوەی نیزامی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە نین لە خانەی بزووتنەوەی مەدەنیدا نابیندرێن، بۆچوون هەیە کە پێی وایە ناکرێ کۆنتێکستی شوێن (جوغرافیا) و سەردەمەکان لەم باسانەدا لە بەرچاو نەگیردرێن. هیچ مەرجیش نییە هەموو جووڵەیەکی جڤاکی بەدوای هەڵشێلان و داڕشتنەوەی سەرجەم بنەماکانی سیستم و کۆمەڵگەوە بێ. "هەموو بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی پێویستە ڕەهەندێکی جەماوەری و ڕێکخراوەیی هەبێ.

لە ڕووی مێتۆد و شێوازی تێکۆشانەوە، بزوتنەوەی مەدەنی ئامانجەکانی ڕادیکاڵ بن یان ڕیفۆرمخواز، کۆمەڵایەتی و



سەرچاوە
Serchawe

فەرهەنگی بن یان سیاسی و شوناسخوازی، تەنیا لە میتۆدی غەیرە چەکداری و ئاشتییانە - کە هێندێک جار دێموکراتیکیشی پێ دەڵێن - کەڵک وەردەگرێ. دەکرێ لەگەڵ بزووتنەوەیەکی چەکدارانە و شۆڕشگێڕانە لەپێوەندیی کار و کارکرد یان ڕکابەری و تەواوکەریدا بێ، بەڵام بۆخۆی تەنیا دەبێ میتۆدی ئاشتییانە بەکار ببا، جا ئەو میتۆدە ئاشتییانە قانوونی بن یا قانوونی نەبن (چونکە هێندێک میتۆد لەگەڵ ئەوەی ئاشتیخوازانەن بەڵام لە ڕوانگەی سیستمی مەوجوودەوە ناقانوونین و ڕێگەپێدراو نین). سێهەم و سەرەنجام، مەبەست و ئامانجەکانی بزووتنەوە کە چەندە ڕادیکاڵن یان سروشتیان چییە و چ بوار یان بوارگەلێک دەگرنەوە کاریگەریی لەسەر تێرمینۆلۆژی نییە. دیسان هەموو شتێک بەستراوەتەوە بە کۆنتێکستی کات و شوێنی وەڕێکەوتن و بەڕێوەچوونی بزووتنەوەکە.

ڕەهبەر مەحموودزادە بە پشتبەستن بە دوو فاکتەری کۆمەڵناسانە کە وەک دوو هۆکار بۆ بوون یان نەبوونی بزووتنەوە مەدەنییەکان ناویان دێنێ، باس لە پێکهاتنی دیاردەیەکی نوێ بە ناوی "بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان" لە کوردستان دەکات کە بزووتنەوەی مەدەنی، بە بەشێک لەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە دەزانێ. ناوبراو لەم پێوەندییەدا دەڵێ؛ " ئەو دوو سازدەرە گرینگەی بزووتنەوە مەدەنییەکان لە هەناوی ئەوانەوە سەر هەڵدەدەن یەکیان "شار"ە و یەکیشیان "چینی مام ناوەندی" یان (طبقه متوسط)ە. ئەگەر بمانەوێ زۆر وردتر بۆ بابەتەکە بڕوانین تەنانەت دەتوانین یەکێک لەم سازدەرانە بۆ سازدەرەکەی تر کورت بکەینەوە، چونکە ناکرێ شاری مۆدێڕن بەبێ چینی مام ناوەندی و چینی مام ناوەندیش بە بێ شار بیریان لێ بکرێتەوە. هەندێک لە شارەکانی کوردستان، نەختێک بەر لە کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم ڕوویان لە مۆدێرنبوونەوە کرد. لە شارەکانی وەک کرماشان و سنە و مەهابادا وردە وردە چینی مام ناوەندی خۆی گرت. سەرهەڵدانی چینی بورژوا و وردە بورژوا بەرەبەرە سروشتی شارەکانی کوردستانی گۆڕی. بەستێنێک ساز بوو کە پێکهاتنی دیاردەیەکی نوێ بەناوی "بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی" لەو بەستێنەدا وەک شتێکی گونجاو و ڕەخساو چاوی لێ دەکرا."

ئەگەر کۆنتێکستی شوێن و هەر دوو سازدەرەکە (شار و چینی ماماوەندی) بە پێوانە بۆ بوون یان نەبوونی بزووتنەوەی مەدەنی وەربگرین، "بێگومان ئەو بزووتنەوە جەماوەرییە بە شێوەی یەکدەست لە سەرجەم جۆغرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا لە ئارادا نییە و تەنانەت لە هەندێ جێگاش هێشتا ئاسەواری چالاکییەکی مەدەنیانەی تۆکمە و جیددی نابیندرێت کە دیارە ئەمەش هۆکاری جۆراوجۆری هەیە و دەشتوانێ لە داهاتوودا و لە ژێر کاریگەریی ئاڵوگۆڕەکاندا، ئاقارەکەی بگۆڕێت."
سازدەری سێیەم کە کار دەکاتە سەر ڕەوت و خێرایی بزووتنەوە مەدەنییەکان، ڕادەی دێموکراتیزەبوونی کۆمەڵگەیە. دێموکراتیبوونی کۆمەڵگەش دوو لایەنی هەیە: یەکەمیان سیستەم و نیزامێکی دێموکراتیزەی سیاسییە و دووهەمیان، دێموکراتیزەبوونی فەرهەنگی جەماوەریی خەڵکە. ئەگەرچی سازدەری سێیەم لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بەهۆی ئەوەی سیستەمە سیاسییە زاڵەکان زۆرتر سیستمی نادێموکراتیک بوونە، کەمتر بەستێنی گەشەی هەبووە بەڵام ئەم فاکتەرە کار دەکاتە سەر خێرایی گەشەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان.

لە پێوەندی لەگەڵ بوون یا نەبوونی بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستان و پێناسە و دەستەواژەکانی پێوەندیدار، باسێک بەردەوام دێتە ئاراوە کە ئەویش لە لایەک پێوەندیی نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و خەباتی مەدەنییە و ئەوی دیکەشیان شوێن و پێگەی بزووتنەوەی مەدەنی لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانە.

بە پێی پێناسەیەکی گشتگیر کە لە کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە؛ دەگوترێ کۆمەڵگەی مەدەنی ئەو کۆمەڵگەیەیە کە بەدەر لە دەسەڵاتی سیاسی و سەربەخۆ لەم دەسەڵاتە پێداگر لە سەر هێندێک پرەنسیپ ژیان بەسەر دەبا. کۆمەڵگەی مەدەنی کە وەکوو "بواری سێیەم" ئاماژەی پێ دەکرێت، دیاردەیەکە کە دەبێ بە تەواوی جیا لە حکومەت و بازاڕ و بەرژەوەندییەکانی ئەوان، بوونی هەبێت. بە پێی ئەم پێناسەیە، مەودای چالاکییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بنەماڵە و حەوزەی تایبەتیش لە خۆی دەگرێت. بە واتایەکی گشتی، کۆمەڵگەی مەدەنی سەرجەم ڕێکخراو و دامەزراوە ناحوکمی لە لایەک و کۆی ویست و بەرژەوەندیی تاکەکانی کۆمەڵگە لە لایەکی دیکەوە لە خۆی دەگرێ و داکۆکییان لێ دەکات، بەڵام بەو مەرجەی کە ئەم ڕێکخراو و تاکانە گرێدراوی حکومەت نەبن و بە بەرژەوەندییەکانی ئەوەوە نەبەسترابێتنەوە.

هێندێک ڕوانگە پێیان وایە، کە تەنانەت ئازادیی ڕادەربڕین و دادوەریی سەربەخۆ کە بەردی بناغەی کۆمەڵگەیەکی دیموکراتن، ئەوانیش وەک کۆمەڵێک بایەخی نۆرماتیڤ دەکەونە خانەی کۆمەڵگەی مەدەنی لە چوارچێوەی ئەم تەعریفە گشتگیرەدا کۆمەڵگەی مەدەنی بریتییە لە گرووپ و تاقمە کۆمەڵایەتییەکان، حیزبە سیاسییەکان، بزووتنە کۆمەڵایەتیەکان، ڕێکخراوە و ئەنجومەنە جۆراوجۆرەکان، سەندیکا و پێکهاتە تایبەتەکانی پێوەندیدار بە ژیان و کاری چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەوە. ئەم کۆمەڵگەیە لە دەرەوەی دەسەڵات دوو ئامانج دەپێکێ؛ یەکەم، پردی پێوەندیی نێوان کۆمەڵانی خەڵک و حکومەتە و لە ڕێی دامەزراوە تایبەتیەکانەوە و بە نوێنەرایەتیی خەڵک لەگەڵ دەسەڵات لە پێوەندی دایە و دووهەم، وەک ڕەخنەگری دەسەڵات لە مەیداندایە و بەردەوام هەوڵ دەدا حکومەت و لارێییەکانی بداتە بەر ڕەخنە و هەوڵ بۆ ئەوە دەدا دەسەڵات ناچار بە قبووڵکردنی ویستی خەڵک بکات. لە بنەمادا کۆمەڵگەی مەدەنی ئیمکانێکی گونجاوە بۆ هاووڵاتیانی ئەو کۆمەڵگەیە تا لە ڕێی دامەزراوە جۆراوجۆرەکانەوە قسەی خۆیان بکەن و بە گوێی بەردەنگ و دەسەلاتی سیاسی بگەیەنن.

کاتێک حکومەتەکان گوێ بۆ ویست و داواکارییەکانی کۆمەڵانی خەڵک ڕاناگرن و پێمل بە خواستی گشتی نابن کۆمەڵگەی مەدەنی نە تەنیا وەک ڕەخنەگری دەسەڵات، بەڵکوو وەک لایەنی بەرانبەری دەسەڵات دەکەوێتە تێکۆشان، لەم حاڵەتەدا کۆمەڵگەی مەدەنی دەبێتە مەیدانی بزووتنەوەیەکی گشتی کە بزووتنەوەی مەدەنییە، جۆرێک لە تێکۆشانی بەردەوام کە ئاراستەکەی دوو ئامانجی گشتییە: ١. ڕێکخستنی کۆمەڵگە وەک یەکەیەکی سەربەخۆ، جیاواز و جۆراوجۆر و ٢. پێملکردنی دەسەڵات بە ویست و داواکارییەکانی کۆمەڵگە.

لە ڕاستیدا بزووتنەوەی مەدەنی لە سەر دەستی کۆمەڵگەی مەدەنی شکڵ دەگرێ کە هێندێک تایبەتمەندی هەیە کە بریتین لە:

١- توندوتیژیخواز نین

٢- خۆڕسک و سەربەخۆن

٣- ڕەخنەگر و زۆر جار دژبەری سیاسەتەکانی حکومەتن.

٤- پێکهاتەیەکی ئازادیبەخشیان هەیە. لە سەر ئەو بنەمایە دەتوانین لێکدانەوەیەکی گشتیمان هەبێ لەسەر ئەو شتەی کە ئێستا لە کوردستان لە ئارا دایە و وەک کۆمەڵگەی مەدەنی و بزووتنەوەی مەدەنی باسی دەکەن. هیچ کۆمەڵگەیەکی مەدەنی نییە چەندین بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی بە پێی تایبەتمەندی و کەلێنە کۆمەڵایەتییەکان لەخۆ نەگرێ. کە کۆمەڵگەی کوردیش بەدەر لەو ڕاستیە کۆمەڵایەتییە نییە. لە ڕاستیدا کۆمەڵگەی مەدەنی کوردی بەرهەمهێنی بزووتنەوەی مەدەنی‌یە. وێڕای بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگەی مەدەنی جاری وایە ئەم کۆمەڵگەیە کەڵکەڵەیەکی گشتیتری هەیە، جا ڕەنگە ئەو کەڵکەڵەیە گەیشتن بە دێموکراسی و...هتد بێ، یا وەک کورد، گەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەکان بێ. کەواتە لە کوردستان لەسەر دەستی ئەو کۆمەڵگە مەدەنی‌یە ساوایە بزووتنەوەیەکی مەدەنی لە ئارادایە کە پێناسەیەکی نەتەوەیی و شوناسخوازانەی هەیە. ئەگەر بڕوانینە ئاراستەی دامەزراوە مەدەنییەکان و تەنانەت نارەزایەتییە پیشەییەکانی دوو دەیەی ڕابردوو، کە تازەترینیان نارەزایەتیی مامۆستایانە، دەبینین ئاراستەیەکی نەتەوەیی و شوناسخوازانە دەگرێ و داواکارییەکان لەو چوارچێوەیەدا شکڵ دەگرن. کەواتە بزووتنەوەی مەدەنی کوردستان وەک بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتیی شوناسخوازانە لە ئارادایە.

بە گشتی سەرەڕای ئاڵۆزیی دیاردەکە و ناڕوونیی پێناسە و چەمکەکان، بزووتنەوەی مەدەنی و کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر ئەساسی کۆمەڵێک جموجۆڵ و چالاکیی ناتوندوتیژ کە داکۆکی لە گوتاری پەراوێزخراوی کەمینەکراو دەکات، بوونی هەیە و بەشێک لە بزوتنەوەی کوردستانە، واتە خۆی بزووتنەوەیەکی سەربەخۆ نییە، بەو مانایە کە ئامانجی تایبەت بەخۆی هەبێت، بەڵکوو لە ئامانجدا و تەنانەت لە ڕووی بنەمایی مافیشەوە بەشێک لە بزووتنەوەی کوردستانە، بەڵام ڕێکاری جیاواز دەگرێتە بەر هەتا ئامانجەکانی ئەو بزووتنەوەیە بێنێتە دی. "لە ڕۆژهەڵات ڕەوتێکی سیاسی هەیە کە دەیهەوێ بزووتنەوەی کوردستان بەرەو ئاراستەیەکی ناتوندوتیژ بەرێ، هاوکات لەگەڵ ئەوە بەربەرەکانێ (مقاومت)ی ناتوندوتیژیش هەیە کە هەوڵدەدات بەهاکانی گوتاری پەڕاوێزخراوی کەمینەکراو وەک زمان، فەرهەنگ و هتد لە فەوتان ڕزگار بکات و پەرەی پێبدات، بەڵام بزووتنەوەیەکی سەربەخۆ نییە، بەڵکوو بەشێک لە بزووتنەوەی کوردستانە، چونکە ئامانج و بەهاکانی هەمان ئامانج و بەهایە."

**تێبینیی:** سەرچاوەکانی بەکارهاتوو بۆ ئەو زنجیرە نووسینە لەسەر "کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان" لە ئەرشیڤی "کوردستان"دان.

١٩ی پووشپەڕی ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe

## زەمینە و بەستێنەکانی خەباتی مەدەنی



### کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان(زەمینە و بەستێنەکانی خەباتی مەدەنی ٥ - ١٤)

بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستان ئامیان و جەوهەرێکی فەرهەنگیی هەیە. ئەگەر بە شێوەیەکی کرۆنۆلۆژیک لە باسەکە بڕوانین، دەبینین لە هەموو بزووتنەوەکانی کوردستاندا ئەوە چەمکی فەرهەنگە کە بە سەر چەمکەکانی دیکەدا زاڵە. "بزووتنەوەی مەدەنی لەسەر بنەمای چەمکی فەرهەنگی شکڵ دەگرێ .بە تایبەتی لەو سیستمانەدا کە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری لە گورێ دایە و دەربڕینی بیروڕای ئازاد بە شێوازی ڕاستەوخۆ یان بوونی ئەحزاب قەدەغەیە. بۆیە چالاکانی ئەم حەوزەیە پەنا دەبەنە بەر سیمبۆلیزم بۆ هێماسازی، بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوازێکی دیکە پەیامی خۆیان دەرببڕن. ڕێک ئەو کارەی کە گۆڤاری "سروە" کردی، یان دژایەتیی خەڵکی کوردستان لەسەردەمی پەهلەویدا لە گەڵ یەکسانسازیی جلوبەرگ. ئەو یەکسانسازیی‌یە کە ویستێکی سیاسی لە پشت بوو، بەڵام چەمکە زاڵەکە چەمکێکی فەرهەنگی بوو، لە سەردەمی ئیسلاحاتدا، بە هاتنەسەرکاری محەممەد خاتەمی بە دەیان گۆڤاری خوێندکاری لە زانکۆکانی سەرانسەری ئێران بڵاو دەبوونەوە، کەوابوو لێرەشدا دیسان ئەوە کارێکی فەرهەنگییە"(١). بۆیە بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستان، ڕیشەی لە بزووتنەوەی فەرهەنگی دایە و "بزووتنەوەی فەرهەنگی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش مێژوویەکی بە قەرا مێژووی بزووتنەوەی

نەتەوایەتیی گەلی کورد لەو بەشەی کوردستاندا هەیە" و ڕەوتی بەربەرەکانێی مەدەنی (ناتوندوتیژ) لە کوردستان هاومێژوو لەگەڵ خەباتی نەتەوایەتی‌یە کورد لە سەدەی ١٩ی زایینی کە بە چەند قۆناغی جیاجیادا تێپەڕ دەبێت.

بە سەرنجدان بە دۆخی سیاسی – جوغرافیایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بەستراوە بە وڵاتی ئێران و نیزامی سیاسی لەم وڵاتە، لێکدانەوەی تایبەتمەندی و گۆڕانکارییەکان تەنیا لە چوارچێوەی دۆخی نێوخۆیی کوردستاندا ناتەواو و هەڵەیە. مێژووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گرێدراوەتەوە بە ئەو ڕەوتە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی کە لە ئێران لە ئارا دابووە و ئەگەر بمانەوێ مێژوویەکی دیار بۆ شکڵگرتنی کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان دیاری بکەین ناچارین بەو ڕووداوانەدا تێپەڕین کە مێژووی نوێی ئێرانیان ساغ کردۆتەوە.

لەم پێوەندییەدا دوکتۆر ئارسان لەو باوەڕە دایە ڕەوتی مێژووی ڕووداوەکان لە ئێران کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر "گەشانەوە" و "پووکانەوە"ی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان هەیە و بە ئاماژەدان بە قۆناغ و سەردەمەکانی وەک؛ شۆڕشی مەشروتە، ٢٠ ساڵەی دیکتاتۆریی ڕەزاخان، هاتنەسەرکاری موسەدق، بە دەسەڵاتگەیشتنی پەهلەوی دووهەم، شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی و دەوڵەتی خاتەمی و هتد...کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئێران و کوردستان، ڕەوتی کرانەوە و پووکانەوە تەجروبە دەکات. قادر وریا لە وتارێکدا لە ژێر ناوی "قۆناغەکانی بزووتنەوەی فەرهەنگی لە کوردستانی ئێران" کە تێیدا پایە و بناغەی بزووتنەوەی مەدەنی لەم بەشە لە کوردستان، بە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی فەرهەنگی دەبەستێتەوە؛ زەمینە و بەستێنی ئەم بزووتنەوەیە لە سێ قۆناغی: "لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە تا ڕووخانی کۆماری کوردستان"، "لە ڕووخانی کۆماری کوردستانەوە تا ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی" و "لە ڕووخانی پاشایەتییەوە تا ئێستا (١٣٨٠)"دا پۆلێنبەندی دەکات. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، هێندێک جموجۆڵ و تێکۆشان بەرچاو دەکەون کە نیشاندەری گووران و شکڵ گرتنی بیری نەتەوایەتی و وەڕێکەوتنی خەباتی سیاسی و فەرهەنگیی کوردەکان لە پێناو گەیشتن بە ئامانجە نەتەوایەتییەکانیان دان. "پێکهاتنی "کۆمەڵەی کولتووری ڕۆشنگەریی کوردی" یەکێک لەو هەوڵانە بوو کە بە هۆی "عبدالرزاق بدرخان" و بە هاوکاریی سمایل ئاغا (سمکۆی شکاک) پێکهات. ئەمە یەکەم نیشانەی دیار لە وریابوونەوەی فەرهەنگیی کورد بوو کە بەدوایدا دامەزرانی قوتابخانەی کوردی، خوێندن بە زمانی کوردی، دامەزرانی چاپخانە و دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی و ...هتد پەیدا بوون."

لە ساڵانی ٢٠ی هەتاویدا کوردستان ڕەوتێکی نوێ لە کۆمەڵگەی مەدەنی تاقی دەکاتەوە. بە پێکهاتنی حیزبی دێموکراتی کوردستان (٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤) و ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان (٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤) کە ئازادترین سەردەمی ئێرانە، بەستێنێکی گونجاوتر بۆ بەشداری خەڵک لە ڕووداوەکان و ڕێکخستنیان لە دامەزراوەی جۆراوجۆردا پێک دێ. بڵاوبوونەوەی گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی، دامەزراندنی ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ژنان و لاوان (٢) و تێکۆشان لە چوارچێوەی حیزب و

ڕێکخراودا نموونەی شکڵگرتنی قۆناغێکی جیاوازی کۆمەڵایەتییە و هەنگاوێکی نوێیە بەرەو پێکهاتنی کۆمەڵگەی مەدەنی. دیارە ئەم ڕەوتە بە هەرەسهێنانی کۆمار لاواز بوو، بەلام گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان وەختێک پێش دێن ئەگەر "دەروونزا" بن ڕەنگە لاواز بن بەڵام هەرگیز لەنێو ناچن، بۆیە دەوڵەتی موسەدیق و هەڵبژاردنەکەی مەجلیسی حەڤدەهەم لە کوردستان درێژەی هەمان ڕەوت بوو کە دەستی پێکردبوو. لە ڕاستیدا بەشداریی خەڵک وەک دژکردەوە بە نیسبەت دەسەڵاتی شا و پشتیوانی لە موسەدیق کە بە دوای حکومەتی مەشرووتە و بەشداری خەڵک لە پرۆسەی سیاسییەوە بوو، درێژەداربوونی شکڵگرتنی ئەو بنەمایەیە کە لە سەرەتاکانی مەشرووتەوە دەستی پێکرد و لە کۆماردا بە قۆناغێکی نوێدا تێپەڕی و لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٣٣٠دا بە جۆرێکی دیکە درێژەی پەیدا کرد تا لە بزووتنەوەی جووتیاریدا جۆرێکی دیکە حوزووری ڕەخنەگرانە و سەربەخۆی کورد دژ بە دەسەڵات خۆی بنوێنێ. لەو قۆناغەدا بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی شکڵ دەگرێ کە ئەم بزووتنەوەیە بۆخۆی بەشێکە لە جموجۆڵێکی مەدەنی لە کوردستان، ئەگەرچی ئەم بزووتنەوەیە وێڕای زۆرێک لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی کورد بە کۆماری کوردستانیشەوە گشتگیر نەبوو، بەڵام نموونەی جموجۆڵی جیاوازی ئەم بەشەی ئێران بوو. جموجۆڵێک کە دەیتوانی سەرەتاکانی پێکهاتنی کۆمەڵگەیەک بێ کە هەموو تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی هەبێ.

لەم قۆناغەدا جیا لە دامەزراندنی حیزبی دێموکرات و پەیدابوونی دیاردەی حیزبایەتی کە وەک ڕێکخەری کۆمەڵگە و پردی پێوەندیی نێوان کۆمەڵگە و دەوڵەت و نوێنەرایەتیی خەڵک یەکێک لە ئامرازەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییە، دامەزرانی ژمارەیەک ڕادیۆ و بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک بڵاوکراوە بە زمانی کوردی هاتنە ئاراوە کە تۆزی فەرامۆشییان لە سەر زمان، هونەر و گۆرانیی کوردی ڕامالی.

لە ساڵەکانی هەوەڵی دەیەی چلی هەتاویدا ئاڵوگۆڕێک لە سیستەمی مڵکایەتیی زەوی و زاردا هاتە ئاراوە کە بە "اصلاحات ارضی" ناوی دەرکرد و کوردستانیش لەو ئاڵوگۆڕە بێبەش نەبوو. ئەو ڕیفۆرمە کە جێی پێی بۆ بۆرژوازی لە لادێ خۆش کرد و ڕێژەی خوێندەوارانی لە کوردستان بردە سەرێ، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەر پەرەسەندنی جموجۆڵی فەرهەنگی و، خوێندکاری لە زانکۆکان دانا.

شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی دەرفەتێکی دیکەی مێژوویی بۆ بزووتنەوەی کورد بوو بەو ماهییەت و نێوەرۆکە مەدەنییەوە کە هەیەتی، بتوانێ کۆمەڵگەیەکی دوور لە شەڕ و ئاڵۆزی بنیات بنێ، بەڵام بەداخەوە ڕەوتی ڕووداوەکان، کورد و کۆمەڵگەی کوردستانیان تووشی قۆناغێک لە شەڕ و توندوتیژی کرد. کورد لە سەرەتاکاندا توانی جەوهەری مەدەنییەتی خەبات و تێکۆشانی خۆی لە بەشداری و بەڕێوەبەریی کاروباری وڵاتدا نیشان بدات. "بزووتنەوەی کوردی سەردەمی "پاش شۆڕش" خۆی بە سەرچاوەگرتوو لە خۆڕاگریی ناتوندوتیژیی گشتی و کەمپەینەکانی نافەرمانیی مەدەنی پێناسە دەکات کە بەشە



سەرچاوە
Serchawe

جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردی تێیدا بەشداربوون. ئەم چالاکییانە بە دوو هۆکار ئەنجام دەدران. یەکەم: بەرەنگاری لە بەرانبەر هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی، دووهەم: بەرەنگاری لەمەڕ قایلکردنی ڕێژیم بۆ بەفەرمی ناسینی "شۆڕا" هەڵبژێردراوەکانی شارەکان کە لە شارە جیاوازەکانی کوردستاندا پێکهاتبوون. پێکهێنانی شۆڕاکانی شار، یەکەمین هەنگاوی کردەیی بۆ دروستکردنی سیستەمێکی دێموکراتیکی ئاڵتێرناتیڤ بۆ حکومەت بوو، کە لەڕێی بەخشینی دەسەڵات بە نوێنەرە خۆجێیەکانی خەڵکی کوردستان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری شارەکانی خۆیان و دەوروبەرەکانیان پێکهاتبوو. بەرزیی ئاستی هاوکاریی نێوان ئەندامە جیاوازەکانی شۆڕا کە هەڵگری ئیدۆلۆژیی جیاواز بوون،ئەو دڵنیاییەی بەخشییە شۆڕاکان کە وەکوو مۆدێلێکی بێوێنە بۆ بەڕێوەبردنی شارەکان فام دەکرا.

ئەکتەرەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردی، ڕێکخراوە خۆجێیەکان و حیزبە سیاسییەکان، بە هەڵبژاردنی شۆرای شارەکان، یەکەمین هەنگاویان بۆ خۆبەڕێوەبەری هەڵهێنایەوە. "دامەزراندنی ڕێکخراوە خۆجێیەکان و یەکیەتییەکان وەکوو: یەکیەتیی بێکاران لە بانە، یەکیەتیی مامۆستایان لە مەریوان، یەکیەتیی نانەواکان لە سەقز و هەروەها بنکەی بووژانەوەی فەرهەنگی کورد لە سەقز، پێشاندەری ویستی خەڵکی مەدەنی بوو بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە کوردستانی سەردەمی "پاش شۆڕش" لە ڕێگا ئاشتیخوازانە و کۆمەڵگەتەوەرەکان. ئەم ئاڵوگۆڕانە هەلومەرجێکی نوێی لەگەڵ گۆڕانی ڕێژیمدا پێکهێنا، دەرفەتی نوێ هاتنە ئاراوە کە لەگەڵ چوونەسەری ئاستی بە سیاسیبوونی کۆمەڵگەی کوردیدا ئاوێتە ببوو کە ئەوەش تایبەتمەندیگەلێکی دیاریکراوی بە شۆڕش لە کوردستان بەخشی. لەماوەی شۆڕشدا چەندین ڕێکخراوەی جۆراوجۆری کۆمەڵگەی مەدەنی پێکهاتن، ڕێکخراوی دێموکراتیکی کوردستان، کۆمیتەی ژنانی مەریوان، یەکیەتیی خوێندکاران، یەکیەتیی کرێکارانی بێکار، کۆمەڵگەی ژنانی چەکدار لە سەقز و دامەزراوەکانی دیکەش پێکەوە کاریان بۆ چارەسەرکردنی کێشە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی کوردی دەکرد."

حیزبی سیاسی وەک بەشێک لە کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵی دەگێڕا و لە لایەکی دیکەوە ببوو بە باڵی سەرەکیی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ڕێبەریی بوارێکی فراوان و بەربڵاوی چالاکییە ناتوندوتیژەکانی دەکرد. بۆ نموونە کۆچی بە کۆمەڵی خەڵکی مەریوان، بەرگری و پشت جەبهەی کورد لە شار و گوندەکان و یەکەم هەڵبژاردنەکانی "مەجلیسی خوبرەگان، سەرکۆماری و "مەجلیسی شووڕای میللی" و بایکۆتی ڕێفراندۆم بەشێک لە کارنامەی حیزبی سیاسی بوو لە چوارچێوەی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیدا کە خەریک بوو قەوارە و شکڵ بگرێ. بە گشتی حیزبەکان داخوازییەکانی خۆیان لە چوارچێوەی چەمکگەلی وەکوو خودموختاری بۆ کوردستان و دێموکڕاسی و سێکۆلاریزم بۆ ئێران لە چوارچێوەی سیستەمی سیاسیی نوێدا دەخستە ڕوو.

بزووتنەوەی ناتوندوتیژی کۆمەڵگەی کوردی، ڕووبەڕووی وڵامێکی توندی ڕێژیمی نوێ بۆوە. فەرمانی جیهاد دژ بە خەڵکی کوردستان لە لایەن ڕێبەری ئینقلاب، ئایەتوڵڵا خومەینییەوە ڕاگەیاندرا و شەڕ بە سەر کورد و بزووتنەوەی کوردستاندا

سەپێندرا. فازی خەبات گۆڕدرا و بەرەنگاریی پێشمەرگانە و چەکداری هاتە ئاراوە، بەڵام نێوەرۆک و پەیامی بزووتنەوەی کوردستان ئاشتیخوازانە و بەرەنگارانە بوو. جموجۆڵی مەدەنی لە کوردستان بۆ ماوەی نزیک بە ١٠ ساڵ لە ژێر کارتێکەریی سیاسەتی شەڕفرۆشی و هەوڵی ئاسمیلاسیۆنی نیزامی خۆسەپێن لە تاران، لەوپەڕی کزی و لاوازیی خۆیدا بوو. "بەهۆی سەرکوتی ڕێژیم و میلیتاریزەکرانی کوردستان لە لایەک و دۆخی تایبەتی سەردەمی شەڕی ئێران-عێراق لە لایەکی ترەوە، چالاکییە مەدەنییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ماوەی چەند ساڵێک کاڵبوونەوە، بەڵام لە کۆتاییەکانی دەیەی شەستی هەتاوییەوە بەرەبەرە جموجۆڵی مەدەنیانە دەستی پێ کردەوە."

***

## پەراوێزەکان:

١- ناسر باباخانی، وتووێژی تایبەتیی خۆم، ڕێکەوتی ١٣ی ڕێبەندانی ١٤٠٠)

٢- یەکیەتیی یایانی کوردستان و یەکیەتیی جەوانانی کوردستان کە دواتر ناوەکانیان گۆڕدرا بە یەکیەتیی ژنانی کوردستان و یەکیەتیی لاوانی کوردستان و تا ئێستا درێژە بە کارو چالاکیی خۆیان دەدەن.

٣- لە سەرەتای هاوینی ١٣٣١ هەڵبژاردنی مەجلیسی حەڤدە کۆتایی پێ هات و حیزبی دێموکراتی کوردستان بەکردەوە پشتیوانی لە سارمەدینی سادق وەزیری کرد و ناوبراو بە وەدەستهێنانی ١٥٣٥ دەنگ لە کۆی ١٨٥٠ دەنگ وەک نوێنەری خەڵکی شاری مەهاباد هەڵبژێردرا. بەڵام ئەرتەش بە فێڵ حەسەنی ئیمامیی لە سندوقەکان دەرهێنا و کردی بە نوێنەری خەڵکی مەهاباد لە مەجلیس. (کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نووسینی د. قاسملوو و عەبدوڵڵا حەسەنزادە: لاپەڕەکانی ١٨٠ و ١٨١)

٤- کۆچی مێژوویی خەڵکی مەریوان: لە ماوەی ڕۆژەکانی ٣٠ و ٣١ ی پوشپەڕ تا ١٣ی گەلاوێژ، خەڵک بۆ نارازەزایەتی دەربڕین بە کردەوە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم و هەروەها ئازار و ئەزیەت و جینایەتی بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی، بە کۆمەڵ شار بەجێدەهێڵن و بۆ ماوەی نزیک بە ٢ حەفتە، لە ئۆردوگای کانی میران کە لە ١٢ کیلۆمیتری شاری مەریوان هەڵکەوتووە، جێگیر دەبن.

٥- هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگان لە ڕۆژی ١٢ی گەلاوێژی ١٣٥٨ لە سەرانسەری وڵات دا بەڕێوەچوو. لە کوردستان خەڵک بەشداریان کرد و لە پارێزگای ورمێ سێ کەس لە لایەن کوردەکانەوە بەربژێر (کاندید) بوون کە دوکتۆر قاسملوو،

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە وەدەستهێنانی ١١٣٧٧٣ دەنگ بە ئەندامی ئەو مەجلیسە هەڵبژێردرا کە دواتر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕێی بەشداریی پێ نەدا. - یەکەم دەوری هەڵبژاردنی سەرکۆمار لە ڕۆژی ٥ی ڕێبەندانی ١٣٥٨ بەڕێوەچوو. کورد بێ ئەوەی کاندیدی کوردی هەبێت - چونکی بەپێی قانوونی ئەساسیی کۆماری ئیسلامیی ئێران کوردەکان نەیاندەتوانی بەربژێریان هەبێت - بەشداری لە هەڵبژاردنەکان دا کرد و حیزبی دێموکرات لە بەیاننامەیەک دا پشتیوانیی لە مەسعود ڕەجەوی کرد و بنی سەدر بە وەدەستهێنانی ١١ میلیۆن دەنگ بوو بە یەکەم سەرکۆماری ئێران. بۆ لاپەڕەی دواتر...

- ڕۆژی ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٥٨ یەکەمین خولی هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیسی ئێران دوای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران بەڕێوەچوو. خەڵکی کوردستان لە سەر داوای حیزبی دێموکرات بەشداریی لە هەڵبژاردن کرد و زۆربەی نزیک بە تەواوی ئەو بەربژێرانەی لە لایەن حیزبەکانەوە پشتیوانیان لێ کرابوو دەنگیان هێنایەوە کە دواتر بەشی زۆریان ڕێی چوونە مەجلیسیان لێ گیرا.

- ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ ڕێفراندۆمی دیاریکردنی نیزامی کۆماری ئیسلامی بەڕێوەچوو. لە کوردستان حیزبەکان و خەڵک بە گشتی بایکۆتی ئەو هەڵبژاردنەیان کرد.

(وەرگیراو لە کتێبی کورتە مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نووسینی دوکتۆر قاسملوو و عەبدوڵلا حەسەنزادە).

٦- ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ فەرمانی جیهاد بە دژی خەڵکی کوردستان لە لایەن ئایەتوڵلا خومەینی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە ڕاگەیاندراو و شەڕێکی سەرانسەری دژ بە خەڵکی کوردستان دەستی پێ کرد.

٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## سەرلێشێواوی و ئیدیعای پڕوپووچ




دوای کوژرانی ئیسماعیل هەنییە، ڕێبەری حەماس لە تاران، بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ئێران و بەتایبەت بڵاوکراوەکانی سەر بە سپای پاسداران کە تا ئێستایشی لەگەڵ بێت، ئەسڵ و واقعی ڕووداوەکەیان بەلاوە دیار نیە، کەوتنە هەوڵی بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک ئیدیعا و زانیاریی پڕ لە دژوازی. لەگەڵ ئەوەیکە هەر لە سەرەتاکانەوە دیاربوو کە ئەو شێوە دەستوەشاندنانە دەبێ کاری لایەنێکی وەک ئیسرائیل بێت و هێندێک لە کاربەدەستانی باڵای ڕێژیمیش قامکی تۆمەتیان بۆ لای ئیسرائیل ڕاداشت، بەڵام بڵاوبوونەوەی هێندێک زانیاریی دیکە لە سەر ڕوداوەکە تەنانەت ناوەندە ئەمنیەتی و میدیاکانی ڕێژیمیشی خستە دوودڵیەوە. بە شێوەیەک کە دوو ڕۆژ دوای ڕووداوەکە، لە میدیا ڕەسمییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە بڵاوکرایەوە کە "ئەوەی تا ئێستا لە "ڕەسانەی میللییەوە" هێندێک کەس قسەیان لەسەر ڕووداوی کوژرانی هەنییە کردوە، بۆچوونی تاکەکەسیی خۆیانە و تا ئێستا هیچ ناوەند و دەزگایەکی ڕەسمی لەسەر ئەو ڕووداوە زانیاریی بە میدیاکان نەداوە". چەند کاتژمێر دواتر لەم هەڵوێستەی میدیاکانی سەر بە دەسەڵات هەواڵەکان باسیان لە دەستبەسەرکردنی دەیان کەس لە پلەدارەکانی سپای پاسدارانی نزیک لە ڕووداوەکە لە لایەن وەزارەتی ئیتڵاعات و ئیتڵاعاتی سپاوە کرد. هەموو ئەمانە هاوکات بوو لەگەڵ هەڕەشەو گوڕەشەی بەرپرسانی بە قەولی خۆیان "لەشکەری و کشوەری" لە ئیسرائیل و تۆڵەکردنەوەی "سەخت.!!"

لەم نێوەدا ئەوەی لە هەمووان تا ڕادەیەک چاوەڕوان کراو و لەهەمان کاتدا بێبنەماتر بوو، ئیدیعای کۆمەڵێک پەیج و کاناڵی نافەرمیی سەر بە ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم بەتایبەت سپای پاسداران بوو کە دەیانەویست وا بنوێنن کە ڕووداوی کوژرانی ئیسماعیل سەنییە، پێوەندی بە بزووتنەوەی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە هەیە!!

ئەوەیکە ئامانجی پیلانگێڕانە و چەواشەکارانەی ئەم کاناڵ و پەیجانە چیە بۆ هەموو لایەک ڕوونە؛ کۆماری ئیسلامی و سپای پاسدارانی ڕێژیم وەک لە ڕابردووش دا بە تۆمەتی جۆراوجۆر هەوڵی چەواشەکردنی نێوەرۆکی بزووتنەوەی کوردستان و بیانووهێنانەوە بۆ پەلامار و هێرش بۆ سەر حیزبەکانیان داوە، بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ درۆ و ئیدیعای بێبنەمای ئەمجارەی ئەم پەیج و کاناڵانەی ڕێژیم لەسەر کوژرانی ئیسماعیل هەنییە و پێوەندییدانی ئەم ڕووداوە بە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و حیزبی دێموکرات پێویستە ئاماژە بە دوو خاڵ بکەین:

**یەکەم ئەوەیکە،** بۆ هەموو لایەک و بەتایبەت بۆ هەموو ئەوانەی شارەزا بە هەڵوێست و کرداری بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و ڕۆڵە خەباتکارەکانی کوردستانن ڕوونە کە، کوژرانی ئیسماعیل هەنییە لە تاران، دوور و نزیک هیچ پێوەندییەکی بە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە نیە. بە پێی خەسڵەتی خەباتکارانە و نێوەرۆکی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە ماوەی ٤٦ ساڵەی لەبەرەیەکراوەستانی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران، هەمیشە کورد و بزووتنەوە ڕەوا و مافخوازانەکەی خۆی لەم کار و کردەوانە پاراستووە و هەوڵی نەداوە لە مەیدانێکدا کە دوژمن هەوڵی دیاریکردنی دەدات یاری بکات. بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەر بەستێنێکی خەباتکارانەدا هەڵوێست و کردەوەی لە خۆی نیشان دابێ، بە بێشەرم خۆی لێ بەخاوەن کردوە.

**دووهەم خاڵ ئەوەیە کە،** ئەم جۆرە پڕوپاگانداو و ئیدیعایەنە لە سەر بزووتنەوەی سیاسیی خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکرات تەنیا بۆ چەواشەکردنی ویست و مافەکانی خەڵکی کوردستان و بیانووگرتن بۆ گرتنەپێشی سیاسەتی سەرکوتکارییە کە بەخۆشییەوە گەلانی دیکەی ئێران و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی وەک لە ڕەوتی بزووتنەوەی ژینادا سەلماندیان، نەتەنیا باوەڕ بەم درۆ و دەلەسانە ناکەن، بەڵکوو خۆیان بە پشتیوانی بزووتنەوەی مافخوازانەی کوردستان و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات دەزانن.

وەک هەموو لایەک لەبیریانە، لە سەرەتاکانی بزووتنەوەی ژینادا کە خەڵکی شوێنەکانی دیکەی ئێران بە پێچەوانەی چاوەڕوانیی کاربەدەستانی ڕێژیم، پشتیوانییان لە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان کرد و درووشمی ژن.ژیان.ئازادی و "کردستان کردستان چشم و چراغ ایران"یان بەرزکردەوە، ڕێژیم بە هێرش بۆ سەر کوردستان و پەلاماری مووشەکی بۆ سەر حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی دیکە، دەیهەویست سەرنجی بیروڕای گشتی خەڵکی ئێران بە کۆدی "تجزیه طلبی" بەلاڕێدا بەرێت.

کۆماری ئیسلامی ئێران بە هێرش بۆ سەر بنکە و بارەگای حیزبەکان بە جۆرێک دەیهەویست مەیدانێک بۆ دژکردەوەی ئەم حیزبانە دیاری بکات کە ئیدیعا بێبنەماکانی خۆی تێدا بسەلمێنێ. بەڵام بە خۆشییەوە بە هۆی ژیری و درایەتی بەرزی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکرات و تێگەیشتن لە پیلانەکانی ڕێژیم، تەواویەتی ئەم سیناریۆیانە پووچەڵ کرانەوە.

ئێستاش کۆماری ئیسلامی ئێران کە لانیکەم بە شێوەیەی فەرمی خۆی لەو باس و ئیدیعایانە نادات چونکی تێگەیشتووە کە ئەو پینە و پەڕۆیانە بە بزووتنەوەی کوردستان و بەتایبەت حیزبی دێموکراتەوە نانووسێ، لە ڕێگای هێندێک پەیج و کاناڵی لابەلاوە ئەم ناڕاستیانەیان دەخاتە پاڵ. بەڵام وێڕای ڕەتکردنەوە و مەحکوومکردنی سەرلەبەری ئەم ئیدیعا درۆینانە، بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکرات خۆیان بێ بەری لەم جۆرە هەڵوێست و کردەوانە دەزانن.

۱۵ی گەلاوێژی ۲۷۲٤



سەرچاوە
Serchawe

# کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



## (قۆناغەکانی بزووتنەوەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان)

دوای کۆتایی‌هاتنی شەڕی ئێران و عێراق و دواتر لە کزیدانی شەڕی چەکداریی حیزبە کوردییەکان و پەرەسەندنی حەشیمەتی شارەکان و چوونە سەرێی ئاستی خوێندەواریی لاوان و دەرکەوتنی کەسایەتییە فەرهەنگییەکان وەک نوسەران و شاعیران لە کۆتایی ساڵەکانی دەیە ٦٠ی هەتاوی و سەرەتای دەیەی ٧٠ بە دواوە، بە دامەزراندنی بنکە و ئەنجومەنە ئەدەبی و فەرهەنگییەکان و بەڕێوەچوونی چەندین چالاکیی ئەدەبی و بڵاوبوونەوەی نوسراوە و چاپەمەنی بە زمانی کوردی، چالاکییە مەدەنییەکان دەستیان پێ کرد. هەڵبەت چەند ساڵ پێشتر بە دامەزرانی گۆڤاری سروە(١)، "تاقمێک لە ئەندامانی بەشی ئەمنیەتیی سپای پاسداران (اداره اطلاعات سپاه)(٢) دوای دوورکەوتنەوەی هێزی پێشمەرگە لە شارەکان بە مەبەستی پاراستنی جەماوەر و بەرپاکردنی بنکە و مقەڕیان لە ئاواییەکان و شوێنە ئەستەمەکان، هاتبوونە سەر ئەو بڕوایە کە بۆ هێورکردنەوەی کوردستان "ئاورێکی بەخێر" لە زمان، فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی بدەنەوە، ناوەندێکی فەرهەنگی بۆ ئەم مەبەستە وەکار بخەن"، کۆمەڵێک کەسایەتی و چالاکی ئەم بوارە ڕچەشکێنییان کرد.

ڕووداوەکانی دەیەی حەفتا و هاتنە مەیدانی ڕیفۆرمخوازی لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا توانی دۆخەکە بە قازانجی کۆمەڵگە بگۆڕێ و سەرەتایەکی نوێ بێت بۆ جموجۆڵی مەدەنی لە ئێران و کوردستان. لەم قۆناغەدا سەرەڕای ئەوەیکە بە گشتی خەڵک بۆ بابەتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان مەیدانداری دەکرد، بەڵکوو هێندێک دامەزراوە پێک هاتن کە ڕەوتی سازبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی و لە ئاکامدا بزووتنەوەی مەدەنیان خێراتر و سەقامگیرتر کرد.

لەم پێوەندییەدا دوکتور خالید تەوەکوللی پێی وایە چەند ساڵی کۆتایی سەرۆککۆماریی هاشمیی ڕەفسەنجانی لە پەرەسەندنی جموجۆڵە مەدەنییەکاندا کارتێکەریی هەبووە و لەو باوەڕەدایە کە خوێندکاران لە زانکۆکان پێشەنگی بزووتنەوەی مەدەنی لە ئێران و کوردستانن. ئەو لەم بارەوە دەڵێ؛ "پێشەنگی جووڵانەوی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا خوێندکارەکان بوون. بە شێوەیەکی گشتی لە ئێراندا لە چەند ساڵی ئاخیری سەرۆککۆماری ڕەفسەنجانی، کەمێک فەزای سیاسی و فەرهەنگی گۆڕانی بەسەردا هات و ڕێگە درا بە بیروبۆچوونی جیاواز کە بتوانن کۆڕ و کۆبوونەوە و گۆڤار و ... ببێ. یەکێکی‌تر لە گۆڕانکارییەکان ئەوە بوو تا ڕادەیەکی زۆر "گزینش" لە سەر خوێندکارانی زانکۆ هەڵگیرا و بەمجۆرە ڕێگە درا بە کەسانێک کە وابەستە نەبوون بە حکومەت بتوانن لە زانکۆکان درێژە بە دەرس خوێندن بدەن. ئەم شەپۆلە کوردستانیشی گرتەوە و زۆر کەس کە زووتر ڕێگەیان پێ نەدەدرا بچن بۆ زانکۆ، دەرگای زانکۆکان بۆیان کەوتە سەر پشت و ڕێژەی خوێندکارانی کورد بە شێوەیەکی بەرچاو، زۆر بوو.... هاوکات لەگەڵ ئەم بەرنامە، زۆربوونی ژمارەی خوێندکارەکان و هاتنە سەرکاری دەوڵەتی خاتەمی و ڕیفۆرمخواز لە ئێران، بەستێنێکی باشی ڕەخساند بۆ ئەوەی خوێندکارە کوردەکان خۆیان ڕێکبخەن و بە بۆنەی جۆراوجۆر بەرنامەیان هەبێ. هەڵبژاردنی شوراکان و مەجلیسی شەشەمی ئێران، خوێندکارەکانی هێنایە ناو خەڵک و ئیتر چالاکییەکانیان لە چوارچێوەی زانکۆکاندا نەما و لەگەڵ بەشێک لە چالاکانی دەرەوەی زانکۆ پەیوەندییان بەرقەرار کرد."

بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستان بە هاتنە سەرکاری سەید محەممەد خاتەمی و ڕیفۆرمخوازان لە ٢ی جۆزەردانی ١٣٧٦ی هەتاوی، گوڕوتینێکی دیکەی بەبەردا هات. "سەردەمی بەناو ئیسلاحات بۆ زۆرێک لە هێزە لاو و بە تواناکانی کورد فەزایەکی - هەرچەند بەرتەسکی پێک هێنا و مەیدان و بەستێنی نوێ و تاقینەکراوەی بە ڕووی کورددا کردەوە". لە گەڵ ئەوەیکە بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستان هیچکات هاوئاهەنگ و هاوگوتاری ڕیفۆرمخوازیی لە ئێران نەبووە و ماهییەتێکی دیکەی کوردستانیی هەبووە، بەڵام حاشا لە کاریگەریی ئەم ڕەوتە سیاسییە لە سەر گەشە و پەرەسەندنی بزووتنەوەی مەدەنی و کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئێران و کوردستان ناکرێ.

لە دەورانی خاتەمیدا خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی ئێران نزیک بە حەفتا گۆڤاریان(٣) چاپ و بڵاو دەکردەوە،

ژینگەپارێزی لەم سەردەمەدا یاسایی کران و بە دەیان ڕێکخراو و ئەنجوومەن لە کوردستان دامەزران. بەڵام بە هاتنە سەرکاری مەحموودی ئەحمەدینژاد بەشی هەرە زۆریان لەنێو چوون.

لە کوردستان هەڵبژاردنەکان ببوونە مەیدانی بڵاوکردنەوە و هێنانە بەرباسی داواکاری و بابەتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان. هەموو ئەوانە توانی ڕوحێکی گشتی پێک بێنێ کە لە قۆناغی دواییدا یانی لە نەوەدەکان بەولاوە بە یارمەتیی فەزای مەجازی و هێندێک بنکەی نوێی فێرکردنی زمانی کوردی و ژینگەپارێزی، بناغەی کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردی دابڕێژێ و لە ئاکامدا ئەم کۆمەڵگەیە مەیدانداریی بزووتنەوەیەکی مەدەنی بکات کە گرینگترین چەمکی بەرباسی ئەم بزووتنەوەیە ویستی نەتەوایەتی و پرس و بابەتەکانی پێوەندیدار بەوەوەیە، بە شێوەیەک کە هەر ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی دەیتوانی ببێتە هۆی سازبوونی بزووتنەوەیەکی سەرانسەریی کوردی.

بێهزاد خۆشحاڵی کە لە سەردەمی ئیسڵاحاتدا خوێندکار بووە وەک یەکێک لە چالاکانی خوێندکاریی کورد لەو قۆناغەدا ناوی دێت، بەم شێوەیە باس لە ئەزموونەکانی خۆی دەکات؛ "لە ١٣٧٦ی هەتاویی بەم لاوە لە ئێراندا کرانەوەیەکی باش هاتە ئاراوە، دەوڵەتی ئیسڵاحات کاریگەرییەکی زۆری دانا؛ پرسی دێموکراسی و پرسی کۆمەڵگەی مەدەنی هاتنە بەر باس. من ئەوکاتە دەورەی دووهەمی دانیشجوویی خۆم بوو، لەبیرمە کە ڕۆژانە هەژدە ڕۆژنامەمان هەبوو، ڕۆژنامەگەلێک کە وتاری زۆر باش و دەوڵەمەندی تێدا چاپ و بڵاو دەکرایەوە. زۆربەی هەرە زۆری کتێبەکانی خۆم لە سەردەمی ئیسڵاحات و سەردەمی خاتەمیدا ئیزنی چاپ و بڵاوبوونەوەیان پێدرا کە دواتر لە سەردەمی ئەحمەدینژاددا ئەو کتێبانە و زۆر کتێبی دیکەش لە کتێبخانەکانی کوردستان هەڵگیران و بێسەروشوێن کران. دەتوانم بڵێم ئەو سەردەمانە سەردەمانێکی زێڕین بوون، ئەوە هەلێک بوو کە کۆمەڵگە توانی کەڵکی لێ وەربگرێ و قەڵەمبازێک بدا.

بە گشتی بزووتنەوەی فەرهەنگی (مەدەنی)ی لە دەیەی دووهەمی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا لە زۆر بارەوە گەشەکردن و پێشکەوتنی بە خۆیەوە دیت. لە باری جوغرافیاییەوە بەرینتر بۆوە و سەرانسەری کوردستانی داگرت. لە باری تەرکیبی ئەو توێژانەش کە لە جموجۆڵی فەرهەنگیدا بەشدار بوون، لەو دەیەیەدا بزووتنەوە ئاڵوگۆڕی بەسەرداهات. ڕووناکبیران بە شێوەیەکی بەربڵاوتر لە ڕابردوو هاتنە نێو بزووتنەوەکە. خوێندکاران بوون بە بەشێکی سەرەکی لە تێکۆشەرانی ئەو بزووتنەوەیە و، کچان و ژنان کە پێشتر دەورێکی ئەوتۆیان لە جموجۆڵەکاندا نەبوو، لەم دەیەدا بە شێوەیەکی هومێدبەخش درەوشانەوە. ژمارەی بڵاوکراوە کوردییەکان لەو دەیەیەدا (بەتایبەت نێوەی دووهەم) زیادی کرد. کۆڕ و کۆبوونەوە و فستیڤاڵە ئەدەبی و هونەرییە جۆراوجۆرەکان هەم ژمارەیان زیادی کرد و هەم نێوەرۆکیان چووەسەر.

هاوکات لە گەڵ هۆکارە عەینی و دیارەکان لە سەر گەشە و پەرەسەندنی بزووتنەوە و کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان، کۆمەڵێک هۆکاری دیکەی نادیار هەن کە سەرەڕای کەمتر گرینگیپێدان و شیکردنەوەیان، زۆر شوێندانەر و کاریگەرن کە

بـریتین لە؛ خەسـڵەت و تایبەتمەنـدیی مـاددیی چالاکـانی بـزووتنەوەی مەدەنـی و پـێگەی ئەم شـێوازە لە خەبـات لە بزووتنەوەی گەورە نەتەوەییەکەدا. هـاتنە ئـارای چینـی مامناوەنـدی و پەرەسـەندنی لە هێنـدێک قۆنـاغی ڕوو لە گەشـەی سیاسی و ئـابووری و هەروەهـا بەرزبـوونەوەی ئـاستی هوشیاری و شعووری نەتەوایەتـی و گۆڕانکـاری لە کۆمەڵێـک ڕەفتـاری کۆمەڵایەتی و گۆڕانی بەها و ئەرزشە کۆنەکان و جێگرتنەوەیان بە کۆمەڵێک بەهـا و ئەرزشی دیکەی ڕەفتـاری و نەتەوەیـی لە کۆنتێکستێکی تایبەتدا، لەو هۆکارە نووستووانەن کە کـاریگەریی خۆیـان لە سەر کۆی ڕەفتـاری کـۆمەڵگەی کوردەواری بە کۆمەڵگەی مەدەنییشەوە داناوە.

هۆکارە نوستووەکان لە کۆمەڵگەدا هەن بەڵام بە هەر هۆیەک بێ، چالاک نین، هەنـدێک هۆکـاری لاوەکـی دیکە ئەم هۆکـارە نوسـتووانە وەخەبەر دێنن. لەم پێوەنـدییەدا مەحمـوودزادە لە وتـوێژێکی تـایبەتدا بـۆ ئەم نـامەیە دەڵـێ "لە کۆمەڵناسیدا هەنـدێک هۆکـار هەن پێیـان دەڵـێن "هۆکـاری نوسـتوو". لە بنەڕەتـدا هەتـا فۆرماسـیۆنی کـۆمەڵگە لە قۆنـاغێکی وەک فیئۆدالیزمەوە بـۆ قۆنـاغی بـورژوازی نەپەڕێتەوە و هەتـا شـاری مۆدێرن و چینـی مامناوەنـدی بـیچم نەگرێ، بـزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەرەتـانی سەرهەڵدانیان نـابێ. بەڵام گرینگ ئەوەیە هەنـدێک جار ئەم هۆکـارە گرینگە شارستانییانەش دەوری هۆکاری نوستوو دەبینن.

ئەو هۆکارەی لە کوردستاندا وای کردوە ئەم هۆکارە نوستووانە وەئاگا بێنەوە، بزووتنەوەی نەتەوایەتییە. کورد لە دەلاقەی بـزووتنەوەی نەتەوایەتـیەوە دیـداری لەگەڵ زۆرێـک لە دەرکەوتەکـانی مـۆدێرنیتەوە کـردوە. بـزووتنەوەی نەتەوایەتـی، بزووتنەوەکانی دیکەی لە کوردستاندا کادربەندی و جومگەبەندی کردوە. واتە هەتا مـاوەیەکی زۆر بـزووتنەوەی نەتەوایەتـی مۆرکی مەنتیقـی خـۆی لەسەر بزووتنەوەکـانی دیکە داوە. بە دەربڕینێکـی ڕوونتـر بزووتنەوەکـانی دیکە بـۆ ئەوەی بـوون و مـانەوەی خۆیـان لە کـۆمەڵگەی کوردسـتاندا مسـۆگەر بـکەن، پێویسـتە چـۆنیەتیی پێوەنـدیی خۆیـان لەگەڵ بـزووتنەوەی نەتەوایەتی پێناسە بکەن. هەتـا ئێسـتاش زۆر کەس لەو کەسایەتییانەی وا لە بـواری زمـان و ئەدەب و فەرهەنگی کوردیدا چـالاکن، لە ئەسـتی گشـتیی خەڵکـی کـورددا وەک کەسـانێک پێناسـە دەکرێن کە "کوردایەتـی" دەکەن. کەوابـوو بـزووتنەوەی سیاسیی نەتەوایەتی وەک بەستێنێکی گشتیتر بـۆ بزووتنەوەکـانی دیکە کـاری کردووە، بەڵام لە شیکارییەکی وردا هۆکـاری بناغەیی تریش بۆ ئەو بزووتنەوانە لەگۆڕێدا هەبوون."

گەورەبوونەوەی شارەکانی کوردستان و چوونەسەری ئاستی خوێندەواری و هوشیاریی کۆمەڵایەتی و سیاسی و پەرەسەندنی چینـی مامناوەنـدی لە کوردستان (٤) و دۆخـی بـزووتنەوەی سیاسیی کـورد لە ڕۆژهەڵاتـی کوردستان، بـزووتنەوەی مەدەنـی و کۆمەڵگەی مەدەنی خستۆتە قۆناغێکی تایبەت و چارەنووسسازەوە.

**پەراوێزەکان:**

١ (دوای دامەزراندنی "ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی" بە سەرپەرەستی و چاودێریی مامۆستا هێمن لە ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی گۆڤاری سروە لە لایەن ئەم ناوەندەوە چاپ و بڵاو کرایەوە.

٢- ئەحمەدی قازی: لاوێکی فارسی شاری ڕامسەری مازەندەران بە ناوی ئەسفەندیار ڕەحیم مەشایی سەرپەرەستی ئەم تاقمەی دەکرد.

٣- لە گۆڤارە بەناوبانگە کوردی و فارسییەکان کە لە لایەن خوێندکارانی کوردەوە چاپ و بڵاو دەکرانەوە دەکرێ ئاماژە بەم ناوانە بکەین: تاڤگە، ڕاڤە، ئاشتی، هەوراز، پووشپەڕ، پێشڕەو، تریفە، ڕاڤە، ڕوانگە، زانست، زرێبار، ژوان، ژیوار، سۆما، طلوع، فرهنگ همدان و ندای دانشجو.

٤- لێرەدا مەبەست لایەنی ئابووریی مەسەلەکە نییە چونکی زۆربەی خەڵکی کوردستان لە ڕووی ئابوورییەوە کەم داهات و دەستکورتن و لە چینی مامناوەندیدا جێ ناگرن، بەڵام لە ڕووی ڕەفتار و هەڵسوکەوت و بیرکردنەوە و بەها کۆمەڵایەتییەکانەوە، پێرەوی لە چینی مامناوەندی دەکەن و بە خۆدوورخستنەوە بەرانبەر بە پرسەکانی کۆمەڵگە، ڕۆژانە بەرانبەر بە پرس و ڕووداوەکان کاردانەوە نیشان دەدەن و خاوەندراریێتی دەکەن.

٢٠ی گەلاوێژی ٢٧٢٤

## پزیشکیان ڕاست دەکات، کوردستان فریوی نەخوارد




گوایا لە مشتومڕی نوێنەری کۆماری ئیسلامی لە بۆکان و پزشکیان لە مەجلیسدا، پزشکیان لە وڵامی ئەو پرسیارەدا کە بۆچی لە پێکهاتەی کابینەی دەوڵەتی پزیشکیاندا پشکی "ئەهلی سووننەت" و "ئەقوام" لەبەرچاو نەگیراوە و بۆ نموونە "کوردێک" وەک وەزیر دەستنیشان نەکراوە، سەرۆککۆماری تازە دەستنیشانکراوی ئێران، مەسعوود پزیشکیان گوتوویەتی؛ "خۆ کوردستان دەنگی نەداوە."

یەکەم ئەوەی کە ئەوانەی بە هیوای دیاریکردنی کوردێک یان هەرکەسێک لە پێکهاتەیەکی دیکەی نەتەوەیی لە کابینەی وەزیرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، بەشداری لە پرسێکی وەک بەناو هەڵبژاردنەکانی ڕێژیمدا دەکەن و چالاکی دەنوێنن - ئەگەر چاوپۆشی لە تەماحی شەخسیی خۆی بۆ وەدەستهێنانی پۆستێک و پلە و پایەیەک بکەین - دەکرێ بڵێین نە لە مەسەلەی کورد و داخوازییەکانی تێگەیشتوون و نە ماهییەتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان ناسیوە. چونکی نە خەڵکی کوردستان پێیان وایە پرسی سیاسی و نەتەوایەتیی ئەوان بە دیاریکردنی وەزیر و چەند وەزیرێک چارەسەر دەبێ و نە کۆماری ئیسلامی ئێران ئەقڵییەتی ئاوڕدانەوە لە پرسی کوردی بەو ڕێگارە یاساییانە هەیە کە بیهەوێ بیر لە چارەسەری بکاتەوە.



سەرچاوە Serchawe

بەڵام بۆ قسەکردن لە سەر وڵامەکەی پزیشکیان لەسەر ئەوەیکە "کوردستان دەنگی نەداوە"، دەبێ بڵێین؛ ئەلحەق پزیشکیان زۆر باش پەیامی خەڵکی کوردستانی وەرگرتوە و زۆر بە ڕوونیش ئێعترافی بەوە کردوە کە کوردستان لە شانۆی هەڵبژاردنەکاندا بەشداریی نەکردوە. ئەگەر واز لەوە بێنین کە پزیشیکیان لە ڕوانگەی "بەشخوازی"یەوە لە پرسی چنین و دیاریکردنی پێکهاتەی کابینەکەی دەڕوانێ و و پاساو بۆ بێدەسەڵاتی خۆی دەهێنێتەوە، دەکرێ ئەم دانپێدانانەی ناوبراو لەسەر "دەنگنەدانی کوردستان" قسەی لەسەر بکرێ و ڕوانگەی دەسەڵات سەبارەت بە پرسی کورد، شەن و کەو بکرێت. دەنا بەتاڵبوونی کابینەی پێشنیاریی پزیشیکیان لە "ئەقوام" و "ئەهلی سوننەت" هیچ پێوەندییەکی بە هەڵوێستی کوردستانەوە نیە. ئەگەر کوردستان بەشداریی لە هەڵبژاردنەکاندا نەکرد، خۆ بەرەی توندڕەوی ڕێژیم جیا لە بەشدارییان، ئەو پەڕی دژایەتییان بۆ هێنانی پزیشکیان هەبوو، ئەی چۆنە نیوەی زیاتری پێکهاتەی کابینەکە لەوان و نزیک لەوانن؟!

کەوابوو مەسەلەکە هەم بۆ پزیشکیان و هەم بۆ هەموو لایەک ڕوونە کە ڕوانینی دەسەڵاتی ناوەندگەرای ئێران دژایەتی لەگەڵ پرسی کورد و ئەو پەیامە ڕوون و پڕێوەرۆکەیە کە خەڵکی کوردستان بە نەچوونە سەر سندوقەکانی بەناو هەڵبژاردنەکان بە پزیشکیان و کۆی نیزامی سیاسیی لە ئێرانیان دا. چوار مانگ پێش لە هێنانی پزیشکیان، خەڵکی کوردستان و زۆر شار و ناوچەی دیکەی ئێران بە نەچوونەسەر سندووقەکانی هەڵبژرادنەکانی پەرلمان، پەیامی خۆیان گەیاندبوو. بەڵام کوردستان لە نێوان ئەم دوو هەڵبژاردنەدا و لە ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی نەورۆزدا و لە درێژەی ڕەوتی بزووتنەوەی ژینادا – کە پزیشکیان و ڕێژیمەکەی بۆیان لەبیر ناکرێ – پەیامێکی بەهێزتریان بە کۆماری ئیسلامی ئێران دا. کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دوای دوو ساڵ سەرکوت و هەڵگرتنی تێچووی قورسی گیانی، بەگوڕتر لە جاران بە کۆماری ئیسلامییان وتەوە کە لە بوونت تێپەڕیوین و بەشداریی لە هیچ شانۆیەکی درۆینتدا ناکەین.

پزیشکیان ڕاست دەکات؛ خەڵکی کوردستان دەنگی بە هێنانی ئەو و هیچ کەسێکی دیکە نەدا، چونکی کوردستانی هوشیار و ئاگا فریوی وادە و بەڵێنە درۆیینەکانی ئەو و سناریۆکانی ڕێژیمەکەیان نەخوارد. پزیشکیان زۆری هەوڵ دا لە سەردانەکانیدا بۆ کرماشان، سنە، ورمێ و مهاباد و بە بەکارهێنانی هێندێک "تەرفەند"ی وەک "خۆ لە کورد بە نزیک زانین" و "کوردی قسەکردن" و "لەدایکبوون لە شاری مهاباد" سەرنجی کوردستان بۆ لای خۆی و سندوقەکانی هەڵبژاردن ڕابکێشێ؛ بەڵام وەک خۆی دانی پێ دانا "کوردستان دەنگی نەدا."

کوردستان دەنگی نەدا، بەڵام کوردستان پەیامێکی بەهێزی هەبوو. ئەو پەیامەی کە پزیشکیان و ڕێژیمەکەی لێی تۆقیون. پەیامێک کە ٤٦ ساڵە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان ئاڵاهەڵگریەتی و لە بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادییشدا دەرکەوت کە زۆرینەی خەڵکی ئێران ئێستا پێڕەوی لەو پەیامە دەکەن. پەیامی گەیشتن بە ئازادی، بنیاتنانەوەی دەسەڵاتێکی دێموکراتیک و پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی گەلانی ئێران کە هیچیان نە تەنیا لە چوارچێوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا

نایەنە دی، بەڵکوو تەواو لە دژایەتیی ماهییەت و نێوەرۆکی ئەم نیزامەدان. پەیامەکە کە ئێستا ماهییەتێکی جەماوەری و گشتیی لە ئاستی ئێراندا پەیدا کردوە، تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی ئێران لە تەواویەتیی خۆیدایە.

۲۹ی گەلاوێژی ۲۷۲٤



سەرچاوە
Serchawe

# ماهییەت و دیسکۆرسی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵات



## کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

هەروەک لە قۆناغبەندییەکانی مێژوو و ڕابردووی بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستاندا ئاماژەی پێ کرا، ڕەوتی ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێران لە چەند وێستگەی جیا و جیاوازدا هەر لە شۆڕشی مەشرووتەوە بگرە تا بزووتنەوەی ڕێفۆرمخوازی، کاریگەرییان لەسەر گەشە و پووکانەوەی ئەم بزووتنەوەیە داناوە. لە لایەکی دیکەشەوە بزووتنەوەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەشێک لە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان دێتە ئەژمار کە ئەویش لە چاخی سەردەمدا دوای هاتنە ئارای حیزب و سازمانەکان وەک دیاردەیەکی مودێرن، بە بەشێک لە کۆمەڵگەی مەدەنی دێتە ئەژمارە. لێرەدا پرسیار لەسەر ماهییەتی بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستان دێتە ئاراوە کە هەڵگری چ پەیام و گوتارێکە.

لەم پێوەندییەدا ڕاوبۆچوونی جیاواز لەسەر جێگە و پێگەی بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستان و هەروەها ماهییەت و دیسکۆرسی ئەم بزووتنەوە هەیە.



سەرچاوە Serchawe

بە پێی هێندێک پێوەری وەک شێواز و نێوەڕۆکی ئەو جموجۆڵانەی کە لە چوارچێوەی بزووتنەوەکەدا جێ دەگرن و، هەروەها بە پێی ڕەفتاری چالاکانی بوارە جیاوازەکانی ئەم بەستێنە لە بۆنە و کاتی تایبەتدا، ڕەگێک لە نەتەوەخوازی بە کۆی سەرجەم بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستانەوە دەبینیدرێ. "لە سەرەتاکاندا کۆمەڵگەی مەدەنیی کورد بە کەڵکەڵەی نەتەوەییەوە لەدایک بوو، دواتر ئەو کۆمەڵگەیە و بزووتنەوەکە هاوتەریب لە گەڵ بزووتنەوە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران و کوردستان لە مەیداندا بوو، نەتەوەخوازی بوو بە بنەمای هەرجۆرە جموجۆڵێکی. بە چەشنێک کە بزووتنەوەی مەدەنی لە قەوارەی بزووتنەوەی نەتەوەییدا خۆی پێناسە کرد و کەڵان گوتاری سیاسیی کورد و هێما و واتاکانی بوونە سەرچاوەی گەشەی کۆمەڵگەی مەدەنی.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهاتەیەکی جۆراوجۆری سیاسی، مەزهەبی و فکرییە و، ئەنجومەن و ڕێکخراو و ناوەندەکانی تایبەت بە کۆمەڵگەی مەدەنیش هەڵقوڵاوی ئەم کۆمەڵگەیەن، بۆیە هیچ سەیر نییە دابەشبوونێک لە ئارا دابێ. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بزووتنەوەی مەدەنی یەکدەست و خاوەنی پەیامێکی یەکانگیر نییە. بە پێی جوغرافیا و نفووزی بزووتنەوەی سیاسی-نەتەوەیی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە جیاوازە. د. ئازاد محەممەدیانی لەم بارەوە دەڵێ: "لە سەردەمێکدا بە تایبەت لە سەردەمی کۆماری کوردستان و دواتریش تا ساڵەکانی دوای شۆڕشی ٥٧ ئەم بزووتنەوەیە لە موکریان و تا ڕادەیەکی زۆر لە ناوچەی ئەردەڵان، شوناسخوازانە بوو، بەڵام بە هۆی گۆڕانکارییەکان و پێشکەوتنی ڕەوتی کۆمەڵایەتی، ئەو بەشە لە کوردستان لەسەر ئەساسی کوردایەتی و دواتر بە سەر قۆناغی مافخوازیدا تێدەپەڕێ کە من ناوی دەنێم قۆناغی "داواکاریی تەوەر". بەڵام لە خوارووی کوردستان (ئیلام و کرماشان) درەنگتر باسی شوناس دێتە ئاراوە و هاوکات لەگەڵ گەشەی کۆمەڵگەی مەدەنی "کوردایەتی" دەبێتە واتا سەرەکییەکەی ئەو کۆمەڵگەیە کە ئیدی هەموو بەشەکانی کوردستان بە بۆنەی میدیا و فەزای سایبێرییەوە لە پێوەندیەکی ئۆرگانیک دان."

بۆچوونی زاڵ لە سەر ماهییەت و گوتاری کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەیە کە " بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستان هەڵگری پەیام و دیسکۆرسی تایبەت بەخۆیەتی و دەیەوێ هەم پارێزگاری لە نەتەوەی کورد و هێماکانی و هەمیش لە نیشتمان و بەهاکانی بکات... ئەمەش وای کردوە کە چالاکیی مەدەنیانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ببێتە بەشێک لەو خەبات و بەرگرییەی کە ساڵانێکە کورد پێوەی ماندووە و تێچووی بۆ دەدات."

لەم پێوەندییەدا ناسر باباخانی بە وردکردنەوەی وردە بزووتنەوەکانی نێو چوارچێوەی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێی وایە؛ "نێوەڕۆکێکی ناسنامەخوازانە یان شوناسخوازانەیان هەیە و بە دووی شوناسەوەن و هەموو هەوڵەکەیان ئەوەیە کە، کەرامەتێک بۆ تاکی کورد بگەڕێننەوە". ئەو گوتاری شوناسخوازیی بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستان لە ژێر کارتێکەریی ویست و داخوازیی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و حیزبەکاندا لێک دەداتەوە و لەو باوەڕەدایە کە "ئەگەر

کوردستان ئەحزابی سیاسی نەبوایە ئەو چەمکی شوناسخوازییە وەک نەتەوەکانی دیکە لە ئێران کالْتر و کەمڕەنگتر دەبوو، بۆیە بوونی حیزبەکان و جۆری پەیوەندییان لەگەلْ خەلْک لە نێوخۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان و تەنانەت ئەو پەیوەندییە ناڕاستەوخۆیەی کە دەکرێ بلْێین تەنیا و تەنیا چەمکی شوناس و ناسنامەیە لەیەکیان گرێ دەدا، بووەتە هۆکاری ئەوەیکە بەتەواوی ماهییەتی ئەم جموجۆلانە ماهییەتێکی شوناسخوازانەی هەبێ. هەر ئەو هۆکارەیە کە ئەم وردە بزووتنەوانە لە شوێنەکانی دیکەی ئێران بە تەواوی جیاواز دەکا". ئەم جیاکردنەوەیە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە ماهییەتی بزووتنەکەوە هەیە. لە گەلْ ئەوەیکە هەولْ دراوە لە ڕەوت و فەزا و گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ئێران بە قازانجی خۆی کەلْک وەربگرێ و هێندێک جاریش ئەم گۆڕانکارییانە کاریگەریی نەرێنییان لەسەر داناوە، بەلام بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستان پاشکۆی گۆڕانکارییە سەرانسەرییەکان نەبووە و ماهیەتێکی سەربەخۆی کوردی وەرگرتووە کە تایبەتە بە کۆمەلْگەی کوردستان.

لەگەلْ ئەوەی حاشا لە شوناسخوازبوونی ماهییەت و گوتاری بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستان ناکرێ، ئەم بزووتنەوە بە تەبەعییەت لە پێکهاتەی کۆمەلْگەی کوردستان و ئەو ژینگەیەی تێیدا گەشەی کردوە، هەلْگری کۆمەلێک پەیام و تێمی دیکەشە کە بە شۆڕبوونەوە بۆ نێو وردە بزووتنەوەکان بە ئاشکرا دیار و بەرچاون. "جەوهەری زۆربەی ئەم بزاڤانە سیاسین، هەر تاوناتاوێک کە چالاکانی مەدەنی لە لایەن ناوەندە ئەمنییەتییەکانەوە دەستبەسەر دەکرێن، یان ناچار بە بەجێهێشتنی ولات دەبن، دەستبەجێ دەردەکەوێ کە سەر بەکام ڕەوتی فکری و سیاسی بووە. گوتاری بەشێکی زۆریان سیاسییە و زیاتر لە چوارچێوەی حیزبە سیاسییەکاندا دەخولێنەوە. هەندێکیان چەپن و لە ئەنجومەنی شاخەوانی و ژینگەپارێزیدا خەرێکی کارن، دینییەکان ئەنجومەنی خۆیان هەیە و زیاتر خەریکی تێکۆشانی خێرخوازی و یارمەتیی بنەمالْە هەژارەکان دەدەن و ئەوانەش کە ناسیۆنالیستن لە ناوەندەکانی فێرکاریی زمانی کوردی و ئەنجومەنە ئەدەبییەکان و ژینگەپارێزیدا چالاکن. لە بزووتنەوەی خوێندکاریدا چالاکانی خوێندکاریی نوێنەرایەتیی حیزبەکانیان دەکرد و لە زانکۆکاندا بالادەست بوون و جوولانەوەی مامۆستایان تا ڕادەیەک سەربەخۆترن، هەرچەند زۆربەیان سیاسین.

بۆیە لانیکەم لە ڕابردوودا و بە تایبەت لە سەردەمێکدا لە بزووتنەوەی خوێندکاریی کورد و خوێندکارانی کورد لە زانکۆکانی ئێراندا چالاک ببوون، لایەنە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوەی مەدەنی گوتارێکی هاوبەشی نەبووە و زۆر جار ئەم چالاکییانە پێوەندییان پێکەوە نەبووە. "چالاکیی خوێندکاری لە دەیەی ٧٠ی هەتاوی تێکەلْ بە ئیسلاحات لە ئێران بوو و دواتریش وەک گوتاری ناسیۆنالیستی و نەتەوەخوازیی کورد و هەروەها گوتاری سۆسیالیزم و یەکسانیخوازیی چەپیش وەک دەرفەتێک بۆ کاری سیاسی کەلْکیان لێ وەردەگرت، زۆربەی چالاکانی خێرخوازی لە چوارچێوەی بنکە خێرخوازییەکان، هەولی پەرەسەندنی ئایدۆلۆژی تایبەتیی ئایینی و ئیسلامی سیاسی و سوننیگەرییان دەدا."

خالید تەوەکوللی لەگەلْ ئەوەیکە تەئیدی ئەوە دەکات کە سەرجەم ئەو جموجۆلە مەدەنییانەی لە کوردستان لە ئارادا بوون

- جیا لە جموجۆڵی تایبەت بە پرسی ژنان(١)- ئیدیعای کوردایەتی و شوناسخوازییان هەبووە، بە باسکردن لە دوو هۆکاری سەرکوتی دەزگا ئەمنیەتییەکان و "دەستێوەردان"ی حیزبە کوردییەکان لەو باوەڕە دایە کە "گەرچی بە ڕواڵەت ئەم جموجۆڵانە ئارمانی هاوبەشیان هەیە، بەڵام جیاوازیی زۆریان هەیە و هاوئاهەنگییەکی ئەوتۆیان پێکەوە نەبووە. بەشێکی لەبەر ئەوە بووە کە دەزگا ئەمنییەکان ناهێڵن ئەو هاوئاهەنگییە درووست ببێ، بەشێکی‌تر دەگەڕێتەوە بۆ دەستێوەردانی حیزبە کوردییەکان لە ئەنجومەن و ڕێکخراوە مەدەنییەکان. ئەم دەستێوەدانە لەنێو خوێندکارەکاندا گەیشتە نەهایەت و کۆتایی خۆی. ئەم دەستێوەردانە لە نێوەرۆکی ئەو گۆڤارانەی کە بڵاویان دەکردەوە بە جوانی دیارە و ڕەنگی داوەتەوە."

حاشا لەوە ناکرێ کە بزووتنەوە گەورە جەماوەرییەکە کاریگەریی گوتاری و ڕەفتاریی خۆی لەسەر زۆربەی وردە بزووتنەوەکان داناوە و حیزبەکانیش کە نوێنەرایەتی ئەم بزووتنەوەیە دەکەن - نەک بە مانای دەستێوەردان و زیادکردنی هەزینەی ئەمنییەتی - بە مافی خۆیانیان زانیوە کە بە مەبەستی پشتیوانی لێکردنیان و پێشگری لە کەوتنە داوی ڕەوت و لایەنگەلی دیکەی سیاسیی دەرەوەی کوردستان ڕێنمایی بکەن.

لەم پێوەندییەدا ڕەهبەر مەحموودزادە پێی وایە "یەکێک لە بزووتنەوەکان کە خاوەنی پاشخانێکی دەوڵەمەند و هێزێکی بەرینی جەماوەرییە، وەک چەترێک بزووتنەوەکانی دیکە لە خۆ دەگرێ. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە بزووتنەوە سەرەکیترەکە خودموختاری بزووتنەوەکانی دیکە بسڕێتەوە. بزووتنەوە سەرەکییەکە دەبێ خاڵێکی سەرەکی ڕەچاو بکا، بزووتنەوەکانی دیکەش دەبێ خاڵێکی تریان لەبەرچاو بێ؛ ئەویش ئەوەیە کە گەشەی کۆمەڵگە بەستراوەتەوە بە خودموختاری ڕێژەیی بوارەکان. بزووتنەوە بەهێزەکە نابێ لەسەر ئەو ستراتیژییە ساغ بێتەوە خودموختاری ئەو بوارانە بسڕێتەوە. خودی پرۆسەی سێکۆلاربوونی کۆمەڵگە یەکەمجار کاتێ ڕووی دا کە دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی وەک دەوڵەت و زانست و... لە ژێر دەسەڵاتی ئایین هاتنە دەر و ئۆتۆنۆمیی خۆیان مسۆگەر کرد."

بزووتنەوە مەدەنییەکان دیسکۆرسێکی هاوبەش و وەک یەکیان نییە. بەپێی بەردەنگەکان دیسکۆرس و گوتارەکان دەگۆڕدرێن، لەگەڵ ئەوەیکە ناتوانین بڵێین کە دیسکۆرسی بزووتنەوەی مەدەنی ڕووی لە نێوخۆی کۆمەڵگەی کوردستان نییە، بەڵام بەپێی بارودۆخی ئێستای سیاسیی کوردستان، بەردەنگی ئەسڵیی بزووتنەوە دەسەڵاتی زاڵ لە تارانە. لەم پێوەندییەدا ڕەهبەر مەحموودزادە لەو باوەڕەدایە کە "پەیامی هاوبەشی هەموو دیسکۆرسەکان "فرەچەشنی لە هەناوی یەکێتی‌دا و یەکێتی لە هەناوی فرەچەشنی"دایە. ئەو پەیامە هاوبەشە لە کاتێکدایە کۆمەڵگەی کوردستان ڕووی لە خۆی دایە نەک لە دەرەوە. کاتێک کۆمەڵگەی کوردستان ڕووی لە دەرەوە و ڕووی لە دەسەڵاتی زاڵە، پەیامە هاوبەشەکە دەکرێ بە شێوەیەکی دیکە تەعبیر بکرێ؛ ئەوەدەم دەتوانین بڵێین پەیامی هاوبەشی دیسکۆرسە جیاوازەکان بریتییە لە "موقاوەمەت یان خۆڕاگری". ئەو پەیامە چڕکراوانە دوو پەیامی جیاواز نین، بەڵکوو دوو تەعبیری جیاواز لە نێوەرۆکێکی واحیدن. کۆمەڵگەی کوردستان



سەرچاوە
Serchawe

کاتێک ڕووی لە خۆیدا بووە، پەیامەکەی بریتی بووە لە درووستبوونی هاوئاهەنگی لە نێوان گشت جیاوازییەکانی نێو ئەو کۆمەڵگەیە. هاوئاهەنگییەکی ئەوتۆ کە بەبێ ئەوەی جیاوازییەکان لەناو یەکدا بتوێنەوە و کورت بکرێنەوە بۆ شوناسێکی واحید، گشت ئەم شوناسە جیاوازانە بە سازکردنی پێوەندییەکی ئۆرگانیک لە نێوان خۆیاندا ئیزن بدەن هەموو ئەو جیاوازییانە بمێنن و فۆنکسیۆنی تایبەتی خۆیان هەبێ. واتە فرەچەشن بن. بەڵام لە ئەنجامدا هەموویان لەنێو یەکەیەکدا پێکەوە لە پێوەندیدا بن."

لە گەڵ ئەوەیکە گوتاری بزووتنەوەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان قورسایی گوتاری نەتەوەیی بزووتنەوە گەورە سیاسییەکەی بە سەرەوەیە، خۆی لە چوارچێوەیەکی بەرگریکاری دەرهاویشتووە و بە پشت بەستن بە خسڵەتی خەلاق و داهێنەرانەی خۆی – لانیکەم لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا، توانیویەتی لە دەرفەت و زەرفییەتی دیکە کەڵک وەربگرێت. لە ڕاستیدا ئەم بزووتنەوەیە هەم بەرگریکارە هەم داهێنەرە، هەم هەوڵی پاراستنی شوناسی کوردانە و گەشەی ڕوحیی نەتەوەیی دەدا هەم داواکاریخواز و ماف ویستە و دەسەڵاتی تووشی حاڵەتی بەرگری کردوە و نەهاد و دامەزراوە ئەمنییەتییەکانی حکومەت مەجبوورن ڕۆژانە لە گەڵ تاقمێک ڕێکخراو و چالاکی مەدەنی دەست و پەنجە نەرم بکەن کە هەمیشە بابەتێکیان بۆ باس و ڕۆژەڤ بوون هەیە و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پاشەکشە بە هێڵە سوورەکانی دەسەڵات دەکەن. لە ڕاستیدا گوتاری بزووتنەوەی نەتەوەیی لە چوارچێوەی کەلان گوتاری نەتەوەیی کورددا خۆی پێناسە کردووە بەو جیاوازییەوە کە: ١. زەرفیەتە یاسایی و ئیمکانەکانی چالاکی لەبەرچاو گرتووە ٢. بۆخۆی بابەت بۆ چالاکی و هێنانە بەرباس هەڵدەبژێرێ و دەسەڵات مەجبوورە بەدویدا هەڵێ. ٣. بۆتە بەرەی کەلان گوتاری نەتەوەیی و لەو مەیدانە دایە کە شەڕی سەرەکی لە ئارادایە لە نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگەیەک کە بەردەوام بە "چالشی" دەکێشێ (محەممەدیانی، ٧).

یەکێک لە کێشەکانی بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستان کە ئێستا زیانی بە یەکدەستبوونی ئەم بزاڤە گەیاندووە، ئەوەیە کە چاوەڕوان بکرێت کە ئاکامی تێکۆشانی مەدەنی، سازدانی شوناسی نەتەوەیی یان بەربەرەکانی لەگەڵ هەوڵی سڕینەوەی زمانی و کەلتووریی لێ بکەوێتەوە. لە وتووێژێکی تایبەتدا عەبدولعەزیز مەولوودی ئەم چاوەڕوانییە لە بزووتنەوەی مەدەنی بە ناڕەوا دەزانێ و دەڵێ "ئەوە کاری حیزبی سیاسی‌یە نەک ڕێکخراوەی ناحکومی. کۆمەڵگەی مەدەنی ئەرک و توانایی ئەوەی نییە بەڵام ئەو چاوەڕوانییە وای کردوە کە کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان بکەوێتە نێو بەرداشی گوشاری دەوڵەت لە لایەک و چاوەڕوانیی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لە لایەکی دیکەوە. بەرداشێک کە دوای ڕاگەیاندنی وەلانانی خەباتی چەکدارانە لە لایەن بەشێک لە حیزبەکانی خاوەن ڕابردووی کوردستان، گوشارەکە لەسەر بزووتنەوە و کۆمەڵگەی مەدەنی چڕتر بوو... ئەگەر بزووتنەوەی مەدەنی وەک گوتاری بەرگری لە کوردستان پێناسە بکرێ، دیارە دەستەواژە و گوتاری تایبەتی بۆ خۆی هەبووە و هەشیەتی. هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەیکە دەسەڵاتیش هەوڵەکانی چڕتر بکاتەوە بۆ بەربەرەکانی کردنی. وەک پشتگیری لە دژبەرانی زمانە نافەرمییەکان لە ئێران و دەسبەسەر کردنی چالاکانی ئەو بوارە بۆ



سەرچاوە
Serchawe

نموونە زارا محەممەدی و هتد."

ئەوەندەی پێوەندی بە هەڵوێستی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران بەرانبەر بە بزووتنەوەی کوردستان و کۆمەڵگەی مەدەنییەوە هەبێت، لە کەس شاراوە نییە کە تێفکرین و ئەقڵییەتی ناوەندگەرای ئێرانی هەموو جموجۆڵێکی تاک و کۆی کۆمەڵگەی کوردستان بە چاوی سیاسی – ئەمنیەتییەوە سەیر دەکات و هەڵوێستی سەخت و ڕژدیان بەرانبەر دەگرێتە بەر. هەر جووڵەیەک لە کوردستان لە دوو حاڵەت بەدەر نییە؛ یان لە خزمەت نەتەوە دایە یان خزمەت بە دەوڵەت دەکات و گوتاری دووری لە شوناس بۆخۆی ڕوانگە و هەڵوێستێکی سیاسییە و هەوڵی فۆلکلۆریزە کردنی پرسی کوردستانی هەیە کە لە گەڵ ستراتیژیی دەوڵەتی ناوەندگەرادا گونجاوە. کەوایە بە گشتی تاک و بزووتنەوەی مەدەنی، حیزب و ڕێکخراوە هەموو دەتوانن کاریگەریی خۆیان لە سەر پرسی شوناس هەبێ و پەرەی پێ بدەن.

یەکدەست نەبوونی بۆچوونەکان لە سەر ماهییەت و گوتاری بزووتنەوەی مەدەنی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بەشێکی پێوەندی بە جیاوازیی ئەزموون و قۆناغەکانی هەرکام لەو وردە بزووتنەوانەوە هەیە کە بزووتنەوە گشتییە مەدەنیەکە پێک دەهێن، ئەم وردە بزووتنەوانە (فەرهەنگی، خوێندکاری، ڕۆژنامەوانی، ژینگەپارێزی و...) کە هەر کامەیان وێستگەیەکن لە وێستگەکانی کاروانی خەباتی مەدەنی و لە ڕووی ئامانج و سروشتەوە لێک جیاوازن.

***

١ (چالاکانی ژنان ئیدیعای کوردایەتیشیان هەیە. بۆ وێنە زارا محەممەدی هەم فێمێنیستە و هەم بە جیددیش لایەنگری کوردایەتییە. لە بزووتنەوەی سمایلئاغای شکاک (سمکۆ) بەدواوە هەموو جووڵانەوەکانی مافخوازیی کوردی هەوڵی یەکسانیخوازیی جێندێریان تێدا هەبووە و کاریگەرییان لە سەر ئاگاییبەخشین بە ژنانی کۆمەڵگەی کوردستان لەسەر مافەکانیان هەبووە.

٥ی خەرمانانی ٢٧٢٤

## سەرکوتی سیستماتیک لە بەرەبەری ساڵوەگەڕی بزووتنەوەی ژینادا




بە مەبەستی چاوترسێنکردنی خەڵک و پێشگرتن لە هەر جووڵەیەکی نارەزایەتی و چالاکیی تایبەت بە ساڵوەگەڕی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینا، کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕێگای دامودەزگا سەرکوتکەرەکانی خۆیەوە، گەڕێکی دیکە لە سەرکوتکردنی لەنێو کۆمەڵگەکانی ئێراندا دەست پێ کردۆتەوە.

ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی کوردستان بڵاویان کردووەتەوە لە ماوەی یەک بۆ دوو حەوتووی ڕابردوودا تەنیا لە شار و ناوچەکانی کوردستان، ڕەوتێکی نوێ لە دەستبەسەرکردنی لاوان بە بیانووی جۆراوجۆر لە لایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە و بە شێوەی سیستماتێک خەریکی بەڕێوەچوونە. هاوکات لەگەڵ دەستبەسەرکردنی چالاکانی سیاسیی و مەدەنی لە کوردستان، لە زۆربەی شوێن و ناوچەکانی ئێران، گوشار بۆ سەر زیندانیانی سیاسی لە زیادبووندایە و هەر لەو چەند ڕۆژەدا لە لایەن بێدادگاییەکانی ڕێژیمەوە، حوکمی قورس و گران بەسەر چەند کەس لەوانەی بەشدارییان لە بزووتنەوەی ژینادا کردوە، داسەپاوە. گوشار خستنەسەر خوێندکاران و بێبەشکردن لە مافی خوێندن بە بیانووی جۆراوجۆری وەک لەبەرچاونەگرتنی حیجاب و بەشدارییان لە بزووتنەوەی ژینادا، بەشێکی دیکە لەو سەرکوتە سیستماتیکەیە کە ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لە سەروبەندی ساڵرۆژی ژینادا گرتوویانەتە بەر و لە پەرەسەندندایە.

ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران بە تێکڕایی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیارییەکانیان لەسەر چالاکانی کرێکاری لە ماوەی دوو حەوتووی ڕابردوودا زیادی کردوە و چەندین کەس لە چالاکانی کرێکاری بە تاوانی نارەزایەتیدەربڕین بەرانبەر بە یاسای کار و دواکەوتنی حەقدەستەکانیان دەستبەسەر کراون و چالاکانی بەندکراوی کرێکاری لە زیندانەکان لەژێر گوشاردان و ڕۆژانە جیا لە پشتگوێخستنی داواکانیان، بێڕێزی و سوکایەتییان پێ دەکرێ.

بە پێی ئەو هەواڵ و زانیارییانەی ناوەندەکانی مافی مرۆڤی کوردستان بڵاویان کردۆتەوە، تەنیا لە شاری مهاباد لە ماوەی یەک حەوتووی ڕابردوودا پێنج کەس لە لاوانی ئەم شارە لە لایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمەوە دەستبەسەر کراون. بەشێک لەم دەستبەسەرکراوانە لە بنەماڵەی شەهیدانی بزووتنەوەی ژینان و بە بێئاگاداریی پێشوەختە، لە ڕێگای هەڵکوتانەسەر ماڵەکانیان قۆڵبەست کراون و بۆ شوێنی نادیار ڕاگوێزراون.

هۆکاری دەستبەسەرکردنی لاوان و چالاکانی سیاسی جۆراوجۆر و بێبنەمان؛ هاووڵاتییەکی خەڵکی ئاوایی قۆزڵوی ناوچەتی هەوشار بە ناوی ناسر مرادی دوای تێپەڕینی شەش مانگ لە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی ئەمساڵ، بە تاوانی بەشداری لە بەڕێوەبردنی ڕێورەسمی نەورۆزی و کردنەوەی ئاوری نەورۆز دەستبەسەر کراوە.

ڕامیار ئەبوبەکری، مێرمنداڵی تەمەن شازدە ساڵەی مهابادی کە برای یەکێک لە شەهیدانی بزووتنەوەی ژینا بەناوی زانیارە، چەند ڕۆژ پێش ئێستا بە بێ مۆڵەتی یاسایی هێرش کراوەتە سەر ماڵیان و دوای لێدان و سوکایەتیکردن بە بابی، دەسبەرسەر کراوە و تا ئێستا بنەماڵەکەی لە وەرگرتنی هەر جۆرە زانیارییەک سەبارەت بە چارەنوسی ڕامیار بێبەش کراون.

مەنیژە خۆشنوود، هاووڵاتییەکی دیکەی دەستبەسەرکراوی خەڵکی بۆکان سەرەڕای تێپەڕبوونی ٢٥ ڕۆژ لە دەسبەسەرکرانی، هێشتا دەسبەسەر و چارەنووسی ناڕوونە. بە ناڕوونی هێشتنەوەی چارەنووسی بەندکراوان بەتایبەت لەو سەروبەندەدا، یەکێکی دیکە لە ڕەفتارە پێشێلکاری و سەرکوتکارییەکانی ڕێژیمە کە، تەنیا ئامانجیشیان بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندنە. دەستبەسەرکردنی چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە بەرەبەری ساڵوەگەڕی بزووتنەوەی ژینادا بەتایبەت لە کوردستان بەرچاوتر لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانە. بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی کوردستان، چەند ڕۆژ پێش ئێستا هێزەکانی ئیتلاعاتی سوپا هەڵیانکوتایە سەر ماڵی لانی کەم ٨ چالاکی مەدەنی و ژینگەپارێزی خەڵکی گێلان لە پارێزگای کرماشان بە ناوەکانی؛ محەممەد پەروین، ماریا خانی، جەهانگیر ئازادی، لوتفوڵڵا پەرویز، حەمیدڕەزا ڕەحیمیان، سەلمان پەرهان، عەلی فەرەج خانی و مستەفا ڕۆستەمی و دوای بەکارهێنانی توندوتیژی و بێڕێزیپێکردنیان دەستبەسەریان کردن.

هەر بە پێی ئەو هەواڵ و زانیارییانەی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی کوردستان بڵاویان کردۆتەوە؛ لێپرسینەوە لە دۆسییەی تۆمەتبارکراوانی چەند مانگ و ساڵی ڕابردوو، هەڵدانەوەی زۆرێک لە حوکمە کۆنە بەسەرداسەپاوەکان، بانگکرتنی تۆمەتباران و بەڕێوەچوونی حوکمە داسەپاوەکان و بانگکردنی چالاکانی مەدەنی و سیاسی بۆ ناوەندە ئەمنیەتییەکان لە ماوەی یەک دوو حەوتووی ڕابردوودا و لە بەرەبەری ساڵوەگەڕی بزووتنەوەی ژینادا -کە ڕۆژی ٢٥ی خەرمانانی ئەمساڵ دوو ساڵەی ئەم بزووتنەوە مێژووییەی کوردستان و ئێرانە- زیاتر لە جاران بووە و بەرچاوە.

هەر وەک ئاماژەی پێ درا ئەم سەرکوتە سیستماتیکە سەرلەنوێیەی ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم لە بەرەبەری ساڵوەگەڕی بزووتنەوەی ژینادا، ئامانجی تایبەتی لە دوایە. کۆماری ئیسلامیی ئێران لەم ڕێگاوە هەم دەیهەوێ خەڵک چاوترسێن بکات و ئەو پەیامە بدات کە هەزینەی هەر جووڵەیەکی نارەزایەتیدەربڕین دەتوانێ چەندە قورس بێت و هەم نیشانە لە ترس لە ڕاپەڕینێکی دیکەی خەڵکە.

کوردستان لەم ترس و نیگەرانییەی ڕێژیمدا ئامانجە سەرەکییەکەیە، بۆیە زۆرترینی ئەم سەرکوتکاریانە لە شارو ناوچەکانی کوردستانە. کوردستانێک کە بە درێژایی تەمەنی پڕ لە سەرکوتی کۆماری ئیسلامی، سەمبولی بەگژداهاتن و لێبڕاوبوون لە سەر دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی خۆیە بووە و هەیە. وەک لە بزووتنەوەی ژیناشدا نیشانیدا دەتوانێ بۆ بزووتنەوەی سەرانسەری لە ئێران دژ بە دیکتاتۆری و هەوڵدان بۆ گەیشت بە ئازادی و بنیاتنامەوەی وڵاتێکی دێموکراتیک ببێتە "چاو و چرا."

١٥ی خەرمانانی ٢٧٢٤

# کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



## (ڕوانین و هەڵوێستی دەسەڵات بەرانبەر بە کۆمەڵگەی مەدەنی)

بە هاتنەسەرکاری ڕەزاشای پەهلەوی، پلانی سڕینەوەی سیستماتیکی پێناسی نەتەوەیی کورد لە ئێران وەک بەشێک لە پرۆژەی "دەوڵەت-نەتەوەی ئێرانی" دەستی پێ کرد. ڕەزاخان لە پێناو پێکهێنانی دەوڵەتی مودێرن، یەکانگیر و ناوەندگەرا پەنای بردەبەر یەکدەستکردنی وڵات لە ژێرناوی "یەک نەتەوە، یەک زمان" و، بە ئیلهام وەرگرتن لە ناسیۆنالیزمی ڕەوتی دەوڵەت-نەتەوەکان و بەتایبەت هەڵوێستەکانی کەماڵ ئاتاتورک لە تورکیە، بە توندترین شێوە دەستی دایە سەرکوت و سڕینەوەی جیاوازییە ئەتنیکییەکانی دیکە لە ئێران.

دوای شۆڕشی ١٣٥٧ و کۆتاییهاتن بە دەسەڵاتی پاشایەتی، لە یەکەم ڕۆژەکانی هاتنەسەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، بزووتنەوەی مافخوازانەی کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە توندوتیژییەکی بێڕەحمانە، سەرکوتی خوێناوی و حاشاکردن وڵامی درایەوە. کۆماری ئیسلامی بە گرتنە پێشی سیاسەتی سڕینەوە و حاشالێکردن لە شوناسی نەتەوەیی و زمان و فەرهەنگ، بەگژ خەڵکی کوردستاندا هات و هەموو دەرفەت و مەجالێکی لێ قەدەغە کرد.

کەوابوو ڕوانین و هەڵوێستی دەسەڵاتی ناوەندگەرای ئێرانی بەرانبەر بە کورد ئەوەندەی پێوەندی بە ماهییەتی سیستەمی دەسەڵاتەوە هەیە، زۆر لەوە زیاتر زادەی شێوە ڕوانین و خوێندنەوەی نەتەوەی باڵادەست (فارس)ە کە هاوکات لەگەڵ ناسیۆنالیستبوونی، تێکەڵ بە ناخێکی ئیدئۆلۆژیی مەزهەبیشە. بە واتایەکی دیکە نیزام و سیستەمێکی فکری لە پشت ئەم ڕوانینەوە هەیە. لەم پێوەندییەدا ئەحمەد محەممەدپوور لە وتارێکدا لە ژێر ناوی "ناسیونالیسم فارس – شیعی: از حلقه برلین تا مطالعات پارس" دەنووسێ:

"لە دیسکۆرس و گوتاری ناسیۆنالیزمی فارسگەرادا کات و شوێن و وێژمان بە شێوەی هاوئاهەنگ بۆ بەرهەمهێنانی شوناسێکی جیهانگیر و هەتاهەتایی و پیرۆز پێکەوە لە پێوەندیدان و تەواوکەری یەکترین. ڕەهەندی شیعە بوونی فارس وێڕای پەیدابوونی شۆڕشی ١٣٥٧ زیاتر خۆی دەرخستوە، بەڵام ئەم گوتارە لە تەواویەتی خۆیدا پێویستە وەک پاکێجێک کە لە ئیدئۆلۆژییەکی تایبەت، ناخێکی ناسیۆنالیستی پێک هاتوە، سەیر بکرێ کە لەودا هاووڵاتی نۆرماڵ و ئەفلاتی نەتەنیا بە فارسی و شیعە لە دایک دەبێ، بەڵکوو ناوەندنشینە و خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی ژینگەیی و فیزیکییە. لە زەینی ناسیۆنالیستی فارسدا ئەوانی دیکە (نافارسەکان) هەمیشە ڕوخسارێکی قەبە و نەریتییان هەیە بە جلوبەرگی دێهاتییەوە کە بێبەری لە فەرهەنگی مودێرنن و بە سەروسیمایانەوە دیارە خاوەنی پێگەیەکی نزمتری کۆمەڵایەتین."

دەسەڵاتی ئێران پێکهاتەیەکە کە لەودا شوناسی فارس - شیعە وەک شوناسی باڵادەست و پاک و ستاندارد پێناسە کراوە، ئەو پێناسەیە وای کردوە کە پێکهاتەی ئێرانی لە پێناو قازانج گەیاندن بە شوناسی فارس - شیعە کار بکات، ئەم نیزامە فکرییە بۆتە هۆکاری ئەوەی کە کۆی پێکهاتەی ئێرانی، بزووتنەوەی کوردستان بە دژی خۆی بزانێ و کاتێکیش کە بەدژی خۆی دادەنێ، بە شێوازی جۆراوجۆر سەرکوتی دەکات، بۆ وێنە بەرهەڵستکارانی کۆماری ئیسلامی بەپانەوە بە بزووتنەوەی کوردستان دەڵێن "قومگرا" (نەتەوەخواز) بەو مانایە کە کورد کەسانێکی ڕەگەزپەرستن. کە وایە ڕوانگەی ناوەندگەراکان بۆ بزوتنەوەی کوردستان وەکوو ڕوانگەی حکومەت وایە و هیچ جیاوازییەکی نییە.

لە سۆنگەی ئەم جۆرە ڕوانین و هەڵویستی دەسەڵاتی ناوەندگەرای ئێرانی بەرانبەر بە پێکهاتە نافارسەکان و بە تایبەت کورد کە تەوەری باسەکەی ئێمەیە، پرسی داگیرکاری و کلۆنیالیزم دێتە ئاراوە. "لە دیسکۆرسی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا داگیرکاریی نیزامی و ئەمنیەتیکردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر جار وەکوو "فەتحی کوردستان" (داگیرکردن) ئاماژەی پێ دەکرێ. ئەم چەمکە مانایەکی بەهێزی ئایینی هەیە... "فەتحی کوردستان" بە ڕاگەیاندنی جیهادی خومەینی لە دژی کوردستان لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ دەستی پێ کرد."

سیاسەت و ڕوانینی دەسەڵات لە تاران دژ بە کورد هەموو ڕەهەند و بەستێنێکی ژیانی ئەم نەتەوەی گرتۆتەوە. لە نیزامی

پەروەردەوە بگرە کە خوێندن و نووسین بە زمانی زگماکی تێیدا ڕێگەپێنەدراوە و تەنانەت لە پەرتووکەکانی خوێندنی قوتابخانەکاندا کە هەموویان بە زمانی فارسین، شوناسی فارسی بە "شوناسی نەتەوەیی" دەناسێنن و پەرەی پێ دەدەن، تا دەگاتە هەموو ئاستەکانی دیکە. بەرتەسکردنەوە، سەرکوت و سڕینەوە بۆتە ئامانجی سەرەکیی سیاسەت و هەڵویستەکانی کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە کورد.

سەرەڕای سیاسەتی سەرکوت و سڕینەوەی ڕێژیمەکانی زاڵ بە کوردستاندا، کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام هەوڵی داوە لە ڕەهەندی جۆراوجۆری سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی‌یەوە خۆی بناسێنێ و بسەلمێنێ و، لە پێناوی مانەوەی خۆیدا دژ بە سیاسەتی سڕینەوەی و حاشالێکردنی خەباتی کردەوە.

بەستێنی مەدەنی یەکێک لەو مەیدانانەیە کە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان - وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا- لە قۆناغی جیاجیا و جیاوازدا چالاکی و تێکۆشانی تێدا بەڕێوە بردوە و چالاکانی ئەم بوارە بەپێی دەرفەت و ئیمکان بە دوور لە هەرچەشنە توندوتیژییەک کەڵکیان لێ وەرگرتوە. بەڵام لە بەرانبەردا دەسەڵاتی ناوەندگەرای ئێرانی وەک ڕوانینی هەمیشەیی خۆی بۆ پرسی کورد، بە چاوی ئەمنییەتییەوە لەم بەستێنەشی ڕوانیوە. کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ئەم زیاتر لە چوار دەیە لە دەسەڵاتدارێتی خۆیدا هەر جۆرە هەڵسوکەوت و چالاکییەکی چ سیاسی چ مەدەنی بە چاوی ئەمنییەتییەوە سەیر کردوە و پلانی وەک یەک و جۆراوجۆری بۆ سەرکوت و داپڵۆسینیان داڕشتوە. کەوابوو بەپێچەوانەی ئەوەی کە تاکی کورد چەند ڕوانگەی جیاوازی بەنیسبەت داگیرکەرەوە هەیە، داگیرکەر خۆی بەنیسبەت کوردەوە یەک ڕوانگەی گشتی و نەگۆڕی هەیە. ئەم تایبەتمەندییە دەبێتە هۆی ئەوەی هەرچەشنە چالاکی و تێکۆشانێک لەلایەن خەباتکارانی مەدەنیی کوردەوە وەکوو گەورەترین مەترسی بۆ سەر گشتییەت و کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی خۆی ببینێت. بۆیە بەبێ هیچ دوودڵییەک لە ڕێگەی جۆراوجۆر و بە کەرستەی جیاوازەوە هەموو هەوڵ و توانای خۆی بۆ پێشگرتن و خنکاندنی ئەو خەباتە دەدات و لەم پێناوەشدا هیچ بنەمایەکی ئەخلاقی ناپارێزێت.

کۆماری ئیسلامیی ئێران هەموو هەوڵێکی بەکار هێناوە کە نەتەنیا پێش بە بەڕێکخراوبوونی کۆمەڵگەی کوردستان بگرێ، بەڵکوو تا بۆی کرابێ و بکرێ هەوڵی نایەکگرتوویی و لێکترازانی کۆمەڵگەی داوە. بوونی ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە کوردستان کە دەبێتە هۆی ڕێکخراوبوونی چالاکان و کۆمەڵگە، بۆ دەسەڵات قابیلی قبووڵ نییە، بۆیە سەرەتا پێش بە دامەزرانیان دەگرێت و مۆڵەتنامەیان ناداتێ و ئەگەر بە هەر هۆیەک ڕێگەی دامەزران و کارکردنیان پێبدات دیسان هەوڵی چاودێری و نانەوەی دووبەرەکییان لەنێودا دەدات و گرفت بۆ چالاکان ساز دەکەن. ئازاد محەممەدیانی لەم بارەوە بەم شێوەیە باس لە ئەزموونەکانی خۆی دەکات:

"کۆماری ئیسلامی لەو ساڵانەی دواییدا کە کۆمەڵگەی مەدەنی لە گەشەدا بوو، بەردەوام هەوڵی بەرتەسککردنەوەی داوە، بۆ وێنە ئەنجومەنە ئەدەبییەکانی ناوە هەڵوەشاندۆتەوە و مۆڵەتی یاسایی لێ سەندوونەتەوە، مۆڵەتێک کە زۆر بە سەختی وەردەگیرێن. مۆڵەتی یاسایی بە هیچ حیزبێکی سیاسی کوردی نەداوە و "بەرەی یەکگرتووی کورد" کە تەنیا ڕێکخراوەی سیاسیی هەنووکەی نێوخۆی کوردستانە، هەرگیز نەیتوانیوە مۆڵەتی یاسایی وەرگرێ. دەسەڵات لە پێشدا سەختگیری دەکا لە مۆڵەتدان بە چالاکیی ڕێکخراوە و دامەزراوە مەدەنیەکان،ئەگەریش مۆڵەتی پێدان دەیانخاتە ژێر چاوەدێرییەکی زۆرەوە و بەردەوام لێپرسینەوەیان لێدەکرێ و تەنانەت هەوڵ دەدا لە ڕێی سیخوڕەکانی خۆیەوە کە دەیاننێرێتە نێو ئەم نەهادانە کۆنترۆلیان بکات... ئیزن بە چالاکانی مەدەنی نادات کاری حکومەتی و ئیداریان هەبێ، بەردەوام دەیانترسێنێ و هەڕەشەیان لێدەکا و تووشی زیندانیان دەکا و ئەگەر لە جێیەک کار بکەن مەترسیی بێکارکردنیان لەسەرە، وەک "من" کە لە زانکۆ دوور خرامەوە و دواتر هەڕەشەیان لێکردم و ناچاریان کردم وڵات بەجێبهێڵم."

سیاسەتی دەوڵەتی ناوەندگەرا بەرانبەر بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە کوردستان هەمیشە تابعێک بووە لە بزووتنەوە گەورە نەتەوەییەکە. بە واتایەکی دیکە ناوەند لە سۆنگەی چۆنیەتیی زەربە لێدان لە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان بە جۆریک هەڵسوکەوتی لە گەڵ وردە بزووتنەوەکان کردوە کە لێکیان داببڕێت و پێش بە یەکگرتوویی و پێوەندیی نێوان بەستێنە جۆراوجۆرەکان بگرێت و بۆ ماوەیەک ئەوان (بزووتنەوە مەدەنی و وردە بزووتنەوەکانی دیکە) بەرانبەر بە بزووتنەوە گشتی و گەورەکە ڕابگرێت.

ڕەهبەر مەحمودزادە کە ئەم جۆرە هەڵسوکەوت و سیاسەتەی لە ئاسمیلاسیۆن پێ مەترسیدارترە لەم بارەوە پێی وایە، "ناوەند لە بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ بزووتنەوەی کوردستان هەمیشە هەوڵی داوە پێوەندیی ئۆرگانیکی نێوان یەکە چکۆڵەترەکان بپچڕێنێ و وا بنوێنێ کە هەر کام لەم یەکانە شوناسێکی جیاواز لەوەی دیکەی هەیە و کۆی یەکەکان لەجیاتی پێوەندییەکی زیندوو و ئۆرگانیک، پێوەندییەکی دژبەرانە و دوژمنکارانەیان پێکەوە هەیە. ئەم سیاسەتە لە سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆن زۆر ئاڵۆزترە. لە ئاسیمیلاسیۆندا، سیاسەت، سیاسەتی ئینکار و حاشا لێ کردنە...لەم سیاسەتە تازەیەدا سەرەتا شوناسە چکۆلەترەکان بە سەربەخۆ و بە ڕەسمی دەناسرێن و لە بەرانبەر شوناسە گەورەترەکەدا ڕادەگیرێن، دواتر کە شوناسە گەورەکە بنبۆش بوو و زەمینەی ڕمان و فەوتانی ئامادە بوو، بە یەکجاری نەفی شوناسە چکۆڵەکانیش دەکەن و لەناو شوناسێکدا کە خۆیان پێناسەیان بۆ کردووە، دەیانتوێننەوە."

لە دوو سێ دەیەی ڕابردوودا لە لایەک بە هۆی خۆڕاگری و ئازایەتیی چالاکانی مەدەنی و لە لایەکی دیکەوە بە هۆکاری پەیدابوونی ئینترنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە خەڵک ڕاشکاوانە بۆچوون و هەڵوێست دەردەبڕن، پاشەکشێیەکی ڕێژەیی بە دەسەڵاتەوە دیارە. بەڵام فشار بۆ سەر چالاکانی مەدەنی لە بوارە جۆراوجۆرەکان و بە بیانووی جۆراوجۆر هەر وا لە

جێی خۆیدایە.

لێرەدا وێڕای بە نموونەگرتنی بارودۆخی چالاکانی مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا هەوڵ دەدرێ کە وێنایەکی گشتی لە سیاسەتی سەرکوتی هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم، ڕادەی گیران و دەستبەسەرکران و ئەو تۆمەتانەی دراونەتە پاڵ چالاکانی مەدەنی، بە دەستەوە بدرێ.

لە ماوەی ساڵی ١٣٩٥دا، ٤٩٤ کەس لە چالاکانی سیاسی، مەزهەبی، کرێکاری و مەدەنی و فەرهەنگی لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە دەستبەسەر کراون کە ٨٣ کەسیان لە چالاکانی مەدەنی بوون (کوردپا - ڕاپۆرتی ساڵانە، ١٣٩٥).

لە ساڵی ١٣٩٦ی هەتاویدا دۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستان لەوپەڕی خراپیدایە؛ لەو ساڵەدا ٣١٦٦ کەس ڕاستەوخۆ دەکەونە بەر پەلامار و سەرکوتکاریی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم و زیاتر لە ١٠٠ کوژراو و بریندارایان تێدا دەبینەدرێ. لە حاڵێکدا بەپێی ڕاپۆرتی ساڵانەی "کوردپا" ئەم ئامارە لە ساڵانی پێشووتردا(٩١، ٩٢، ٩٣، ٩٤ و ٩٥) بە ڕیز، بریتی بووە لە ١٠٢٦ کەس، ١٥٥٠کەس، ١٥٧٢ کەس، ١٣٥٥ کەس و ١٢٩٠ کەس.

بە درێژایی ساڵی ١٣٩٦، چالاکانی مەدەنی جیا لە گرتن و دەستبەسەرکران و ئازار و ئەشکەنجەدانیان، زۆرترین هەڕەشەیان لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە لێ کراوە، بنەماڵەکانیان تەهدید بە بێکارکردن و بێبەشکردن لە خوێندن، پێشگیری لە چوونە زانکۆ و زەوتکردنی دەرفەتەکانی دیکەی ژیان کراون. لە ئاکامی گوشاری هێزە ئەمنیەتییەکاندا هەر لەو ساڵەدا ١١ کەس لە چالاکانی مەدەنی ناچار بە بەجێهێشتنی وڵات کراون. بەپێی ڕاپۆرتی ساڵانەی "هەنگاو"، ژمارەی دەستبەسەرکراوان ٥٧١ کەس بووە کە ١٣٠ کەسیان لە چالاکانی مەدەنی بوون.

پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی بە دەستبەسەرکردنی ٣٣ کەس لە چالاکانی مەدەنی بە هۆکاری بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز دەستی پێ کرد. لەو ساڵەدا ١٧٩٠ کەس ڕووبەڕووی سەرکوت و پێشێلکاریی مافی مرۆڤ بوونەتەوە (کوردپا - ڕاپۆرتی ساڵانە، ١٣٩٧)، کە ٢٦٧ کەسیان لە چالاکانی مەدەنی بوون (هەنگاو- ڕاپۆرتی ساڵانە، ٢٠١٨.)

بەپێی ڕاپۆرتی ساڵانەی کوردپا لە ماوەی ساڵی ١٣٩٧ی هەتاویدا ٥٥ کەس لە کوردستان لە سێدارە دراون و ١٠ کەسی دیکەش حوکمی لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێندراوە. لە سێدارەدانی ڕامین حوسێن‌پەناهی، زانیار و لوقمان مرادی لە ١٧

خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی کە هاوکات بوو لەگەڵ مووشەکبارانی کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نزیک شاری کۆیەی باشووری کوردستان - کە ١٦ کەس لە ئەندامانی ڕێبەری، کادر و پێشمەرگە شەهید بوون و بە دەیان کەسی دیکە بریندار بوون - یەکێک لە بەرچاوترینی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و نیشانەی سەرکوتکاریی سیستماتیکی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دژ بە نەتەوەی کورد بوو.

لەم پێوەندییەدا تەیموور ئەلیاسی، نوێنەری کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستانی ئێران لە ژنێڤ لە کۆنگرەی سێ ڕۆژەی "ڕووبەڕووبوونە لەگەڵ ئێعدام" کە مانگی ڕەشەمەی هەمان ساڵ بەڕێوەچوو، ڕایگەیاند کە "ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرکوت وەک ئامرازێک بۆ بێدەنگ کردنی نەتەوەکانی ئێران و بەتایبەت نەتەوەی کورد کەڵک وەردەگرێ و ئاماری لەسێدارەدانی کوردەکان لە ئێران لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئەم وڵاتە زۆر لە سەرێیە، ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە حەشیمەتی هەشتا میلیۆنیی ئێران، ١٣٪ی کوردەکان پێکدێن.

گوشار بۆ سەر چالاکانی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵی ١٣٩٨دا زۆرترین ئامارەکانی بۆ تەرخان کراوە و هاوکات لە گەڵ چوونە سەری ڕێژەی گرتن و دەستبەسەرکردن، حوکمە داسەپاوەکان قورس و گرانتر دەبن. بەپێی ڕاپۆرتی ساڵانەی "چاونیوز" تایبەت بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان، لە ساڵی ١٣٩٨دا ٨٥٤ کەس لە کوردستان لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەستبەسەر کراون کە نزیک بە ٢٠٠ کەسیان چالاکی مەدەنین. بەپێی ڕاپۆرتەکەی چاونیوز زۆربەی چالاکانی دەستبەسەرکراو تۆمەتی هاوکاریی حیزبە کوردییەکانیان دراوەتە پاڵ و بۆ ئازادکردنیان داوای بارمەتی زیاتر لە ٢٠٠ میلیۆن تمەنییان لێکراوە و کەم نین ئەو چالاکانەی کە هەر ئێستا لە بەندیخانەکان دا چاوەڕوانی بەسەرچوونی حوکمی چەند ساڵەیانن.

تۆمەتی بەستراوەیی چالاکانی مەدەنی بە حیزبەکان و لەقەڵەمدانی چالاکیی چالاکانی مەدەنی بە سیاسی و ئەمنییەتی، تا دێ پەرەدەستێنێ و ئەمە تەنیا بیانوویەکە کە ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم بۆ زیاتر فشارخستنەسەر تێکۆشەرانی مەدەنی و بەرتەسککردنەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی بەکاری دێنن. بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی کە هەر سێ ڕێکخراوی هەنگاو بۆ مافی مرۆڤی کوردستان، ئاژانسی هەواڵدەریی کوردستان (کوردپا) و ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان (چاونیوز) لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ساڵەکانی ١٣٩٩ و ١٤٠٠ ئامادەیان کردوە، وێڕای نیشاندانی گوشاری زیاتر بۆ سەر چالاکانی مەدەنی، ئاماژەی ڕوونیان لە سەر بردنە سەرەوەی تێچوو بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، تێدا بەدی دەکرێ. لە نێو ٨١ کەس لە چالانی مەدەنیی دەستبەسەرکراو لە ساڵی ١٣٩٩ دا، ٤٩ کەسیان تۆمەتی هاوکاری لە گەڵ حیزبە کوردییەکانیان خراوتە پاڵ و کەیسی ئەمنییەتییان بۆ ساز کراوە. (هەنگاو- ڕاپۆرتی ساڵانە، ٢٠٢٠ - کوردپا – ڕاپۆرتی ساڵانە، ١٣٩٩). بە پێی ڕاپۆرتی چاونیوز سێ کەس لە

بەندکراوان کە تۆمەتی پێوەندی لە گەڵ حیزبەکانیان خراوەتە پاڵ، حوکمی لە سێدارەدانیان بەسەردا سەپێندراوە و ئەوانی دیکە هەرکام لە ٧ تا ٢٠ ساڵ بەندبوونیان بەسەردا سەپێندراوە (چاونیوز- ڕاپۆرتی ساڵانە، ١٣٩٩).

بەپێی دوایین ڕاپۆرتی شەش مانگی یەکەمی ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی ٢٩٣ کەس لە کوردستان لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەستبەسەر کراون کە ٦٤ کەسیان لە چالاکانی ژینگەپارێز، فێرکار و فێرخوازی بواری نووسین و خوێندنەوە بە زمانی کوردین کە زۆربەی هەرە زۆریان تۆمەتی ئەمنییەتی (پێوەندی لەگەڵ حیزبەکان و هەوڵدان بۆ تێکدانی تەناهی نیشتمانی)یان دراوەتە پاڵ و بەشێکیان لە بەندیخانەکاندا لە چاوەڕوانیی حوکم دان و بەشێکیان بە بارمتەی سەدان میلیۆن تمەنی بە شێوەی کاتی ئازاد کراون (چاونیوز – ڕاپۆرتی شەش مانگی یەکەمی ساڵی ، ١٤٠٠).

بەپێی دوایین زانیارییەک کە لە ڕێگای پێوەندیی لە گەڵ بەرپرسانی هەر سێ سەرچاوەی ئاماژە پێکراو (هەنگاو، کوردپا و چاونیوز) دەستکەوت، لە ڕۆژانی سەرەتای ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی و لە پێوەندی لە گەڵ ڕێوڕەسمەکانی سەری ساڵ و نەورۆزدا زیاتر لە ٢٠ کەس لە چالاکانی مەدەنی بە تۆمەتی بانگەشە بۆ بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز و بەکارهێنانی هێما نەتەوەییەکانی وەک ئاڵای کوردستان، لە لایەن ناوەندە ئەمنییەتییەکانەوە دەستبەسەر کراون کە زۆربەیان خەڵکی شار و ناوچەکانی سەربە پارێزگای سنەن.

زۆربەی دەستبەسەرکراوانی سیاسی و مەدەنی لە کوردستان بەبێ ئاگادارییِ پێشوەخت و لە ناکاو پەلاماری شوێنی کار و ژیانیان دراوە و، وێڕای زەوتکردنی کەلوپەلی شەخسیی وەک کتێب و کامپیوتێر و موبایلەکانیان، بۆ شوێنی نادیار گواستراونەتەوە و بێڕێزییان پێ کراوە و ئەشکەنجە دراون. زۆرێک لە چالاکانی مەدەنی ئەگەر ڕاستەوخۆ لە لایەن ناوەندە ئەمنییەتییەکانەوە داوای بەجێهێشتنی وڵاتیان لێ نەکرابێ، ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای گوشار و هەڕەشە لە خۆیان و کەس و کاری بنەماڵەکانیان، ناچار بە بەجێهێشتنی زێد و نیشتمان کراون.
ئەو ناوەند و دامەزراوە ئەمنییەتییانەی ڕۆڵیان لە دەستبەسەرکردن و ئازاردانی چالاکانی مەدەنیی کوردستاندا هەبووە و هەیە بریتین لە؛ هێزە ئەمنییەتییەکانی سەر بە وەزارەتی ئیتلاعات، ئیدارەی ئیتلاعاتی سەر بە سپای پاسداران، هێزە لیباس شەخسییەکان و هێزەکانی سەر بە ئەمنییەتی سایبێری.

٢٢ی خەرمانانی ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## ٦ی ڕەزبەر لە جەنگەی بزووتنەوەی ژینادا



کوردستان و زۆرێک لە شار و ناوچەکانی ئێران چەند ڕۆژێک بوو لە شێوازێکی نوێ و مودێرن و مەدەنیدا ئەزموونی بزووتنەوەیەکی جەماوەری و گشتگیریان دژبە دیکتاتۆرییەتی کۆماری ئیسلامی دەکرد. چەخماخەکە لە کوردستانەوە لێ درابوو، ناوی ژینا، ئەو کچە بێتاوانەی کوردستان کە لە تاران و بەدەستی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم کوژرابوو لە سەرر بزووتنەوەکە نرابوو: بزووتنەوەی ژینا. کوردستان پێشەنگایەتیی بزووتنەوەیەکی ئەمڕۆیی و مودێرنی دەکرد، کوردستان کەوتبووە سەر زار و زمانان و کورد ڕەمزی ئەم بزووتنەوەیە بوو. لە تاران و شارەکانی دیکەی ئێرانەوە خەڵک پشتیوانییان لە کوردستان دەکرد و دەیانگوت؛ "ئەگەر تاران ببێتە کوردستان، ئێران دەبێتە گولستان". درووشمی سەرەکیی بزووتنەوەکە "ژن، ژیان، ئازدی" بوو کە لە شەقاماکانی کوردستانەوە پەلی هاویشتە شوێنەکانی دیکەی ئێران و دوای چەند ڕۆژ گشت وڵاتان و کوڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانی گرتەوە.

کورد و کوردستان چەقی ئەم بزووتنەوە جەماوەرییە بوون؛ بە پێچەوانەی سیاسەت و ئیستراتیژیی و عەقڵییەتی ڕێژیمی دژگەلیی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە زیاتر لە چوار دەیە بوو کاری لەسەر خەوشدارکردنی ڕوخسار و نێوەرۆکی پرسی کورد و بزووتنەوە مافخوازانەکانی دەکرد، خەڵکی ئێران بە هەموو پێکهاتەکانیەوە، بە ئەرێنی لە کورد و کوردستانی دەڕوانی،

کە ئەمیان بۆ کۆماری ئیسلامی قابیلی قبووڵ نەبوو.

لەلایەکی دیکەوە حیزبەکانی کوردستان یەکگرتووانە و هاودەنگ و هاوهەڵوێست لە چوارچێوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێراندا، هاندەر و پشتیوانی شۆڕشگێڕانی سەر شەقامەکانی کوردستان بوون. بزووتنەوەی ژینا بە شێوەیەکی تەواو شارستانیانە دەچووە پێش و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بەربەرینتر دەبۆوە و پشتیوانیی زیاتری لێ دەکرا.

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە پێگەی بەرزی کوردستان و حیزبەکانی لە بزووتنەوەی ژینادا، شێت و هاری کردبوون، پەنای بردەوە بەر ژووره ڕەشە ئەمنیەتییەکانی و هەمدیسان بە ڕێکاریی هەمیشەیی ئەزموونکراو کە خەوشدارکردنی بزووتنەوەی کوردستانە، پیلانی بۆ بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتیی خەڵکی شار و ناوچەکانی دیکەی ئێران لەسەر کوردستان داڕشت. ڕێژیم بە کۆدڕەمزی "تجزیە طلبی" هێرشی تەبلیغیی دژبە بزووتنەوەی ژینا دەست پێ کرد و بەردەوام دەیگوتەوە کە "ئەم ئاژاوەیە بە پیلانی ئیستکباری جیهانی و هاندانی حیزبە جیاییخوازەکانی کوردستان" سەریهەڵداوە! ئەم سیاسەتانەی کۆماری ئیسلامی بۆ خەڵک ئاشنا بوون و خەڵکی ئێران نەتەنیا گوێیان نەدانێ، بەڵکوو زیاتر لە ڕۆژانی سەرەتایی بزووتنەوەکە پشتیوانیی خۆیان لە کوردستان دەربڕی.

حیزبەکانی کوردستان هەموو هەوڵێکیان ئەوە بوو بزووتنەوەکە بە ڕەوتێکی مەدەنیانەی بە دوور لە توندوتیژیدا هەنگاو بنێت و هیچ بیانوویەک نەدرێتە دەست هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم. لەم پێوەندییەدا کاک مستەفا هیجری بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە پەیامێکی تایبەتدا داوای لە خەڵکی کوردستان کرد خۆ لەهەر توندوتیژییەک بپارێزن و بەبێ ئەوەی بیانوو بدەنە دەست دەزگای سەرکوتی ڕێژیم، بە شێوەیەکی شارستانیانە درێژە بە ناڕەزایەتییەکانیان بدەن. بەڵام کۆماری ئیسلامی کە چاوی بەرایی دیتنی پێگەی کوردستان و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی لەم بزووتنەوەیەدا نەدەدا، پلان و پیلانی ئەوە بوو ڕێڕەوی بزووتنەوەکە بە ئاقارێکی دیکەدا ببات و بیکاتە بیانوو بۆ سەرکوت و پەلاماردانی بزووتنەوەکە. ئەوە بوو کاتژمێر ١٠ی پێشنیوەڕۆی ڕۆژی ٦ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی و لە کاتێکدا ١٢ ڕۆژ بەسەر دەسپێکی بزووتنەوەی ژینادا تێدەپەڕی، هێرشێکی هەمەلایەنەی مووشەکیی کردە سەر بنکە و بارەگانی حیزبەکان لە باشووری کوردستان. لە ئاکامی ئەم هێرشە تێرۆریستییەی کۆماری ئیسلامیدا کە کەمپە مەدەنییەکان و قوتابخانەی منداڵانیشی گرتەوە، وێڕای شەهید و برینداربوونی دەیان پێشمەرگە و تێکۆشەر سیاسی، قوتابخانە بەسەر منداڵاندا وێران بوون و ژنی دووگیان بە کۆرپەڵەوە گیانیان لێ ئەستێندرا.

ڕێژیمی کۆماری لە ڕێگای ئەم هێرشە جینایەتکارانەی خۆیەوە بۆ سەر حیزبەکان و بەتایبەت بۆسەر حیزبی دێموکرات کە لە مانگی دواتردا چەند جاری دیکەشی بەدوادا هات، ئەگەر لەلایەک دەیهەوێست بیروڕای گشتیی خەڵکی ئێران لەسەر

بزووتنەوەکە بەلاڕێدا ببات و بە جۆرێکی دیکەی پێناسە بکات، لەلایەکی دیکەوە ڕاست ئامانجی ئەوە بوو مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ خۆی کە نێوخۆی وڵات و شەقامەکانی ئێران و کوردستان بوون، بگۆڕێ بۆ جۆرێکی دیکە لە ڕووبەڕووبوونەوە کە لەودا باشتر دەستی بۆ سەرکوت و بەلاڕێدابردنی بزووتنەوەکە ئاوەڵا بێت. بەڵام بە خۆشییەوە هەم خەڵکی کوردستان لە نێوخۆی وڵات و لەسەر شەقامەکان و هەم حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بە ژیری و وریایی و وشیاریی سیاسیی خۆیان، ئەم پیلانەی ڕێژیمیان پووچەڵ کردەوە و نەچوونە مەیدانێکەوە کە دوژمن بۆی دیاری کردبوون.

ئامانجێکی دیکەی ڕێژیم لە هێرشی مووشەکیی بۆسەر حیزبەکان ئەوە بوو کە لە ڕۆڵ و کاریگەریی ئەوان لە سەربزووتنەوەکە و هەڵوێستی خەڵک لەسەر شەقامەکان کەم بکاتەوە. ڕێژیم وای دانابوو حیزبەکان لە ئاکامی ئەم هێرشانەدا بە جۆرێک تووشی دابڕان لە خەڵک و بەخۆوەخەریکبوون دەبن. بەڵام وەک دیتمان لەگەڵ ئەوەی ئەم هێرشانە وێرانی و شەهید و برینداربوونی دەیان کەسی تێکۆشەر و لێکەوتەی دیکەی بەدوودا هات، بەڵام هاوکات هێرشانە گیانێکی دیکەی بە بزووتنەوەکە بەخشی و ڕۆڵ و پێگەی حیزبی دێموکراتی ڕوونتر لەسەر شەقامەکانی کوردستان پێشان دایەوە.

دوای هێرشی مووشەکیی سپای پاسداران لە ٦ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی خەڵک لە شاقامەکانی کوردستان درووشمەکانی؛ "قاسملوو قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە"، "ئەی ڕێژیمی دیکتاتۆر، مووشەک نامانترسێنێ" و "کۆیە بەتەنیا نییە" و "قەڵا بەتەنیا نییە، کوردستان پشتیوانییە"یان گوتەوە.

لە ساڵڕۆژی دووهەمین هێرشی مووشەکیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆسەر حیزبەکانی کوردستان، واتە ٦ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی یاد و بیرەوەریی شەهیدانی ٦ی ڕەزەر و گشت شەهیدانی کورد و کوردستان بەرز و بەڕێز بێت. ڕیسوایی و سەرشۆڕییش بۆ تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

٥ی ڕەزبەری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و کۆمەڵگەی مەدەنی




پێوەندیی نێوان کۆمەڵگەی مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ بزووتنەوەی سیاسی کە حیزبەکان نوێنەرایەتیی دەکەن، یەکێک لەو باس و بابەتانەیە کە لەم ساڵانەی دواییدا لە بازنەی هەر دوو بەستێنی "مەدەنی" و "شۆڕشگێڕی"دا سەرنجی زۆری خراوەتە سەر و تەنانەت بۆچوونی جیاوازیشی لەسەر هاتۆتە ئاراوە. لە ماوەی دوو دەیەی ڕابرووودا حیزبەکانی کوردستان لە ئەدەبیاتی سیاسی و پەسەندکراوەکانی خۆیاندا هەوڵیان داوە بە بەکارهێنانی پێناسە و دەستەواژەگەلی وەک؛ "خەباتی مەدەنی"، "خەباتی جەماوەری"، "حزووری پێشمەرگانە"، "خەباتی شار و شاخ"، "ڕاسانی شار و شاخ"، "ڕۆژهەڵاتتەوەری"، "پشتیوانی لە جموجۆڵی مەدەنی لە نێوخۆی وڵات" و... گوتارێکی نوێ بەرهەم بێنن کە لەم گوتارە تازەیەدا، بەشێک لە ڕوانگە و سەرنجەکانیان ڕوو بە کۆمەڵگەی مەدەنی و پشتیوانی لەم بەستێنە لە خەباتە.

حیزبی دێموکرات وەک بەڕابردووترین و بەنفووزترین حیزب لە کوردستان کە لە یەکەمین مەرامنامەی خۆیدا زۆرێک لەو ئەرک و بەها مەدەنیانەی - ئەمڕۆ بزووتنەوەی مەدەنی کاریان لە سەر دەکات - گونجاندوە، بزووتنەوەی مەدەنی بە بەشێک لە بزووتنەوەی گشتی و جەماوەریی کوردستان و هاوتەریب و "تەواوکەر"ی خۆی دەزانێ. ڕوانگەی حیزبی دێموکرات لە پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستان، ڕێکخراوە سێنفی و مەدەنییەکان و چالاکانی مەدەنی ئەرێنی و

مەسئولانە بووە. ئەم حیزبە باوەڕێکی پلۆرالیستیی هەیە و دژ بە مۆنۆپۆلکردنی کۆمەڵگەیە و لەو باوەڕەدایە کە ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە گەشەسەندنی کۆمەڵگە، بەرەوپێشبردنی خەبات و پەرەسەندنی دێموکراسیدا ڕۆڵ بگێڕن.

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕاپۆرتی خۆیدا بۆ کۆنگرەی ١٧ی ئەم حیزبە کە خەزەڵوەری ساڵی ١٣٩٨ بەڕێوە چوو، باس لە کاریگەریی پشتیوانیی ئەم حیزبە لە کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات کە؛ "پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە جموجۆڵی چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە نێوخۆی وڵات توانی لە لایەک بوێری و جەسارەتێکی هەستپێکراو بە کاری چالاکانی نێوخۆی بدات و لە لایەکی دیکەشەوە سەرنجی کۆمەڵانی خەڵک بۆ لای چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکان ڕابکێشێ کە هەر ئەم تێفکرین و پشتیوانیکردنە لە پێکهێنانی جووڵە جەماوەرییەکاندا شوێندانەر بوو."

ڕەزا کەعبی، جێگری سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشان پێی وایە کۆمەڵە داهێنەری یەکیەتییە سینفییەکانی وەک جوتیاران، قوتابیان و کرێکاران و بەشداریدانی ژنان لە شۆڕش و کۆچی جەماوەریی خەڵکی مەریوان بۆ دەرەوەی شار و هەروەها ڕێکخەری زۆرێک لە خۆپێشاندانەکان بە دژی دەسەڵاتی پاشایەتی و سەرەتای شۆڕش بووە و، هاوکات لەگەڵ پشتیوانی و هاوکاریی خۆی بۆ خەباتی مەدەنی، گەشە و پەرەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەئاکامگەیشتنی پرسی کورد لەم بەشە لە کوردستان بە کاریگەر و شوێندانەر دەزانێ.

لە بەرانبەر ئەم ئیدیعایانەدا بۆچوونێک هەیە پێی وایە حیزبەکان لەژێر کاریگەریی هێژموونی گوتاری خەباتی چەکداریدا، ڕەهەندەکانی دیکەی خەباتیان فەراموش یان پشتگوێ خستوە. "حیزبە شۆڕشگێڕەکان بڕوایان بە کاریگەری و شوێندانەریی هێنانە ئارای دیسکۆرسی نوێ لە هەمبەر کۆماری ئیسلامی و بەم پێیەیش جەنگی نەرم و بەگشتی ڕەهەندەکانی هێزی نەرم نییە، یاخود بە بابەتێکی لاواز و لاوەکیی دەزانن. سەرباری ئەمانەش، پێناسەکردنی سنوور و کاری خەباتگێڕی و شۆڕشگێڕی تەنیا لە شاخ، وای کردوە کە تاکەکان لە شار، نەتوانن لە هەر دەرفەتێکی بچووک وەکوو ڕەفتار و ئەکتێکی شۆڕشگێڕی و بەرگریکارانەی ڕاستەقینە کەڵک وەربگرن. ئەمەش بۆ بەرتەسکیی پێکهاتە و بونیادی نێوخۆیی و، هەروەها ستراتیژی و دیسکۆرسی حیزبەکان دەگەڕێتەوە، کە ناڕاستەوخۆ وای کردووە تاقە ڕەفتاری شۆڕشگێڕانە، ڕەفتارێکی حیزبی، پێشمەرگانە و چەکدارانە بێت."

بە درەنگەوە هەستپێکردنی حیزبەکان بە ڕەوتێکی نوێ و ڕێکخراوی بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستان، شوێنەواری ئەرێنی لە لایەک لە سەر پێوەندیی ئەم بزووتنەوەیە لەگەڵ بزووتنەوەی سیاسی دانا و لە لایەکی دیکەوە کاریگەریی لە سەر لاواز دەرکەوتنی بزووتنەوەی مەدەنی لە سەرەتاکاندا دانا و وەک پێویست لەو دەرفەت و مەجالە سیاسی و یاسایی و کۆمەڵایەتییەی کە لە کۆتایی نیوەی دەیەی حەفتا لە ئێران هاتە ئاراوە کەڵک وەرنەگیرا. خودی حیزبە سیاسییەکان

نکۆڵی لەم ئیدیعایە ناکەن. قادر وریا، یەکێک لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات کە زۆرترین کاری لە ناوەندی ڕاگەیاندنی ئەم حیزبەدا کردوە، لە کۆڕێکدا لە شاری هەولێری باشووری کوردستان (٢٣ی ئۆکتۆبری ٢٠٠١)دا، دان بەوەدا دەنێ کە ڕاستەوخۆ بە شێوەی ئۆرگانیک ئاگایان لەو جموجۆڵە مەدەنییانە نەبووە کە لە کوردستان لە ئارادا بوون و دەڵێ "ئێمە لە ڕێگای ڕاگەیەنە گشتییەکانەوە، بە هۆی ئەو گۆڤار و حەوتوونامە و کتێب و بڵاوکراوانەی لەوێ دەردەچن، لە ئاکامی هاتنی هەیئەتە فەرهەنگییەکانی ڕۆژهەڵات بۆ باشووری کوردستان و لەمانەش گرینگتر لە ڕێگای بیستن و خوێندنەوەی هەواڵی سەرکەوتنی چالاکی و بەرهەمە هونەری و فەرهەنگییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاستی ئێران، لە ڕەوتی بزووتنەوەی فەرهەنگی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاگادارین."

لەم پێوەندییەدا بێهزاد خۆشحاڵی کە کۆتاییەکانی دەیەی حەفتا و سەرەتاکانی دەیەی هەشتا یەکێک لە چالاکانی دیاری بزووتنەوەی خوێندکاریی کورد لە زانکۆکانی ئێران بووە، لە پێوەندی لە گەڵ ڕوانینی حیزبەکان بۆ ئاڵوگۆڕەکانی ئەو سەردەمە، بەم جۆرە باس لە ئەزموونی خۆی دەکات: "بڕێ لە حیزبە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەرەتاکاندا ئەساسەن بزووتنەوەی مەدەنیان قبووڵ نەبوو، ئەمە ئەزموون و تەجرووبەکانی خۆمە کە ڕاستەوخۆ قسەم لەگەڵ کردوون. ئەوکات کە لە نێوخۆی وڵات بووین و دەهاتین سەردانمان دەکردن، ئەساسەن باوەڕیان بە ڕێکخراو و NGO کان نەبوون، زۆر جار ئەوانەیان بە دەستکردی سیستم (ڕێژیم) یان بەشێک لە سیاسەتەکانیان دەزانی. بەڵام بەرەبەرە لەگەڵ مەوزوعەکە ڕاهاتن و وای لێهات کە دواتر بوون بە پاڵپشتی ناڕاستەوخۆی بزووتنەوە مەدەنییەکان". بەگشتی وەک ڕەزا کەعبی، جێگری سکرتێری گشتیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان باسی دەکات کە "لە گەڵ ئەوەیکە دەیان هەزار کەس لە کوردستان ڕۆژانە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە تێکۆشانی مەدەنییەوە خەریکن و لەنێو ڕێکخراوە مەدەنییەکاندا چالاکن، بەڵام تا ئێستاش ڕەهەندەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ حیزبەکان نەبۆتە جێی باس و لێکدانەوەی جیدی."

بە چاوخشاندنێک بە نێو بەڵگەنامە، هەڵوێستە ڕەسمییەکان و پەسەندکراوەکانی کۆنگرەکاندا بۆمان دەردەکەوێ کە تێگەیشتن لە ئاڵوگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و هاتنە ئارای بزووتنەوەیەکی مەدەنی لە قالب و شێوازی فەرهەنگیدا لە لایەن حیزبەکانەوە، لە دەرەوەی پێکهاتەی فکری و ئۆرگانە بڕیاردەرەکان، باسێکی غایب و نامۆ نەبووە. بۆ نموونە ڕۆژنامەی "کوردستان"، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ژمارەکانی ٣٠٧ تا ٣٢٩ی خۆیدا لە توێی زنجیرە وتارێکدا دەپرژێتە سەر هێندێک بابەتی پێوەندیدار بە بزووتنەوەی خوێندکاریی کورد، کار و چالاکیی ئەنجومەنە ئەدەبییەکان، ناوەندەکانی فێرکاریی زمانی کوردی، بڵاوبوونەوەی بڵاڤۆکە کوردییەکان و، بوونیان لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بە دەسکەوت هەڵدەسەنگێندرێ. بەڵام لە ئاستی گوتار و هەڵوێستی ڕەسمیی حیزبی دێموکراتدا ئەم سەرنج و خوێندنەوانە - تا ساڵانی کۆتایی دەیەی هەشتا - کەمتر ورد کراونەتەوە و نەبوونەتە بەشێک لە ڕوویکەردی سیاسیی ئەم حیزبە

(بڕوانە ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ کۆنگرەکانی ١١، ١٢ و ١٣).

ئەگەر خۆ لەو تێبینی و ڕەخنانەی پێوەندییان بە ڕوانگەی حیزبەکان و چالاکانی مەدەنییەوە هەیە ببوێرین و لە گشتییەتی خۆیدا سەرنج بخەینە سەر پێوەندیی و کارتێکەریی بزووتنەوەی مەدەنی و بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان لە سەر یەکتری، بۆچوونی زاڵ ئەوەیە کە ئەم دوو بەستێنە پێوەندییەکی ئۆرگانیک و دیالکتیکیان پێکەوە هەیە. بە واتایەکی دیکە، لەگەڵ ئەوەیکە تێک ئالاون، خسڵەتێکی خودموختاریشیان هەیە. بزووتنەوەی مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاست بزووتنەوەی سیاسیی کورد، نە بەتەواوی سەربەخۆیە و نە بەتەواوی پاشکۆیە. لە ڕووی نۆستالژیی مێژوویی و دوورەدیمەنی ستراتژییەوە بەستێنی مەدەنی هۆگرییەکی زۆری بە بەستێنی شۆڕشگێڕی هەیە، لەو لاشەوە بەستێنی شۆڕشگێڕی زۆر حەز دەکا بەستێنی مەدەنی وەک ئامرازێکی گرێدرانەوەی خۆی بە کۆمەڵگەی نێوخۆ یان بنەماسازی بۆ مەیدانداریی سبەی ڕۆژی خۆی بەکار بێنێ.

پێوەندیی ئەم دوو بەستێنە لە خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هێندێک قۆناغدا لەگەڵ دۆخی هەرکام لەم خەباتانە پێناسە دەکرێت. بە واتایەکی ڕوونتر؛ هەرکات یەکیان کەوتبێتە داکشان و نوشستی هێنابێ، ئەوەی دیکەیان هەوڵی داوە هەڵکشانێک بەخۆوە ببینێ و کەمایەسیی ئەوی دیکە پڕ بکاتەوە. لەم پێوەندییەدا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سکرتێری پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێی وایە "ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە ڕاستیدا بۆشایی نەبوونی حزووری هێزە سیاسییەکانیان پڕ کردۆتەوە، ئەوان لەجیاتی حیزبەکان خەباتی نەرم دەکەن."

لە نەبوونی حزووری بەئاشکراو و یاسایی حیزبە سیاسییەکاندا، کۆمەڵگەی مەدەنی بە داهێنانی فۆڕم و شێوازی نوێ درێژەی بە بەرەنگاری دژ بە دەسەڵاتی دیکتاتۆریدا و مودێلێکی نوێی لە کوردایەتی هێنایە ئاراوە. کەوابوو لە گەڵ ئەوەیکە کۆمەڵگەی مەدەنی بەدوای هەمان خەون و خولیای بزووتنەوەی نەتەوایەتییەوەیە، بەڵام ڕێچکە و ڕێڕەوی تایبەت بە خۆی هەیە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە بزووتنەوەی مەدەنی بە شێوەیەکی گشتی خۆی بە بەشێک لە بزووتنەوەی نەتەوەیی دەزانێ، خودبەخود بەستێنی پێوەندیی حیزبەکان و ئەو حەوزەیە دەرەخسێ. بەڵام بۆ ئەوەی بزووتنەوەی مەدەنی ئەو سەربەخۆییەی خۆی بپارێزێ، دوورەپەرێزبوونی حیزبە سیاسییەکان پێویستە، و بۆ ئەوەیکە ئەو مەیدانە نەبێتە مەیدانی جیاوازی حیزبەکان و حیزبایەتی، دەبێ ئەم بزووتنەوەیە لە سەر دەستی لیدێرەکانی خۆی و بە شێوەی خۆی بڕواتە پێشێ تا هەم سەربەخۆ بێ و هەمیش مەترسیی دەسەڵاتی لەسەر کەمتر بێت (محەممەدیانی، ٧). هەڵبەت لە گەڵ ئەوەیکە هەر حیزبێک مافی خۆیەتی پێوەندییەکی ئۆرگانیکی لە گەڵ خەڵک و جەماوەردا دەبێ، بۆ ئەوەی ئەم ترس و نیگەرانییە بڕەوێتەوە حیزبەکان دەکرێ لەم پێوەندییەدا خاوەنی ئیستراتێژیی هاوبەش بن. لە سەر ئەو بنەمایە دەکرێ لە سەر مەسەلەی شوناس، دیسکۆرس، جۆری مودیریەتی کۆمەڵگە و دانی خەتی سیاسی، جۆرێک لە یەکگرتوویی لە نێوان

بەستێنی شۆڕشگێڕی و مەدەنی‌دا ساز بدەن.

کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەڵگەیەکی زیندوو و دینامیکە. بەو مانایە کە لە هەر شوێن و سەردەمێکدا بە هەر هۆکارێک تووشی نسکۆ و داکشانێک بووبێ و ڕێگایەکی لێ بەسترابێ، ڕێگایەکی دیکەی دۆزیوەتەوە و درگایەکی دیکەی بە ڕووی خۆیدا کردۆتەوە. ئەگەر لە قۆناغێکدا بزووتنەوەی سیاسیی کورد (حیزبە سیاسییەکان) حزووری مەیدانیی لەنێو خەڵکدا کەم دەبێتەوە و لە فۆرم و مێتۆدی خۆی (چەکداری و پێشمەرگانە) پاشەکشە دەکات، کۆمەڵگە لە زەرفییەت و پتانسێلێکی دیکەی خۆی کەڵک وەردەگرێ و ئەم بۆشاییە بە خەباتی مەدەنی پڕ دەبێتەوە. بە واتایەکی دیکە بزووتنەوەی مەدەنی چۆتە پشتی بزووتنەوەی سیاسی و بزووتنەوەی مەدەنیش بە خۆپێناسەکردنی لە چوارچێوەی گوتاری زاڵی بزووتنەوە گەورە نەتەوەییەکە متمانەی خەڵک و کۆمەڵگەی بۆخۆی دەستەبەر کردوە و، بەم چەشنە بزووتنەوەی سیاسی بە داکۆکیکار و ی خۆی دەزانێ.

تایبەتمەندیی بزووتنەوەی کورد بە گشتی و جۆر و ماهییەتی ئەو دەسەڵاتانەی بە سەر کوردستاندا زاڵ و حاکمن، تا ئێستا وای خواستوە کە هەر جووڵەیەکی کۆمەڵایەتی لە کوردستان ماهییەتی شوناسخوازانە وەربگرێت و وەک کورد خۆی بەرانبەر بە داگیرکەر پێناسە بکات و هەر ئەم تایبەتمەندییە هاوبەشییەکی گوتاری لە نێوان بزووتنەوەی سیاسی و مەدەنی لە کوردستان ساز کردوە. لە گەڵ ئەوەشدا سەربەخۆبوون لە مێتۆد و ئەرک و ڕەسالەتدا بۆ بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستان یەکێک لەو مەسەلانەیە کە دڵەڕاوکێ و سەرنجی تایبەتی لە سەرە. لەم پێوەندییەدا عەلی دلاوێز، لەو باوەڕەدایە کە "پێویستە چالاکی یان بزووتنەوەی مەدەنی لە بزووتنەوە سیاسییەکان سەربەخۆ بن. بزووتنەوەی سیاسی ئامانجی گەیشتن بە دەسەڵات و دامەزراندنی دەسەڵاتێکی دیکەیە، بەڵام چالاکی و بزووتنەوە مەدەنییەکان ڕەخنە لە دەسەڵات دەگرن و لە هەندێک بواردا کار بۆ چاکسازی و ئیسڵاحی دەسەڵات و بەڕێوەبەری بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگە دەکەن. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چالاکییە مەدەنییەکان سەربەخۆن و لە زۆر بواری جیاوازی کۆمەڵایەتیدا کار و چالاکی دەکەن، هەرچەند هەندێک لە چالاکان و ئەندامانی ئەم ڕێکخراوانە نایشارنەوە کە لایەنگری بزووتنەوەی سیاسی و حیزبە جۆراوجۆرەکانی کوردستانن. هەڵبەت لە نەبوونی حیزبی سیاسیی چالاک لە ڕۆژهەڵات، هەندێک جار کار و چالاکی ڕێکخراوە مەدەنی‌یەکان بە سیاسیی دەکرێن... بەڵام بەگشتی ناتوانین پێناسەی کاری ڕێکخراوەکان بە ئامانجی بزووتنەوەی سیاسی چ نەتەوەیی و چ چەپ و سۆسیالیستی ببەستینەوە."

بزووتنەوەی مەدەنی و بزووتنەوەی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گوتاردا یەک دەگرنەوە و هەر دووک لەسەر بنچینەی کوردایەتی و شوناسخوازیی نەتەوەیی پێناسە دەکرێن. بەڵام لە باری چۆنیەتی هێنانە بەرباسی داخواز و ئامانجەکان و شێوەی خەبات و تێکۆشان بۆ بەرەوپێش بردنیان و هەروەها لە بارەی سەقف و نێوەرۆکی ئەو داوا و ئامانجانەوە تا

ڕادەیەک جیاوازن. بزووتنەوەی سیاسی خۆی لە بازنەی تێکۆشان لە چوارچێوەی قانوونی ئەساسیدا نەبەستۆتەوە و لە هەموو شێوەکانی خەبات بۆ بەرەوپێشبردنی داخوازەکانی کەڵک وەردەگرێ، بەڵام بزووتنەوەی مەدەنی هەوڵ دەدات لە سەر دەرفەتێکی مومکین و بە شێوازی نەرم داواکانی مەترەح بکات. بەڵام ئەو جیاوازییانە نەک نەبوونەتە هۆی ئەوەیکە ئەم دوو بەستێنە لە خەبات بەرانبەر بە یەکتر ڕابوەستن، بەڵکوو هەر دوو بزووتنەوەکە خۆیان بە پشتیوانی یەکتر دەزانن.

١١ی ڕەزبەری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## پاسپاسێنی ئێران - ئیسرائیل و مەرامی هاوبەشیان



دوای هێرشی ٧ی ئۆکتۆبر بۆ سەر هاووڵاتییانی ئیسرائیلی کە هەر زوو دەرکەوت ڕێکخراوی حەماس بە چرا سەوز و دنەدانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەڕێوەی بردووە و گومان لە نائاگاداربوونی دەزگا ئەمنییەتی و زانیارییەکانی ئیسرائیلیش لەم هێرشەدا کرا، هەڕەشە و گوڕەشەی دەوڵەتی ئیسرائیل و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر یەکتر و ئەمجارەیان لە سیاسەتی پاسپاسێنی مووشەکیدا دەستی پێکرد. لە یەکەم کاردانەوەدا ئەرتەشی ئیسرائیل بە ناوی داکۆکی لە مان و مەوجوودییەتی خۆی و پاراستنی خەڵکی وڵات، هێرشێکی بەربڵاوی کردە سەر حەماس و بە خەستی پێگە و شوێنەکانی حەماسی لە غەززە کردە ئامانج و هاوکات لەگەڵ کوشتنی فەرماندە و ڕێبەرانی حەماس وێڕای وێرانبوونی ئەم شارە بە هەزاران کەسی دیکەش لە خەڵکی بێدیفاع بوونە قوربانی.

کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئەوەی هێرشەکەی ٧ی ئۆکتۆبری بە "کاری خودی فەلەستینییەکان" ناو برد، بەڵام هەر لە سەرەتاوە عەلی خامنەیی، ڕێبەری نیزام ڕاشکاوانە پشتیوانیی خۆی لەم پەلامارە ڕاگەیاند و شان و پیلی پەلاماردەرانی ماچ کرد و پشتیوانیی هەمەلایەنەی خۆی لە حەماس ڕاگەیاندەوە.

لەم نێوەدا حیزبوڵڵای لوبنان ڕاست بە هاندانی کۆماری ئیسلامی، مانگێک دوای هێرشەکەی ٧ی ئۆکتۆبر، هێرشی مووشەکیی بۆ سەر چەند پێگەیەکی ئەرتەشی ئیسرائیل دەست پێکرد. لە وەڵامی ئەم هێرشانەی حیزبوڵڵادا ناتانیاهوو ڕایگەیاند؛ ڕاوێژکارانی ئێرانی لەم کردەوانەدا کرانە ئامانج و باڵوێزخانەی ڕێژیم لە سووریە مووشەکباران کرا کە تیایدا چەند فەرماندەیەکی سەربازیی کۆماری ئیسلامی کوژران و هاوکات لە چەند شەوی جیاوازدا چەند پێگەیەکی دیکەی هێزەکانی نزیک لە ئێران، لە عێراق و سووریە کرانە ئامانج و چەند بەرپرسێکی باڵایان لە دەمشق و بەغدا کوژران.

بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بەتایبەت فەرماندەرانی سپای پاسداران کە بەردەوام وادە و بەڵێنی "تۆڵەی سەخت"یان دابوو و لەمێژیش بوو دەیانگوت کە لە ڕێگای مووشەکەکانیانەوە ناوەندی ئیسرائیل واتە "خاکی تێلاڤیف بە تەوورەکە دادەبێژن"، لە نیوەشەوی ٢٥ی خاکەلێوەی ١٤٠٣ی هەتاوی و بە هاوئاهەنگی لەگەڵ حیزبوڵڵای لوبنان و حوسەییەکانی یەمەن بە هەڵاویشتنی زیاتر لە ٣٠٠ مووشەک و درۆن، هێرشی کردە سەر ئیسرائیل. یەکەم هێرشی مووشەکیی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل کە بە "وەعدەی سادقی یەک" ناودێر کرا، ئاکامێکی گاڵتەجاڕانەی لێ کەوتەوە!!؛ دوو کاتژمێر پێش لە هەڵدانی مووشەکەکانی ڕایگەیاند کە هێرش دەکات!!، بەشێک لەو مووشەک و درۆنانەی کە بەرەو ئیسرائیلی هەڵدان، لە وڵاتانەی دیکەی وەک عێراق و ئۆردوون کەوتنە خوارەوە و ئەو بەشەشی کە گەیشتنە ئاسمانی ئیسرائیل لەلایەن پەدافەندی چالاکی بەرگریی ئیسرائیل ناسراو بە گونبەدی ئاسنین ڕاوکران و تەقێندرانەوە بێ ئەوەی خوێن لە لوتی ئیسرائیلییەک بێت!!

کۆماری ئیسلامی هاوکات لەگەڵ ئەم هێرشە مووشەکییە هەڕەشەی کردەوە کە ئەگەر ئیسرائیل وڵام بداتەوە، وڵامدانەوەیان توندتر دەبێ! لە بەرانبەردا ئیسرائیلییەکان ڕایانگەیاند کە کۆماری ئیسلامی بەو هێرشە گۆڕی خۆی هەڵقەند و با چاوەڕوانی وەڵامی تایبەت بێت.

هێرش بۆ سەر پێگەکانی حەماس لە غەززە توندتر بوو، غەززە جیا لە وێرانەیەک شتێکی ئەوتۆی لێ نەمایەوە، فەرماندەرانی حەماس یەک بە دوای یەکدا کوژران کە ناوەناوە ناوی چەند کوژراوێکی سپای پاسدارانی قودسیش بڵاو دەبووەوە و جارجارەش حیزبوڵڵا لە لوبنان وهێزەکانی دیکەی نزیک لە ئێران، لە عێراق و سووریە و یەمەن پێگەکانی ئیسرائیل و ئەمریکایان دەکردە ئامانج.

ڕەوتی پاسپاسێنەکە هەروا درێژەی کێشا تا ئەو ئێوارەی کە ڕێوڕەسمی دەست بەکاربوونی مەسعوود پزیشکیان وەک سەرکۆماری تازەی ئێران کۆتایی پێهات و ئیسماعیل هەنییە، ڕێبەری ڕێکخراوی حەماس لە یەکێک لە هوتێلەکانی تاران کرایە ئامانج و کوژرا. کوژرانی ئیمساعیل هەنییە کە ئیسرائیل بە ڕەسمی کوشتنەکەی نەگرتە ئەستۆ، کۆماری ئیسلامی و هێزە نیابەتییەکانی زیاتر ئاڵۆز کرد و کەوتنە هەڕەشە و گوڕەشەی تۆڵەکردنەوەی سەخت لە ئیسرائیل.

مەسعوود پزیشکیان کە دوای کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەی سەرۆکۆماری پێشوو، بە پشتیوانیی خامنەیی و بە دەنگێکی کەمی خەڵک هاتبووە سەرکار، هەموو هەوڵێکی ئەوە بوو کە بە زمان و هەڵسوکەوتێکی تا ڕادەیەک جیاواز لە ئەدەبیاتی ڕێژیم بەرانبەر بە دنیای دەرەوە دەربکەوێت و کەمێک لە تەنش و ئاڵۆزییەکان کەم بکاتەوە. بەڵام لەلایەک توندڕەوەکانی نێوخۆی دەسەڵات دیسان قسەی سەر زمان و ژێر زمانیان هەر "تۆڵەکردنەوەی سەخت" بوو و لەلایەکی دیکەش، ئیسرائیل لە هێرش بۆ سەر هێزە نیابەتییەکان بەردەوام بوو.

دوای یەکەم سەفەری وەک سەرۆککۆماری بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان، پزیشکیان لە کۆبوونەوەی ساڵانەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دیسان هەوڵی دا بە زمان و ئەدەبیاتێکی تا ڕادەیەک جیاواز لە سەرکۆمارەکانی دیکەی ئێران بەتایبەت ڕەئیسی و ئەحمەدینژاد دەربکەوێ. ناوبراو بە جێی ڕوانگە و ڕوویکەردی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕۆژئاوا باسی لە لێک تێگەیشتنی چەند لایەنە کرد، باسی لە درێژەدان بە سیاسەتی وتوویژ و لابردنی گەمارۆکان هێنایە ئاراوە، لە کۆبوونەوە و وتوویژەکانی لەگەڵ میدیاکاندا تەنانەت باسی لە چەکدانانی وڵاتەکەی کرد.

لە بەرانبەر هێرشی توندڕەوەکانی نێوخۆی وڵات نزیک بە بەیتی خامنەییدا پزیشکیان لە وتوێژێکدا وێڕای ئاگادارکردنەوەیان لە ئاکامی کەوتنەشەڕ لەگەڵ ئیسرائیل و درێژەکێشانی ئەم شەڕە لەسەر وڵات وتی "لە وەها حاڵەتێکدا هیچ شتێک لە ئێران نامێنێتەوە و دەوڵەتی ناتانیاهۆ دەیهەوێ پەلکێشی ئەم مەیدانەمان بکات کە نابێ تێ بکەوین."
هێشتا کۆبوونەوەی ساڵانەی نەتەوە یەکگرتووەکان تەواو نەببوو و هەیئەتی ئێرانی نەگەڕابوونەوە تاران کە هەواڵی کوژرانی حەسەن نەسروڵڵا لە بەیرووت لەلایەن ئەرتەشی ئیسرائیلەوە بڵاوکرایەوە و بۆ جارێکی دیکە تۆپەکە کەوتەوە مەیدانی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

کوژرانی نەسروڵڵا لەگەڵ ئەوەی بۆ ئێران و"بەرەی مقاومەت" قورس و گران بوو، ئەو گومانەی زیاتر خستە سەر ئێران کە هەنییە و نەسروڵڵا لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە فرۆشراون و لە ڕێگای ئێرانییەکەوە، شوێنی کۆبوونەوەی نەسروڵڵا بۆ ئیسرائیل کەشف کراوە. بۆیە کۆماری ئیسلامی بۆ ئارامکردنەوەی نیابەتییەکان و ڕەواندنەوەی ئەو گومانە، دەبوا زووتر لە عەمەلیاتی وەعدەی سادقی یەک، سادقی دوو بەڕێوە بەرێت.

عەمەلیاتی وەعدەی سادقی دوو لە ژووری عەمەلیاتەوە و بە فەرماندەیی حوسەین سەلامی، فەرماندەی سپای پاسدارانی ڕێژیم و بە بەشداریی کۆمەڵێک پاسدار و ئاخوند و بەسیج کە زیاتر لە سیرکێکی گاڵتەجاڕانە دەچوو، بەڕێوەچوو. دیسان هێرشی مووشەکی بۆ سەر ئیسرائیل کە لە ئاکامدا تەنیا کەسێکی فەلەستینی! کوژرا.



سەرچاوە
Serchawe

تۆپەکە کەوتەوە مەیدانی ناتانیاهوو؛ ناوبراو ڕایگەیاند کە لەم هێرشە ناگوزەرێین و تۆڵە دەکەینەوە. بەرپرسانی ڕێژیمی ئێرانیش دەڵێن ئەگەر ئیسرائیل وەڵام بداتەوە، وەڵامەکەی ئێمە سەختتر!! لە ئەوانەی پێشوو دەبێ. تەنیا شەوێک دوای هێرشی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل، ئەرتەشی ئیسرائیل بە هەڵدانی سەدان مووشەک بەرەو ناوچەکانی باشووری لوبنان، بە دەیان پێگەی حیزبوڵلای کردە ئامانج کە وەک باس دەکرێ بە دەیان کەس گیانیان لەدەست داوە.

هیچ دوور نییە ئەم پاسپاسێنە مووشەکییەی دەوڵەتی ناتانیاهوو و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی جارێ بەم زووانە نەبڕێتەوە. بەڵام ئەوە ڕوون و ئاشکرایە کە هەردوو لا بۆ مەرامی سیاسیی خۆیان لانیکەم حەز بە ئاسایبوونەوەی دۆخەکە ناکەن و باوەڕیان بە گەیشتن بە ئاشتەوایی نییە. ئەقڵییەتی توندڕەوی و شەڕئاژۆیی هەر دوو وڵات کە نزیک بە پەنجا ساڵە، ئارامی، ئەمنییەت و پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی گەلانی وڵاتی خۆیان و خەڵکی هەردوو وڵات و هی دیکەیان بە بارمتە گرتووە، لە یەک خاڵدا هاوبەشن و بۆ بەهێزهێشتنەوەشی سیاسەتی پاسپاسێنیان گرتووەتە بەر، کە ئەویش؛ قەیرانخولقێنی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیان و هەڵاتن لە قەیرانەکانی نێوخۆی هەردوو وڵات و هەوڵدان بۆ بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتیی لەسەر کێشە نێوخۆییەکانیان و کۆمەڵێک بابەتی دیکەی ناوچەیی و نێونەتەوەیی پێوەندیدار بە هەردوولایانە.

١٢ی ڕەزبەری ٢٧٢٤

## کارکرد و کاریگەرییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی




### کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە خۆی بەرهەمی کۆمەڵێک فاکتەری وەک گەشەسەندنی ئاگایی و وشیاری خەڵک و کاریگەرییەکانی تێکنۆلۆژی و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانە، جیا لە دانانی کاریگەریی جۆراوجۆر لە سەر کۆمەڵگەی کوردستان و چێکردنی جۆرێک لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی مودێرن لە تاکی کورددا، خاوەنی دەسکەوتی گەورە و شوێندانەرە. کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان بەو پتانسێلەی کە لە ئیختیاری دایە، دەتوانێ بەو ئاستە لە ڕاکێشانی متمانەی خەڵک بگات کە لە هێندێک بواردا جێی دەزگای بەڕێوەبەریی لە وڵات بگرێتەوە و جۆرێک لە خۆبەڕێوەبەری لەنێو کۆمەڵگەی کوردستاندا بنیات بنێ. بە شێوەیەک کە بزووتنەوە مەدەنییەکان نزیک بوونەتەوە لەوەی کە کۆمەڵگەیەکی هاوتەریب بەرانبەر بە دەسەڵاتی پاوانخواز پێک بێنن.

بزووتنەوەی مەدەنی لە کوردستان بەتایبەت لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا لەگەڵ ئەوەی هەمیشە هەوڵی داوە ڕیسالەت و جەوهەری مەدەنییانەی خۆی بپارێزێ و لەم پێوەندییەشدا جۆرێک لە کەلتورسازییش بکات، بەرانبەر بە سیاسەتە دژی

گەلییەکانی نیزامی سیاسیی حاکم بە سەر کوردستاندا وەستاوەتەوە. ئەم بزووتنەوەیە لە زۆر بواردا توانیویەتی بۆشایی دەسەڵاتێکی هەرێمیی خۆماڵی لە کوردستان پڕ بکاتەوە؛ پارێزگاری لە ژینگەی کوردستان، بەڕێوەبردنی بۆنە کەلتووری و نەتەوەییەکان، ڕێکخستنی ڕەفتاری کۆمەڵگە، داکۆکیکردن لە مافی هاووڵاتیان، بەڕێوەبردنی ئەرکی پاراستنی زمان و فەرهەنگی نەتەوەیی و کارکردن لە سەر بەرزکردنەوەی هەستی هۆشیاریی نەتەوەیی (ناسیۆنالیستی) لە کەسایەتیی تاکی کورد، لەو ئەرکە بنەڕەتیانەن کە کۆمەڵگەی مەدەنی لەم ساڵانەدا کاری گەورە و بەرچاوی لە سەر کردوون (ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کۆنگرەی ١٧).

کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت لە ماوەی نزیک بە سێ دەیەی ڕابردوودا بە قۆستنەوەی دەرفەتە سیاسی و یاساییەکان توانیویەتی لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، کولتووری، خزمەت بە زمانی کوردی، ژینگەپارێزی و وردە بزووتنەوەکانی دیکەدا کاریگەریی هەبێت و داهێنان بکات.

سەرەڕای لێڵی و ناڕوونیی ئەرک و دوورە دیمەنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بێگومان بەشێکی بەرهەمی نیزامی دیکتاتۆریی زاڵ بە سەر وڵات دایە، بزووتنەوەی مەدەنی لە ڕێکخستن و سازماندانی خەڵک بە مانا جەماوەرییەکەی، بێکاریگەر نەبووە. بۆ نموونە لە کاتی بوومەلەرزەکەی ئەزگەلە(١) لە پارێزگای کرماشان و کەوتنەوەی لافاو لە لوڕستان (٢) (کۆکردنەوەی یارمەتی و گەیاندنی بە زیانلێکەوتووان)، ڕۆڵی ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە سازماندانی خەڵک بۆ یارمەتیدان و گەیاندنیان بە خەساردیتوان لە نەوع و شێوازی خۆیدا بێ وێنە بوو. کە ئەم کاریگەرییەش ڕاست لە متمانەیەکەوە دێت کە کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان توانیویەتی لەنێو خەڵکدا لە خۆی درووست بکات. یەکێک لە پێشمەرجەکان بۆ چێبوونی کۆمەڵگەی مەدەن، متمانەی خەڵکە. "متمانە لە کۆمەڵگەدا گرینگترین سەرمایەی ئەو کۆمەڵگەیەیە کە لە وجوودی خەڵکانێکی زانا و سیستەمێکی باشی پەروەردەیی و مودیریەتیدا دەستەبەر دەبێت". خەڵکی کوردستان بە متمانە و باوەڕێک کە بە چالاکانی مەدەنی و ڕێکخراوە مەدەنییەکان هەیانبوو، بەبێ هیچ دوودڵییەک کەلوپەل و یارمەتییەکانیان گەیاندە کەمپەینەکان و لە ماوەی کەمتر لە دوو ڕۆژدا بە سەدان تۆن لە کەلوپەل و شتومەکی جۆراوجۆر گەیەندرایە بوومەلەرزە لێدراوان لە ئەزگەلەی کرماشان و لافاولێدراوانی لوڕستان. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە خەڵک هیچ متمانەیەکیان بە ڕێکخراوە دەوڵەتییەکانی وەک مانگی سوور و کەمپەینە دەوڵەتییەکانی دیکە نەبوو.

کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە هاوتەریب لە گەڵ بزووتنەوە گەورە نەتەوەییەکەدا دەچێتە پێش و نێورۆک و ماهییەتی وەک یەکی لەگەڵ بزووتنەوەی سیاسی هەیە و بەبێ ئەوەی بکەوێتە ژێر کاریگەریی هەر گوتارێکی نامۆ بە کۆمەڵگەی کوردستان، توانیویەتی متمانەی خەڵک و کۆمەڵگەی کوردستان بە گشتی بەرەو لای خۆی ڕابکیشێ. ڕێکخراوە مەدەنییەکان و چالاکانی مەدەنی پێگەیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتییان هەیە و خاوەنی ئێعتبارێکی زۆرن لەنێو جەماوەردا و

ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تایبەتمەندی و خسڵەتانەی ئەوان هەیانە کە بریتییە لە هەست و هزری نیشتماندۆستی و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لە هەمبەر نەتەوە و کۆمەڵگەدا.

خەڵکی کوردستان زۆرترین متمانەیان بە خەباتە گەورە جەماوەرییە نەتەوەییەکە هەیە و ئەم ڕەوتە بە ڕووگەی خۆیان دەزانن، بەڵام خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە وەک باڵێک لە خەباتە گەورەکە دەبینرێ، بەشێک لەم متمانەیەی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. لەم پێوەندییەدا ڕەهبەر مەحموودزادە پێی وایە "مەرجەعی سەرەکیی خەڵکی کوردستان ڕەوتێکی مێژوویی هەبووە بە ناوی خەباتی جەماوەریی گەل. ئەو خەباتەش وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا، خاوەنی دوو باسکی سەرەکیی بووە؛ خەباتی شار و خەباتی شاخ (بەستێنی مەدەنی و بەستێنی شۆڕشگێڕی) ئەو متمانە جەماوەرییەی خەڵکی کوردستان کە دەبوا بۆ کۆی دامودەزگاکانی حاکمییەتی ناوەندی هەیبایە (بە مەرجی دێموکراتیکبوونی)، بەخڕی و پتەوی گواستراوەتەوە بۆ دامەزراوەکانی پێوەندیدار بە خەباتی جەماوەری. خەڵکی کوردستان خۆیان لە دامەزراوەکانی پێوەندیدار بە بزووتنەوە مەدەنییەکان بە نامۆ نازانن و ئەو دامەزراوانە بە هی خۆیان دەزانن. ئەم پێوەندی و متمانە دووقۆڵییە لە چەندین ڕووداوی پێوەندیدار بە کارەساتە سروشتییەکان بە تەواوی سەلمێندرا و چەسپا."

کاتێک کە خەڵک بەرانبەر بە گیانلەدەستدانی چالاکی ژینگەپارێز، شەریف باجوەر (٣) بە شێوەی جەماوەری بە دانی دروشمی "پارێزەری نیشتمان، بوو بە شەهیدی کوردستان"، بەشدارییان لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنیاندا کرد، دەرکەوت کە چالاکانی مەدەنی و ڕێکخراوەکان خاوەنی متمانەیەکی بەرزی جەماوەرین کە نموونەی لەوجۆرە زۆرن. "بە هۆی متمانەیەک کە بزووتنەوەی مەدەنی توانیویەتی لای خەڵکی کوردستان دەستەبەری بکات، لە قۆناغی ئێستادا ئەم بزاوتە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان توانای ڕێکخستنی ڕەفتاری مەدەنیی خەڵکی هەیە و ئەمەش دەتوانێ دەسکەوتێکی بەرزی کۆمەڵایەتی بێ بۆ هەلومەرجێک کە ئەمڕۆ نیشتمانەکەمانی پێدا تێدەپەڕێ (ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کۆنگرەی ١٧).

ژینگەپارێزی وەک یەکێک لە بوارەکانی خەباتی مەدەنی کە لە کوردستان توانیویەتی زۆرترین چالاکانی مەدەنی لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە، یەکێک لە شوێندانەرترین بوارەکانی کاری مەدەنییە لەسەر ئەندێشە و ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵگە و زۆرترین متمانەی کۆمەڵگەیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوە. "بابەتی ژینگە بابەتێکی ناسنامەیی و شوناسخوازییە. لەخۆڕا نییە ژینگەپارێزانی ئێمە وەک چالاکی مەدەنی و سیاسی چاو لێ دەکرێن و کاتێک گیانیان دەبەخشن وەک شەهید ناویان دەهێنن و وەک قارەمانێک ڕێوڕەسمیان بۆ بەڕێوە دەبەن."

لەسەرپێترین و سەربەخۆترین بەشی کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان کە ئەرکی گرینگی بزووتنەوەی مەدەنی لە ئەستۆیە،

دامەزراوە ژینگە پارێزییەکان و بنکەکانی فێرکردنی زمانی کوردین کە هەردووکیان لە چوارچێوەی گوتاری نەتەوەیی کورددا و سەربەخۆ لە هەر کاریگەریەکی گشتیی ئێرانی و جوغرافیای کوردستانی گەورە، بە بابەتی ڕۆژهەڵاتەوە نووساون و ڕۆژانە چالاکیی خۆیان لە چوارچێوەی کار و چالاکییە تایبەتەکانی خۆیان دەبەنە پێشێ. بۆ چالاکانی ژینگە، ژینگە کە هەمان نیشتمان و کوردستانە بۆتە بەستێنێک بۆ پەروەردەی ڕوحی نەتەوەیی و خۆشەویستی و پاراستنی ئەو خۆشەویستە ئازار چێشتووە کە هۆکارە سەرەکیەکەی داگیرکەرانی کوردستانن. فێرگەکانی زمانی کوردی و مۆسیقاش بەستێنێکن بۆ بەرفراوانکردنی زمان و پەرەپێدان بە کەلتوورێک کە ڕۆژانە دەسەڵات پیلانی بۆی هەیە و بە درێژایی سەد ساڵی ڕابردوو لە لایەن دوو حکومەتی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامییەوە کەوتۆتە بەر پەلاماری سڕینەوە و هاوشێوەسازی، بەڵام ئێستا ئەم ناوەندانە نە تەنیا میراتی کۆنیان ڕاگرتووە، بەڵکوو خەریکی گەشەی کەلتوور و زمانی کوردین و دەسەڵاتیان ناچار بە قەبووڵی واقعیەتی خۆیان کردوە.

پێشترلە خودی کۆمەڵگەی کوردستانیشدا گرینگییەکی وا بە پاراستنی ژینگە نەدەدرا و خەڵک کەمتەرخەم بوون بە نیسبەت ئەو ژینگەیەوە کە تێیدا دەژیان، بەڵام ئێستا لە سایەی هەوڵ و چالاکیی ڕێکخراوە ژینگەپارێزەکان و لە سایەی ئەو ڕەوشەنگەریەی کە ئەوان کردوویانە و دەیکەن،ڕوانگەی زۆربەی زۆری خەڵکی کۆمەڵگەی کوردستان بە نیسبەت ژینگەوە گۆڕدراوە و تەنانەت وەک بایەخێکی نەتەوەیی و جۆرێک لە کوردایەتی سەیر دەکرێ. تا ڕادەیەک لە هەموو شارەکانی کوردستاندا ڕێکخراوی تایبەت بە ژینگەپارێزی هەیە کە چالاکانی ژینگەپارێزی بە کۆبوونەوە لە دەوری یەکتر، بیر لە چۆنیەتیی پاراستنی ژینگە و هاندانی خەڵک بۆ پاراستنی ژینگەی کوردستان دەکەنەوە. ئەوان نە تەنیا بە دەستی بەتاڵ و ئەوپەڕی بێ ئیمکاناتییەوە خەریکی پاراستنی ژینگەی کوردستانن، بەڵکوو بەرانبەر بە سیاسەت و هەڵوێستەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرانبەر بە ژینگە بەرەنگاری دەکەن.

خەڵک متمانە و ڕێزی زۆر بۆ ئەو کەس و کەسایەتییانە قایلە کە وەک ڕوخسار و سیمای جموجۆڵی مەدەنی لە نێوخۆی وڵات دەرکەوتوون، بەتایبەت کە زۆر لەوان باجی گەورەیان لە بواری ئاسایش و ئەمنییەتی گیان و ماڵی خۆیان داوە. بەڵام لەوانەیە بە دوو هۆکاری؛ ماهییەتی دیکتاتۆریی دەسەڵاتی زاڵ بە سەر کوردستان و، کەم ئەزموونیی کورد لەم بەستێنە لە خەبات، کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هێشتا مابێتی کە بگاتە ئاستی چاوەڕوانییەکان. "نە بەستێنەکە (کۆمەڵایەتی و سیاسی) لەبار بووە و نە چالاکانیش توانیویانە بە نەخشە ڕێگا و دوورەدیمەنێکی ئەوەندە ڕوون و بە ساز و کارێکی ئەوەندە کارا و هەمەلاگیردا بچنە پێش کە هیوایەکی ڕێکخەر لەنێو خەڵکدا درووست بکا، هیوایەک کە پەیوەستبوونی جەماوەریی مەیدانی، مەودادار و ئالەنگارساز بە هەوڵ و دەسپێشخەرییەکانی ئەو چالاکە مەدەنییانەی لێ بکەوێتەوە."

ڕێکخراوەکان، لە نەبوونی بەرنامە، دەستکورتیی ئابووری و بە هۆکاری مەحفلیبوونیان کە نەیانتوانیوە لە پانتایی جەماوەری کۆمەڵگەدا خۆیان دەربخەن، نەشیانتوانیوە وەک دامەزراوە و ڕێکخراو خۆ ڕێکبخەن و کارەکانیان بۆ زۆرینەی خەڵکی کۆمەڵگە نییە. جیا لە ڕێکخراوەکانی چالاکی بواری ژینگەپارێزی کە ئەوانیش زیاتری پێوەندییەکانیان لە گەڵ خەڵکدا سۆزدارییە، ڕێکخراوە مەدەنییەکانی دیکە لە بازنەیەکی بەرتەسک و مەحفیلیدا کار دەکەن و هێشتا خۆیان بە جەماوەری نەکردوە.

بزووتنەوەی مەدەنی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بۆتە ئەمری واقع، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر گەشە دەکات و زیاترمتمانەی جەماوەر بەدەست دێنێ. ئەم بزووتنەوەیە بەشێوەیەکی نیمە ڕێکخراو کارەکانی لە هەموو بوارەکاندا ڕادەپەڕێنێت و سەدان ڕێکخراو و NGOی لە پشتە و بە هەزاران مرۆڤی دەروەست و ئاگا کاری بۆ دەکەن و پێوەی ماندوون. لە هەموو بوارەکاندا ئەزموونی باش بەدەست هاتوە و دەرفەتی گەشەسەندنی لە زیادبووندایە.

***

١- بەهۆی ڕوودانی بوومەلەرزەی ٧ ڕیشتەری لە ئەزگەلەی کرماشان لە ڕۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی ٢١ی خەزڵوەری ساڵی ١٣٩٦ی هەتاوی بە هۆی بوومەلەرزەیەکی ٧ ڕیشتەرییەوە لە ئەزگەلە هەڵکەوتوو لە پارێزگای کرماشان، زیاتر لە ١٠ هەزار کەس مردن و بریندار بوون و زیانێکی زۆری ماڵییش وە خەڵکی ناوچەکە کەوت.لەم پێوەندییەدا بە هەوڵ و هیممەتی چالاکانی مەدەنی و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی شەپۆلێک لە کۆکردنەوەی یارمەتی و گەیاندنیان لە کورتترین ماوەدا بەوپەڕی ڕێکوپێکییەوە هەر لە شارەکانی ماکۆ و سەڵماسەوە تا خوارترین ناوچەی ڕۆژهەلاتی کوردستان کەوتە ڕێ.

٢ -لە سەرەتای سەری ساڵی ١٣٩٨ی هەتاوی بە هۆی کەوتنەوەی لافاو لە ناوچەی کوهدەشتی لوڕستان زیانێکی قورسی ماددی وە خەڵکی ناوچەکە کەوت و جیا لە گیانلەدەستدانی ئافرەتێک بە دەیان کەس بریندار و بە هەزاران کەس بێ ماڵ و گوزەران بوون کە لە سەر داواکاریی چالاکانی مەدەنی خەڵکی کوردستان بە یارمەتییەکانیان بە هانایانەوە چوون و یارمەتییان دان.

٣- یەکێک لە هەڵسووڕاوانی مەدەنیی کوردستان و چالاک لە بواری ژینگەپارێزی و ئەندامی ئەنجومەنی سەوزی چیای مەریوان کە هاوڕێ لەگەڵ سێ کەس لە هاوڕێیانی ژینگەپارێزی (ئۆمید کۆنە پۆشی، محەممەد پەژووهی و ڕەحمەت حەکیمی نیا )، ڕۆژی ٣ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی لە حاڵێکدا خەریکی کووژاندنەوەی ئاوری دارستانەکانی مەریوان بوون، بە هۆی بەربلاویی ئاورەکەوە گیانیان لەدەست دا.

٢٢ی ڕەزبەری ٢٧٢٤

## مەیل و مەرامە شەڕاشۆییەکان، کۆماری ئیسلامی وەک ماکەی سەرەکی



کیشە و ئاڵۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێوەندیدار بە شەڕی نێوان ئیسرائیل و هێزە نیابەتییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران تا دێ ئاڵۆزتر دەبێ. لە تازەترین هێرشی مووشەکیی حیزبوڵڵای لوبنان بۆ سەر پێگەیەکی سەربازیی ئیسرائیل لە بنیاميناى نزیک شاری حیفا، چوار سەربازی ئیسرائیلی کوژران و نزیک بە شەشت سەربازی دیکە بریندار بوون. هێرشەکە بە چوار درۆنی شەڕکەر کراوە کە سێیان لە لایەن بەرگریی ئاسمانیی ئیسرائیلەوە پووچەڵ کراونەتەوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بنیامین ناتانیاهۆ دوای هەوڵێکی زۆر بۆ وەرگرتنی چراسەوزی ئەمریکا بە مەبەستی وڵامدانەوە بە هێرشەکەی ١ی ئۆکتۆبری کۆماری ئیسلامی بۆ سەر وڵاتەکەی، سەرقاڵی خۆئامادەکردن بۆ هێرشکردنەوە سەر ئێرانە. هەرچەند وەک باس دەکرێ هێرشەکە چوارچێوە و مەرجی خۆی هەیە و ئیسرائیل دەبێ خۆی لە هێرشەکردنەسەر پێگە ئەتۆمی و نەوتییەکانی ئێران بپارێزێ.

کۆماری ئیسلامی کە لە وڵامدانەوەی ئیسرائیل هەم دڵنیایە و هەم ترسیشی ڕێنیشتووە، هەموو هەوڵێکی ئەوەیە هێرشەکە لەسەر خۆی سووک بکات، بۆیە دەستەوداوێنی ئەمریکا و وڵاتانی ناوچەکە بووە و بۆ ئەم مەبەستە وەزیری دەرەوەی ڕێژیم، عەبباسی عێراقچی لە جەولەیەکی دیپلۆماتیکدایە.



سەرچاوە
Serchawe

ئەمریکا کە لەسەر جۆری وڵامدانەوەی ئیسرائیل بە هێرشەکەی ١ی ئۆکتۆبری کۆماری ئیسلامی، گوشارێکی دیپلۆماتیکی خستووەتە سەر ناتانیاهۆ، دەستبەرداری پشتیوانییەکانی لە ئیسرائیل نیە و ناشبێت. بڵاوکراوەکانی ئەمریکا لەو چەند ڕۆژەدا باسیان لەوە کردوە ئەمریکا لە تەیارکردنی ئیسرائیل بە چەکی جۆراوجۆری دژە مووشەک، بەردەوام دەبێت. سیستەمی دژە مووشەکی "تاد" کە یەکێک لە دەسکەوتە هەرە پڕ بایەخ و وردئەنگێوەکانی ئەرتەشی ئەیالاتی یەکگرتووی ئەمریکایە، لەم ڕۆژانەدا دەدرێتە ئیسرائیل کە یەکێک لە گەورەترین مەئموورییەتەکانیشی ئەنگاوتنی مووشەکەکانی ئیران دەبێ.

بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بە یەکجاری تووڕە و نیگەران کردوە، بە جۆرێک کە عەبباس عێراقچی، وەزیری دەرەوەی ئێران بە زمانێکی زبری تێکەڵ بە هەڕەشە گوتویەتی؛ ئەم کارەی ئەمریکا دەبێتە هۆی وەمەترسیکەوتنی گیانی سەربازەکانی.

ئادرەسی هەڕەشەکانی عێراقچی دیارە کوێیە. ئێران ڕاستەوخۆ خۆی لە ئەمریکا و هێزەکانی ناگەیەنێ؛ نە توانا و نە مەوقعییەتی ئەوەی هەیە، بەڵام وەک تا ئێستا نیشانی داوە لە ڕێگای هێزەکانی نزیک لە خۆیەوە لە عیراق، دەتوانێ دەست لە سەربازە ئەمریکاییەکان بوەشێنێ کە ئەو هەڵوێستانە وەک پێویست کار ناکەنەسەر پێوەندیی ئیستراتژیکی نێوان ئەمریکا و ئیسرائیل و پشتیوانییەکانی واشنگتۆن بە تێل‌ئاڤیو بە شێوەی جۆراوجۆر بەردەوامە.

هێرشی دوێنێ شەوی حیزبوڵڵا بۆ سەر ئیسرائیل کە خەساری بەرچاوی گیانی و سەربازیی بۆ ئەم وڵاتە بەدواوە بوو، بێگومان کۆماری ئیسلامیی ئێران دەخاتە مەوقییەتێکی دیکەوە. ناتانیاهۆ هەموو ئەم هێرشانە بۆ سەر وڵاتەکەی لە چاوی کۆماری ئیسلامی ئێراندا دەبینێ. بۆیە پێناچی هێرشە لەسەر ڕێککەوتووەکەی بۆ سەر ئێران، بەوجۆرە بێت کە ئەمریکا بۆی دیاری کردوە و وڵاتانی عەرەبییش لێیان خواستووە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناڕەزایەتییە نێوخۆییەکانی ئیسرائیل دژ بە بەرنامەکانی ناتانیاهۆ و گەورەبوونەوەی کیشەکان و خەسارە گیانی و سەربازییەکان، لە زیادبووندان. دژبەرانی ناتانیاهۆ لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆن و بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی وڵاتەکە، پێیان وایە زیادەڕەوییەک بە مەرامی سیاسی لە لایەن دەوڵەتی ناتانیاهۆوە لە ئارادایە کە خەریکە وڵاتەکەیان بەرەو مەترسییەکی گەورە دەبات. ئەو ناڕەزایەتییە لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆن کە خەریکە لە کۆمەڵگەی ئیسرائیلدا پەرە دەستێنی، فاکتەرێکی کەم نییە و دەوڵەتی ناتانیاهۆیش ناتوانێ چاویان لەسەر دابخات.


بەڵام وەک هەموو لایەک بەباشی لێی ئاگادارن و یەکێک لە هۆکارە بنەڕەتی و سەرەکییەکانی درێژەکێشانی ئەم ئالۆزییانەیە و لەوانەیە بەردەوامبوونی ناتانیاهۆ لە وڵامدانەوە بەم شەڕ و شۆڕانەدا درێژ بکاتە و نەیارانیشی بۆ ماوەیەکی کاتی بەدوور لە ناڕەزایەتی ڕابگرێ، مەیلی شەڕئەنگێزانەی کۆماری ئیسلامی ئێرانە. کۆماری ئیسلامی کە لە نێو

خـۆی وڵاتەکەدا لەگەڵ نـاڕەزایەتییەکی بەربەرینـی کـۆمەڵانی خەڵـک بەرەوڕوویە و دەیـان قەیرانـی جۆراوجـۆر هەیە و تەنانەت توانای مودیرییەتی دیاردەیەک بە ناوی "ونبوونی و بێسەروشوێنبوونی فەرماندەی گشتیی هێزەکـانی سپای قـودس، ئیسماعیل قائانی"ی نییە، هەموو شانس و گرەویکی لە سەر سیاسەتی شەڕاشۆیی خۆی و "نێعمەتی شەڕ"ە.

جیا لە کایە دیپلۆماتیک و بەرژەوەندییە دیارونادیارەکـانی پشتی پەردەی ئەم شەڕ و ئاڵۆزییـانە؛ ئەوەی دەیبینـین یەکتر بەهێزکردنی مەیل و مەرامە شەرئەنگێزەکانن کە کۆماری ئیسلامی ئێران ماکە و هۆکاریی سەرەکیی ئەم دۆخەیە.

۲۳ی ڕەزبەری ۲۷۲٤

## داهاتووی کۆمەڵگەی مەدەنی؛ هەڕەشە و دەرفەتەکان




### کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی زاڵبوونی سیستەمێکی سەخت و ڕژدی وەک نیزامێکی دیکتاتۆری وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران بە سەر کوردستان و تێفکرینێکی تەوایەتیخواز و خۆبەزلزانی فارس-شیعی لەلایەک و، لە ایەکی دیکەوە بە هۆی لاوازیی فەرهەنگی حیزبایەتیکردن و ڕوانگەیەکی هێژمونیخوازی حیزبی کە بە سەر فەزای سیاسیی کوردستاندا زاڵە و هەروەها بە هۆی ساوابوون و نەبوونی ئەزموونی پێویست، لە بەردەم تاقیکاری دایە. داهاتووی کۆمەڵگەی مەدەنی، بزووتنەوەی مەدەنی و کاریگەریی و ڕۆڵی چالاکانی مەدەنی، بەو دەرفەت و هەڕەشانەوە بەستراوەتەوە کە لێرەدا کورتە سەرنجێکیان دەخرێتە سەر.

### هەڕەشەکان

سەرەکیترین هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کورد و کوردستان لە تەواویەتیی



سەرچاوە
Serchawe

خۆیدا، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئەو ڕوانینە ئەمنیەتییەیە کە بۆ پرسی کورد و خاکەکەی هەیەتی. بەپێی خوێندنەوەی نیزامی زاڵ بەسەر کوردستاندا، سەرکوتی کورد و حاشا کردن لە هەر پرسێکی پێوەندیدار بە کوردەوە ڕەوا و ڕێگەپێدراوە. بۆیە "یەکێک لە گرینگترین بەربەستەکانی خۆڕاگریی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پرسی ڕەوابوونی سەرکوتی کورد لە ئاستی ئێراندایە. کورد وەک نەتەوەی پەراوێزخراو سەرکوتی لە لایەن نەتەوەی باڵادەستەوە ڕەوایە چونکی کوردستان نیشتمانێکی داگیرکراوی ژێردەستی نەتەوە و دەسەڵاتی فارسە". کەوابوو لە قۆناغی ئێستادا ئەوەی نوێنەرایەتی ئەقڵییەتی پاوانخوازی فارس و دەوڵەتی ناوەندگەرای ئێرانی دەکات و سەرچاوەی کۆی هەڕەشەکانە بۆ سەر کۆمەڵگەی مەدەنی، نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

گەشە و کارایی کۆمەڵگەی مەدەنی و چالاکیی چالاکانی مەدەنی پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە ژینگەیەکی دێموکراتیک و ئازادەوە هەیە و نەبوونی ئەم ژینگە دێموکراتیک و ئازادە کە بە بوونی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە خەڵکی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێبەری کراوە، گەورەترین لەمپەرە بەرانبەر کۆمەڵگەی مەدەنی. چالاکانی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەگەر لەلایەک بە هۆی نەبوونی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دێموکرات، مەجال و دەرفەتی کار و داهێنانیان بەرتەسک و مەحدودە، لە لایەکی دیکەوە بە هۆی نیزامی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە ڕووبەڕووی سەرکوت و دەستبەسەرکردن و... دبنەوە و بەو هۆیەوە هێندێک جار ناچار بە بەربەرەکانێی ڕژد و نامەدەنیانە دەبنەوە کە ئەم توندوتیژییە لە ماهییەتی خۆیدا دەتوانێ هەڕەشە بۆ سەر کۆمەڵگەی مەدەنی بێ. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێکخراوە مەدەنییەکان ناوەندگەلێکن کە لە ئاستی بەرەنگاریدا بە هۆی ناڕێکخراوبوونیان بچووک و لاوازن، بۆیە هەرچی دەوڵەت و دەسەڵات بەرەو تۆتالیتێری بچێ، جێگایان لێژ دەبێ و لەگەڵ ئەوەیکە خۆیان بە دەستەوە نادەن، چالاکییەکانیان لە شێوازی ئاشکراوە دەگۆڕدرێ بۆ نهێنی و ژێرزەمینی و ئەگەر مەیدانیان لێ بەرتەسکتر بکرێتەوە و زیاتر سەرکوت بکرێن، هیچ دوور نییە دەست بۆ چەک بەرن و لە ڕێکخراوی مەدەنییەوە بگۆڕدرێن بۆ تەشکیلاتێکی چەکداری.

پێوەندیی نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و بزووتنەوەی سیاسی لە کوردستان و کارتێکەرییان لە سەر یەکتری و هاودیسکۆرسیی ئەم دوو باڵە لە بزووتنەوەی جەماوەریی کوردستان بە خاڵی بەهێز و دەرفەت بۆ هەر دوو بزووتنەوەکە باس کرا. لە نێوان پێوەندیی دیالکتیکی ئەم دوو بەستێنە لە خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەلێنێکی ورد هەیە کە وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر کۆمەڵگەی مەدەنی دێتە ئەژمار، ئەویش "بەحیزبی کردن"ی کۆمەڵگەی مەدەنییە. یەکێک لە مەترسییەکانی سەر کۆمەڵگەی مەدەنی ئەوەیە کە حیزبەکان چاوەڕوانیی ئەوەیان لە ڕێکخراوە مەدەنییەکان یان چالاکانی مەدەنی هەبێت کە سەر بەوان بن و بە قسە و دەستوری ئەوان بجووڵێنەوە و، بیانکەنە بەشێک لە تەشکیلات و ئەندامی خۆیان و ئەگەر ئەو چاوەڕوانییەیان دەستەبەر نەبوو، لە بەرانبەر خۆیانیان دابنێن و بە داردەستی دوژمنیان پێناسە بکەن. یان ئەوەیکە حیزبەکان هەوڵ بدەن لە نێوخۆی وڵات ڕێکخراوی بەستراوە بە خۆیان و هاوتەریب لە گەڵ ڕێکخراوە مەدەنییەکان درووست

بکە.

لە نێو سیستەمێکی دێموکراتی و ژینگەیەکی ئازادی سیاسیدا حیزب و ڕێکخراوی مەدەنی دەتوانن تەواوکەری یەکتر بن و گەلێک پرۆژە و بەرنامە و میتینگی هاوبەش بۆ ئامانجێکی دیاریکراو بەڕێوەبەرن، بەلام بەدەر لەم حالەتە و لە نیزامێکی دیکتاتۆری و ژینگەیەکی داخراوی وەک ئێستای ئێراندا دەستێوەردانی حیزبەکان لە ڕێکخراوە مەدەنییەکان، دەتوانێ تەواو مەترسیدار بێت و دەرفەتەکانی بەردەم پاراستنی کۆمەلگەی مەدەنی بفەوتێنێ. لە لایەکی دیکەشەوە بەحیزبیکردن هەزینەی کارکردن دەباتە سەرێ و بەشێکی زۆر لە خەڵک کە حەزیان لە چالاکییە و حازر نین تێچووی زۆر بدەن دەترسێنێ و لە بزووتنەوە دەیانتەکێنێتەوە.

هەر لە بارەی پێوەندیی نێوان کۆمەلگەی مەدەنی و حیزبەکان و مەترسییەکانی بەحیزبیکردنی کۆمەلگەی مەدەنی.

**مەحموودزادە لە سێ خاڵدا بەڕوونی باس لە جۆری ئەم مەترسیانە دەکات:**

١- لە ئەگەری نەمانی باڵێک لەم دوو باڵە (مەدەنی و سیاسی) باڵەکەی تر تێدا دەچێ.
٢- ئەگەر هەر دوو باڵ هەبن بەلام پێوەندییە ئۆرگانیکەکەی نێوانیان بپچڕێ و لە خراپترین حالەتیشدا ئەو دوو باڵە بە دژی یەک بوەستنەوە.
٣- یەکێک لەو باسکانە بیەوێ مەنتیقی خۆی بە تەواوی بەسەر ئەوەی دیکەدا زاڵ بکا و لەنێو خۆیدا بیتوێنێتەوە.

بۆ ئەوەی کۆمەلگەی مەدەنی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بە حیزبی نەکرێ، پێویستە "هێڵێکی پڕڕەنگ لەنێوان حیزب و کۆمەلگەی مەدەنیدا هەبێت و بۆ پاراستنی سەروەریی نەتەوەیی و گەشەی سەقامگیر، حیزب نە دەبێ ڕێکخراوی مەدەنی سەر بە خۆی ساز بکات، نە دەست لە کاروباری کۆمەلگەی مەدەنی وەربدات". ڕێکخراوەکانی مەدەنی بۆ ئەوەی بتوانن لە هێزی جەماوەری خەڵک کەلک وەربگرن و سەرنج و متمانەی تێکڕای خەڵک بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و متمانەی گشتیی جەماوەر وەدەست بێنن، دەبێ بە تەواوەتی سەربەخۆ بن و نەبنە پاشکۆی حیزب.

لەم پێوەندییەدا عەبدوڵلا حەسەنزادە، بە ئاماژەدان بە وتارێکی حیزبەکەی کە ساڵی ١٣٥٣ لە پەرتووکی "تێکۆشەر"دا بلاو کراوەتەوە، باس لەوە دەکات حیزبی دێموکرات هەمیشە هەوڵی ئەوە بووە دەستێوەردانی ئەو کوڕ و کۆمەڵە فەرهەنگی و ئەدەبییانە نەکات کە لە نێوخۆ ساز دەبوون و چالاکییان دەکرد و دانی مۆرکی سیاسی لە ڕێکخراوە مەدەنییەکان بە کارێکی نادرووست و زیانبەخش دەزانێ. لەم پێوەندییەدا ناوبراو پێی وایە "شانازی ئەوە نییە حیزب فەعالییەتی باشی خەڵکەکەی بکا بە هی خۆی، شانازی و هونەرەکە لەوەدایە فەعالییەتە باشەکەی خۆت بە هی خەڵک بزانی. چونکی گەورەترین

شانازی بۆ حیزبێکی سیاسی ئەوەیە کە ئەوەی دەیکا لە خزمەتی خەڵکدا بێ. لە پاشان ئێمە ئەگەر مەسئوولانە بیر بکەینەوە، حیزبی خەڵکین، بۆخۆمان و حیزبەکەمان هی خەڵکین. حیزب بە هەموو بەربڵاوییەکەی بۆخۆی بەشێکی کەم لە خەڵکەکەیە، کەوایە بەهیچ جۆر لەگەڵ ئەوە نیم کە کاری چالاکانی مەدەنی و ڕێکخراوەکانیان مۆرکی سیاسییان لێ بدرێ و فەعالییەتی خەڵکی بکرێتە هی حیزبەکان."

هەر لەم بارەوە ڕەزا کەعبی دەڵێ "قەت پێمان وا نەبووە ڕێکخراوە مەدەنییەکان بکرێنە هی کۆمەڵە. بەبێ ئەوەی هیچ چاوەڕوانییەکی سازمانیمان لێیان هەبێ، زۆر جار هاوکاریشمان کردون و خۆمان بە پشتیوانیان زانیوە. ئەم ساڵانەش یەکێک لەو بزووتنەوە مەدەنییانەی کە ژینگە پارێزییە دەور و نەخشی زۆری هەبووە، ئێمە ویستوومانە هاوتەریب و هاوئاهەنگ بین لەگەڵ هەموویان. ئیمکانی نییە حیزبێک لە هەلومەرجی ئێستادا کە کۆمەڵگە گۆڕانێکی قووڵی کۆمەڵایەتی بەسەردا هاتوە، بتوانێ ڕێکخراوێک بکاتە حیزبی. ئەسڵەن ئەو قۆناغە بەسەر چووە. دەورەی ئەوە تەواو بووە کە حیزب هەموو شتێک ببڕێتەوە. هێزی دیکە لە کۆمەڵگە هاتۆتە ئاراوە و زۆرێک لە ڕۆڵ و نەخشەکان بە سەر هێزی دیکەی کۆمەڵگەدا دابەش بوون کە کۆمەڵگەی مەدەنی یەکێک لەو هێز و باسکە نوێیانەیە."

خەباتی مەدەنی و ئەو کۆمەڵگەیەی لە ئاکامی ئەم خەباتە بنیات دەنرێ بە مەرجێک ڕیشەیەکی مێژوویی هەبێت و خاوەنی ڕەسانایەتی لە خاک و خەڵکی خۆی بێت، کەم وا هەیە دەستەمۆیی و دەستێوەردان و توانەوە لەنێو چوارچێوەیەکی دیکەدا قبووڵ بکات. کەوابوو "خەباتی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەرگیز بە تەواوەتی بە حیزبی ناکرێت". بەڵام ئەو ڕەوتە سیاسییانەی خاوەنی بەربڵاوترین پێگەی جەماوەرین و پێوەندییەکی ئۆرگانیکیان بە کۆمەڵگەوە هەیە، مۆرکی خۆیان لە هەر ڕەوتێکی زادەی ئەو کۆمەڵگەیە دەدەن. بەو مانایە کە زیندووترین پێوەندیی ئۆرگانیکی لەگەڵ دادەمەزرێنێ و لەگەڵ خۆی هاوئاراستەی دەکات. بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەو پێگە مێژوویی و بەرفراوانە جەماوەرییەی کە هەیەتی، شکی تێدا نییە کە شوێنەواری لەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی و خەباتی مەدەنی داناوە و لە هێما و گوتار و سەبکی ڕەفتاردا هاوئاراستەی خۆی کردوە. حیزبەکان نابێ هەوڵ بدەن ئەو ڕێکخراوە مەدەنییەکان بکەنە حیزبی، چونکی هەم ناتوانن شتی وا بکەن و هەم ئەگەر هەوڵی بۆ بدەن کارێکی بێهوودە دەکەن. کۆمەڵگەی کوردستان گۆڕانێکی بەرینی کۆمەڵایەتی تێدا پێک هاتووە و هەرچی ئەم کۆمەڵگە پێشکەوتنخوازتر، مەدەنیتر و جەماوەریتر بێت، زیاتر بەقازانجی کۆمەڵگە دەبێت. ئەگەر حیزبێک ئەم نەتیجەیە بە زەرەری خۆی بزانێ و نەتوانێ ئەم بەرەوپێشچوونە لە بەشێک لە ئامانجەکانی خۆیدا پێناسە بکات، بێگومان لەمپەرێکی گەورەیە لە سەر ڕێگای گەشەی کۆمەڵگەی مەدەنی.

بۆچوونێک هەیە کە پێیوایە مەترسیی بەحیزبیکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕادەبەدەر گەورە دەکرێتەوە و خودی ئەم لەبەرانبەر یەکدا دانانەی ئەم دوو بەستێنە لە خەبات هەڕەشەیەکی گەورەترە بۆ سەر کۆمەڵگەی

مەدەنی. بزووتنەوەی مەدەنی قەت بەرانبەر بە بزووتنەوەی شۆڕشگێری ڕاناوەستێ، مەگەر ئەوەیکە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە بیهەوێ خەباتی مەدەنی بێبایەخ نیشان بدات. لە پازدە ساڵی ڕابردوودا بە هۆی کۆمەڵێک لیدەر کە توانای لێکدانەوەی واقعی کۆمەڵگە و خەبات و سیاسەتیان هەیە بەشێک لە کێشەکان چارەسەر کراون. لەم پێوەندییەدا ئازاد محەممەدیانی پێی وایە: "بزووتنەوەی مەدەنی و کەلان گوتاری نەتەوەیی یا بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ئێستادا ڕکابەری یەکتر نین، بەڵام کەسانێک هەن کە ئارەزوویانە بەرەو ئەم مەسیرەی بەرن، کەسانێک کە پێیەکیان لە ڕێفۆرمخوازیی ناوەندگەرای ئێرانی دایە. ئەوانە لە قۆناغێکدا توانیبوویان ئەم بیرۆکەیە زاڵ بکەن کە ئەوەی ئێستا لە ئارادایە (جموجۆڵی مەدەنی) بەرهەمی شکستی خەباتی شاخە و بەدیلێکە بۆ ئەو کە هەڵبەت ئێستا بە هۆی ناکارامەیی ئیسلاحات لە کزیدان". بەشێکی زۆر گەورە لە هەرایەکی هەڵخەڵەتێنەر کە لە سۆنگەی ئەم پێوەندییەوە دەنرێتەوە، لەڕاستیدا هی ئەو ڕەوتە سیاسییانە نییە کە بەڕاستی دڵسۆز و خەمخۆری سەربەخۆیی خەباتی مەدەنین، بەڵکوو هی ئەو ڕەوتە سیاسییانەیە کە لە مەیدانی ڕکەبەریەتیدا خاوەنی ئەم جێگە و پێگەیە نین کە خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن. ڕاستییەکی تاڵ لە مێژووی خەباتی هاوچەرخی کورد ئەمەیە کە زۆر جار ئەو بەربەستانەی ئەو ڕەوتە کوردییە پەراوێزییانە بۆ هەر دوو باڵەکەی خەباتی جەماوەری (مەدەنی و سیاسی) سازی دەکەن، زۆر ڕووخێنەرتر بووە لەو بەربەستانەی حاکمییەتی ناوەندی سازی کردوە.

هەر لە مەسەلەی هەڕەشەکانی سەر کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە کەمترین باسی لە سەر کراوە، هەڵوێست و بۆچوونی کوردە ڕۆژهەڵاتییەکان لە دیاسپۆرایە بەرانبەر بە کار و تێکۆشانی چالاکانی مەدەنی لە نێوخۆی وڵات. ئەوان کە زۆربەیان بە چەند دەیەیە لە کوردستان دوورن و کەمتر دەرک بە واقعی کۆمەڵگە و زەرفییەت و دەرفەتەکانی نێوخۆی وڵات دەکەن، خوێندنەوە و قەزاوەت و ڕەفتاریان بەرانبەر بە چالاکانی مەدەنی و ڕێکخراوە مەدەنییەکان و بە گشتی کۆمەڵگەی مەدەنی، زۆر دوورە لەوەی لە نێوخۆی وڵات بوونی هەیە. جۆری ڕوانین و هەڵوێست و قەزاوەتی کوردی دیاسپۆرا لە ئێستادا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەرانبەر بە جموجۆڵی مەدەنی و چالاکانی ئەم بەستێنە، دەتوانێ کەلێنێکی بەرینی کۆمەڵایەتی لە ئێستا و داهاتوو لە کۆمەڵگەی کوردستاندا ساز بکات.

## دەرفەتەکان

بەڕەسمی‌ناسینی کۆمەڵگەی مەدەنی لە لایەن بزووتنەوە گەورە نەتەوەییە جەماوەرییەکەوە یەکێک لەو درفەتانەیە کە گەلێک دەرگا و مەجالی ئەرێنی بۆ بزووتنەوەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردۆتەوە. ئەم بەڕەسمی ناسینە لەگەڵ خۆیدا پشتیوانی و متمانە پێبەخشینی بەدوادا هاتووە و حیزبەکان چ لە گوتار و چ بە پشتیوانیی میدیایی، دەرفەتێکیان بۆ گەشە و بەرفراوانبوونەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی خوڵقاندوە.
هەروەک چۆن بوون و بەردەوامیی نیزامی کۆماری ئیسلامی لە تەواویەتی خۆیدا هەڕەشەیە بۆ سەر کۆمەڵگەی مەدەنی، بە

"ڕووخانی ئەم ڕێژیمە لەمپەرێکی زۆر ئەساسی و قورس و بنەڕەتی لە سەر ڕێگای گەشەی خەباتی مەدەنی و سیاسی لە کوردستان هەڵدەگیردرێ."

دەرفەتێکی دیکە بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پەیدابوونی ئینترنێت و پەرەسەندنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە کە مەجالێکی بەرفراوانی بۆ چالاکانی مەدەنی، ڕێکخراوە مەدەنییەکان و بە گشتی کۆمەڵگەی مەدەنی پێک هێناوە کە کار و چالاکییەکانیان بناسێنن، سەرنجی کۆمەڵگە بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و گوشار بخەنە سەر لایەنی دەسەڵات. لە دەیەی ڕابردوو بەم لاوە، ئینترنێت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆری پەرەگرتوە و بەکارهێنەری زۆر هەن. ئینترنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەرفەتی بە خەڵک داوە لە ئاستێکی بەریندا و ڕاشکاوانە دژایەتیی خۆیان دژی دەسەڵات دەرببڕن. بە کەمترین تێچوو، دەسکەوتی باش وەدەست هاتووە.

بوونی سۆشیال میدیا بووەتە دەرفەتێکی زۆر جیددی و گەورە بۆ ئەوەیکە دەسەڵات نەتوانێ پرسەکان دیزە بە دەرخۆنە بکا و سەرپۆشیان لەسەر دابنێ. سۆشیال توانیویەتی ئەو دەرفەتە لە دەسەڵات بستێنێ کە بە شێوەیەکی تاک لایانە و مۆنۆلۆگی حکومەتی خۆی بەسەر خەڵکدا بسەپێنێ توانیویەتی ئەو دەرفەتە ساز بکا بۆ ئەوەی خەڵک بتوانێ قسان بکا لەگەڵ یەکتر، مۆنۆلۆگ بکا بە دیالۆگ و لە بەرانبەر دەسەڵاتدا ڕاوەستێ. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەگەر لە لایەک ئاستی چالاکی و تەبلیغیی ڕێکخراوە مەدەنییەکان و چالاکانی بەرز کردۆتەوە لە لایەکی دیکەوە توانیویەتی دەستی دەسەڵات تا ڕادەیەک لە سەرکوت کەم بکاتەوە.

بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاریی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان و بەرزبوونەوەی ڕەفتار و بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتیی خەڵک بۆ ئاستی چینی مامناوەندی یەکێک لەو دەرفەتانەیە کە کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانێ زۆرترین کەڵکی لێ وەربگرێت. لەم پێوەندییەدا بێهزاد خۆشحاڵی بە دابەشکردنی شوناسی نەتەوەیی بە سەر سێ قۆناغی؛ "بەرگری"، "ڕەوایی" و "بە بەرنامە"، لەو باوەڕەدایە کە کۆمەڵگەی کوردستان گەیشتۆتە ئاستێک کە دەتوانێ بەرەو شوناسی بە بەرنامە بڕوات و " گەورەترین دەرفەت بۆ کورد ئەوەیە کە بەرەو شوناسی بە بەرنامە هەنگاو بنێێ. ئەمە دەتوانێ بۆ کۆمەڵگەی مەدەنی دەرفەتێک بێت کە کۆمەڵگەیەکی هاوتەریب ساز بکات کە خاوەنداریەتی لە زۆرێک لە پرسەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بکات و بە بەرنامەوە خۆی بە ڕێکخستن و ڕێکخراو بکات.

## ئاکامگیری

بوونی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرفەتێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کەلتوورییە کە بە ڕووی کۆمەڵگەی

کوردستان و پرسە هەڵپەسێردراو و چارەسەرنەکراوەکانیدا خۆی واڵا کردوە. لە نەبوونی کیانی سیاسی و نەبوونی مەیدانێکی ئازاد و یاسایی بۆ تێکۆشانی سیاسی، تەنیا گەڕانەوە بۆ نێوخۆی کۆمەڵگە و کەڵکوەرگرتن لە پتانسێلی کارای کوردستانە کە دەتوانێ ئەو کەلێن و بۆشاییانە پڕ بکاتەوە و پارێزگاری لە وجوودی نەتەوە و نیشتمان بکات. کۆمەڵگەی مەدەنی ئەو دەرفەت و پتانسێلە کارا و متمانە پێکراوەیە کە دەتوانێ بەرانبەر بە دەوڵەت - مافیادا خۆی بنوێنێ.

مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا بە دروشمی سیاسی و فۆرموولی گەورە بەرەوپێش ناچێت. بەپێی ئەو هێز و توانایانەی کە لە کۆمەڵگەدا بوونیان هەیە، دروشم و فورموولەکان دەبێ ورد بکرێنەوە و بکرێنە کەرەستەیەک بۆ تێکۆشان و چالاکیی ڕۆژانە. نابێ تەنیا چاومان لە بزووتنەوە جەماوەرییە گەورەکە بێت و لە وردە بزووتنەوەکانی نێو کۆمەڵگە غافڵ بین. بەستێنی مەدەنیی خەبات بە هەموو لق و پۆپەکانیەوە دەرفەتێکی وای خوڵقاندوە کە دەتوانێ تاکی کۆمەڵگە لە بێتەفاوەتی و کەمتەرخەمیی ڕۆژانە دەرهێنێ و بیخاتە نێو سیستەمێک لە جموجۆڵی ڕۆژانە کە بەردەوام بەدوای خۆی و چارەنووسیدا بگەڕێ و چاولەدەست نەبێت.

کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئەوەی بتوانێ بەرەنگارییەکی سیستماتیک و بەهێزی هەبێت و پاشەکشە بە هێزی دژبەر - کە کار لە سەر چووکەکردنەوە و توانەوەی دەکات - بکات، پێویستی بە خۆڕێکخستن و بەربەرەکانییەکی جەماوەری هەیە. کۆمەڵگەی مەدەنی ئەو هێزەیە کە دەتوانێ ئەم ئەرک و ڕسالەتەی بخرێتە ئەستۆ. ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە کوردستان هێزی دینامیکی ئەم پرسەن. ئەوان بە کۆکردنەوەی چالاکان لە دەوری یەکتر و شۆڕکردنەوەی زەینییەتی بەرپرسارێتی بۆ نێو کۆمەڵگە و ختۆکەدانی تاکەکان بۆ جووڵە و بزووتن،دەتوانن کۆمەڵگە لە بێتەفاوەتییەوە بگۆڕن بە هەڵوێستگرتن. لەم سۆنگەیەوەیە کە مەفهوومی خاوەندارێتی لەنێو سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگەدا بیچم دەگرێ و چیدیکە هیچ پرسێکی کۆمەڵگە لە بێتەفاوەتی و بێخاوەنیدا دیزەبەدەرخۆنە ناکرێ.

هاوگوتاریی نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و بزووتنەوە گەورە جەماوەرییەکەی کوردستان، ئیمتیازی "متمانەی خەڵک"ی بە کۆمەڵگەی مەدەنی بەخشیوە. بۆیە کۆمەڵگەی مەدەنی لە کوردستان قۆناغی هەرە ئەساسی و هەستیاری خۆی تێپەڕاندووە و زۆر بە ئاسانی دەتوانێ بە ڕاکێشانی سەرنج و هێزی کۆمەڵگە، ئەو ڕۆڵە دینامیکە بگێڕێ و ڕەفتاری خەڵک لە چوارچێوەی پرسی مافخوازیی شوناسخوازنەدا بە ئاراستەیەکی دیاریکراودا مودیرییەت بکات.

زەروورەتی ژیان و ژیواری کورد لەپێناو مانەوە و مقاوەمەتی بەرانبەر بەو هێز و ڕوانینە هەرەسئاویانەی دەورووبەری کە چاوی تەماحیان لە خاک و بەرژەوەندییەکانی بڕیوە، لەم چاخەدا بەهێزکردنی کۆمەڵگەی مەدەنییە. کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕێگای کۆمەڵگەی مەدەنییەوەیە کە دەتوانێ کوردایەتی و ناسیۆنالیستبوونی خۆی بەهێز و ئامادە بۆ



سەرچاوە
Serchawe

ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ ئەو هێزانە بکات کە لە چوار لاوە چاویان تێبڕیوە. لەم پێوەندییەدا ناسیۆنالیزمی کوردی پێویستە ڕۆژانە لە ڕەفتار و بەربەرەکانیدا بە پێی گۆڕانکاری و بەها کۆمەڵایەتییەکان خۆی نوێ بکاتەوە و لە بەرگێکی ڕۆژانەدا خۆی نمایش بدات. بۆ ئەم مەبەستە کۆمەڵگەی مەدەنی باشترین و گونجاوترین ئامرازە کە دەتوانێ ڕۆژانە کۆمەڵگە بە بەها و ئەرزشی نوێی شوناسخوازانەوە بێنێتە مەیدانی ڕوبەڕووبوونەوە. بۆ نموونە ڕێکخراوە ژینگەپارێزەکان و چالاکانی ئەم بوارە لە ڕێگای هەوڵدان بۆ پارێزگاری لە ژینگەی کوردستان، مانا و ڕێکارەکانی"نیشتمانپەروەری" وەک بەهایەکی نەتەوەیی، نوێ بکەنەوە. یان ناوەندەکانی فێرکاریی زمانی کوردی، لەم ڕێگایەوە بەرانبەر بە هێز و ڕوانینێک کە قەدەغە و قۆرغی خستۆتە سەر ئەم بەشە لە پێناسەی نەتەوەی کورد، مەیدانێکی نوێ لە بەرەنگاربوونەوە و پارێزگاری لە زمانی نەتەوەیەکی بێدەوڵەتیان خستۆتە سەر پشت. بۆ ئەم کارە پەرەسەندنی ڕێکخراوە مەدەنییەکان و زیادبوونیان لە لایەک دەتوانێ کەڵک لە تەواوی زەرفییەت و پتانسیێلی نێو کۆمەڵگە وەربگرێت و، لە لایەکی دیکەوە بە هێزێکی زیاترەوە بەرانبەر بە دەسەڵات خۆی بنوێنێ و ڕۆژانە سیاسەتی سەرکوتی دەسەڵات زیاتر پاشەکشە پێ بکات و بەهێزبوون و مانەوەی خۆی گەرەنتی بکات.

کەوابوو بوونی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕەهەندی جۆراوجۆری خۆیدا، جیا لەوەیکە دەرفەتێکی پڕ لە وزە و پتانسیێلە بۆ کورد و پرسە نەتەوایەتییەکەی، لە هەمان کاتدا زەرووڕەتێکیشە بۆ نوێکردنەوەی بیروباوەڕی کوردایەتی و سەرلەنوێ پێناسە کردنەوەی بەها نەتەوەییەکان و ئامرازێکی نوێی کۆمەڵایەتییە بۆ ڕێکخستن و سازماندانی ڕەفتاری کۆمەڵگە بە ئاراستەیەکی گشتی و هاوبەشدا.

٥ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

## خولانەوە لە بازنەی شەڕدا



لە وڵامدانەوە بە دووهەمین هێرشی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل کە بە "وادە سادقی ٢" ناودێر کرابوو، بەرەبەیانی ڕۆژی شەممە، ٥ی خەزەڵوەری ١٤٠٣ی هەتاوی، هێزی ئاسمانیی ئەرتەشی ئیسرائیل هێرشی کردە سەر چەند پێگەیەکی سەربازیی کۆماری ئیسلامی لە پارێزگاکانی ئیلام، خوزستان و تاران. ئەمە بۆ دووهەمین جارە ئیسڕائیل هێرشی ڕاستەوخۆ دەکاتە سەر ئێران، بەڵام یەکەمجارە بەفەرمی بەرپرسایەتییەکەی دەگرێتە ئەستۆ. دانیل هاکاری، وتەبێژی ئەرتەشی ئیسرائیل لە پێوەندی لەگەڵ هۆکار و مەرامی ئەم هێرشەی وڵاتەکەی بۆ سەر ئێران ئاماژەی بە هێرشە مووشەکییەکەی مانگی ڕابردووی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر ئیسڕائیل کرد و گوتی بەشێک لەو پێگە بەربڵاوانەی دەسنیشانمان کردبوون کراونەتە ئامانج و زەبرێکی باشمان لە پێگە سەربازی و مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامی وەشاندوە. لە بەرانبەردا سەرچاوە ڕەسمییەکانی کۆماری ئیسلامی وێڕای دانناان بە کوژرانی چوار سەرباز و پلەداری سەربازی لە پێگە پەدافەندییەکان، بەڵام هێرشەکەی ئیسرائیلیان بە "سووک" و "بەرتەسک" ناو بردوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە تا ئێستا دوو هێرشی مووشەکیی کردۆتە سەر وڵاتی ئیسرائیل و مافی بەرگری لە بەرانبەر هەڕەشە و هێرشەکانی ئیسرائیلی بۆخۆی بە ڕەوا دەزانێ، ئێستا بە بەزاندنی سنووری ئاسمانیی ئێران لەلایەن فڕۆکە

شەرکەرەکانی ئیسرائیل لە تازەترین هێرشیان بۆ سەر چەند پێگەیەکی سەربازی لە ئیلام و خوزستان و تاران قەڵسە و ئەم هێرشەی ئیسرائیل بە "دەستدرێژیی ڕێژیمی زایۆنی" ناو دەبات و وڵامدانەوە بەم "دەستدرێژییە" بە مافی خۆی دەزانێ. لەم پێوەندییەدا ستادی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڕاگەیاندراوێکدا، تەنیا کۆتاییهێنان بە هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە و لوبنان بە پێشمەرجی خۆبواردن لە تۆڵەکردنەوە لە ئیسرائیل دەزانێ. پرسێک کە وێناچێ ئیسرائیلییەکان هەروا بە ئاسانی دەستبەرداری بن و کۆماری ئیسلامی ئێرانیش ئەمە باش دەزانێ و بە جۆرێک هەوڵی مودیرییەتکردنیشی دەدات.

هەر لە ڕاگەیاندراوەکەی ستادی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیدا بە ئیدیعاکردنی ئەوەی گوایا مووشەکەکانی هێرشەکەی بەرەبەیانی ڕۆژی شەممە لە وڵاتی عێراق و لە ١٠٠ کیلۆمەتریی سنورەکانی ئێرانەوە هاوێژراون و بۆ ئەو هێرشە لە پێگە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراق کەڵک وەرگیراوە، دەردەکەوێ کۆماری ئیسلامیی ئێران، خۆی بۆ گەڕێکی دیکە لە خولانەوە لە بازنەی ئەم شەڕەدا ئامادە دەکات. بە پێی ڕاگەیاندراوەکەی ستادی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی، ئامریکا بەشێکە لە هێرشەکەی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران و ڕۆڵی "بنەڕەتی"ی تێدا گێڕاوە و کۆماری ئیسلامی لەبەرانبەر ئەوەدا بێهەڵوێست نابێت.

لە درێژەی ئەم ڕەوتە لە پاسپاسێن و گەمە پێنگپۆنگییەی ئێران و ئیسرائیلدا، بەرپرسانی سەربازیی و سیاسیی ئیسرائیل دەڵێن ئەگەر ئێران وڵام هێرشەکانمان بۆ سەر پێگە سەربازییەکانی بداتەوە و بیر لە تۆڵەکردنەوە بکاتەوە، ئێمە هێرشەکانمان بەربڵاو و کاریگەرتر دەکەین. خۆ ئەگەر سەیری ڕەفتاری هەردوو وڵاتی ئیسرائیل لە یەکساڵی ڕابردوو و کێشەکانیان لە چەند دەیەی پێشوودا بکەین بۆمان دەردەکەوێ هەردوو وڵات بە خوێندنەوەیان لەسەر ماهییەتی یەکتر لە چوارچێوەی تیئۆریی "مودیرییەتی ناکۆکییەکان لە سەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش" پلانە ئیستراتیژییەکانیان دادەڕێژن. لەم تێفکرین و ڕەفتار و ئیستراتیژییە هاوبەشەیاندا تەوەری ئەساسی نەک بەرژەوەندیی خەڵکی ئێران و ئیسرائیل و داکۆکی لە گەلی فەلەستینە، بەڵکوو بەهێزکردن و ڕاگرتنی هەر دوو ڕێژیمی زایونیزم و مەهدەوییەتە. هەردوو وڵات لە شەڕێکی مودیرییەتکراوی هاوبەشی بەرتەسک و دوور لە خەساری زۆردا، بە قوربانیکردنی خاک و خەڵکی - یەکیان هی خۆی و ئەوی دیکەیان هی دیکە - لە مانەوەی خۆیان بە هەر قیمەتێک و مەرامە هاوبەشەکانیان دەگەڕێن.

ئامانجی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو شەڕ و ئاڵۆزییانە بەپێچەوانەی ئیدیعا پڕ لە ساختە و درۆینەکانی، نە بەرژەوەندیی خەڵکی ئێران و نە خاکی ئەم وڵاتەیە. هێنانە بەرباس و ئیدیعاکردن لە "داکۆکی لە یەکپارچەیی خاکی ئێران" بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران کە هەرچی سەرکوتی نارەزایەتییەکانی نێوخۆ وڵات و هاشاوڵەکانی بۆ دەرەوەی وڵاتە بەو ناوەوە دەیکات، جیا لە هەوڵدان بۆ بەلارێدابردنی بیروڕای گشتی خەڵک و شاردنەوەی ماهیەتی ئیدئۆلۆژیکی لەژێر ئەو ناو و ئیدیعایانەدا

شتێکی دیکە نییە. کۆماری ئیسلامی لە پێناو مەرامە ئیدئۆلۆگ و کۆنەپەرەستەکانی و، مانەوەی لە دەسەڵات و بەربڵاوکردنەوەی گوڕەپانی ئەو شەڕ و ئاژاوانەی لە ناوچەکە سازی کردوە، دەیان ساڵە سەروەت و سامانی خەڵکی وڵات لە تاقم و گرووپە چەکدارەکانی ناوچەکە خەرج دەکات و خەڵکی لە هەژاری و وڵاتی لە وێرانی و دواکەوتووییدا هێشتۆتەوە؛ کەواتە کام بەرژەوەندیی خەڵک و خاک؟

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە حاڵێکدا بەردی درۆی داکۆکی لە گەلی فەلەستین و "مستعضفین"ی جیهانیش لە سینگ دەدەن و بە هۆی سیاسەتە شوومەکانیانەوە غەززە و بەیرووتیان بە وێرانکردن دا و بە دەیان هەزار کەس لە خەڵکی ناوچەکەیان تووشی مەرگ و ئاوارەیی کرد، کە گەلانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان لە ئێران لە سەرەتاییترین ماف و ئازادییەکانیان بێبەش و وڵات و خەڵکیان لەوپەڕی بێهیوایی بە ژیان و دواکەوتوویدا ڕاگرتوە. کەوایە ئەم شەڕە جیا لە کوشتنی زیاتری ئینسانەکان و مەترسیی بۆ سەر هەردوو وڵات -نەک ڕێژیمەکان- و پەرەپێدان بە سیاسەتی شەڕئەنگێزانەی هاوبەش لە پێناو مانەوەیان لە دەسەڵات و قوربانیکردنی خەڵکی دیکە، جارێ درێژە دەکێشێ و بەم زووانە ئاسۆیەکی ڕوونی تێدا بەدی ناکرێ.

٥ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

---



سەرچاوە
Serchawe

## هاواری نەبڕاوەی ژنان لە بێدادیی کۆماری ئیسلامی



ڕۆژی شەممە، ١٢ی خەزەڵوەری ١٤٠٣ی هەتاوی کچە خوێندکارێکی زانکۆی "علوم و تحقیقات"ی تاران لەلایەن خوێندکارێکی بەسیجییەوە لەبەر "ڕەچاونەکردنی حیجابی زۆرەملێ" هێرشی کرایە سەر. بەپێی زانیارییەکانی "هەواڵدەریی ئەمیرکەبیر" ئەم خوێندکارە بەسیجییە کە هاوکات مەئمووری ئەمنیەت (حەراسەت)ی زانکۆکەشە، دوای پەلاماردان و بێڕێزیکردن بە "ئاهوو دەریایی"، کراسەکانی لەبەر دادڕیوە و کچەش بە نیشانەی ناڕەزایەتیدەربڕین و نیشاندانی ڕق و بێزاریی خۆی لە یاسای حیجابی زۆرەملێ، نیوەڕووت لەنێو زانکۆ و شەقامەکانی دەورووبەری زانکۆدا خۆی نیشان داوە.

دوای بڵاوبوونەوەی وێنەکانی ئەم کچە لە زانکۆی علوم و تەحقیقاتی تاران ڕوانگە و بۆچوونی جیاواز لەسەر هەڵوێستی ئەم کچە خوێندکارە هاتە ئاراوە؛ زۆر کەس هەڵوێستەکەیان بە ئازایانە و خەباتکارانە لە پێناو ئازادیی تاکەسی و دژایەتی لەگەڵ یاسا و ڕێسا دواکەوتووەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە قەڵەم دا. هەشبوون کەسانێک ڕووتبوونەوەکەیان پێ باش نییە و لەو باوەڕەدان ئەم کارانە بیانوو دەداتە دەست نەیارانی بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی و تەعبیری خراپی لێ دەکرێ، چونکی کاربەدەستانی ڕێژیم و میدیاکانی سەر بە ڕێژیم تا ئێستا بۆ چەواشەکردنی پەیامەکانی بزووتنەوەی ژینا دەڵێن؛ "ئەوان لە بەرەڵایی و خۆڕووتکردنەوە دەگەڕێن". لە بەرانبەردا هێزە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم دوای دەستبەسەرکردنی ئەم خاتوونە، بە ڕەوانەکردنی بۆ ناوەندێکی تایبەت بە چارەسەری دەروونی، ڕایانگەیاند کە ناوبراو



سەرچاوە Serchawe

کێشەی دەروونی هەبووە!

ئەگەر بمانهەوێ لەسەر هەردوو ڕەوایەتی زاڵی خەڵک و دەسەڵات لە هەڵوێست و جۆری دەرکەوتنی ئەم کچە بڕوانین، تاوانباری سەرەکیی پێکهێنانی ئەم دۆخ و حاڵەتانە، کۆماری ئیسلامیی ئێران و نێوەڕۆکە ئیدئۆلۆگ و کۆنەپەرەستانەکەیەتی کە ژیانی لە خەڵکی ئەم وڵاتە کردۆتە جەهەننەم.

لە فەزایەکدا کە کەسێکی پەروەردەکراو بە تێڕوانینە ڕەش و دواکەوتووەکانی کۆماری ئیسلامی، ئیزن بە خۆی دەدات لێپرسینەوە لە جۆری جل لەبەرکردنی ژنێک بکات و بێڕێزیی پێ بکات و لیباسەکانی لەبەر دابدڕێ و، لەولاشەوە هیچ یاسا و دەسەڵاتێکی دادپەروەری ڕاستەقینە نەبێت لێپێچینەوە لەم ڕەفتارە ناشیرین و دڕندانەیە بکات، ئەم کچە چی بۆ دەمێنێتەوە جیا لەوەیکە لە جەستەی خۆی مایە دابنێت و هاواری ئەم ناحەقییە بەرز کاتەوە؟! ئەوەی ئەم کچە خوێندکارەی ناچار بەم جۆرە لە هەڵوێست نواندنە کردوە، جیا لە تەقینەوەی ڕق و بێزاریی لە یاسایەکی داسەپاو لە لایەک و بێدەسەڵاتیی ئەو بەرانبەر بەم هەموو سەرکوت و پێشلکارییانە، شتێکی دیکە نییە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە شەقامەکانی لە ئازادی داماڵیوە و زانکۆکانی کردۆتە پادگان و ڕۆژانە هێزە بەکرێگیراوەکانی خۆی بە ناوی بەسیج و حەراسەت و ئیرشاد و چاودێری کۆمەڵایەتی و دەیان باند و گرووپی سەرکوتکەری دیکە، کردۆتە گیانی خەڵک، هیچ مەجالێکی یاسایی و دیموکراتیکی بۆ نارەزایەتیدەربڕین نەهێشتۆتەوە. بەڵام بەو حاڵەش خەڵکی وڵات بەتایبەت کچان و ژنانی ئازا کە لە بزووتنەوەی نوێی مافخوازانەدا پێشەنگایەتیی دژایەتیکردنی کۆماری ئیسلامی و یاسا کۆن و دارزیوەکانی ئەم ڕێژیمەیان گرتۆتە ئەستۆ، کۆڵ نادەن. ئەگەر دوێنێ ویدا موەحد لە شەقامی ئینقلابی تاران بە هەڵسووڕاندنی لەچکەکەی ئازایانە و ڕاشکاوانە دژ بە یاسای زۆرەملێکردنی باڵاپۆشی ڕاوەستا و بەدوای ئەوەدا بە دەیان و سەدان کچ و ژنی وڵات بە فڕێدانی لەچکەکانیان لەسەر شەقامەکان پەیوەست بەم بزووتنەوە بوون، ئەوا ئەمڕۆ کچەکەی زانکۆی "علوم و تحقیقات"، "ژنانەبوون"ی خۆی لە وەها خۆ دەرخستنێکدا دەکاتە چەکی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و یاسا لار و لەوێرەکانی.

وەک ئاماژەی پێ کرا میدیاکانی سەر بە ڕێژیم بە جۆرێک باس لە هەڵوێستی ئەم کچە دەکەن کە گوایا کێشەی ڕەوانی هەبووە. هاوکات هاوسەری پێشووی ئەم خاتوونە بە بڵاوکردنەوەی ویدیۆیەک وێڕای "بەخراپزانینی کارەکەی"، خۆی پێ ڕانەگیرا و بە گریانەوە پەشیمانیی خۆی لەوە دەربڕی کە نەیهێشتووە منداڵەکانی ببینێ! ئەگەر وای دابنێین ئیدیعای میدیاکانی ڕێژیم لەسەر هەبوونی کێشەی دەروونیی ئەم خانمە ڕاستە و دانپێدادانی هاوسەرەکەیشی لەسەر ئەوەیکە نەیهێشتوە منداڵەکانی ببینێ بە سەلماندنی ئەم ئیدیعایە دابنێین، دیسان کێ تاوانبارە؟! چی وا دەکات دایکێک مافی

ئەوەی نەبێت جگەرگۆشەکانی ببینێ و بەم هۆیەوە تووشی کێشەی دەروونی بێت؟! مەگەر هەر یاسا دژە ژنەکانی کۆماری ئیسلامی نییە کە هەموو مافێکی لە ژنانی وڵات زەوت کردوە و بە پێچەوانەی هەموو یاسا و عورفێکی جیهانی، مافی خاوەنداریێتی منداڵی – دوای جیابوونەوە – لە دایک زەوت کردوە و هیچ پشتیوانییەکی یاساییش تەنانەت بۆ دیتنی منداڵەکانی پێ ڕەوا نەبینراوە؟! بۆیە لە هەر حاڵدا تاوانباری سەرەکی، بوونی کۆماری ئیسلامی و یاسا دژە مرۆییەکانی ئەم نیزامەیە کە بەتایبەت ژنانی لە هەموو ماف و ئازادییەکی سەرەتایی بێبەش کردوە و هەموو ڕێگاکانی گەیشتن بە ژیانێکی سەربەستانەی لێ زەوت کردوون.

هەڵوێست و شێوەی دەرکەوتنی نارەزایەتی نواندنی کچەکەی زانکۆی "علوم و تحقیقات"ی تاران، تەعبیر لە خەبات و تێکۆشانی گشت کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە هەموو چین و توێژەکانییەوە دەکات کە بۆ "نا" وتن بە تەواویەتی کۆماری ئیسلامی و ڕاوەستان بەرانبەر بە هەموو یاسا و ڕێسا داسەپاوەکانی ئەم نیزامە، ئامادەن لە گیان و وجوودی خۆیان مایە دابنێن. بەڵام ئەوەی تا ئێستا ئەو خەباتەی نەگەیاندۆتە ئاکام و کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دەسەڵاتدا ماوەتەوە، نایەکگرتوویی و نەبوونی بەرنامەیەکی هاوبەشی جەماوەرییە کە بەداخەوە لە کەمتەرخەمی و بێهەڵوێستیی هاوکلاسی و هاوزانکۆییەکانی ئەم کچە پەتی و تەنیایەدا دەبیندرێ.

١٤ی خەزەڵوەری ٢٧٢٤

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

خەزەڵوەری ٢٧٢٤ی کوردی = نۆڤەمبەری ٢٠٢٤ی زایینی





# سپاس و پێزانین

بۆ هاوڕێ سمایل شەرەفی  بۆ نووسین و ئامادەکردنی  وتار و نووسراوەکان.

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

**ڕەحمان نەقشی**

